

لە ڕاستەوە : ١ـ قادر قادری (باوکی نووسەر) .
٢ـ ئەحمەدی قادری .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەدەم ڕێگای ژیانەوە ( بەرگی 2 )

نوسەر : ئەحمەدی قادری

**بەر لەوەی بیر لە داهاتوو بکەیەوە، ئاوڕێك وە ڕابردوو بدەوە و لە هەڵە و کەم و کوڕی یەکانت دەرس وەرگرە .**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێناسەی کتێب

ناوی کتێب : بەدەم ڕێگای ژیانەوە ( بەرگی 2 )

بابەت : یادداشت و بیرەوەریی

نووسەر : ئەحمەدی قادری

تایپ : عەبدوڵڵا سەیدە، خالیدی یوسفی، ئاکام قادری، ڕێبواری ئیبراهیم زادیان .

هەڵە چنی : سەید جەلالی ساڵحی، ئاکام قادری .

مۆنتاژ : ئاکام قادری

دیزاینی بەرگ : ئاگری باڵەکی

سکانی وێنەکان : چنووری گەڵوانی

ناوی چاپخانە : . . . . . . .

ژمارەی سپاردنی وەزارەتی ڕۆشنبیری : . . . . .

نۆبەتی چاپ : . . . . . . . .

تیراژ : . . . . . . .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لەسەر ئەم بیرەوەریانە

دەتوانین بڵێین هەموو خاوەن نەزەران لەسەر ئەوە یەکدەنگن کە بیرەوەریی میژوو نیە ، بیرەوەریی نووس مێژوونووس نیە ، بیرەوەری نووسین میژوو نووسین نیە . بەلام هەر لەوکاتە دا کەس نکووڵی لاوە ناکا کە بیرەوەریەکان بەشێك باشترین سەرچاوەکانی مێژوون . بەتایبەتی ئەوانەی کە بیرەوەری دەنووسن هەم لەنێو جەرگەی ڕووداوە سیاسی، ئابووری، کۆمەلایەتی و . . . . یەکان دا ژیابن و هەم مرۆڤی بە ویژدان و ڕاستگۆ و زمان پاك و قەڵەم خاوێن بن .

بەداخەوە بیرەوەری نووسین لە نێو کوردان دا مێژوویەکی دوور و درێژی نیە و ئەوەی بۆخۆم ئاگام لێی بێ کۆنترین بیرەوەری کە نووسرابێ یادداشتەکانی نەمر ڕەفیق حیلمین . ماوەی 15 ـ 20 ساڵێکە ئەو ڕەوتە لە نێو ڕووناکبیرانی کورد دا پەرەی گرتوە و هێندێ کەسایەتیی کورد و تێکۆشەری سیاسی بیرەوەریەکانی خۆیان نووسیوە و بلاوکردۆتەوە . ئێستا ئەو بیرەوەریانە چەندیان و تا ڕادەیەك بێ لایەنی و ڕاستویژیان تێدا ڕەچاو کراوە و چەند پشتیان بە یادداشتی بەوەختی نووسەرەکانیان و سەرچاوەکانی دیکە بەستوە، مەبەستی ئەم کورتە نووسینە نیە . ئەمەیان شتێکە کە نووسەران و خاوەن نەزەران دەبێ بڕیاری لەسەر بدەن . ئەمن بەش بە حاڵی خۆم دەستخۆشی لە هەموویان دەکەم و پێم وایە هەرچەندیش کەم و کوڕیان تێدا هەبێ، بوونیان لە نەبوونیان باشترە .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گومانـم لەوە دا نیە ئەگەر تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری گەلی کـورد و لـە سـەد سـاڵی ڕابردوو بە نۆرەی خۆی ڕۆژانە ڕووداوەکانی دوور و نزیکی یادداشت کردبان و دوایە وەك بیرەوەری چاپ و بڵاوی کردبانەوە، ئێستا مێژوو نووسانی کورد بۆ سەرچاوە دانەدەمان و دەیان و بگرە سەدان سەرچاوەی جێگای متمانەیان لەبەر دەست دا بوو .

**** **** ****

نووسەری ئەم کتێبەی لەبەر دەستی خوێنەری بەرێز دایە، واتـە کـاك ئەحمـەدی قـادری یەکێ: لەو تێکۆشەرە دڵسۆز و ڕاستگۆیانەی کوردە کە هەر لە مێرمنداڵییـەوە غـەمی کورد و بزووتنەوەی کورد و دوارۆژی کوردی بە کۆڵی خۆی دا داوە و دەگـەڵ ئـەوەی بـە جەستە باریك و لەڕ و لاوازە قەت پشتی لەبن قورسایی ئـەو کۆڵـە پـیرۆزە نەچـەماوە و هەروا درێژەی بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی داوە .

کاك ئەحمەد زۆرکاری بۆ بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وە ئەستۆ گرتـوون، وەك پێشمەرگە چـۆتە سـەنگەری بـەرگریی چـەکدارانەوە، وەك کـادری حیزبـی لـەنێو زەحمەتکێشانی کورد دا هەڵ سووڕاوە،وەك کادری دەرمانی کۆڵەپشتی پڕ لە دەرمانی بـە کۆڵێ دا داوە و شیو و دۆڵ و چیا و چۆڵی کوردستان بـە دوای پێشـمەرگە دا گـەڕاوە و وەك قەڵەم بەدەستێك لە بواری کاری ڕۆژنامەنووسی دا مایەی داناوە و لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان دا دەگەڵ یاد و بیرەوەریی شەهیدەکان دا ژیاوە .

لە هەمووی ئەو دەرفەتانەش کەڵکی وەرگرتـوە بـۆ ئـەوەی ڕووداوەکـانی نێـو بزووتنەوەی کورد بەگشتی و بەتایبەتی هی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەوەخت یادداشت بکا و بیانکاتە گەنـجینەیەك کە بۆ نووسینی بیرەوەری یەکانی کەڵکی لێ وەرگرێ . ڕەنگـە ئاسان نەبێ کەسێك لە بارەی خۆی و حیزبی خۆی و نەتەوەی خۆیەوە بنووسێ بەتـەواوی بێ لایەن بێ . بەو حاڵە باوەڕم بە ویژدان و ڕاسـتگۆیی و زمـان و قەڵـەم پـاکیی کـاك

ئەحمەد هەیە و تێی ڕادەبینم کە هیچ کاتێك بە عەمر لە جادەی بێ لایەنی و ئینساف لای نەدابێ و ئەگەر کەم و کوڕی و ناتەواوی یەك لە کارەکەی دا بێتە بەرچاو لەبەر بێ ئاگابوون یان بەهەڵە دا چوون بووە . ئەمەش ڕەنگە بۆ هەموو نووسەرێك بێتە پێشێ .

دەتوانم بە لەخۆ ڕادیوییەوە بڵێم بیرەوەری یەکانی ئەحمەدی قادری دەتوانن سەرچاوەیەکی جێگای متمانە بۆ ئەو کەسانە بن کە دەیانەوێ لە سەر مێژووی تازەی بزووتنەوەی کوردیی ئێران شت بزانن یان شت بنووسن . هیوادارم کاك ئەحمەد بەردەوام و سەرکەوتوو بێ و تێکۆشەرانی دیکەی کوردیش ئەو ڕچەیە ڕەچاو بکەن و ئەوەی پێیانە بە ڕاستوێژی و بێ چاوترسان بخە سەر کاغەز .

**عبدلله حسن زاده**

**پاییزی 1388 ی هەتاوی ـ 2009 ی زایینی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لە جیاتی پێشەکی:

نامەیەکی هاوڕێی لە دەست چووم، خوا لێ خۆشبوو کاك عوسمانی ڕەحیمی، لە پیوەندی لەگەڵ پێداچوونەوەی کتێبەکەدا کە لە باری سیاسی‌یەوە هەڵەکانی بۆ دەست نیشان کردم.

نامەکەی کاك عوسمان:

بەڕێز کاك ئەحمەد

سڵاو بە لێشاو، هیوادارم سڵامەت بی و نووسینی بیرەوەری‌یەکان هەر درێژەی هەبێ. ئەوە بەرگی دووهەمیشم ناردەوە، ئەڵبەتە داوای لێبووردن لە وەدوا کەوتنی.

هێندێك وردە دەستکاریم کردوون. بەشێکیش دەورەم خەت داون کە ئەگەر خەریکی لە چاپ دانی بی پێم وایە بۆ ئەم هەل و مەرجە نابن. دیارە ئەوە بۆچوونی خۆمە و هەر وەك لە نامەی پێشوو سەبارەت بە بەرگی یەکەم عەرزم کردی " صلاح مملکت خویش خسروان دانند ".

هەروەها مەسەلەیەك کە لە هەر دوو دەفتەرەکەدا وەبەر چاوم کەوت و پێم وایە پێویستە سەرنجی تایبەتی بدرێتێ، ناساندنێکی هەرچەند کورتیشی ئەو کەسانەیە کە نێویان هاتووە. جارێکیان سەبارەت بەم مەسەلە لە نووسراوەدا( بەتایبەت لە بیرەوەری‌یەکانی ئەفراددا) و بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ مامۆستاش باسم کرد. مامۆستا نەزەری وابوو و ئەمنیش هەر لەسەر ئەو بڕوایەم کە وا باشترە هەم لەتاریف کردنی بە چاکە و هەم بە خراپە( هەرچەند بە ڕاستی هەرواش بێ ) دەبێ خۆ ببوێرین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به قەولی مامۆستا تەنانەت بۆ دوژمنەکانیشمان وا چاکە زمانـمان بە خراپە نەگێڕین و بۆ تاریف و ناساندنیان لە وشەی خراپ کەڵك وەرنەگرین. جا نازانـم خۆت لەسەر چ ڕایەکی؟! پێم خۆش بوو بیری لێ بکەیەوەو ئەگەر قەناعەتت هێنا هەردوو دەفتەران بە بێ ڕوحـمی وەبەر هێرشی نووکی قەڵەمان بدە. ماندوو نەبی دەستت نەڕزێ.

سڵاو بۆ براژن و چاوی ئاکام و ئالان ماچ دەکەم .

**برات:**

**عوسمانی ڕەحیمی**

1381/6/9ی هەتاوی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# به دوای پشوودانێك دا چەند عەمەلیاتی سەرکەوتووان-ە و داستانی فائیقە و محەممەد

ماوەیەکی زۆر بوو لە چۆڵەوانی بووین، سەرەڕای وەی پێویستیمان بە پشوودان و حەسانەوەیەکی باش هەبوو لە باری خۆراکیشەوە تەواو جەم بووردوو ببووین و قەرەبوو کردنەوەو تیّ هەڵێنانەوەیەك پێویست بوو. هەر بەو نیازە بەرەو گوندەکانی" ساڵووك" و "چەمی چاویان" وەڕیّ کەوتین. نەخۆشەکانمان بۆ دەفتەری سیاسی بەڕیّ کردن و پاش مانەوەی چەند ڕۆژێك لەو نێوەدا، ئاهێکمان وەبەر هاتەوە. لەو ماوەیەدا دیسان پیرە نەخۆشی سەردانێکی خۆماڵیانەی کردم و چەند ڕۆژێك لە عەرزی دامەوە. هاوڕێیان زۆریان پیّ گوتم کە بچم بۆ نەخۆشخانە، بەڵام بە قسەم نەکردن. دوای دوو سیّ ڕۆژان هێندێك وەسەرە خۆ کەوتمەوەو لە ترسی ئەوە کە ڕێژیم بە وردی لە دوومان دەگەڕاو شوێنەکەشمان زۆر جێی متمانە و ئەمین نەبوو، بە ناچار خۆمان پێچابەوە و بەرەو سنوور تێمان تەقاند. کات ژمێر دووی دوا نیوەشەو گەیشتینە بەری شاناخسیّ و سبەینێش هەتا ئێواریّ بیّ ئەوەی دەستمان بە هیچ خواردەمەنییەك ڕابگا، لە بن سێبەری داران لاڵ و پاڵ کەوتین. هەرچۆنێك بوو خۆرمان بە کەلەپۆ سپاردو لە تەنگەی نوێژی شێوان‌دا بەرەو چۆمان و سەر سووڵ و زەڵیّ، داگەڕاینە خواریّ. ئەو شەوە لە ئاوایی سەرسووڵ پێشمەرگەکان لووت و بزووت لە گەڵ پاسداران



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تێك هەڵەنگووتبون و پاش تەقە و لێك دانێك ڕاوەدوویان نابوون. هەتا كات ژمێر 3ی دوانیوە شەوێ ماینەوەو پاشان بۆ بەری شاناخسێ پەڕینەوە.

نزیكەی دوو ڕۆژێك لەو چۆڵەوانیەیە ماینەوە. لە ئاواییەكانی چۆمان و دەورووبەر خواردەمەنی‌یان بۆ دێنایین و ڕۆژ هەتا ئێوارێ، لەو بن دار و درەختانە خۆمان حەشار دەداو شەوانەش لە شوێنێكی نەدیو لە مۆڵگەی گردە ڕەش كە ئەمبەراو بەر بووین ستار دەبووین.

شوێنێكی تا بڵێی چوغر و چڕوپڕ بوو، باخ و باخات بە ڕادەیەك سەری لێك دابوو، هەتاومان وەسەری نەدەكەوت. شەوێكیان شوێنەكەمان زۆر سەخت و هەڵەت بوو. دەبا دارو بەردمان كردبایە بە وارش و بە نێزەی تفەنگەكانمان بەری پشتەوەمان هەڵكۆڵیبایە و بە دەستی گڵەكەمان وەپاڵ وارشەكە دایە. بەو شێوە گۆڕیچكەیەكمان دروست كردبایە و تێیدا وەتراغ باین. لەنێو گوێزەڵانێكی چڕ و پڕ دا بووین. تاریكە شەوێكی ئەنگوستە چاو بوو. لقە دارێكی سپیلۆكین وەبەر لاقم هات، منیش تێی ڕۆهاتم كە بیكەمە وارشە و گڵی وێ هەڵدەم، دەسم تێ وەرێنا و چزەیەك لە سەری قامكم هەستا. ئازارەكەی وابوو كە مچوڕكەیەك لە بەری پێم هەستا و لە تۆقی سەرم دەرچوو، دنیا لە بەر چاوم ئەوەندەی دیكەش تاریك بوو و ئاور لە جەرگ و دڵانم هەڵگرا. پێتان وایە ئەو ژانە بێ ئامانە جیا لە زامی دووپشكی سەر پانی كلك درێژ دەبێ چی دیكە بێ؟ بەڵێ ڕاست هەر وابوو، چزووی پێدا بردە خوارێ و پڕ لە ژاری كرد. بە پەلە بانگی پێشمەرگەیەكم كردو بۆ ئەوەی ژارەكە بە هەموو لەشم دا بڵاو نەبێتەوە توند بەستمان. لەو دەمەدا حەسەنی ساڵحی(1) پەیدا بوو، ڕووداوەكەم بۆ گێڕایەوە و دەستی گرتم و چووینە خوارێ بۆ ئەو شوێنەی بۆخۆیان تەختیان كردبوو. لە ترسی مۆڵگەی گردە ڕەشیش كە ئەمبەراوبەر بووین و مەترسیی تۆپ بارانمان



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەبوو، نەمان دەوێرا چراقەوەی هەڵکەین و چاوی لێ بکەین. سەرئەنجام باڵتۆکانمان بە سەری خۆمان هەڵکێشان و ئەمن چراکەم بۆ هەڵکرد و ئەویش دەرزیەکی بە سەری قامکم دا چەقاند و هەڵی گوشی، هەر چەندی ژار و خوێنی تێی دابوو دای دۆشی و قامکم چرچەڵ بوو. کەچی واش دەگەڵ ئەوەی دوو حەبی والیۆمیشم قووت دان، هەتا فەلەك ڕۆژی کردەوە هات و چۆم کرد و خەو نەچووە چاوم. وڵات ڕووناك بۆوەو خۆم گەیاندە شوێنی ڕووداوەکەی شەوێ و دووپشکە بۆرم بەگیر هێناو، ونجڕ ونجڕم کرد. ئەوجار ئۆخژن بە دڵمدا هات و ژانی قامکم هێدی بوو. لە دڵی خۆمدا گوتم:

ـــ خۆزگە بە خۆزگەی ئیمان داران، هەموو دوژمنێك ئاوا گەرما و گەرم لە داو دەکەوت و ئاوا مافی خۆی لە مستێ دەنرا.

پێشمەرگەکان بە گشتی وەخەبەر هاتن و لە ئاودرێك دا کە لە مۆڵگەی گردە ڕەشی نەدیو بوو، چایەکی ئاڵا بەڵاڵووکیمان دەم کردو بێ ئێوە ناخۆش بە قرۆشکە وەری گەڕاینێ، بەڵام چ بێ لە ئێوە نەهێنی، پێخۆرمان بە خەوی شەوانیش نەدەبینی و دەبا هەر نانی وشکی بخۆین. بنکەیەکی پێشمەرگەکانی یەکیەتیی نیشتمانییش لەو نێوە بوو، جاروبارە هاتو چۆمان دەکردن و ڕاوێژمان لە گەڵ دەکردن، ئەوانیش لە باری خواردەمەنی‌یەوە هێندێك یارمەتییان کردین.

پێشمەرگەکان بە تەواوی حەسابوونەوەو هەوای گەڕانەوە بۆ ناوچە لە کەللەی دابوون. ئەو ڕۆژە لە پشتی گوندە چۆڵ کراوەکەی "مەروێ"، چەند سەرێك مەڕمان بۆ سەربڕین و مەستە گۆشتمان کردن. بۆ سبەینێڕا خۆمان لێ هەڵپاچی و بەرەو "ئاڵۆت" و "ورچەك" وەڕێ کەوتین.( بڕوانە وێنەی ژمارە 1)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵام گەڕانی ئەم جارەمان لە گەڵ هەموو جارەکانی پێشوو جیاواز بوو. ڕێژیم قۆڵی بۆ لەنێو بردنمان هەڵ ماڵیبوو، پێشمەرگەکانیش بۆ وەڵام دانەوەی هەموو کەڵەك و داوی دوژمن خۆیان لە دەسك نابوو. چەند ڕۆژێك لەو ناوچەیە ماینەوەو پاشان بەرەو ناوچەی مەیدانان بۆ پشت جادە ملمان پێوەنا. لەمێژ بوو لەو ناوچەیە دوور کەوتبوینەوە، بۆیە شەو ڕۆژمان تێکەڵ کردو ماندوویی نەناسانە لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانمان بۆ تاوێك حەجمینمان نەبوو.

ڕۆژی 16ی گەلاوێژی 1365، لەسەر پەیامی دەفتەری سیاسی بەرەوپیری پێشمەرگەکانی مەڵبەندی دوو چووین کە پێشتر تووشی شەڕ ببوون و بریندایان پێ بوون. لە نێوان ئاواییەکانی "سەدبار" و "نجنێ سەروو" یەکمان گرتەوەو بریندارەکانمان لێ وەرگرتن، پاشان بە تیمێك پێشمەرگەدا بریندارەکانمان بۆ نەخۆشخانە بەڕێ کردن و درێژەمان بە گەشتەکەمان دا. ئەمجارەیان بەرەو ناوچەی دەشتە تاڵ داگەڕاین و بۆ سەر لێ شێواندنی دوژمن ئەمبەراو بەرۆکێنمان دەکرد. ( بڕوانە وێنەی ژمارە 2 )

ڕۆژی 8ی خەرمانانی 1365، پێشمەرگەکان بە پێی گەڵاڵەیەکی عەمەلیاتی، هەڵمەتیان بردە سەر مۆڵگەی دوژمن لە "هەمزەڵان" و زەبرێکی باشیان لێ وەشاندو بەرەو گوندی "قورِنێ" گەڕاینەوە. وەسبەینێڕا بەرەو ئاواییەکانی "گەورەدار" و "خەجەك" وەڕێ کەوتین و پاش چەند ڕۆژان بەرەو ناوچەی مەیدانان بامان دایەوە. شەوی 12ی خەرمانانی 1365، پێشمەرگەکان هەڵمەتیان بردە سەر مۆڵگەی "بەردە زمە" لە "میراوای خوارێ "و یەکجاری تەفروتوونایان کردو زیندوویان تێدا نەهێشت، چی کەل و پەل لە مۆڵگەکەدا بوو ڕایان گواست و ئەوەی بۆشیان ڕانەگوێزرا، ئاگریان پێوە ناو سووتاندیان و بەرەو "میراوای سەرێ "و "سەرقووڵ"، پاشەکشەمان کرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژی 14ی خەرمانان لە پشتی ئاوایییەکانی "سەدبار" و "نجنێی سەروو"، ڕێژیم هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەرمان و دوای شەڕێکی حەماسی تێکمان شکاندو پاشەکشەمان پێ کرد. ئەمجارە بەرەو "شێنان" و "کەشەنێ" و کۆخەکانی "بەردەڕەش"ی بامان دایەوەو پاش چەند ڕۆژان سەرلەنوێ بۆ پشتی "نجنێ" و "سەدبار" گەڕاینەوە. هەتا شەو درەنگانێك لە گوندی "سەدبار" ماینەوەو پاشان بە چۆمیدا سەرەوژێر بووینەوەو بەری بەیانی لە ئاوایییەکانی "سەرقوول، میراوا و شەڕگە" جێگیر بووین، دەمی چێشتەنگاوێ بوو کە دیدەوانەکان هەواڵی هێرشی دوژمنیان بە هێزێکی زۆر و پۆشتە و پەرداخەوە پێ ڕاگەیاندین.

کاتێك بە دووربین سەیرمان کرد، بە درێژایی شا ڕێگەی "شوێ"یە ماشێنی ئەرتەشی ئاخناو لە جاش و پاسدار و بەسیجی سەری سەریەك هاویشتبوو، بەرەو لای ئێمە دەجمی و مەودایەکی کەمی مابوو بمانگاتێ. پێشمەرگەکان بە پەلە خۆیان سازمان داو لە ئاوایی بۆی وەدەرکەوتن. ئەوەندەی پێ نەچوو کە قریشکەی ئارپیجی و قرمەی کلاشینکۆف سامی بێدەنگیی شکاندو شەڕی دەستە و یەخە و سەنگەر بە سەنگەر دەستی پێ کرد. دوژمن سەرەڕای ئەو هێزە لە ئەژمار نەهاتووە، لە چواردە شوێنەوە بە تۆپی قورس و خۆمپارەو کاتیۆشا و دۆشکە، سەنگەری پێشمەرگەکانی ئاور باران دەکردو ڕێژنەی گوللەی بە سەردا دەباراندین، بەڵام ئاگر و ئاسنی دوژمن، نەیتوانی تۆزقاڵێك لە ئیرادەو ئیمانی پێشمەرگەکان داشکێنێ و ورەیان پێ بەردا. چەندەکی پەلامارداران بە دەستی ڕۆڵە بە جەرگەکانی دیمۆکرات یەك لە دوای یەك دەکەوتە سەر زەوی و لە خوێن و خۆڵ وەردەدران.

شەڕ هەتا دەماودەمی زەردە پەڕێ درێژەی کێشا، دوژمن زەبرێکی بە ژانی وێکەوت و بە شپرزەیی پاشەکشەی پێ کرا. بەڵام بەداخەوە لەم شەڕە نەخوازراوەدا کاك



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەعدون شێنانی(2) کادری تەداروکاتی لکی دوو کاک ڕەحمانە ڕەش(3) و کاک جەوادی سەداقەت(4) پێشمەرگەی لکی دوو شەهید بوون و چەند پێشمەرگەشمان بریندار بوون.

پاش تەواوبوونی شەڕەکە جەنازەی شەهیدەکانمان هێنانەوەو هەر ئەو شەوە بە هاوکاریی خەڵکی "میراوای سەروو" بە خاکمان سپاردن و بێ ئەوەی پشوویەك بدەین، لە کوێستانی مەیدانانێ هەڵ بووین. ئەو ڕۆژە تا ئێوارێ هەر بە کوێستانێوە بووین و دەماودەمی عەسری بەرەو گوندەکانی "شێنان" و "کەشەنێ" و... داگەڕاینە خوارێ.

ڕۆژێکیان لە لای "بەردەڕەش" و "سماقان" و... بەرەو "کەشەنێ "و "شێنانێ" دەڕۆیشتین. گەرمایەکی تاقەت پڕوکێن بوو، پێشمەرگەکان بە نێو نزاریدا بڵاو ببونەوەو هەر دەستەی وەپاڵێك هەڵ گەڕابوون و شوێنی یەك گرتنەوەشمان وا بزانم شێنان دیاری کردبوو. پێشمەرگەیەکمان بوو بە ناوی سەید کامیل(5) خەڵکی بۆکان و لە پەلی 13ی لکی دوو دا کە فەرماندەکەی هەمزە گەنمانی(6) بوو و ئاڕ پیجی هەڵ دەگرت، لە گەڵ دوو سێ پێشمەرگان کە یەك لەوان هەمزە گەنمانی بوو، ملیان بە نزاریەوە نابوو. لە بەرامبەر "نجنیێ خواروو" و لەنێو پەڵە نزارێکی چڕوپڕدا، سەید کامیل لووت و بزوت لە گەڵ ئاغاجانی فەرماندەری مۆلگەی "نجنێی خواروو" و دوو سەربازان کە نازانم وەدوا کچۆڵە و مچۆڵان کەوتبوون کە چوبوون بۆ کۆڵە دارێ، چی، تێك هەڵەنگوتبوون. کاتێك بەرەوڕوو ببوونەوە، هەردووك  لا خەجلا بوون و سەریان لێ شێوا بوو. سید کامیل ئارپیجیەکەی فڕێ دابوو و تێی تەقاندبوو. ئاغا جانیش لەگەڵ دوو سەربازەکان ئارپیجیەکەیان هەڵگرتبوّوەو بەرەو "نجنێ خواروو" دایان قەڵاشتبوو. کاتێك چوبوونەوە نێو ئاوایی فشەیان پێوە کردبوو کە لە گەڵ پێشمەرگەکان شەڕیان کردوە و ئەو ئارپیجی یەشیان بە دەسکەوت گرتوە. کاتێك



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەواڵەکەیان پێ ڕاگەیاندین کار لە کار ترازا بوو، ئاغا جانی گورزی خۆی وەشاندبوو. جا برایمی تاهیری (7) شێعری بۆ دانابوون و بە گۆرانی پێی دا هەڵ دەگوت. ئەم کۆپلە شێعرەییم لەبیر ماوە کە پێشمەرگەکان بۆ یەکتریان دەستاندەوە:

دێکەی ئەم بەر، دێکەی ئەوبەر، فاتە غەیلانی

فەرماندەری پەلی سێزدە، هەمزە گەنمانی

ئاغا جانی ڕاوی ناوە، کامیل بۆکانی

کادری سیاسی پەلی سێزدە، حەمە کۆخانی(8)

ماوەیەکی زۆر بوو لەو ناوچەیە مابووینەوە، دوژمن شوێن پێی هەڵگرتبووین و ئەگەر لەوە زیاتر مابایینەوە، لەوانە بوو لە داومان خاو زەبرمان لێ بوەشێنێ. کۆبوونەوەیەکمان گرت و لە سەر پەڕینەوە بۆ خوار جادە ڕێك کەوتین. ئێوارەیەکیان لە کۆخەکانی "بەردە ڕەش" وە ملمان پێوەنا و بە "کونە ورچێ " و "بێکەژ" ی دا سەرەو ژێر بووینەوەو لە دەشتی کەلوێ نیشتین. زۆری لە نیوە شەوێ لادا بوو کە خۆمان بە گوندی "وەیسکی"دا کرد. ئێجگار شەکەت و ماندوو بووین، زیاتر لە سێزدە سەعاتان بێ پشوودان ڕێگامان بڕیبوو. هەرچەندی بیرم لێ دەکردەوە توانای وەسەر کەوتنی هەورازی "ورچەك"یم نەبوو، گوندی "وەیسك"یش ئەوەندە دوورەدوژمن نەبوو کە پیاو لێی وەمێنێ. بەڵام ئەمن لاقم لە بەندەوە چووبوون و لە سیمی ئاخریم دابوو. لە گەڵ کاك عوسمانی ڕەحیمی و کاك عوسمانی فەتاحی لە ماڵێك بووین و بێ ئێوە ناخۆش لە سەر بانیژەکە چامان دەخواردەوە و ترێ تایەفیشیان لە پێش ڕۆ نابووین، چایەکمان خواردەوەو گوتم:

ــــ كاك عوسمان! ئەمن بڕناکەم، ئێوە بڕۆن با من لێرە بە جێ بمێنم و هێندێك وەحەسێم.

ئەویش بە سەرسوڕمانەوە گوتی:

ــــ جاخۆ بە خوا لە دەستت دێ بە جێ بمێنی! ئەدی ئەگەر بەیانی دوژمن بە سەرت وەربوو چ دەکەی؟...

ــــ بە خوا کاك عوسمان! ئێستا لوولەی سەد و شەشەکەم چاو لێ بێ ناتوانم لەگەڵتان بێم.

کاك عوسمان فەتاحی (9) چاوێکی لێ کردم و گوتی:

ــــ بە خوا چەکت دەکەم.

منیش هەر بە دوا قسەکەیدا دەمانچەکەم کردەوەو لە پێشم ڕۆنا و ماڵ ئاواییم لێ خواستن. چوومە ماڵی ماپارەی ئامۆزام کە لەوێ بە شوومان دابوو. دوو سێ پێشمەرگەی لێ بوون وەدەرم نان و چراکەم کوژاندەوەو بێ ئەوەی ماپارەو مێردەکەشی ئاگادار کەم، لێی خەوتم. تۆزێك پێ چوو پێشمەرگەیەك لە دەرگایەوە بانگی کرد:

ــــ کاك ئەحمەد! ئەوە دەمانچەکەم بۆ هێناویەوە، کاك عوسمان دەڵێ: (( بێتە دەرێ بەجێ ما)).

ــــ باشە کاکە گیان! ئێوە بڕۆن بە دواتان دا دێم.

دەمانچەکەی دانا و ڕۆیشت و منیش لێی نووستمەوە. مەلا بانگدانێ ماپەرە خۆی بە ژووریدا کردو:

ـــ ئەیەڕۆ کاکە! پێشمەرگەکان هەموو ڕۆیشتوون و ئەتۆ بە تاقی تەنێ بە جێ ماوی!

ـــ خەمت نەبێ بڕۆ بنوو.

زەردە لە سەرانی دابوو مێردەکەی ماپارە (شەریف) هاتە ژووری و بە سەرسووڕمانەوە:

ـــ کاك ئەحمەد! ئەوە بۆ بەتەنێ بە جێ ماوی؟!

ـــ هەقت نەبێ بڕۆ وەدوای کاری خۆت کەوە.

چێشتەنگاوێکی درەنگی هەستام، هەر لە ماڵێ دەست و دەم و چاوم شوشتن و بێ ئێوە ناخۆش بەر چاییم کردو هێدی هێدی وەسەر ڕێگایە کەوتم. لە ماڵەکانەوە ئەولا کەوتم و لەبەر ڕێگاکەوە جلیسقەی پێشمەرگەیەکم دۆزیەوە کە شەوێ دەستی بە ئاو گەیاندبوو و لەبیری چووبوو. هەڵم گرتەوەو هێشتا نەگەیشتبوومە سەر چۆمی نێوان وەیسکی و ورچەکی، هەرچەندی لە هەورازی ورچەکیم هەڵ دەڕوانی ئەوەندە کووڕ و ناخۆش بوو، زەندەقم لێی چووبوو. لە فکران ڕاچووم و خەیاڵ پڵاوم دەکردن: خۆزگە ئێستا باڵم هەبان و بە سیغار کێشێك گەیشتبامە ورچەکی، خۆزگە ئێستا ئێسترێکم وەگیر کەوتبایە و لەو هەورازەی سواری بام و... کەچی هەر وەك ئیمدادی غەیبی ئێستر سوارێکم بە چاو ئەنگاوت کە بەرەو لای من دەهات. لە جێی خۆم ڕاوەستام و هەر چاوم لێ دەکرد. کاتێك گەیشتە لام، پێشمەرگە بوو، چۆنی و چاکیمان کردو گوتم:

ـــ بۆ کوێ دەچی؟

ـــ وەڵڵا هەتا نێو دێی وەیسکی دەچم هێندێك کاری خۆم هەیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ـــ دەزانم بۆچی دەچی، ئەگەر جلیسقەکەت وێدەمەوە چم دەدەیەی؟

هێندێك تێم ڕاما و سەری داخست و:

ـــ وەڵڵا چ دەفەرمووی بە سەر چاوان.

ئەگەر هەتاکوو ورچەکی سواری ئەو ئێسترەم کەی، ئەوە دەت دەمەوە.

ـــ وەی بە سەر چاو، فەرموو سوار بە.

خۆی فڕێ دا خوارێ و لەبن بەردێك بۆی ڕاگرتم. منیش خۆم هاویشتە سەر پشتی و لە هەورازیمان هەڵکرد. کاتێك گەیشتینە نێو ئاوایی و هاورێکانم دیتنەوە، زۆر بە خۆدا شکامەوە، چونکە ئەوە یەکەم جار بوو لە پێشمەرگەکان بە جێ مابووم.

چەند ڕۆژێك لەو نێوە ماینەوەو دواتر بەرەو "بەردە بووك" و "ئۆغەڵ" و ... وەرسووڕاینەوە. ڕۆژێکیان لە ئاوایی گەورە دار لە ماڵێك دانیشتبووم. پێشمەرگەیەك خۆی لە بەژوورێ دا کرد و هەواڵی غەریبەیەکی پێ دام کە کچێکی لە گەڵ دایە و داوای وەرەقە دەکا بۆ ئەو دیوی سنووری عێراقێ(10). منیش ئەو کات بەرپرسی بەشی کۆمەڵایەتی بووم و لە بەر ئەوە کە ژنی لە گەڵ بوو، لێ پرسینەوەو لێکۆڵینەوەکەی لە ئەستۆی خۆم بوو.

کاتێك بانگم کردن، کچەکەم ناردە دیوی ژنان و پیاوەکەم لە پرسیاران گرت و ئاوای وەلام دامەوە:

ـــ قوربان! خەڵکی تیکابی هەوشارم، ناوم (محمد)ە، لە گەڵ ئەو کچە دڵمان پێکەوە بووە، باوکی کچەکە سەر بە ڕێژیمە و لێم بە قین دا چووەو هەڕەشەی لێ کردووم کە ئەگەر بە خەیاڵیش نیازی وا بە دڵم دا بێ، ئەمن بە گرتن دەداو کچەکەش

سەزا دەدا، چار ناچار، سەری خۆمان هەڵگرتوە و دەمانەوێ لە شوێنێك دوور لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ژیانی هاوبەش پێك بێنین. ئێستاش هاتوومە خزمەت ئێوە کە وەرەقەیەکمان بدەنێ و لەو دیوی کوردستانی عێراق درێژە بە ژیان بدەین.

لە ڕاوێژی قسەکانی و چۆنیەتیی زاراوەکەی و جیاوازیی تەمەنی دەگەڵ کچەکە، بە تەواوی لێی وەگومان کەوتم و پرسیارەکانم لێ قووڵ کردنەوەو:

زاراوەی تۆ لە گەڵ ناوچەی هەوشار نایەتەوە، ڕاست پێ لێ نێ بزانم خەڵکی کوێی؟

کاتێك ئەوەی بیست، هێندێك ڕەنگی هەڵبڕسکا و چاوێکی لێ کردم و بە لەرزە لەرز:

ــ وەڵڵا قوربان ڕاست دەفەرمووی، بنەماڵەکەمان خەڵکی هەوشارن، بەڵام بۆ خۆم لە بۆکان گەورە بووم و ماوەیەکە چوومەوە بۆ هەوشار.

ــ ئا دەی پێناسەکەتم بدەرێ بزانم ڕاست دەکەی؟

ــ قوربان لە کاتی هاتندا لەبەر پەلە پەلیان پێناسەکەم لەبیر چووە.

کاتێك گیرفانی کراسەکەیم پێ بەتاڵ کرد، سێ پێناسەی تێدا بوون هیچیان هی خۆی نەبوون!

ــ باشە کەی هاتوونە دەرێ و لە کوێ مارەت کردوە؟

ــ حەوتوویەکە هاتووینە دەرێ و لە شاری سنە مارەم کردوە.

ــ ئەمن خەڵکی سنەم، لە چ گەڕەکێك مارەت کردو مەلای مارەبڕ ناوی چ بوو؟

ــ وە... وەڵڵا قو... قوربان ناوی گەڕەکەکەم لەبیر چۆتەوەو مە مە...لاکەش ناناسم!

لە کورتی وەبڕین بە ڕوونی دەرکەوت کە بە ئاشکرا دەیەوێ بم خەڵەتێنێ. ئەوم ناردە دەرێ و بە پێشمەرگەکانم سپارد و کچەکەم بانگ کرد. کچەکە زۆر گەنج بوو، بەڵام بە ڕواڵەت لە کچ نەدەچوو، لە ژنی بە مێرد دەچوو. کاتێك پرسیارم لێکرد، گوتی:

ـــ قوروان! خەڵك تیکاو هەوشارم، ئەمەیش پێناسەکەم، ناویشم فائیقەیە.

پێناسەکەی جێی گومان نەبوو، بەڵام لە وەڵامی پرسیارەکانم دا، هەر ئەوەم لێ بیست کە لە پیاوەکەم بیستبوو، نە زیاتر و نە کەمتر. وا دیار بوو پێشتر لەسەر قسەکانیان ساخ ببوونەوە و لە بەریان کردبوون. ئیتر وازم لێ هێنان و هەردووکیانم بە پێشمەرگەکان سپاردن و گوتم:

ـــ هەتا پێ لە ڕاستی نەنێن هەردووکتان میوانی ئێمەن و بۆ هیچ لایەك دەرەتانی ڕۆیشتننتان نیە. ئیتر خۆمان پێچایەوە و بەرەو گوندی "قورنێ" وەڕێ کەوتین. بێسیمچی‌یەکمان لەگەڵ بوو بە ناوی کەریم هەوشاری و خەڵکی تیکاب بوو. ناردم بە دوای‌دا و گوتم:

ـــ هاوشاریەکت هاتوە بۆ سەردانت، ئەوەش پێناسەکەیەتی بزانم چۆنی دەناسی؟

چاوێکی لە پێناسەکە کرد و هێندێك تێی‌ڕاما و گوتی:

ـــ ئەوە لە کوێیە و بۆچی گەیشتۆتە

ئێرە؟!

کاتێك کە بۆم دەرکەوت کە بە جوانی دەیناسێ، گوتم:

ـــ پێش هەموو شتێك جارێ پێم بڵێ ئەوە کچە یان ژنە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ـــ ناکا خۆی لێ کردبی بە کچ! کوڕە کچی چی؟ بە خوا چەند ساڵ لەمەوبەر بۆ خۆم لە زەماوەندەکەی‌دا بەشدار بووم و ئاگاداری ئەوەشم کە کچێکیشی هەیە. دەتوخوا پێم بڵێ داخوا بۆچی گەیشتۆتە ئێرە؟

پێشمەرگەیەکم نارد بە دوای ژنەکە دا هاتە ژووری و کەریم بە گەرمی چاك و چۆنیی لەگەڵ کرد، بەڵام ژنە خۆی لێ نەناس کردو هەر خۆی لەو دارەتە نەدا کە دیویەتی. پاشان ژنەکەمان ناردەوە جێگای خۆی و شەو بە سەر داهات. هەموو ئەندامانی کۆمیتەی شارستان لە ماڵێك بووین. کاتی ماڵ نووستنان بوو، لە سەر بانیژەیەکی پان و پۆڕ جێگایان بۆ ڕاخستین و ڕاکشاین. هێشتا خەومان لێ نەکەوتبوو نەفەرێك لە خەڵکی ئاوایی هات، سەری هێنا پەنا گوێم و بە سرتە گوتی:

ـــ ئەو ژن و پیاوە نامەحرەمە بە جووت لە ژوورێك‌دا نووستون و دەرگایان لەسەر خۆ هەڵ پێکاوە، خاوەن ماڵیش زۆری پێ قەڵس و ناراحەتە، بۆ خۆت دەزانی خەڵکی ئەم ناوچەیە مەزهەبین و ئەو شتانەیان پێ قەبووڵ ناکرێ. بە خودای لە بەر خاتری حیزبی دێموکرات نەبایە بۆیان تێ هەڵ دەکردنە ژووری و بەرشەقانیان دەدان.

منیش هەستام دەمانچەکەم لە پشتی بەست و کەوشەکانم لە پێ کردن، کورەکان گوتیان:

ـــ بۆ کوێ دەچی؟

ـــ ئەوە دەچم ئەو کابرایە دەکووژم!

کەریم هەوشاری لە جێی‌دا ڕاست بۆوەو:

ـــ کاك ئەحمەد! ئەمنیش لەگەڵت دێم.

ــــ وەرە با بڕۆین.

کاک عوسمانی ڕەحیمییش کە بەرپرسی کۆمیتەی شارستان بوو، لە سەر بانیژەکە ڕاکشابوو و خۆی تێ نەگەیاندم. کاتێك چووین ژن و پیاوی ئەو ماڵە تێك ئاڵۆزا بوون و چەندی بڵێی ڕق هەستاو بوون. هەر لە دوورەوە هۆمەنیان بۆ هێنام و:

ــــ ئەرێ کاکە خۆ کافرستانی نیە و ئێمە موسوڵمانین و...

چووم دەرگام ڕەقاند لەو دیوێوە داخرابوو، کابرا هاتە بن دەرگایە، بەڵام نەی کردەوە. کاتێك دەنگی منی ناسیەوە، دەرکەی کردەوەو منیش دوو شەپلاغەم لە بنا گوێی سرەواندن. ژەنەکە بە قیژوهۆڕە دەستی کرد بە پاڕانەوەو پێمەوە هەڵ ڕوسکا ... بە ناچار پیلم گرت دوو شەقەزلەم لەپەنا گوێی ئەویش سرەواندو فرێم دا بۆ دەرێ و ناردم بۆ دیوی ژنەکان. لەو ماوەیەدا هەتا من کچەم نارده خوارێ و گەڕامەوە، کەریمیش هێندێك سەرچەنگ و سمایلاغای کابرای دابوو. پاشان چوومە خوارێ بۆ دیوی ژنەکان و بە کچەکەم گوت:

ــــ هەتا بەیانی لێرە جووڵەی نەکەی، جا بەیانی فکرت بۆ دەکەم.

ــــ بم وەقوروانت، بەیانی چیم پێ دەکەی؟

ــــ تۆ دانیشە، دوایە پاکانە حیسابێکی دەکەین.

یەکێك لە ژنەکانیشم بانگ کردە دەرێ و گوتم:

ــــ پێی بڵێ ئەگەر ڕاست و ڕەوان پێ لێ نەنێ چۆن لە گەڵ ئەو کابرایە هاتوە، بەیانی سزای شیاوی خۆی دەدەم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەومان بەجیٚ هیٚشت و کابرامان وەپیٚش خۆ داو هەتا بەیانی لە دیویٚك دا زیندانیمان کرد. کەوتینە بەیانی و چووم کچەکەم بانگ کردو ورد و لەسەرەخۆ و بە زمانیٚکی نەرم و نیان لە پرسیارانم گرت. دڵنیاشم کرد کە ئەگەر ڕاست و ڕەوان پیٚ لە هەقیٚ بنیٚ، لە گوڵیٚ کاڵتری پیٚ ناڵیٚم و بۆ دەرباز بوون لەو زەلکاوەش کە تیٚی کەوتوە، یارمەتی دەدەم. سەرەنجام هیٚنامە ڕەدایە و، ئاوای بۆ گیٚڕامەوە:

ـــ هەر وەك دویٚنیٚ عەرزم کردی، ناوم فائیقەیە و خەڵکی تیکابم، چوار پیٚنج ساڵە شووم کردووەو کچیٚکیشم هەیە. خزمم لە بۆکان هەن و ئەم کابرایە کە خەڵکی بۆکانە بە هۆی خزمەکانمەوە لەگەڵ میٚردەکەم بوون بە ڕەفیق. ماوەیەك لەوە پیٚش بە ناوی سەردانەوە هاتۆتە ماڵمان و دوای چەند ڕۆژیٚك هاتۆتە بن کلیٚشەمەوەو هەڵی فریواندووم و منیش ساویلکە بووم و ڕەگەڵی کەوتووم. هیٚشتا مارەو تەڵاقی میٚردەکەشمم هەر بە سەرەوەیە. کورت و کرمانجی تەقەی لە بنی قازانەکە هیٚنا و تەنانەت ئەوەشی نەشاردەوە کە کابرا دەوری چل، پەنجا ساڵ تەمەنیەتی و هەتا ئیٚستا چوار ژنی دیکەی هیٚناون و تەڵاقی داونەوە! بە بیستنی ئەو بەسەرهاتە ویژدان ڕووشیٚنە، ئیتر ئەو مرۆڤە دڵ ڕەق و قین ئەستوورەی چەند سەعات لەوە پیٚش نەمام. کوورەی عاتیفە و بەزەییم وەجۆش و کوڵ هات و کسپە لە جەرگم هەستا. لە دڵی خۆمدا دەمگوت:

ـــ باشە ئەوا ئەو ژنە بەخت وەرگەڕاوە ناشی و تیٚ نەکەوتەبووە و بە دوو قسەی چەور و شیرین هەڵ خەڵەتاوە، ئەدی ئەو نامەردە ویژدان نووستووە بە چل پەنجا ساڵ تەمەنەوە چۆن لە خۆی ڕا دیوە گاڵتە بە چارەنووسی بنەماڵەیەك بکا و لە پیٚناوی دامرکاندنەوەی هەواو هەوەسیٚکی کاتیدا، ژیانی ئەو ژن و میٚردە چارە ڕەشە و منداڵیٚکی نەباڵقی بیٚ تاوان لە گریٚژەنە بەریٚ!! هەر بۆیە ویژدانم حوکمی لیٚ کردم کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەبێ یارمەتیی ئەو ژنە فریو دراوە بکەم و چەندی لە دەستم بێ، بۆ ڕزگاری کردنی لەو زلکاوەی تێی چەقیبوو تێبکۆشم. دەستم کرد بە ئامۆژگاری کردن و دڵ دانەوەی و پێم گوت:

ــــ ئەگەر بە قسەی برای خۆت دەکەی، بیری هەوەس بازی لە سەری خۆت دەرکە و لووس و باریك بگەڕێوە لای ماڵ و مێرد و ژیانی پێشووت . ئەتۆ ئەسپی هەوەس هەڵی گرتووی و ئەگەر فریای خۆت نەکەوی بە حەوت جێ ملت دەشکێنێ. ئەمن دڵنیام ئەو کابرا ڕوو ڕەش و ڕەزا گرانە، چەندە وەفای بۆ چوار ژنەکەی دیکەی بووە، هەر ئەوەندەشی بۆ تۆ دەبێ و تووشی ڕۆژگارێکی ڕەشی ئەوتۆت دەکا کە بۆ هەتا هەتایە بێزراوی نێو کۆمەڵ ببی و کاتێکیش بە خۆت دەزانی کە دەستت لە هەمبانەی بەتاڵەوە دەرچووە ! ئێستا هەتا لەوە درەنگتر نەبووە، ئاوڕێك وەڕابردووت وەدەو بیرێك لە داهاتووت وەکە. تۆ ئێستا گەنجی و زۆرت بە بەرەوە ماوە، ئەگەر ئاقڵانە بیر وەکەی، دەتوانی هەڵەی ڕابردووشت قەرەبوو بکەیەوەو ئابڕووی خۆت وەکڕی.

سەرتان نەیەشێنم چەندی لە توانام دا بوو ئامۆژگاری و ڕێنوێنیم کرد و ئەویش بە تامەزرۆییەوە گوێی بۆ قسەکانم شل کردبوو. فرمێسکی ژێوان بوونەوەی بە ڕوخساری دا هاتنە خوار و پێی لێ نا کە بە هەڵە چووە . چاوێکی مەزلوومانەی لێ کردم و بە شەرمەوە گوتی:

ــــ قسەکانت لەسەر سەرم، ئەمن تاوانبارم، لە خەجاڵەتی و شەرمەزاری چاوم هەڵنایەن، ئێستا بۆم دەرکەوتوە کە تۆ بۆ من لە براش دڵسۆزتری، بۆیە بەڵێنیت پێ دەدەم لە قسەت دەرنەچم. بەڵام لێم ڕوونە ئەگەر بچمەوە بۆ لای مێردەکەم بە سەرمەوە ناچێ و دەمکووژێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتێك بۆم دەرکەوت قسەکانم شوێنەواریان لەسەر داناوە، لێ بڕاوانە پێم گوت:

ــــ ئەوەی پێت دەڵێم ئەگەر بە وردی لە گوێی گری و کاتێك چوویەوە دەقاودەق بۆ مێردەکەتی وەگێڕی، دڵنیام بڕوات پێ دەکاو لە گوڵێ کاڵترت پێ ناڵێ. ئەمن هەتا سەقزی بەڕێت دەکەم و لە وێشەوە بۆ خۆت شارەزای، سواری ماشێن بەو ڕێ و ڕاست بڕۆرەوە بۆ ماڵی خۆتان. کاتێك مێردەکەت پرسیاری لێ کردی ئەو چەند ڕۆژە لە کوێ بووی بڵێ:

ــــ کاتێك تۆ بە سەفەر چووی ئەو کابرا نامەردە کە بە ناو دۆستی تۆ بوو، بەڵێنی پێدام لە گەڵم بێ بۆ بۆکان سەرێك لە خزمان هەڵێنم و کچەکەشمان کە لەوێ بوو، لە گەڵ خۆم بیهێنمەوە. منیش بە هۆی ئەوە کە هاوڕێی تۆ بوو، بڕوام پێ کرد. بەڵام کاتێك بە خۆم زانی، ئەو جادەی کە جاران هاتو چۆمان پێ دا دەکرد هەو نەبوو. هەر بۆیە لێی وەگومان کەوتم و پرسیارم لێ کرد. بەڵام لەسەرخۆ گوتی:

ــــ خەمت نەبێ، ئەم جادەیەش هەر دەچێتەوە بۆکان و نزیکتریشە .

منیش پێم وابوو ڕاست دەکا و قسەی دیکەم نەکرد. نازانم کەم و زۆر چەندە بەڕێوە بووین کە لە شوێنێك دای بەزاندم نەمدەزانی کوێ یە، تەنانەت ئاوەدانییشی لێ نەبوو. ئەو جار بە تەواوی ترسم ڕێ نیشت و گوتم:

ــــ ئێرە کوێ یە؟

ــــ ئەمە ئەو شوێنەیە کە دەنگت بە کەس ڕاناگا و چت پێ دەڵێم ئەگەر بە قسەم نەکەی دەتکووژم، ئیتر ئێمە هاوژیانی یەکترین!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتێك لە نیازی چەپەڵی تێگەیشتم، لە ترسی گیانی خۆم نەم وێرا چیدی لە سەری برۆم و بە نێو دارستان و کوێرە ڕێگایەکدا وەدوای کەوتم. ماوەیەکی زۆر بە ڕێگادا ڕۆیشتین، ماندوویی و تینووەتی بڕستی لێ بڕیم، لە بن دارێك دانیشتین و هێندێك پشووم بە بەردا هاتەوەو ئارەقەی ڕێگام لێ وشك بۆوە، لەوێش زۆری لەبەر پاڕامەوە کە لەو نیازە چەپەڵەی پاشگەز وەبێ و بگەڕێینەوە، بەڵام گوێی بیستنی نەبوو. ئاخر قسەی ئەوە بوو کە پێی گوتم:

ـــ هەرکەس پرسیاری لێ کردین دەبێ بڵێی کچم و بە رەزامەندیی خۆم لە گەڵ ئەم پیاوە هاتووم کە ژیانی هاوبەشی لەگەڵ پێك بێنم. چونکە باوکم سەر بە ڕێژیمە و نەدەهاتە ڕەدایە کە شوو بەم پیاوە بکەم، منیش حەزم لێ دەکرد، بۆیە ناچار بووین سەری خۆمان هەڵگرین و ڕوو لە وڵاتی غەریبایەتی بکەین.

منیش کە دەنگم بە هیچ کەس ڕانەدەگەیشت، بەڵێنیم پێدا لە قسەی دەرنەچم. هەستاین و ماوەیەکی دیکە ڕێگەمان بڕی هەتا بە سەر ئاوەدانیدا کەوتین. دێیەك بوو پڕ لە چەك دار و هەمووشیان جل و بەرگی کوردیان لە بەر دابوو. بەڵام ڕێك و پێك بوون و لە جاشەکانی لای خۆمان نەدەچوون. لامانداماڵێك و هێندێك حەساینەوە. خواو ڕاستان کابرا چووە دەرێ و منیش ئەو هەلەم بە هەڵکەوت زانی و لە خاوەن ماڵەکەم پرسی:

ـــ ئێرە کوێیە و ئەو چەك دارانە چ کارەن؟

ـــ ئێرە ئاوایی گەورە دارە و ئەوانەش پێشمەرگەن.

ئەوجار ئەو پرسیاری لەمن کرد و گوتی:

ــ لە کوێوە دێن و بۆ کوێ دەچن؟

ـــ منیش هەلەکەم قۆزتەوە و نووك و بەد بۆم لە بنی کوولەکەی دا و داوای یارمەتیم لێ کرد. ئەویش مەردانە لە هاوارم هات و چووە دەرێ و ئەوەندەی پێ نەچوو کە هاتەوە ژوورێ، دوو پێشمەرگەی لە گەڵ بوون. منی پێ ناساندن و بە سەرهاتەکەی بۆ گێڕانەوە، ئەوانیش بێ سێ و دوو لێ کردن چوون لە سەر حەوزی پیاوان کابرایان تێکەوەپێچاو بە جووت بردیان بۆ لای بەرپرسەکەیان و بە پوخت و پاراوی بە سەرهاتەکەیان بۆ گێڕایەوە. ئەویش(بەرپرسەکە) کابرای گرتووەو منیشی لەگەڵ مەلای ئاوەدانی هەتا شاری سەقزی بەڕێ کردۆتەوەو ئەمەش نامەی پێشمەرگەکان. نامەیەکم بۆ نووسی کە ئەم ژنە بێ تاوانە و مۆری کومیتەی شارستانم بۆ پێوە نا و وێم دا .

ئەو جار ناردم بە شوێن مەلای ئاوەدانیدا گوتم:

ـــ مامۆستا گیان! لە تۆ ئەمین ترم وەگیر ناکەوێ. ئەو خێرەی بە نسیب خۆت بکە و هەتا سەقزی لەگەڵی بچۆ، بەڵام لەوێش هەتا سواری ماشێنی نەکەی، نابێ بە جێی بێڵی.

ئەویش مەردانە بە دەنگمەوە هات و لە ماشێنم خستن و بەڕێم کردن.

خەڵکی ئاوایی ئەو هەڵوێستەیان ئێجگار پێ خۆش بوو و تێکڕا سوپاسیان لێ کردین و گوتیان:

ـــ ئەشەدەم بیللا حیزبی دێمۆکرات بۆیە دەبێ هەموومان خۆی لەسەر بە کوشت بدەین. یارەبی هەر پایەدار بێ. کابرای فێڵ بازیشمان ڕەگەڵ خۆ خست و بڕیارمان دا بینێرینە بەندیخانەی ناوەندی بەڕێی کەین. هەشت نۆ دە ڕۆژان بە سەردا تێ پەڕی، ڕۆژێکیان لە گوندی "سیسارك" بووین، پێشمەرگەکان بۆ شیو و کوڵێ چوون بۆسەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چۆمی و ئەویشیان لەگەڵ خۆیان برد، کەچی لە کاتی مەلە کردندا خۆی لێ دزیبوونەوەو فیکەی لێ کردبوو. ئێستاش نەمانزانی بە کوێدا سەری خۆی دەرکردو، بۆ کوێ ملی خۆی شکاند. بەڵام داستانی لەوەش سەیر وسەمەرەتر ئەوەیە کە بۆتان دەگێڕمەوە:

ــــ ماوەیەکی زۆر بە سەردا تێ پەڕی هەواڵێکم لە چارەنووسی فائیقە خانم وەگیر نەکەوت. بە ئاواتەوە بووم بزانم چی بەسەر هاتوە و لەگەڵ مێردەکەی تووشی چ هەڵلا و هۆمەر غەزایەك بوون. کەچی پلاری کوێری ئاواتەکە گرتی و بێ ئەوەی خۆی لەگەڵ ماندوو کەم، وەك هێلکەی پاکراو هاتە بەر دەستم. شەوێك لە شەوان لە کوێستانی گمۆوە بەرەو کوڕاداوێ ملمان پێوەنابوو. وەرزی ساڵ بەرەو زستان دەڕۆیی و ڕەهێڵە و قوڕ و چڵپاو هێزی لەبەر بڕیبووین. تاریکە شەوێك بوو، چاو چاوی نەدەبینی. قەتارەی کاروان وەك شارە مێرووله ڕێچکەی بەستبوو. قسمەت و نسیب لەگەڵ پۆلە کاروانی‌یەکی ناسیاو تێك هەڵەنگووتین و بە قسەی خۆش و وردە نەزیلە گێڕانەوە، ڕێگامان گرتە باوەش. کەوتبووینەوە یادی ڕۆژانی ڕابردوو و بە سەرهاتمان بۆ یەکتر دەگێڕانەوە. منیش وەك ڕووداوێکی مێژووی ژیانی پێشمەرگایەتیم، هەمان بەسەرهاتی فائقە و محەممەدم بۆ گێڕانەوە. هێشتا داستانەکەم تەواو نەگێڕابۆوە کە نەفەرێك لە دوامەوە توند پشتێنەکەی گرتم و گوتی:

ــــ ئەرێ کاکە! پێم ناڵێی ژنەکە ناوی چ بوو؟

ــــ باشە تۆ پێم ناڵێی ئەتۆ کێی و ناوی ئەو ژنەت بۆ چیە؟

ــــ ئەمن خەڵکی تیکابم و کارم زۆر بەو کارەیە.

ــــ ژنەکە ناوی فائیقە بوو، دەیناسی؟

ـــ ئەریٚ وەڵڵا زۆر باشی دەناسم!

ـــ دەی سا کەواتە بە وردی بۆم باس کە داخوا چارەنووسی بە کویٚ گەیشتوە؟

ـــ کوڕە بە قوربانت بم، ئەی نازانی ئەو کابرا سەك بابە چی لیٚ هات؟ مەبەستی محەممەدی ڕەزاگران بوو کە ژنەی فریو دابوو.

ـ ناوەڵڵا نازانم. قەرارمان وابوو بەڕێی کەینە بەندیخانە، بەڵام خۆی لە پێشمەرگەکان دزیبۆوە و هەڵاتبوو.

ـــ وەڵڵا برا کاتێك ئەو ژنە ون بوو، هەموو کەس تف و نەحلەتی ئەو کابرا نامەرد و نمەك بە حەرامەی دەکرد. بەڕاستی بیٚ ئەخلاق و نانەجیب بوو. خۆزگە جارێك دیبام و دوو تفم لەنێو چاوانیٚ کردبان. تۆ بزانە چۆن ئەو ژنە فەقیرەی هەڵ فریواندبوو. جا بەس نەبوو تۆ فریای کەوتبووی، دەنا بە خوای ئەویشی بە دەردی ژنەکانی دیکەی دەبرد. یا خوا برا ماڵت ئاوەدان بیٚ، ئەو نامەردە تا ئێستا چوار ژنی دیکەی هێناون و بەرودوا هەر چواری تەڵاق داون. جا دەزانی لە گەڵ مێردی ئەو ژنە چەندە لێك نزیك بوون و چەندە حورمەتیان لەو نامەردە دەگرت. بە خودای کەسێك لە نزیکەوە نەی ناسیبان هەر دەیگوت ڕەنگە برا بن. جاری وا بوو کە دەهات بە مانگ دەمایەوەو نەدەڕۆیشت و هەر دەتگوت لە ماڵی خۆیەتی. ئەو کابرایەش ئەوەندەی باوەڕ پیٚ هەبوو دەڕۆیشت ماڵی بۆ بەجیٚ دەهێشت هەروەك برای دایك و باوکی بیٚ. کەچی ئەو بیٚ شەرەفە پاداشتی ئەو هەموو چاکە و پیاوەتی‌یەی ئاوا دایەوە کە بە چاوی خۆت بینیت. تۆ بڵێی نان و نمەکی ئەو کابرا فەقیرە کوێری نەکا. خۆزگە بە خۆزگەی ئیمان داران ئێستا بم زانیبایە لە کویٚیە. کوڕە هەر کەس ئەو مەلعوونی بیٚ دینە بکووژیٚ دەستی تا هەنیشکیٚ سەوز دەبیٚ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتێك ئەوەم لە کابرا بیست مووی لەشم قرژ بوون و بە هەر دووك دەستان بە چۆکی خۆم دا کێشا و چەندی بلێی دەست و پلی خۆم شکاندنەوە کە ئاوا مفت و مەرحەبا خۆی لیّ ون کردین و بیّ ئارەق دەرچوو. ئەگەر ئەو شەوە دەستم وەبەر کەریم هەوشاری نەهێنابایە، فریزووی پیّ دەڕنیێوە. بەڵام بەختی یار بوو . دەستم لەسەر شانی کابرای تیکابی دانا و گوتم:

ـــ با لەسەر چووان نەچین، بۆم باس کە داخوا ژنەتیو چی بەسەر هات؟

ـــ وەڵڵا برا چی بیّ لە تۆ نەهێنی، کاتێك هاتەوە ڕاست و ڕەوان تۆ چیت پیّ گوتبوو، بیّ کەم و زیاد بۆ مێردەکەی گێڕابۆوە و نامەکەشی پیّ نیشان دا بوو. مێردەکەشی کە چاوی بە قاقەز و مۆری حیزبی کەوت، بەقای پیّ کرد و لە گوڵیّ کاڵتری پیّ نەگوت. پاش ماوەیەك ماڵەکەیان باری کرد و ئێستا لە تارانیّ دەژین. بەڕاستی ئێوە فریشتە بوون کە ئەو ژنەتان لەو زەلکاوە ڕزگار کردو خەڵکی ئەو ناوچەیە هەر کەس ئەو بەسەرهاتەی بیستبیّ ڕەحمەت گۆییتان دەکا.

بەڵیّ براینە! ژن و پیاوپێك شاد و شکور بوونەوەو (( منیش کاڵەم دڕاو چم پیّ نەبڕا ))

## پەڕاویزەکان:

1) حەسەن خەڵکی دۆڵ هەرزن و پاش ماوەیەك پێشمەرگایەتی و دیتنی دەورە کادری دەرمانی بوو. لەو دواییانەدا چەکی دانا و بە نیازی چوونە دەرەوە ڕێگای تورکیەی گرتە بەر و ئێستا لە وڵاتی نۆرویژ بە پەنا بەری دەژی .

2) شەهید سەعدوون خەڵکی شێنان و سەرەتا پێشمەرگەی لکی دوو و پاشان کادری تەداروکاتیی لکی دوو بوو.

3) شە هید ڕەحمان خەڵکی "سەید سارم" و پێشمەرگەی لکی دوو بوو.

4) شەهید جەواد خەڵکی ئیسفەهان و ساڵی 1361 هاتبوە ڕیزی تێکۆشەرانی دێموکرات و لە لکی دوو دا سازمان درابوو.

5) سەید کامیل خەڵکی بۆکان و پاش ئەو بەسەر هاتە خۆی تەسلیم کردەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

6) هەمزە خەڵکی گەنمان و ئەویش لەو دواییانەدا خۆی تەسلیم کردەوە. ئەو لەمێژ بوو پێشمەرگە بوو. ئێستا کاسبکاری ماڵی خۆیەتی.

7) برایمی تاهیری خەڵکی بەردەڕەش و دوایە بەرەو "دار ساوێن" کۆچیان کرد. لە ساڵی 1358ی هەتاوی‌یەوە پێشمەرگە بوو. بەرپرسایەتیی نیزامیشی لە ئەستۆ بوو. ئەویش ساڵی 76یهەتاوی چەکی دانا و بە نیازی چوونە دەرەوە ئێستا لە وڵاتی نۆڕوێژ بە پەنابەری دەژی.

8) محەممەدی عەزیزی خەڵکی کۆخان و بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری لە ئەستۆ بوو. ئەویش وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا و ماوەیك لە وڵاتی تورکیەمایەوە و لەم دوایی یانە دا گەڕایەوە بۆ کوردستان و ئێستا لە شاری سلێمانی دەژی .

9) عوسمانی فەتاحی(مەلا عوسمان) خەڵکی "بۆیەنی سەریَ" و فەرماندەی لك بوو. ماوەیەکیش ئەگەر باش لە بیرم مابیَ ئەندامی کومیتەی شارستان بوو. پاش کۆنگرەی هەشت لە گەڵ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ جیا بۆوەو، لە مەئموریەتێكدا لە ئاوایی سەید سارم لە گەڵ چوار کادری دیکە دوژمن گەمارۆی دان و هەر پێنجیان شەهید کران.

10) ئەو کات هەر کەسێك چووبایە بۆ ئەو بەری کوردستانی عێراق، دەبا وەرەقەی یەکێك لە ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێرانی بە مۆری ئەو ڕێکخراوەیەوە پێ بێ. ئەو نووسراوە هەم بۆ ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردستانی عێراق و، هەم بۆ حکوومەتی عێراقیش جێی متمانە بوو.

## قۆناغێکی تووش و تۆسن

وەرزی پاییزی ساڵی 1365ی‌هەتاوی بوو، بارانێکیش بە سەری کردبووینەوەو شەوانە لە کوێستانان زوقم و سیخوار زەویی دادەپۆشی. مانەوە لە چیا سەر لە عاسمان هەڵ چووەکان بە تەواوی دژوار ببوو. ئەو شەوە لە گوندی "سەدبار" مابووینەوەو شەوی مابوو تیمی کەمین بە لووتکان هەڵ گەڕا. گزنگ ترۆپکی ئەنگاوت و دیدەبان لە پەلاماری دوژمن ئاگاداری کردین. پێشمەرگەکان بە پەلە خۆیان سازمان‌دا و بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی دوژمن و بە مەبەستی پاراستنی گیان و ماڵی خەڵکی لە گوندی وەدەرکەوتن. شەڕێکی قورس و خوێناوی لە نێوان هێزی تەیار بە هەموو جۆرە چەکێکی قورس و سووك و پێشمەرگە ورە بەرزەکان‌دا دەستی پێ کرد.

له سەرووی ماڵەکانی ئاوایی "سەدبار"ەوە هەتا قەڵای هەمەوەندان، قەبری کوڕ و کچان و، بە درێژایی و پانایی چیای مەیدانان، ئاگر باران بوو. دوژمن کە زەبرێکی بە ژانی وێکەوتبوو، بێ هەدەف ئەو ناوەندەی بە تۆپ و خۆمپارە و کاتیۆشا، ئاور باران دەکرد . (بڕوانە وێنەی ژمارە 3)

شەڕ هەتا دوانیوەڕۆیەکی درەنگی درێژەی کێشا. پێشمەرگەکان کە زەبری خۆیان وەشاندبوو بەرەو چیا بەرزەکان پاشەکشەمان کرد. بەڵام هەر وەك مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە، هیچ سەرکەوتنێکی ئەوتۆ و مەزن بە بێ قوربانی دان وەدەست نایە، شاباشی ئەو دەسکەوتەش بەداخەوە شەهیدبوونی پێشمەرگەیەکی قارەمان بە ناوی حیسام و بریندار بوونی چەند پێشمەرگەیەك بوو کە لەنێو بریندارەکاندا کاك کەریم سەقزی(1) و کاك سەعید شێنانی وەبەرچاو دەکەوتن. بۆ بە خاك سپاردنی شەهیدەکە و ڕاگواستنی بریندارەکان، بەندەناوبەندەن بۆ گوندی "شێنان" تێ هالاین. پێشمەرگەکان چەندی بلێی شەکەت و ماندوو بوون، لە شەبەقی بەیانی‌یەوە بە زار و گەرووی وشك و بێ خواردن و خواردنەوە، لەژێر ڕەهێڵەی تۆپ و خۆمپارەو گوللە و باڕووتدا بووین. مەودای ڕێگاکەش هەتا دەگەیشتە شێنانێ زۆر دوور و درێژ بوو. برسیەتی تەنگی پێ هەڵ چنیبووین. بەڵام دەرمانی هەموو دەردەکان، خۆ گەیاندنمان بە ئاوەدانی بوو. بێ پشوودان ڕێگامان کوتا و پێچ و گەوە و نواڵ و لاپاڵمان وەدوا خۆ دان و لەسەر بەندەنی (2) نێوان "شێنان" و "کەشەنێ" راوەستاین هەتا بەرودوا پێشمەرگەکان وەسەریەك کەوتن. ئەو جار بەشێکمان بۆ گوندی "کەشەنێ" بەڕێ کردن و بۆخۆشمان لەگەڵ شەهید و بریندارەکان بەرەو "شێنان" داگەڕاینە خوارێ. جێی سەرنجە ئەمن بۆ خۆم لەسەر بریندارەکان ڕانەوەستام و لەسەر بڕیاری هاوڕێیان بە مەبەستی ئامادەکردنی گڵکۆی شەهیدەکە کە پێش وادە خۆم گەیاندە ئاوایی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێوارێ درەنگانێك گەیشتینە نێو دێ و هەر ئەو شەوە شەهیدەکەمان بە خاك سپارد. بەیانیی مەلا بانگان ڕێژیم بە هێرشێك پێشمەرگەکانی جێگیر لە کەشەنێی بەسەر کردبوونەوە، بەڵام پێشمەرگەکان پیاوانە لێیان ڕاسابوون و پاشەکشەیان پێ کردبوون. ئەو ڕۆژەش بە وریایییەوە خۆمان لێ مات کردو ڕۆژی دوایە هەموومان یەکمان گرتەوەو بە کوێستانێ هەڵگەڕاین. بەڵام کوێستان ئەو کوێستانە بە دیمەن و دڵ ڕفێنە نەمابوو کە چاوی کوێری پێ ڕوون دەبۆوە. بەڵکوو ڕواڵەتێکی ترسێنەری وای بە خۆوە گرتبوو کە سامدار سامی لێ دەکرد. شریخەی هەور و ڕەهێڵەی تەرزەو گۆپاڵ باران، هووژەی پیرە زریان و تەوژمی تۆف و سەرما لە قەبری چەرچیانەوە هەتا دەگاتەوە هەوار ئایشی و گوڵی بەرکان و چیای مەیدانان، هەڕەشەی مەرگی لێ دەکردین و مەردی ئازای لێدەترسا. ئەوەی کە توانای بەربەرەکانی کردنی لەگەڵ ئەو دیمەنە سامناك و تۆقێنەرە هەبوو، تەنیا ورەی بەرز و ئیمانی بەهێزی پێشمەرگایەتی بوو. بەدەگمەن کەسێك وەبەر چاو دەکەوت کە دەستی لە گۆ نەچووبێ و جگەرەیەکی پێ دا گیرسێنرێ. لەو بەینەدا لەگەڵ پێشمەرگەکانی مەڵبەندی دووی جنووبی کوردستانیش کە لە ناوچەی خۆیان نەحەوابوونەوەو بەرەو ناوچەی ئێمە کشابوون یەکمان گرتەوەو باسك و ملە و خڕ و دۆڵی کوێستانێمان بە هەنگاوان پێوا.

ئێستا بیر لەوە بکەنەوە، ئێمە کە ساخ و سەلیم بووین و بە ڕێگایەشدا دەڕۆیشتین ئاوا لە سەرمان کەسیرە ببووین، داخوا بریندارەکان کە بە سواری ئێسترانەوە کرێوەو بەفرە پشۆ لە قەبرغەی دەدان، لە چ حاڵێکدا بووبن؟! ئاخر بەرینایی قەبری چەرچیان هەتا دەگاتەوە قەڵای هەمەوەندان و پشتی کۆخەکانی سیوچی، ئەویش بەو تۆف و تووشییە گاڵتەی پێ ناکرێ. جا بەس نەبوو تووشی شەڕ و تێك هەڵچوونیش نەبووین، دەنا بە خوای هەموومان بە کوڵاوی دەگیراین. بەرە لاقمان هەموو

هەڵاوسابوون و دەستیشمان تفەنگی نەدەگرت. تاریك بەسەرداهات و جاسووس هەڵ گیرا کە بە سەر کۆخەکانی سیوچیدا شۆڕ بووینەوە، بەشێك لە کادر و پێشمەرگەکانمان بۆ کۆخەکانی سیوچی بەڕێ کردن و ئەوانی دیکەش لەگەڵ بریندارەکان بەرەو گوندی "بێلوێ" کوتامان. شەو ڕاکشابوو کە بە نێو ئاوایی وەربووین و خۆمان لە ماڵان هەڵکێشا. کوورەی دارانیان بۆ نێڵ داین و بە بەر نان و چا خواردنەوە خۆمان وشك کردەوە.

شەوگار لە نیوەی تێپەڕیبوو، چەندی لێکمان دەدایەوە، لە مەودای ئەو ڕێگایەی کە دەبا لێی تێپەڕ ببین، دەرباز نەدەبووین. بە ناچار دیدەوانمان وە بەندەنێ هەڵگێڕان و ئەو ڕۆژەش خۆمان لێ مەڵاس دا. شەوگار ئامێزی لە زەوی وەرێنا و بریندارمان سواری ئێستران کردن و سەر بەرەو خوار ڕێگامان لە باوەشێ گرت. ئەو شەوە تا بەری بەیانی کوتامان و ڕۆژی دوایە لە گوندی "واژە"وە بریندارەکانمان بەرەو دەفتەری سیاسی بۆ نەخۆشخانەی ئازادی بەڕێ کردن. پاشان کەوتینە ڕاوێژی ئەوە کە بۆ حەسانەوەو پشوودانێکی کاتی شوێنێکی ئەمین و جێی مەتمانە هەڵی نێین، ئاخر لەمێژ بوو لە ناوچەکاندا ئەمبەرەو بەرۆکێنمان دەکردو حەجمینمان نەبوو، بەڵام ئەو شوێنە ئەمینە دەبا کوێ بێ و بە چ متمانەیەك دەمان توانی لێی وەحاوێن؟ چیاکان لەژێر تەوژمی سەرمای سفر دەرەجەدا بوون، لە دەشتاییەکانیشدا گوندێك وەبەر چاو نەدەکەوت کە لانی کەم سەعاتە ڕێیەك لە مۆڵگەی دوژمن دوور بێ، ڕێژیمیش بۆ ئەستاندنەوەی تۆڵەی ئەو زەبرەی لە پشتی سەدباری وێی کەوتبوو، هەنگاو بە هەنگاو لە دوومان دەگەڕاو بۆ لە داو خستنمان پیلانی دادەڕشت. سەرەنجام لەسەر ئەوە ڕێك کەوتین کە بەرەو سنووری کوردستانی عێراقێ داگەڕێینە خوارێ. شەو قەڵای مێردان و شەوگاری پاییزێ مراد حاسڵ کەرە، کوتامان و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەوەستاین و پاش 13 سەعاتان مەنزڵ بڕی، لە تاریك و ڕوونی بەیانی‌دا لە ئاوی چۆمانێ پەڕینەوەو بە چۆمی ئاوە زێی هەڵگەڕاین.

هێشتا بە جوانی زەردە لە سەرانی نەدابوو، هەر ئەوەندە فریا کەوتین ئاگرێکمان هەڵایساندو دای ڕشتە کۆپاڵ بارانێك وەك گۆزەی سەرەو بن. بێ بەرنواو پەنا پەسێوێك هەرکام لە سەر بەردێك هەڵ کورماین و ئەو نەختە نانە ڕەقەی لە گیرفانمان‌دا هەڵمان گرتبوو، لە مستمان‌دا کرۆشتمان و سنگمان لە ئاوری کرد.

نوێژی نیوەڕۆیە لای کردەوەو هەر برووکی نەدایە. تەنگانەیەکی بەر درێژ بوو، ڕوو لە چۆڵی و پشت لە ئاوەدانی ئاسۆی ڕوونمان بەدی نەکرد. ئێوارە داهات و ڕێژنەی بارانێ بەرۆکی هەر بەرنەداین. هانامان بردە بەر کۆنە بنکەلا ڕووخاوەکەی کۆمیتەی حەوتەوانە کە کاتی خۆی لە گوێ چەمی چۆمانێ دروستیان کردبوو و کردمانە چاکی مرادان. ئەویش لە ترسی تۆپ بارانی مۆڵگەی گردە ڕەشی کە بەرەو ڕوومان بوو، دەبا بە لاشێوان‌دا و بە ماتە ماتە خۆی بۆ باریك کەین. لە بوومە لێڵەی نوێژی شێوان‌دا خۆمان گەیاندێ و تێی ڕاماین. یەك دوو ژووریان بە ساخی مابوون، بەڵام نە دەرگا و نە پەنجەرەیان پێوە مابوون و لەگەڵ گەوڕ و گەلەخان لێك نەدەناسرانەوە. پەین و پاڵ بە دلۆپان خووسابۆوەو هەتا گوێزینگێ پێوە دەبووین. بۆگەنی سەی تۆپیوی لێ دەهات و دڕەندەی کێوانیشی پێ قایل نەدەبوو. ئێستا دوو ڕێگامان لە بەر بوون: یان دەبا لە سەرمان ڕەق هەڵاتباین، یا خۆ پێی شوکور بین و خۆمان لە مەرگ ڕزگار کەین. دەستمان کرد بە خاوێن کردنەوەو پەینە خووساومان لێ وەدەرنا، بەڵام تاقە بستێکی بە وشکی نەمابوو. ئاورێکی دەشتەکیمان لەنێوەڕاستی ژوورەکەدا کردەوەو لە دەوری هەڵترووشکاین. بەڵام هەر ئەوەندەمان خۆشی دی. دووکەڵ لە میچی خانووی گەڕا و خۆزگەی بۆ بەر بارانێ پێ هەڵ خواستین. برسیەتیش هرووژمی بۆ

هێناین و نانە ڕەقەشمان لێ بڕابوو. لە فکران ڕاچووین و هەرکەسە بە شێوەیەك ڕاو بۆچوونی خۆی دەردەبڕی. سەرەنجام لەسەر ئەوە ڕێك کەوتین کە پەنا بە گوندی چۆمان بەرین. بەڵام ئەو هەموو پێشمەرگە لە کوێ دەحەوانەوە؟!

ئاخرەکەی دەستە پێشمەرگەیەکی توندوتۆڵمان هەڵبژاردن و بە کەڵك وەرگرتن لە تاریکایی شەو بەڕێمان کردن لەنێو دێی چۆمان هەم زگی خۆیان تێر کەن و هێندێکیش ڕۆزی بۆ ئێمە بێنن. بەڵام هەتا نانیان خوارد، پیرە چۆم بە ڕادەیەك هەستا کە مەلەوانی شارەزاش نەی دەتوانی خۆی لە قەرە بدا و ئەو دەستە پێشمەرگەشمان لەو بەرێ عاسێ (3) بوون. بێ ڕایەخ و پێخەو، بە زگی برسی و لەشی ماندوو ماینەوەو بارانیش بۆ دەمێك هەڵی نەبرووکاند. هەر چۆنێك بوو ئەو شەوەشمان ڕۆژ کردەوە. پێشمەرگەکانیش بواری پەڕینەوەیان هەر بۆ نەرەخسا کە بێنەوە بۆ لامان. ئەو بەیانی‌یەش لەنێو دێ لە گەڵ پێشمەرگەی پارتی(4)، لووت و بزووت تێك هەڵەنگووتبوون، بەڵام پیاوەتیان کردبوو دەستیان لێ نەکردبوونەوە. ئیتر لە ئاوایی وەدەرکەوتبوون و خۆیان حەشار دابوو.

لە کورتی وەبڕین سێ شەو و ڕۆژان لەوێ ماینەوەو پێشمەرگەکان هەر نەیان توانی بگەڕێنەوە لامان(5). بە ناچار بە بێسیم بۆ لای سەرسووڵ و زەڵێ و... ڕێ نوێنی‌مان کردن کە هەتا چۆمەکە بوارێ دەدا خۆیان حەشار بدەن. پێشمەرگەکانی مەڵبەندی دووشمان بۆ دەفتەری سیاسی بەڕێ کردن و خۆشمان بەرەو شاناخسێ لە هەورازیمان هەڵاویشت. ڕێژنە باران لە گەڵ بەفر و کرێوە جێ گۆڕکێیان کردو سەما بۆ ژێر سیفر داکشایە خوارێ. چار ناچار لەوێش پەنامان بە کۆخە چۆڵان بردەوەو تێیاندا ستار بووین. بەڵام ئەوانیش بێ دەرکە و پەنجەرە بوون و چرپەی دڵۆپانیش دەتگوت سەعاتی چەڵەمەیە لە دەور و بەرمان. هەرچۆنێك بوو ئاگرێکمان کردەوەو هەرکەسە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەردێکمان وەبن خۆدا. بەڵام برسیەتی بە تەواوی بڕستی لێ بڕیبووین. بنکەیەکی گوومرگی پێشمەرگەکانی یەکیەتیی نیشتمانیمان بە چاو ئەنگاوت و خۆمان بۆ کوتا.ماڵیان ئاوەدان بێ لە گەڵ ئێوە هێندێك خواردەمەنییان داینێ. هەرچەند بە تەسەلی پێمان ڕانەگەیشت، بەڵام دیسانیش هەر باش بوو ئاهێکی وەبەر هێناینەوە.

دەمی ئێوارێ بوو عاسمان نێو چاوانی کراوەو هەورەکانی ڕەواندنەوە، خۆر ئامێزی لە زەوی وەرێنا و هێندێك تەشقی هەواکەی شکاند، پێشمەرگە لە کۆخی وەدەر کەوتن و بە نێو باخات و دارە سەمەرییەکاندا بڵاوبوونەوە، دارە مێوەکان کە وەك ئاشقە و ماشقە لە بەروو دارە لە عاسمان هەڵ چووەکان هاڵابوون، هێشووە ترێیان بە سەر تلۆفکێوە مابوو. کوڕانی گەل بۆیان وێ هەڵ گەڕان و دایان ڕنینە خوارێ، ئەوەندەی پێ نەچوو کە پڕی جامەدانەکانیان ترێ هێنا و تێیەوە ڕووکاین. بەڵام سەرما ئەنگاوتبووی و بەشێکی زۆر لە پێشمەرگەکان تووشی زگچوون بووین. ئەو ڕۆژەش هەر چاوەڕوان بووین کە پێشمەرگەکان بگەڕێنەوە بۆ لامان و خواردەمەنیمان بۆ بێنن، بەڵام شەو بەسەرداهات و ئاواتەکەمان وەدی نەهات.

شەوێکی تا بڵێی تۆف و سەرما بوو. کڕێوەو باکوتە دیمەنی سروشتی بە تەواوی دزێو کردبوو، ڕایەخمان زەویی تەڕ و پێخەفمان ئاسمانی ڕوو گرژ و نێو چاوان تاڵ بوو. بە زگی برسی و لەشی ماندوو و جلی تەڕەوە لە کۆخە چۆلێکی شەق و شڕ و لە ژێر چرکە چرکی دلۆپاندا نێو چاوانمان وەسەر چۆکمان کردبوو. بێجگە لە هووژەی زریان و چۆڕاوگەی گوێ سوانەی کۆخەکە، هەستێکی دیکەمان وەبەر گوێ نەدەکەوت. جار و بارەش بریسکەی چەخماخەی عاسمانێ، دڵی تاریکایی شەوی دەدڕی و شریخەی هەورە تۆسن و ڕەق ئەستوورەکان سامی بێ دەنگیی دەقەڵاشتەوە. لە فکران ڕاچووبووین و هەر یەك بە لایەك و بۆ دیارێك ئەسپی خۆش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەوتی خەیاڵ هەڵی گرتبوو. پێشمەرگەی ئێشك گریش لە بن چەتری سوانەی کۆخەکەدا، چەك لە مست و لەسەر هەست، پاڵی وەدیواری دابوو و هەڵکورمابوو. لەو دەمە ناسکەدا کە ئەوەی بیرمان لێ نەکردبۆوەو بە بای خەیاڵیشماندا تێ نەپەڕیبوو، ئەو غەڵبە غەڵب و سمڕ سمڕە بوو کە تای ماشەری خەیاڵی ئاڵۆزاندین و، هەموو هەستەکانی بەرەو یەك نوختە ڕاکێش کردن. بە تاڵووکە ڕۆبووینە چەکەکانمان و بە سەرەتاسکێ و ماتە ماتە لە ژووری کۆخەکە وەدەرکەوتین. هەمووماں چاوەڕوانی ڕووداوێکی ناخۆش و لەنەکاو بووین. بەڵام بۆچوونەکە ڕاست پێچەوانە بوو. فریشتەی ڕەحمەت دەلاقەی بەختی لێ کردینەوەو کونی ڕۆزیی بۆ ئاوەڵا کردین!

بەڵێ: قەتارەی کاروان وەك ڕێچکە مێروولە سەری سەر یەك هاویشتبوو و لە "کوڕاداوێ"وە بەرەو چۆمان دەجمی. لێیان چووینە پێشێ و تێیان ڕاماین. ئەوانیش لێمان ورد بوونەوەو بە چاوی مشتەری سەیریان کردین. بەڵام ڕەشە شەوێکی وابوو کە چاو چاوی نەدەبینی، بە پرسیاران یەکترمان ناسییەوە کە زۆربەیان خەڵکی ناوچەکەی خۆمان بوون. هەر کە ناسیانینەوە، بە تاسەوە لە ئامێزیان گرتین و ماچیان کردین. کاتێك لە چۆنیەتیی ژیانی ئەو چەند ڕۆژەمان ئاگادار بوون، بە پەرۆشەوە هاودەردییان لە گەڵ کردین. نانە بەرەکانیان داگرتن و بەشێك لە توێشووەکەی خۆیانیان بۆ بەجێ هێشتین. ماوەی زیاتر لە سەعاتێکی نەخایاند کە چەند دەستە کاروانی ناسیاو هاتن و چوون و پڕ چارەکەیەك نان و هێندێکیش قەند و چایان بۆ بەجێ هێشتین. ئای لەو خۆشییە، هەر ئەوەندە بوو شاگەشکە نەبووین. نانەکەمان بە سەر پێشمەرگەکاندا بەشینەوەو هێندێك تینمان تێ گەڕایەوە. بەڵام ئێمەی جەم بووردو کوا بەوەندە نانە تێر دەبووین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو شەوە بەفر کوێستانی پیرە گمۆی لووس کرد. سەرمایەکی کەم وێنە و تەزێنەر بوو، هەتا فەلەك ڕۆژی کردەوە لە بەر ئاگری دەشتەکی کوشمەڵەمان کردو خەو نەچووە چاوانمان. کەوتینە بەیانی و پێشمەرگەکان هەر نەگەڕانەوە لامان. پێشنیارم کرد لەو جەڵەبە ئاژەڵانە کە وێڕای کاروانەکان لە ڕێ دا بوون، چەند سەرە حەیوانێك بکڕین و بۆ پێشمەرگەکانی سەر بڕین. بەڵام کاك ئەحمەدی محەممەد نژاد کە بەرپرسی بەشی ماڵی بوو، سوێندی خوارد کە ئەوەندەمان دراو نیە سەرە حەیوانێکی پێ بکڕین! ئەو ڕۆژەش بە برسیەتی ڕۆژمان گەیاندە کەلەپۆ. شەو بەسەردا هاتەوەو کاروان وەجمووجۆڵ کەوتەوە. چووم بە لای کاك عوسمانی ڕەحیمی‌یەوە کە بەرپرسی کۆمیتەی شارستان بوو، داوای مۆرەکەم لێ کرد. ئەویش چاوێکی لێ کردم و بزەیەکی هاتێ و گوتی:

ــــ پێم ناڵێی لەم تەنگانەیەدا مۆرت بۆ چی‌یە؟

ــــ دەڵێن زگی برسی خوێنێ دەکا، بۆ خۆت دەزانی پێشمەرگەکان ئەوا لە برسان دەمرن، دەمەوێ گوومرگی دانێم، هێندێك پووڵ وەرگرم و چەند سەرە حەیوانێکی بۆ پێشمەرگەکان لێ بکڕین و لەم بزمار بە گایە خۆمانی پێ نەجات دەین.

ــــ بۆ وەرگرتنی گوومرگ دەبێ بەڵگەی ڕەسمیی گوومرگمان پێ بێ، بە بێ بەڵگە وەرگرین ئابڕوومان دەچێ.

ــــ کاك عوسمان گیان! پێشینیان گوتوویانە(کە زۆر هات قەواڵە بەتاڵە). تەنگانەی لەوە گەورەتر نابێ، ئەوا دەمرین لە برسان. ئەو پێشمەرگانە هەموو چاو لە دەستی ئێمەن و . . . . . . .

سەرتان نەیەشێنم بە هەر خۆشی و ناچارێك بوو ڕازیم کرد و مۆرە بۆرم لێ وەرگرت. چووم لەسەر ڕێگایە قیت ڕاوەستام و ملم لە گوومرگ وەرگرتنێ نا، هەرچی وەرم دەگرت ڕەسیدێکم بۆ دەنووسی و مۆرێکم بۆ پێوە دەنا. کورت و کرمانجی هەتا بەری بەیانی چل و پێنج هەزار تمەنمان کۆ کردەوەو بووین بە کوڕی حیکایەتێ. تاو هەڵات و ناردمان چەند سەرێك حەیوانمان کڕین و سەرمان بڕین، گۆشتمان توێ توێ کرد و لە زمبەی کلاشینکۆفانماندا و بە سەر پۆلوانمان ڕادەشت. جافە قیر بخۆ نەت دیوە ! بێ ئێوە ناخۆش خۆمان لێ مڕ کرد. بەڵام نەوس دانەسەکنا و ئەم جارە بیانووی چای پێ گرتین.

کاروانچی‌یەکان هێندێك قەند و چایان بۆ بەجێ هێشتبووین، بەڵام کتری و پیاڵەمان پێ نەبوون. هێندێك بەملاولای خۆماندا ڕوانی و شەش حەوت قتووە بەتاڵی کۆمپووتمان دۆزینەوەو زەریف و قازاخ شۆردمانن، چامان تێدا دەم کردن و هەر لەوانیشدا خواردمانەوەو ئەو کەلێنەشمان پڕ کردەوە. لەوماوەیەدا خەڵکی ناوچەکەش پێیان زانیبوو. لە گوندەکانی ناوچەی خێڵەڕەشەوە بڕە خواردەمەنی‌یەکیان بۆ هێنان، بەڵام ئەویش بە تەسەلی پێ ڕانەگەیشت و بۆ هەر پێشمەرگەیەك جەمی لەتە نانێکی وشکی دیاری کرابوو کە هەر ئەوە بوو پێی دەژیاین. ڕۆژان هاتن و تێپەڕین، شەو لە گەڵ شەوێ، سەرما و بێ دەرەتانی زۆرتر تەنگی پێ هەڵدەچنین، لەو بەینەدا پێشمەرگەمان زۆر لێ نەخۆش کەوتبوون، بە ناچار لە گەڵ کاك سید برایمی هاشمی کە خۆشی نەخۆش بوو، بۆ نەخۆشخانەی ئازادیمان بەڕێ کردن و خۆشمان هەر بەو نیازە کە خۆش بکاتەوەو بەرەو ناوچە بگەڕێینەوە، ڕۆژمان دەژماردن.

شەوێکیان لە سەرمان و لە وەڕەزی سنگم لە ئاوری کردبوو، دەستم وەبەر چۆکمدا بوون و لە فکران ڕاچوو بووم. کات ژمێر دووی دوانیوە شەوێ بوو. پێشمەرگەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەموو نووستبوون، ئێشك گریشمان لە بەر دەرگای کۆخەکە وەك سنگی چەقیبوو. لەو کاتەدا پێشمەرگەیەك بە ناوی سولەیمان وەخەبەر هات، تۆزێك خۆی بادا و کۆڵنجەکانی شکاندن و نەختێك چاوە خەواڵووەکانی گلۆفین و گوتی:

ــ کاك ئەحمەد! ئەوە بۆ خەوت لێ ناکەوێ؟

منیش هەر بۆ بێ دەنگ کردن و لە کۆڵ خۆ کردنەوە، سەبر و لەسەرەخۆ بۆ ئەوەی پێشمەرگەکان وەخەبەر نەیەن گوتم:

ــ وەڵڵا کاکە گیان چ بڵێم؟ ددانم دێشێ.

ــ ئەدی دەرمانێکی وا نیە ژانی بشکێنێ؟

ـــ بەرێ وەڵڵا هەیە، بەڵام بۆ من دەست نادا، بە چای ژانی دەشکێ! خۆ قەندو چاشمان پێ نەماوە.

مەبەستم هەر ئەوە بوو کە دەستم لێ هەڵگرێ و بێ دەنگ ببێ و پێشمەرگەکان خەوەکەیان لێ نەزڕێ. کەچی زۆر بە لەخۆ ڕادیوی:

ـــ ئەی بۆ زوو قسەت نەکرد ماڵت خرا نەبێ. وەڵڵا هەر ئێستا عیلاجی دەکەم!

زۆرم پێ سەیر بوو، ئاخر چایی لەو هەلەدا بۆ ئێمە لە گەرووی هەژدیهایدا بوو. کەچی ڕۆ بوە کۆڵە پشتییەکەی و قۆری لۆکەیەکی دەرێنا کە دیوی دەرێی دەتگوت بنەمەنجەڵە بە دووکەڵێ ڕەش ببوو. تەنیا دوو پیاڵەشی ئاو دەبرد. چوو پڕ لە ئاوی کردو چای وەسەر کردو لەنێو پەنگەرانی هەڵاخنی. هەر ئەوەندەی فوو لە قەلنە کەی، چای دەم کراوی لە قتوی کۆمپووتیدا لە پێش ڕۆ نام.

چاوێکم لێکردو لە دڵی خۆمدا گوتم:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ـــ له بەرت مرم درۆی بێ زیان، لەو تەنگانەیەدا دەفریام هاتی و ئەو دەسکەوتە بە نرخەت بە نسیب کردم. ئاخر من چام ئێجگار پێ خۆشە، بڕوام پێ بکەن ئەوەندە کەیفم پێی ساز بوو، شام بە سەپانی خۆم نەدەزانی. لاقێکم لەسەر لاقی دانا و بە فیزێکەوە دەستم بۆ قتوە بۆری برد. چەند قومێکم لێ خواردەوەو پاشان جگەرەیەکم داگیرساندو هەڵم مژی. ئەو تام و چێژەی لەو چا و جگەرەم وەرگرت بڕوا ناکەم هەتا ئێستاش لە هیچ شتێکی دیکەم چێشتبێ. هەرچی تاڵی و سوێریی ئەو چەند ڕۆژە بوو، هەمووی لەبیر بردمەوەو بە تەواوی هاتمەوە سەرەخۆ. پڕ بە دڵ سوپاسم لە پێشمەرگەکە کردو چاکەمان خواردەوەو خرپ خەوی لێ کەوت. منیش جگەرەیەکی دیکەم کێشا و دڵم پێوە بوو چاوێکی بۆ گەرم کەم، بەڵام بێ سەر بەرگ و پێخەو لە بەر تەوژمی سەرمایە تەنیا خەو نووچکەیەکیش نەی بردمەوە. تاو هەڵات و سەرو لەتە نانمان وەرگرت و نەوسەکەمان پێ کوێر کردەوە.

کەوتینە شەوی دوایە و دیتم سولەیمان دەستی وەبەر چۆکی داون و کڕ و مات دانیشتووە. کاتیش هەر ئەو کاتەی شەوی پێشوو بوو. قەدەرێکی دیکەشی پێ چوو هەر خەو نەی دەبردەوە. بانگێکم لێ کرد و:

ـــ هاوڕێ گیان! ئەوە بۆ خەوت لێ زڕاوە؟

ـــ وەڵڵا کاک ئەحمەد گیان! ددانم زۆر دێشێ، لە تاوان خەوم لێ ناکەوێ.

ـــ ئەدی بە چای ژانی ناشکێ؟!

ـــ بەرێ وەڵڵا ئەگەر ئێستا چایەك هەبایە و بم خواردایەوە، جێبەجێ هێدی دەبوو.

تێگەیشتم کە لە هەوڵی ئەوە دایە تۆڵەی شەوی پێشووم لێ وەکا. بۆیە سەرێکم بۆ لەقاندو:

ـــ با بزانی کە من زۆر تەمبەڵم و ئەگەر لە جیاتی ددان ئێشەی کەللەی سەریشت بەر وەبێ، ناتوانم چات بۆ دەم کەم. جا ئەگەر وازت لە چایە و ددان ئێشەی دەکەی بە بیانوو، هەستە برای چاك بە، بە قالبێکی سووك بچۆ قۆریە بچکۆلی پڕ کە و ئەم شەویش چایەك دەم کە با پێکەوە بیخۆینەوە.

کە وام پێ گوت هێندێك تێم ڕاما و بزەیەکی هاتێ و:

ـــ باشە توخوا چۆنت زانی کە من بۆ چای ددان ئێشەی دەکەم بە بیانوو؟

ـــ وەڵڵا ئەوەی ڕاستی بێ ئەمن دوێ شەوێ فێڵم لە تۆ کرد. با ئەوەش بزانی کە چەند ساڵە ددانی دەستکردم لە زاری دان و لەمێژە ئازاری ددان ئێشەم نەچێشتوە.

ئیتر کە وام پێ گوت هەستا پیاوانە قۆریە ڕەشی پڕ لە ئاو کردو هێندەی بڵێی یەك و دوو چای دەم کردو بێ ئێوە ناخۆش هەڵمان لووشی. ئەو جار فێر ببوین، زۆربەی شەوان پێکەوە چامان دەخواردەوە.

سەرتان نەیەشێنم چواردە ڕۆژان بەو شێوەیە لە گەڵ بەفر و بەستەڵەك و برسیەتی و بێ خەوی‌دا دەستە و یەخە بووین. بروو‌کی هەر نەدایە و مەودای گەڕانەوە بۆ ناوچەمان هەر بۆ نەدەڕەخسا. ئەگەریش ئاوا بەو سەخڵەتی‌یە گەڕابایینەوە، گومانی تێدا نەبوو کە زەبری دوژمنمان وێ دەکەوت و جێی خۆمان نەدەگرتەوە. دەبا لە قەدەر ئەو زستانە چارەسەرێکی بنەڕەتی بکەین و شوێنێکی ئەمین وەدۆزین. هەر بەو مەبەستە کۆبوونەوەیەکمان بە بەشداری هەموو کادرە نیزامی و سیاسی‌یەکان پێك هێنا و لە سەر گوندی کوڕاداوێ ڕێك کەوتین. بۆ ئەو مەبەستە پەیامێکمان بۆ دەفتەری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیاسی لێدا و ئەوانیش لەگەڵمان هاودەنگ بوون. هەر ئەو ڕۆژە خۆمان پێچاوەو لە بوومەلێڵەی نوێژی شێواندا ملمان بە هەورازی کوێستانە تۆسن و قین ئەستوورەکەی پیرە گمۆوە نا.

شەوێکی تا بڵێی تۆف و سەخڵەت بوو، تەنیا ورەو ئیمانی کێو لەرزێنی پێشمەرگایەتی بوو کە لە کەلی گمۆ ئاو دیوی کردین. بە چۆمی بەردەسپیان و میراوایەدا شۆڕ بووینەوەو چی هەوراز و نشێو و پێچ و گەوەی نێوان شاناخسێ و کوڕاداوێ بوو بەو شەوە ئەنگوستە چاوە، لە بەر شۆقی چەخماخەی هەورە برووسکان، وەدوا خۆمان دان. دەماودەمی ڕۆژەوە بوونێ تەڕ و تلیس و شەکەت و قوڕاوی، خۆمان بە کەلاوە ڕووخاوەکانی گوندە تێك ڕمێن راوەکەی کوڕاداوێ دا کرد. بە نابەڵەدی بە بێ ئاگر و ڕووناکایی، لە بن پاساراندا هەڵکورماین و هەتا بەیانی سەرما پشتی دوو لا نوشتاندینەوە.

شەبەق ئەنگووت و کەوتینە خۆ، وەنێو ئاوایی کەوتین و چەند کەلاوەیەکمان بە چاو ئەنگاوتن کە زۆر شپرزە نەببون. خاوێنمان کردنەوەو بە نایلۆن و کارتۆنە دڕاوان پەنجەرەکانمان کون بڕ کردن. سێ چوار کۆنە کورەی قوپاومان دۆزینەوەو هێندێك ڕاستمان کردنەوە، لە ژوورەکاندا دامان مەزراندن، ئەو جار دارو پەردوومان کۆ کردەوەو لە سۆباندا ئاگرمان تێ هەڵ گڕاندن. بەڵام گەورەترین کۆسپی سەر ڕێگای خۆ ڕێك خستنمان، نەبوونی دراو بوو. بۆ ئەویش ناردمان لە دەفتەری سیاسی بەڵگەی یارمەتی و گوومرگمان بۆ هاتن. شوێنی گوومرگەکەمان باش هەڵ کەوتبوو، کاروانێکی ئێجگار زۆر دەهاتن بۆ بازاڕەکە، بەڵام کەس وەخۆی نەدەگرت. کاك ئەحمەدی محەممەد نەژاد کە بەرپرسی بەشی ماڵی بوو، بە هیچ باران خۆی لێ نەدا، سەرەنجام هەیئەتی ئیجرایی داوایان لێ کردم کە وەخۆی گرم. منیش گوتم:

ـــ بەو مەرجەی کادر و پێشمەرگەم بدەنێ و ئەمن تەنیا وەرەقەیان بدەمێ و پووڵیان لێ وەرگرمەوە، ئامادەم. دەنا بۆ خۆم تاقەتی بەڵگە گۆڕینەوەم نیە.

لە کورتی وەبڕین ویستەکەیان وەبەر چاو گرت و گوومرگم وەکار خستەوە. هەر لە یەکەم ڕۆژدا نوخشەم پێگەیاندو چووینە بازاڕی و ڕادەیەك کەل و پەلی بنکەمان پێ کڕین و بەرە بەرە خۆمان ڕێك خست. سەرەتا نان و خواردەمەنیمان لە ئۆردووگای قەڵاچوالان دەکڕی و دەمان هێناوە. بەڵام پاش ماوەیەك ئەویشمان چارەسەر کردو هەر لەنێو پێشمەرگەکاندا ئاشپەز و نانەوامان بۆ پەیدا بوون و تەندوور و ئاشپەزخانەمان بۆ دروست کردن. هەروەها تانکی ئاویشمان پەیدا کردو کەچە حەمامێکیشمان بۆ پاك و خاوێنی کادر و پێشمەرگەکان دروست کرد. لەسەریەك ماوەیەکی کەمی پێ چوو کە بە هەموو پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەمان ڕاگەیشتین و بە تەواوی خۆمان کۆ کردەوە. پاشان بە هۆی بازاڕەکەوە، ئەندامان و هەستە تەشکیلاتیەکان بە بیانووی ئالۆوێر و سات و سەوداوە، هات و چۆیان دەکردین و پێوەندیمان لە گەڵ نوێ کردنەوە. هەر لەو پێوەندیەدا و بە هاوکاریی هەستە تەشکیلاتیەکان، چەندین دەستندە خۆری ڕێژیمان ناسینەوە کە بۆ جاسووسی و کۆکردنەوەی هەواڵ و دەنگ و باس نێردرابوون و هەڵوێستی پێویستمان لە بەرانبەردا گرتن.

پێشمەرگەکان بە تەواوی وەسەرخۆ کەوتبوونەوەو ماندوویی لە لەشیان دەرچوو بوو. کاتی ئەوە هاتبوو سەرگەرمییەکیان بۆ بدۆزینەوە. بیرمان کردەوە کە باشترین سەرگەرمی لەو قۆناغەدا پێگەیاندن و خوێندەوار کردنی پێشمەرگەکان بوو. ژوورێکمان بۆ کردن بە خوێندنگە و هەر لەنێو کادرەکانیشدا مامۆستامان بۆ دیاری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردن و به کەڵك وەرگرتن لەو کتێبانەی حیزب چاپی کردبوون و پێشمەرگەکان لە نێو کۆڵەپشتییەکانیاندا هەڵیان گرتبوون، دەستمان پێکرد.

لەو ماوەیەدا ئەندامانی هەیئەتی ئیجرایی و کۆمیتە شارستان هەر یەك بە بیانووی کارێکەوە بەملاولادا بڵاو ببوونەوەو ئەرکی بەڕێوەبردنی هەموو کار و باری ڕۆژانە کەوتبوە سەر شانی کاك عوسمانی فەتاحی و ئەمن و لە ڕادەبەدەر شەکەت و ماندوو بووین. تەوژمی کارەکان ئەوەندە زۆر بوو کە تەنانەت نەدەپرژام پاك و خاوێنیی خۆشم ڕاگرم. لەو ڕۆژەوە کە لە گوندی شێنان وەڕێ کەوتبووین و لە کوێستانێ خەریك بوو بە هیلاك بچین، هەتا ئەو کاتەی هەموو کاروباری بنکەو گوومرگ و خوێندنگە و هەموو شتێکمان ڕووبەڕا کردن کە نزیکەی مانگ و نیوێك درێژەی کێشا، نە جلەکانم شۆڕدبوون و نە ئاویش وەلەشم کەوتبوو! جلەکانم بە ڕادەیەك چڵکن بوون کە ڕەنگی ئاسایی خۆیان لە دەست دا بوو، سەر و ڕیش و سمێڵم وەها تێك ئاڵقابوون، دەتگوت ماشەری ئاڵۆزاون و دیمەنێکی سەیر و سەمەرەیان خولْقاندبوو، چونکە لە هەموو ئەو ماوەیەدا نە ڕیشم تاشی بوو، نە بەر سمێڵیشم کردبوون و لە یەك قسەدا وەك دەعبایەکی ئەفسانەیی ترسێنەر دەچووم.

پوختەی مەبەست، هەلم وەدەست هێنا و بە مەبەستی شیو و کولێك هێدی هێدی بەرەو شارۆچکەی قەڵاچوالان کە پۆلێك دۆست و ناسیاوی لێ جێگیر بوون، شۆڕ بوومەوە. لە ڕێگا بیرم لەوە دەکردەوە کە بەم سەر و تەشکەوە سەر بە چ ماڵە ناسیاوێکدا کەم! چونکە بەڕاستی ئەوەندە دزۆێن بووم، لەچاو پێکەوتنی هەر ناسیاوێك تەریق دەبوومەوە. خواو ڕاسان پێش هەموو کەس لەگەڵ شەریفی خاڵۆزام (شەریف قارەمان)، لووت و بزووت تێك هەڵەنگووتین. کە چاوی پێم کەوت سام گرتی و بە سەر سووڕمانەوە گوتی:

ـــ ئەریٚ براله ئەوه بۆ بەو دەردە چووی؟!

ـــ بۆ کوردە بۆرەیە بە فیرۆ ناچیٚ، ئیٚستا کاتی ئەوەیە بە ڕیٚگایەکدا بۆ مالیٚ خۆتان وەپیٚشم کەوی کە هیچ ناسیاویٚك نەمان بینیٚ.

بە کۆلانان دا وەپیٚشم کەوت و بیٚ چرپە خۆمان لە مالیٚ کوتا، هەتا ڕیشم تاشی و سمیٚلەکانم کورت کردنەوە، حەمامیان بۆ گەرم کردم و خۆم تیٚ هاویشت. پوخت و خاویٚن خۆم شوشت و جل و بەرگی خاویٚنیان بۆ هیٚنام لە بەرم کردن و چایەکمان خواردەوەو قیج و قیت وەدەر کەوتین. چووینە سەرتاشخانەیەك سەریشم کورت کردەوەو بە نیٚو دۆست و ئاشنایان وەربووین. بە ماوەی چەندین ڕۆژان دیدارم لە گەلٚ نویٚ کردنەوەو بەرەو مەلبەندی تیٚکۆشانم "کوڕاداویٚ" گەڕامەوە.

ماوەیەك بەو شیٚوەیە تیٚپەڕی و لە بەڕیٚوەبردنی ئەرکی حیزبیدا تەواو سەرکەوتوو بووین. ڕۆژیٚکیان لە دەفتەری سیاسییەوە بە برووسکە ئاگاداریان کردین کە کۆمیتە شارستانەکانی مهاباد و ڕەبەتیش بەرەولای ئیٚمە وەڕیٚ کەوتوون. ئیٚمەش کە قەدیمیتر و شارەزای گوندە چۆلٚ کراوەکە بووین، هەتا ئەوان گەیشتنە جیٚ چەند ژووریٚکمان بۆ خاویٚن کردنەوەو تەدارەکمان بۆ گرتن. سەرەتا لە بنکەی خۆمان بۆ ماوەی چەند ڕۆژان میوانداریمان کردن و هەتا بنکەی خۆیان بە تەواوی ئاوەدان کردەوە، نەمان هیٚشت بەملاولادا بڕۆن. کۆمیتەی شارستانی ڕەبەت زۆر نەمانەوەو بەرەو دەفتەری سیاسی ڕۆیشتن، بەلام کۆمیتەی مهاباد بنکەیان دانا و بووینە هاوسیٚ مالٚ.

ڕۆژان هاتن و چوون و هەوای گەڕانەوە بۆ ناوچە و پەژارەی دوور کەوتنەوە لە خەلکی دلٚ پاك و پیٚشمەرگە خۆشەویستی لادیٚکان لە کەللەی دام و لە میٚشك و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەستمدا پەنگی خواردەوە. شەوانە تا کات ژمێر 2 و 3ی پاش نیوە شەوێ خەوم لێ دەزڕا و لە فکران ڕادەچووم. سواری ئەسپی خەیاڵ دەبووم و بەرەو مەڵبەندی دڵبەند ڕکێفم لێ دەدا، مەلی هەستم بەسەر دارستان و باخاتە چڕ و پڕەکاندا باڵی دەبزاوت و چڵاوچڵی دەکردو پەڕیی شیعری بۆ دێنامە ژوانی بن پاردەو پاساران. جاروبارە لەبەر خۆمەوە بە هێوری وێرە وێرێکم دەگرتەوەو بە نووسینی چەند دێڕە شیعران کوڵی دڵی خۆم دادەمرکاندەوە. ئێستا بۆ ئەوەی ئێوەشم لە دنیای خەیاڵاویی ئەو مەڵبەندە دڵبەندە بێبەش نەکردبێ، پارچە شیعری "ئەوینی سەربەخۆ"تان کە بەرهەمی ئەو شەو بێدارییە بوو، پێشکەش دەکەم:

## ئەوینی سەربەخۆ

ئازیزەکەم! ئەوینەکەت دەمدوێنێ

جەرگی توێ توێی خوێ کراوم دەبرژێنێ

تاسەی ڕۆژانی ڕابردووی نیگاکانت

ئاورینگێکە، دڵ و گیانم دەسووتێنێ

کۆشکی هیوای سەربەخۆییم لە سوێیانت

کاولاشێکە پەپووی بەسەردا دەخوێنێ

کۆرپەی ئەوینی گڕ گرتووی بێ قەراریم

تاسەی دڵ و مێشك و دەمار دەسووتێنێ

درووشمی عیشق و ئازادی لە ناخمدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەیکەری تاپۆی سەربەستی دەنەخشێنیٚ

ڕێبوارێکم لە گەڵ گزینگی خۆرەتاو

مەلی بڕوام فەزای بیٚ دەنگی دەشکێنیٚ

هەنگاو دەنێم بەرەو بەهاری سەربەخۆ

شەختەو زریان گوڵی هیوام ناشەمزێنیٚ

دەڕۆم لە ڕێی ئەوینی پاکی سەربەخۆ

سەدان گوڕڕەو هەرای دوژمن نام بەزێنیٚ

من پەروەرەی چیا و هەردی کوردستانم

گێژەڵووکەی مەرگی دوونیش نام ترسێنیٚ

لەت لەتم کەن، بم پڕوێنن، دەڕۆمەوە

پێوەندم کەن، دانانیشم لە گەرمێنیٚ

پۆڵای ڕەختەم، بە خوێنی گەش ئاو دراوم

سەدان سێحری جادووگەران نام چەمێنیٚ

هەتا دوا تنۆکی خوێنم دانامرکێم

ترسی مەرگ لە سەنگەردا نام بزوێنیٚ.

ڕەوڕەوەی مێژوو بیٚ هەدادان دەهەژاو بۆ تاوێك وچانی نەدەگرت. دوێنیٚ ماڵاوایی لەمرۆ دەخواست و میراتی هەر دووکیان بە سبەینیٚ دەبڕا. ئێمەش هەر بە تەمای

چوونەوەی بەفری چیاکان و گەڕانەوەو دیدار نویٚ کردنەوەمان لە گەڵ دیٚ نشینەکان، ڕۆژمان دەژماردن. بەڵام زستان هیٚشتا لە هەروگیف نەکەوتبوو، هیٚشتا نواڵ و لاپاڵان ڕەشانکیان تیٚ نەکەوتبوو. لەم هەلەدا نوکتەیەکی خۆشم وەبیر هاتەوە، با بەسەریەوە نەچم و بۆ زاخاوی میٚشك بۆ ئیٚوەشی وەگیٚڕم:

ڕۆژیٚك بە مەبەستی ڕووبەڕا کردنی هیٚندیٚك کاروباری کۆمیتەی شارستان دەچووم بۆ دەفتەری سیاسی. لە سوورە قەڵاتیٚ سەیتەرەی عەرەبانی لیٚ بوو، هەر کادر یان پیٚشمەرگەیەکمان بەویٚدا ڕۆیشتبایە، دەبا وەرەقەی کۆمیتەی شارستانی پیٚ بیٚ. منیش کە مۆری کۆمیتەی شارستان هەر بە خۆم بوو و لەو ماوەیەدا هەر خۆشم وەرەقەکانم دەنووسین، وام لیٚك داوە کە ڕەنگە وەرەقەم پیٚویست نەبیٚ. گەیشتمە سەیتەرەکە و داوای وەرەقەیان کرد، هەرچی لە گەڵم ڕستن و پیٚم گوتن کە بابە ئەمن بۆ خۆم ئەو وەرەقانەم نووسیون و مۆری کۆمیتەی شارستانم پیٚ نیشان دان، فایدەی نەبوو، هەر دووك لاقیان کردە کەوشیٚك و لەسەر نواندنی وەرەقە سوور بوونەوە. چار ناچار دەفتەرە چکۆلم لە گیرفانم دەرهیٚنا و هەر لە بەر چاوی خۆی نووسیم:

بۆ ئاگاداری!

هاوڕیٚ مان کاك ئەحمەدی قادری بۆ کاری پیٚویست دەچیٚ بۆ دەفتەری سیاسی حیزبی دیٚمۆکڕاتی کوردستانی ئیٚران، تکایە پیٚشی پیٚ مەگرن و لە کاتی پیٚویستدا یارمەتیی بکەن. ئیمزام کردو هەر لە بەر چاوی خۆی مۆرە بۆرەم پیٚوە نا و دامە دەستی! چاویٚکی لیٚ کردو بیٚ ئەوەی لیٚی حاڵی بووبیٚ چ نووسراوە، گوتی:

ـــ زیٚن، فیماللا! (فی امان الله) واتە زۆر باشە، لە ئەمانی خودا دابی.

یەکەم مانگی زستانی ساڵی 1365ی هەتاوی ماڵاوایی خواست و دووی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆمارە یازدە مانگەکەی کوردستان بە سەردا هات. ئەندامان و لایەنگرانی حیزب کە لە شارۆچکەکانی قەڵاچوالان و کارێزەو ... نیشتەجێ بوون، بە گشتی بانگ هێشتنمان کردن و بە هاوکاریی کۆمیتەی شارستانی مهاباد، ڕێ و ڕەسمێکی بەشکۆمان پێك هێنا. ئەو جارەش شانازیی بەڕێوەبردنی بەرنامەکان بە من بەخشرا و بەم لزگە چوارینەیە ڕێ و ڕەسمەکەم دەست پێ کرد:

ڕێبەندان تۆ ڕێی ڕوونی نەجاتی

تیشکی هومێدی ئاسۆی وڵاتی

تاپۆی جمهووری واژۆی تۆی پێوە

بەردی بناغەی کۆشکی خەباتی

................................

تۆ چاوی سووری مەینەت بە شانی

مانگی چارەنووس جاف و گۆرانی

تاقانە باخی بەهەشتی ساڵی

ئەستێرەی گەشی هیوای کوردانی

.................................

تۆ یادگاری سەیف و پێشەوای

لە مێژوومان‌دا تۆ تاك و تەنیای

بەرز و بەڕێزە دیمەن و ناوت

تەنی و سەربەرزی، بێ وێنە و هاوتای

....................................

سروەی شەماڵی بەهاری ژینی

هەتوانی ژانی زام و برینی

بەرهەمی باخی بە خوێن پاراوی

پەنا و پەسیوی، پاردە و پەرژینی

....................................

پاشان بە خوێندنەوەی چەندین پەیام و پارچە هەڵبەست و پەخشان و گۆرانیی شاد و داوەت و هەڵپەڕکێ، چەند کاتژمێران درێژەی کێشا. دواتر میوانەکان بەرەو شوێنی خۆیان گەڕانەوەو ئێمەش ملمان بە کاری خۆمانەوە نایەوە . ( بڕوانە وێنەکانی ژمارە 4 و 5 )



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەراوێزەکان:

1) کەریم سەقزی خەڵکی ناوچەی سەقز و سەرەتای پێشمەرگایەتیی لە ناوچەی بانە دەست پێ کرد. پلە تەشکیلاتی یەکانی تا فەرماندەری هێز و بەرپرسی کۆمیتە شارستان بڕیون . لە کۆنگرەکانی 10و11و12دا بە جێگری کۆمیتەی ناوەندی و لە کۆنگرەی 14شدا بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا . ئێستاش هەروا لە سەنگەر دایە.

2) قەت لەبیرم ناچێتەوە لەسەر بەندەنی لە گەڵ سوێسنە بەرەوڕوو بووین. هەر کە چاوی پێم کەوت بە تاسەوە باوەشی پێدا کردم و هەواڵی سەعیدی پرسی، منیش چەندی غیرەتم وەبەرخۆ نا زاتی ئەوەم نەکرد بڵێم بریندارەو سوێندم بۆ خوارد کە شەو دێتەوە لایان. ئەو دەیەویست لەوێ چاوەڕوان بێ، بەڵام بە هەر فێڵێك بوو لە گەڵ خۆم بردمەوە بۆ ماڵێ و نەم هێشت لەوێ چاوی بە برا بریندارەکەی بکەوێ. کەچی شەو کە سەعید بە برینداری هاتەوە زۆری گلەیی لێ کردم و منیش زۆر بە خۆ داشکامەوە کە درۆم لە گەڵ کردبوو.

3) دیارە سیمێکیش لەسەر چۆمەکە هەبوو کە خەڵك پێیدا دەپەڕینەوە، بەڵام بەکرێگیراوانی کۆماری بە ناو ئیسلامی سیمەکەیان هەڵ بڕیبوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

4) ئەو کات ناحەزانی گەلی کورد بە هەڵبەستنی بوختانێکی نارەوا شەرێکی زیانبار و نەخوازراویان لە نێوان پارتی دێموکرات و حیزبی دێموکراتدا هەڵایساند بوو. تا ڕوون بوونەوەی ڕاستییەکان زەبرێکی بەژانی لە هەر تك لا وەشاند.

5) با ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە ئێوارەیەك مۆڵگەی گردە ڕەشی بە تۆپ بارانێکی خۆماڵی بە سەری کردینەوە. بەڵام بە خۆشییەوە زیانی بەدواوە نەبوو.

6) سولەیمان خەڵکی بۆکان و پێنج شەش مانگێك بوو چەکی دەست دابوویە. کوڕێکی مێر منداڵە و ژیکەڵە بوو. بەڵام پاش ماوەیەك نەیکێشا و خۆی تەسلیم کردەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕیزەڵە نەخۆشی یەک و خۆ لادان لەبەر هێرشی دوژمن دا

سەد ڕەحمەت لە پێشینیان کە گوتوویانە: " لەشی ساخ پاشایەتی‌یە". هەشت ساڵی ڕەبەق شاخە و شاخ و چۆڵ پەرستی، برسیەتی و تینوێتی، وەیشوومە و ڕەشەبا و کرێوەو سەهۆڵ بەندان، بەربەرەکانی کردن لە گەڵ ئاگر و ئاسن و ساچمە و باڕووت، هاڕەی فڕۆکە و قریشکەی کاتیۆشا و ڕاکێت و ناپاڵم، دەیان جار خۆ دەرباز کردن لە چەند هەنگاویی مەرگ و تێدا چوون و گەلێك تەنگ و چەڵەمەی دیکەی لەو بابەتە، هەنگاویان پێ شل نەکردم و نەیانتوانی چۆکم پێ دادەن. کەچی وردە نەخۆشی و دەردو بەڵای ناوەخت سووك و هاسان بڕستیان لێ بڕیم و مەزڵوومانە لە قوژبنی نەخۆشخانەیان پەستاوتم.

لەمێژ بوو هەستم بە زەبوونی و دەستە وەستانی نەکردبوو. کەچی لەوپەڕی بێ‌دەسەڵاتی‌دا دەستەوداوێنی حەکیم و برین پێچان بووم و لەبەر دەمی ساتۆری نوژداراندا وەك منداڵی ساوا پەلم بەردانەوەو زەندەقم چوو. سەرەتا گوێزینگی لاقم پڕ ئاوسا و ناسۆرێکیش لە پشت کلێنچکەم سەری هەڵدا و ڕاپێچی نەخۆشخانەی 25ی گەلاوێژ(1)یان دام. ماوەی چوار ڕۆژان لەوێ مامەوە، ناسۆرەکەیان عەمەل کردو بۆ چارەسەرکردنی لاقیشم ڕەوانەی سولەیمانیەی کوردستانی عێراقیان کردم. چووینە لای دکتور ئازاد ئیسماعیل حەقفی و پاش عەکس بەرداری کردن، دەرکەوت کە بە

هۆی ڕێگا ڕۆیشتنی زۆر و ماندوو بوونی لە ڕادەبەدەرەوە  ئاوی هێنابوو. دکتور ئازاد گوتی:

ــــ پێویستی بە حەسانەوە هەیە و دەبێ ماوەیەکیش لەژێر چاوەدێریی خۆم دابێ.

دەوا و دەرزی‌یەکی زۆری بۆ نووسیم و دەبا ڕۆژی جارێکیش چووبامە نەخۆشخانە و بە دەرزی ئاوەکەیان لێ هەڵمژی بایە. ئەم هات و چۆیە ماوەی حەوتوویەکی خایاند. هێشتا لەدەست ئەوی ڕزگاریم نەهاتبوو کە نەخۆشی‌یەکی نانەجیبانە(مایەسیر)یش بەرۆکی گرتم و ناچار بە عەمەل کردنی بووم. دکتور ئازاد وەرەقەی داینێ کە بەیانی لە نەخۆشخانەی جمهووریی(سلێمانی) بۆم عەمەل کا. ئەو کات بەرپرسی بنکەی سولەیمانی کاك غفووری هەمزەیی و بەشی پێڕاگەیشتنی نەخۆشەکانیش کاك سەعیدی بەگزادە(2)، و کاك ئەحمەدی نەخشی (3) بوون. کەوتینە بەیانی کاك ئەحمەدی نەخشی هەتا بەر دەرگای نەخۆشخانە لەگەڵم هات و وەرەقەی دکتوری لە مست نام و بەجێی هێشتم. هێشتا دکتور نەهاتبوو، چاخانەیەك بەو بەر نەخۆشخانەکەوە بوو، چووم نان و ماستێکم خواردو هاتمەوە بۆ بەر دەرگای نەخۆشخانە.

زۆری پێ نەچوو، دکتور هات و ناویان خوێندینەوەو چووینە ژووری. هیچ جێگایەك شارەزا نەبووم و دەتگوت کوێرم هەر سەرم لێرەو لەوێ دەکوتا. تازە لاوێك هات بەلامەوە، دەستی لەسەر شانم دانا و گوتی:

ــــ وابزانم ناشارەزای و نازانی لە کوێ تەبەڵە (پەروەندە) پڕ دەکەنەوە.

ــــ بەڵێ ناشارەزام، چونکە قەت ڕێم نەکەوتۆتە ئەم نەخۆشخانەیە.

ــــ وەرە وەدوام کەوە، منیش هەر نەخۆشی دکتور ئازادم و ناویشم "سەبباحە".



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەدوای کەوتم و چووین پەروەندەیان بۆ دروست کردین. دوایە چووین عەکس بەرداریشیان کردین و هەر لە ژوورێکیشدا پێکەوە خەواندیانین. شەو بەسەر داهات و تەمی خەم سەراپای هەست و لەشی داگرتم. من و سەباح و کابرایەکی بە ساڵانداچوو لەو ژوورەدا بووین. سەباح هەر زوو خەوی لێ کەوت. کابراش سەری بە گۆڤارێکدا گرتبوو و، جار و بارەش پێنووسەکەی لەنێو قامکە ڕەقەڵەکانی دەگرت و شتی دەنووسی. جگەرەکەشی بۆ تاوێك دانەدەنا و یەك لە دوو یەکی ئاگری دەدا و هەڵی دەمژی. منیش خەوم لێ زڕا و لە فکران ڕاچووم و ئەگەر شتێکم بە زەین داهاتبایە، لە کەچە دەفتەرەکەی گیرفانمدا یادداشتم دەکرد.

پاڵی وەنیوە شەوێ دابوو، داڵانی نەخۆشخانە ئارام ببۆوەو هەست و خوستی لێ نەدەهات. کابرای بە ساڵانداچوو سەری هەڵێنا و بە چاوی مشتەری سەیری کردم و گوتی:

ــــ براله! ئەوە بۆ خەوت لێ ناکەوێ؟

ــــ چووزانم کەسی برای! بێ تاقەتم، خەوم لێ ناکەوێ و بیر لە داهاتووی خۆم دەکەمەوە.

ــــ وەرە لام دانیشە بزانم بیر لەچی دەکەیەوە.

چوومە لای دانیشتم، جگەرەیەکی وێدام و چایەکی ڕەشی لە ساردوگەرمەکەی بۆ تێ کردم. دوو سێ مژم لە جگەرەکەداو چایەکەم خواردەوە، پاشان هێندێك تێم ڕاما و گوتی:

ــــ حەز دەکەم بتناسم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ـــ خەڵکی کوردستانم و پێشمەرگەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانم. ناویشم ئەحمەدی قادرییە.

دەستی لەنێو دەستم نا، ماچی کردم و گوتی:

ـــ زۆر بەخێر بێی، دەمێکە بە ئاواتەوەم کەسێکی وەك تۆم دەست کەوێ و هێندێك سکالاّ و دەردە دڵی بۆ هەڵ ڕێژم.

منیش سوپاسم کردو دڵنیام کرد کە ئەو کەسەم لە دووی دەگەڕا: دەتوانێ بێ ترس و دڵەخورپێ و بە ڕاشکاوی پرێسکەی دڵی بکاتەوە. کاتێك بۆی دەرکەوت کوردێکی پاك و پالاّوتەم، بڕوای پێ کردم و بەسەر هاتی خۆی ئاوا بۆ گێڕامەوە:

ـــ ناوم خالید و ناسناوم زامدارەو خەڵکی شاری سلێمانیم. لە گەڵ شۆڕشی بارزانی لە ئێران بووم و هەتا ئاش بەتاڵ کرا هەر پێشمەرگە بووم. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش غیرەتم مەودای نەدام لە ئێران وەمێنم و خۆم تەسلیمی حکوومەتی عێراق کردەوە. ئێستا دووکانێکی چووکەڵەم داناوەو خەریکی وێنەکێشان و خۆش نووسیم. دەستم بە کولاّوی خۆمدا گرتووە با نەی با و ژیانێکی دەروێشیم هەیە.

پاشان هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و ئەو شێعرەی کامەران موکریی بۆ خوێندمەوە کە بە هەڵکەوت لەو سەر و بەندەدا کۆچی دوایی کردبوو.

کەوتومە ڕێگا لەگەڵ کاروانا

پاداشم ناوێ لە تێکۆشانا

بە سووتاننم ڕێگە ڕۆشن بێ

با ئاگر بەشی ئەم لەشەی من بێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەگەڵ خوێندنەوەی هەر دێڕە شێعرێك وەك تاوی بارانێ فرمێسکی هەڵ دەوەراندو دەیگوت:

ـــ چۆن نەگریم؟ کامەران بەجێی هێشتم.

منیش هێندێك دڵخۆشیم داوەو ئەم چوارینە شێعرەی خوارەوەم بۆ خوێندەوە کە هەر ئەو شەوە نووسیبووم:

پۆڵای خاراوی کوورەی خەباتم

گیان لە پێناوی خاکی وڵاتم

بە بێ سەربەستی ژیانم ناوێ

سەرم قەڵغانە بۆ ڕێی نەجاتم

بە دوای خوێندنەوەی چوارینەکەی مندا سەری هەڵبڕی و گوتی:

ـــ ئەو شێعرە هی کێیە؟

ـــ هی خۆمە و هەر ئەم شەو نووسیومە.

ـــ شاعیری؟

ـــ شاعیر نیم، شێعر دۆستم و لاسای شاعیرانیش دەکەمەوە.

دەسرۆکەیەکی لەسەر مێزەکەی هەڵ گرت و فرمێسکەکانی پێ وشك کردنەوەو هەناسەیەکی هەڵ کێشا بۆ کرووزی لێ دەهات و گوتی:

ـــ دەمێکە هەستی کوردایەتی لە ناخمدا زیندە بە چاڵ کراوە! ئەگەر دەتوانی شێعرێکی وام بۆ بنووسە هێندێك دەمەزەردم کاتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە خوا برا ئەم کابرا بیّدینە کە مەبەستی سەددام بوو، کارێکی وای کردوە ئەوەی تۆزێك دەماری کوردایەتی تێدا بووبێ خەساندوویەتی، سەر بزێوی نەهێشتۆتەوە، ئای زەمانەی بێ وەفا چت لێ کردین؟!

دیسان چاوەکانی پڕ لە فرمێسك کردنەوە:

ــ براله! ئێمە دەماری کوردایەتیمان تێدا نەماوە، لەم شارە عەزیمەدا کە تۆ دیوتە، کەسێکی وا نابینی بوێرێ بە ڕاشکاوی دەردی دڵی خۆتی بۆ هەڵ ڕێژی و خەرمانی خەمانی لە کن بە با کەی. کوڕە خۆزگەم بە خۆتان کا، بەس نیە بە ڕاشکاوی لە گەڵ یەکتری دەدوێن و چی لە دڵتان دابێ نای شارنەوە.

سەرتان نەیەشێنم، ئەو شەوە هەتا بەیانی هەمبەر بە یەك دانیشتین و ڕاز و نیازمان کرد. منیش ئەو باسەم زۆر پێ خۆش بوون و گەلێك شتیان لێ فێر بووم و زانیاریی باشم لێ وەرگرتن. کەوتینە بەیانی و ئەمن بەرەو ژووری نەشتەرگەری ماڵاواییم لێخواست. کاتێك وەهۆش هاتمەوە، بردبوویانمەوە ژوورەکەی خۆمان، کاك خالید زامدار لەسەر سەرم ڕاوەستابوو، چاوەکانی پڕ لە فرمێسك کردبوون و بە کوتە موقەببایەك باوەشێنی دەکردم. منیش کە هێشتا هێزی قسە کردنم وەبەر نەهاتبۆوە، بە ئیشارە سوپاسم کردو بە دەست خۆم نەبوو کالانی چاوانم پڕ لە فرمێسك بوون. لە کورتی وەیبڕین ماوەی دە ڕۆژان پێکەوە بووین. لەو ماوەیەدا لەسەر داوای خۆی ئەم پارچە شێعرەی خوارەوەم بۆ نووسی.( بڕوانە وێنەی ژمارە 6 )

**سەنگەری تێکۆشان**

بەر لەوەی گزنگی تاوی، ئامێز لە ئاسۆ وەربێنێ

بەر لەوەی سروەی بەیانیی، تارای سروشتێ ڕاژێنێ

بەر لەوەی ڕاوچی گوێ هەڵ خا، لە بۆ قاسپەی خاسە کەوێ

بەر لەوەی تووتەك و گۆین، تاوێ هەدا دا و بسرەوێ

بەر لەوەی یەکەم تیشکی خۆر، ترووپکی چیا بنگێوێ

بەر لەوەی لە سەر شاگوڵان، پەپوولە باڵی ببزێوێ

بەر لەوەی تەڕنە بابیلە، سینەی ئاسمان وەقەڵشێنێ

بەر لەوەی کۆلکە زێڕینە، لووتکەی شاخان وەبڕسکێنێ

بەر لەوەی سیڕەی هەڵۆیان، فەزای بێ دەنگی بشکێنێ

بەر لەوەی قیرەی گزیرێ، دڵی جووتیار بگە چڵێنێ

من هەستاوم بۆ مافی خۆم، لەنێو سەنگەردا چەقیوم

هەڵۆی بەرزی کوردستانم، لە هەورازان تێ پەڕیوم

بە قرمەی ئارپیچی و ڕەشاش، داگیر کەران دەتاسێنم

وڵاتەکەم دەپارێزم، بێگانەی لێ دەتارێنم

بە لاوی کورد پشت ئەستوورم، لە ئەستەمان دانامێنم

هەنگاو هەنگاو دەڕۆمە پێش، لووتکان بە خوێن دەنەخشێنم

لە تێکۆشان ڕاناوەستم، قەت نابەزم، هەدا نادەم

سەد هێندەی دی دەربەدەر بم، لە کوردستان دەس بەر نادەم

**نەخۆشخانەی سلێمانی 1ی ڕەشەممەی 1365ی هەتاوی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو ڕۆژە دوكتور ئیجازەی دابووم لە نەخۆشخانە بچمە دەرێ. شێعرەكانم بۆ پاك نووس كردو دامە دەستی. سەری بەسەرداگرت، بە وردی خوێندنیەوە، ماچی كردو لەسەر سەری خۆی دانان و گوتی:

ــــ ماڵت ئاوەدان بێ و خوا جەزای بە خێرت بداتەوە. زۆر دەمێك بوو وەك پووشووی نێو دارێ خۆم دەخواردەوە، كەسێكی جێی متمانەم لێ هەڵ نەدەكەوت پرێسكەی دڵی خۆمی بۆ بكەمەوەو خەرمانی خەمانم لەگەڵ بە با كا. تووخوا لە بیرم مەبەوەو جاروبارە هەواڵێكم بپرسە. لە ئامێزی گرتم و تێر و پڕ یەكترمان ماچ كردو ماڵاواییم لێ خواست، چاوەكانی پڕ لە ئاو كردن و هەتا لێی نەدیو بووم تێی ڕوانیم. پاش ماوەیەك چوومەوە بۆ لای هەواڵی بپرسم. كەچی بە سەر هەواری خاڵیدا كەوتم. هەر بەو نەخۆشییە كە "شێر پەنجە" بوو چەند ڕۆژێك دوای من كۆچی دوایی كردبوو. هەناسەیەكی ساردم بۆ هەڵكێشا و هێندێك دڵخۆشی براكەیم دایەوەو بەجێم هێشت.

با ئەوەش لەبیر نەكەین كە لە هەموو ئەو ماوەیەدا كاك غەفووری هەمزەیی كە ڕەفیق و دۆستی لەمێژینەم بوو یەك جار بە سەر پێوە هەواڵی پرسیم و كاك ئەحمەدی نەخشیش پێنج دەقیقەیەك لە لام ڕاوەستا، كاك سەعیدی بەگزادە هەر بە لامدا نەهات. تەنیا كاك خالید و براكەی بوون كە پێم ڕادەگەیەشتن و بۆ تاوێك خافڵیان نەدەكردم. هەر بۆیە كاتێك لە نەخۆشخانە وەدەر كەوتم، سەرم لە مقەڕ نەدا، ماوەی چەند ڕۆژێك لە ماڵی عەزیزی ئامۆزام (عەزە شەل) مامەوەو دواتر بەرەو كوڕاداوێ گەڕامەوە.

كات ژمێر لە دوازدەی شەوێ لای دابوو، پێشمەرگەكان لاوو لوو لە غوڕابی خەوێ دابوون. وڵات كش و مات و بێ هەست و هەرا بوو، بێجگە لە چرپەی پێی پێشمەرگەی



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێشك گر كە لە سەر بانی بنكەی ڕاوێچكەی دەكردن، هیچ هەست و خوستێكی دیكە سامی بێ دەنگیی نەدەقەڵاشتەوە. زیندەواری ئەو نێوە نێوە تەنیا تاق تاق كەرەیەك بوو بە سەر تلۆفكی دار بەڕووە سەر لە عاسمان هەڵچووەكەوە كە بەسەر بەرو دوای گوندە خاپوور كراوەكەیدا دەڕوانی و، هەر تاقە و تاقی بوو. پاڵم وەدیواری بنكەوە داو تا هێزم لە بەر دابوو، لەو دیمەنە خەماوییەم ڕوانی، ئەسپی سەر كێشی خەیاڵ بەرەو مەڵبەندی سەرهەڵدانم هەڵی گرتم و لە چاو لێك نانێكدا دەورێكی تەواوی پێ دامەوەو ڕۆژانی هەرەتی لاوەتیی وەبیر هێنامەوە. بەڵام كاتێك وەخۆ هاتمەوە، دەنگ هەر دەنگی تاق تاق كەرەو دیمەنیش هەر كاولە تێك ڕووخێنراوەكانی دەور و بەرم بوون. بێ چرپە خۆم لە ژووری بنكە ڕاكردەوەو چرا لەنتەرەكەم شۆقەكەم لە پێش خۆم ڕۆنا، هێندێك پلێتەكەیم هەڵ داو كەمێك گڕەكەیم خۆش كرد. ڕۆبوومە پێنووس و تێ نووسان و دیسان لە فكران ڕاچوومەوە. لە گەڵ هاودەم و هاوڕازی شەوانی تەنیاییم كەوتمە ڕاز و نیاز، ئەو هاوڕازە وەفادارە كە بۆ تەنیا كات ژمێرێك لێم هەڵ نەبڕابوو، لە ڕۆژانی تەنگانە و پڕ لە تەنگ و چەڵەمەی ژیانی پڕ لە ژانمدا، لە ئامێزی خۆی دا، داڵدەیدا بووم و پێم چارابوو.

بەڵێ: ئەو یاری غار و، هەڵگری نهێنییە دەروونییانەم كە تەنیا ئەو پەی پێ بردبوون، (خەم) بوو! پێتان سەیر نەبێ، زۆر جاران خەمیش خۆشە، ئاخر ئەگەر خەم نەبایە، لەو شەوە ئەنگوستە چاوەدا، چ ئیلهامێك تەلی هەستی دەلەراندمەوەو، پەڕیی شێعری بۆ دێنامە ژوانی بن پاردە و پاساران؟ كەوابوو خەمیش دنیایەكی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەگەریش بڕوا ناكەن فەرموون: ئەوە بەڵگەی حاشا هەڵ نەگر:



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# من و خەم

ئەگەر ئاوارە بم یا دەر بە دەر بم

پەڕیوەی هەندەران و دەشت و دەر بم

ئەگەر وردم بکا دەستاڕی مێژوو

نییە باکم لە گەڵ خەم هاوسەفەر بم

.....................................

عەزیز و یاری شەوگاری منە خەم

ئەنیسی کاتی بێداریی منە خەم

لە بۆ ساتێکی لێم بێگانە نابێ

شەریکی دەردو ئازاری منە خەم

................................

خەمە کۆرپەی گڕوگاڵی ئەوینم

خەمە دەرمانی ناسۆر و برینم

لە گەڵ یەك تێکەڵین وەك دوو ئەویندار

بە ڕۆژ و شەو خەمە هاوڕازی ژینم

........................................



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له مەزرای وشکی من هەر خەم دەبارێ

له شین و پرسەدا خەم پێم دەچارێ

له کونجی نا دیاری بێ کەسیمدا

له خەم بەولاوه شك نابم چ یارێ

...................................

له پێ دەشت و بنار و ماهو ئەستەم

له خەم نابم جیا تاکوو ئەمن هەم

وەفادارم لەسەر پەیمانی پێشووم

هەدانادەم وەکوو پەروانه بۆ شەم

.....................................

لەنێو خەم دا لەسەر تا پێ شەلاڵم

به هۆی خەم خاوەنی بیر و خەیاڵم

تریووسکەی شادومانیی من خەمه و بەس

به بێ خەم بولبولی وێرانه ماڵم

.........................................

**کوڕاداوێ: 25ی بەفرانباری 1365ی هەتاوی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەمێژ بوو دوو دانە مێخەکە لە هەر دووك سنگە پێم قیت ببوونەوەو ئازاریان دەدام. کاتێك لە ناوچە بووین، جار بە جار هەڵم دەکۆڵین و بۆ ماوەیەك بێ دەنگ دەبوون و سەرلەنوێ سەریان هەڵ دەدایەوەو باشاریان نەدەکرا. ئەمجارەش هاتنەوە سوێ و ئارا و قارایان لێ هەڵگرتم و سەرلەنوێ دەستەوداوێنی نەشتەرگەرانیان کردمەوە. لە نەخۆشخانەی خۆمان چارەیان نەکرا و ڕەوانەی سلیمانی‌یان کردمەوە. سەرێکمان لە دوکتور ئازادی هەڵێناوەو کاتی بۆ دیاری کردین کە ئەوانیشم بۆ عەمەل کا و بەرەو کوڕاداوێ گەڕامەوەو درێژەمان بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی ڕۆژانەمان دایەوە.

تەوژمی سەرما و هەڕ و گیڤی زستانی سەرکێش و لە خۆبایی هێدی هێدی نیشتبۆوە، هەڕەشە و گوڕەشەی سەرما و سایەقە و کلیرەو کڕێوە لە گەڵ خوناوەی باران و شنەی بلاوێنی بای وادە، جێ‌گۆڕکێ‌یان دەکرد. کوێستانان خاڵ و بەڵەك ببوون و کات ژمێری مێژوو بە چرکەیەك پەیامی سەرەتای ساڵی 1366ی‌هەتاوی بە گوێی میراتگرانی کاوەی چەکوش وەشێن و ئەویندارانی ئاشتی و ئازادی ڕاگەیاند. زاوای ئاوات تارای لەسەر ڕووخساری بووکی پەنجە بە خەنەی خۆزیاو ئاواتەکانی یەکەم وەرزی ساڵی نوێ هەڵدایەوە. شابلۆغانی لەدایك بوونی کۆرپەی حەزو هیواکان دەستی پێ کردو کیژ و لاوی دڵ پڕ لە ئاوات گەڕی داوەت و ڕەش بەڵەکیان گەرم کرد. قەندیلی مەندیل بەسەر پەیامی پیرۆزبایی بۆ سەفینی سەوزە پۆش دەناردو، ئاگریی شاهۆی دەلاواندەوە. سیروان بەستەی تۆمار دەکردو بە بەژن و باڵای سامرەندی هەڵ دەدا. مەیدانان و قەڵاگا کۆشیان بۆ نەورۆزانەی سەرتوون گرتبۆوەو، مافوورەی سوێسنە و هەڵاڵە و گەڵواڵك و بەیبوونە و جاترە خاسەیان لەسەر سنگ ڕاخستبوو. ڕنووی لانوالان فرمێسکی دادەوەراندن و ئاڵەکۆك کەزیە و ئاگریجەی دادێنان، گوڵ و گیاخاوی کوێستانە دڵ ڕفێن و خەم تاوێنەکان بەرە بەرە سەریان وەسوێ دەنا و،

دیمەنی ئەفسووناوی و هەست بزوێنی یەکەم وەرزی ساڵ هێدی هێدی خۆی ئارایش دەدا. خۆری تیشك زێڕین لەسەر دڵۆپە ئاونگی سەر پەلکی شاگوڵان بەرمووری کۆلکە زێڕینەی بە حەوت ڕەنگان ڕازاندبۆوەو پێشکەشی سەر و گەردنی بووکی شەرم نەشکاوی سروشتی دەکرد. شنەی شیوبای سەر لە بەیانیی بۆن و بەرامەی جاترەو سوێسنە و گوڵ و گیاخاوی لاپالانی بە دەشت و مەزرایە وەردەکردو لە چاو ترووکانێكدا مەلی هەستی شاعیران و جوانی پەرستانی وەسەر لق و پۆپی باخ و باخات و دارە سەمەرییەکان دەپەڕاند.

بەڵێ: هەمووی ئەوانە مژدە دەری کاتی گەڕانەوەی ئێمەی پێشمەرگە، ئێمەی ماسیی نێو ئۆقیانووسی دڵی خەڵکی کوردستان، بۆ نێو ئامێزی پڕ لە خۆشەویستیی خەڵکی تامەزرۆی ناوچە گوندنشینەکان کە چەند مانگێك بوو بە هۆی سەرما و سۆڵەوە لێك دابڕابووین. کاتی ئەوە گەیشتبوو کە وەخۆ کەوین و خۆمانی بۆ لە دەسك نێین. هەر ئەو ڕۆژە بە بەشداری نوێنەری کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی کۆبوونەوەی کۆمیتەی شارستانمان دەست پێکرد. لەسەر گەڕانەوەو چۆنیەتیی کارو تێکۆشانی داهاتوومان، زۆر خاڵی بەهێز خرانە بەر باس و لێکۆڵینەوە. پێشنیاری بە کەڵك هاتنە گۆڕێ و بڕیاراتی بە سوود پەسند کران. دەبا هەر لە ئێستاڕا خەریکی سازمان دەهی و خۆ ئامادە کردن بین. لە گەڵ بەشی ماڵی پاکانە حیسابی گوومرگم کردو زیاتر لە یەك میلیۆن و نیوم بۆ وەرگرتبوون. سەیر ئەوە بوو کە هەزار و پێنج سەد تمەن کەسریی حیسابم هێنابوو کەچی لێم خۆش نەبوون و سەری مانگ لە یارمەتییەکەم گێڕایانەوە! لە حاڵێكدا شەوی وا ڕێ دەکەوت کادرێك شەش حەوت هەزار تمەن کەمی دێناوەو بێ لێکۆڵینەوە لێی خۆش دەبوون.

پێشمەرگەکان هێدی هێدی خەریکی خۆ کۆکردنەوە بوون. ئەندامانی هەیئەتی ئیجرایی و تەنانەت کۆمیتەی شارستانیش بە گشتی لەملاولا بوون، تەنیا کاك عوسمان فەتاحی، فەرماندەری لکی یەك و ئەمن بەجێ مابووین. ئێوارەی 25ی مانگی خاکەلێوە، هێشتا نانی شەوێمان نەخواردبوو، بێسیم چییەکە وەژوور کەوت و پەیامێکی دەفتەری سیاسیی وێدام کە نووسرابوو:

ـــ ڕێژیمی ئێران پیلانی هێرش بۆ سەر ناوچەی لای ئێوەی بە دەستەوەیە و مەترسیتان لەسەرە، ئامادە باش بن و لە خۆتان وریابن.

منیش کاك عوسمانی فەتاحیم بانگ کردو پەیامەکەم بۆ خوێندەوە. سەرپەلەکانمان کۆ کردنەوەو مەسەلەکەمان لە گەڵ باس کردن. خۆمان پێچاوەو توندو تۆڵ و دەستەو چەك چاوەڕوان دانیشتین. کات ژمێر دووی دوا نێوە شەوێ بوو کە تەقە و لێکدان دەستی پێکردو بڵێسکەی تۆپ و کاتیۆشا و خۆمپاران وڵاتی کردە چراخان. وا دیار بوو جەیشی عێراقی خۆڕاگرییەکی ئەوتۆی لەخۆ نیشان نەدابوو. بێ ئەوەی دژکردوەیەکی ئەوتۆ لە خۆی نیشاندا، لووس و بارێك سەنگەرەکانیان بەجێ هێشتبون و پاشەکشەیان کردبوو. ناوچەی ماوەتان و زنجیرە چیای گمۆ و... بە گشتی کەوتە دەست پەلاماردەرانی کۆماری ئیسلامی و لە جەیشی عێراق پاك کرایەوە. ئێمەش هەموو چاوەڕوان بووین داخوا کەی دەگاتە سەرمان، بیرمان لەوە دەکردەوە کە چۆن لە بەرانبەریدا ڕاوەستین؟ داخوا دەتوانین بەربەرەکانیی لە گەڵدا بکەین؟ یا خۆ حیز و سلامەت مەیدانی بۆ چۆل کەین! دیارە پێشتر هێزی پێشەواو کۆمیتە شارستانی مهابادیشمان ئاگادار کردبوون و ئەوانیش ئامادەباش بوون. تاووبان بە جوانی گەرم ببوون، لە ژووی بێسیمەکە دانیشتبووم و چاوەڕوانی پێوەندی گرتن لە گەڵ دەفتەری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیاسی بووم. دیارە پێشتر لە چۆنیەتیی ئاكامی شەڕەكە ئاگادارمان كردبوون. لەو دەمەدا پێشمەرگەیەك لە دەرگایەوە سەری كێشا بۆ دیوی ژووریٚ گوتی:

ـــ چەكدارێك لە ڕێی دوورەوە هاتووەو كاری بە تۆیە !

منیش چوومە دەریٚ بەخێر هاتنم كردو:

ـــ فەرموو كاكە با بچین دانیشین.

ـــ سەلامەت بی، دانانیشم، كارێكی بەپەلەم بە بەرپرسەكەتانە، پێشمەرگەی یەكیەتیی نیشتمانیی كوردستانم.

ـــ ئەمن بەرپرسم، فەرموو كارەكەت چیە ؟

دەستی بە گیرفانی داكردو نامەیەكی پێچراوەی دەرێناو دایە دەستم و:

ـــ ئەمە نامەی مام جەلالە و بۆ ئێوەی نووسیوە .

نامەكەم لیٚ وەرگرت و هەڵم پچڕی، نێوەرۆكی نامەكە ئاوا نووسرابوو:

ـــ بەڕێـز هاوڕیٚیانی حیزبی دیموكرات لە بنكەی كوڕاداویٚ

سڵاوێكی گەرمی شۆڕشگێڕانە، بە ئەركی خۆمانی دەزانین ئاگادارتان كەین: ئێمە پێشمەرگەكانی یەكیەتیی نیشتمانیی كوردستان لە گەڵ ئەو هوجوومە داین و نیازی گەڕانەوەشمان نیە، داواتان لیٚ دەكەین بۆ ئەوەی تووشی زیان نەبن، بە زووترین كات بنكەكەتان بە جیٚ بێڵن و ڕێگایەك بۆ خۆتان وەدۆزن.

نامەکە لە لایەن تیپی 37ی شارباژێڕەوە نووسرابوو کە ئیمزای شەهید عەلی چوارتایی فەرماندەری تیپەکەم ناسییەوە. بەڵام پێشمەرگەکەش درۆی نەکردبوو، نامەکە بە ئاگاداریی مام جەلال نووسرابوو.

قۆناغێکی تا بڵێی ناسك و هەستیار بوو، ئەگەر مابایەنەوەو هێزی دوژمن هاتبایە، دەبا شەڕی لەگەڵ بکەین، ئەگەر شەڕیشمان کردبایە، لە گەڵ پێشمەرگەی یەکیەتیی بەرەوڕوو دەبووین. بۆیە ساخ بووینەوە لەسەر بڕیارێکی ئەوتۆ، کارێکی هاسان نەبوو. هەر وەك پێشتر باسم کرد: ئەندامانی هەیئەتی ئیجرایی و کۆمیتەی شارستانیش هیچکامیان لەوێ نەبوون ڕاوێژیان لە گەڵ بکەم. پێشمەرگەکەی یەکیەتیم ناردە دیوی مەقەڕ نان و چایی بخوا تا وەڵامەکەی بۆ وەردەگرمەوە، بۆ خۆشم چوومەوە دیوی بێسیم و بە پەیام دەفتەری سیاسیم ئاگادار کرد کە پێکەوە قسە بکەین. ئەوەندەی پێنەچوو کە بێسیم چییەکە چووە سەر کاناڵی نەهێنی و دەفتەر ئامادەبوو. کاتێك گوشییەکەم لێ وەرگرت، کاك حەسەنی شەڕەفی لەسەر خەت بوو. دەقاودەق نامەکەم بۆ خوێندەوەو داوای ڕێنوێنیم لێکرد. ئەویش لە گەڵ دەفتەری سیاسی ڕاوێژی کردو گوتی:

ـــ بە پەلە بنکەکەتان بەجێ بێڵن و بەرەو لای ئێمەوە ڕێ کەون. ( بڕوانە وێنەی ژمارە 7)

بڕیارەکەی دەفتەرم بە کۆمیتەی شارستانی مهابادیش ڕاگەیاند، ئەوان هیچ لێی نەوەستان و بێ سێ و دوو لێ کردن هەرچی کەل و پەلی هەیانبوو ئاوریان تێ بەردان و بە سایە سەڵتە بۆی دەرچوون. پێشمەرگەکانی ئێمەش خەریك بوو چاو لەوان کەن و شتەکانیان بسووتێنن! بەڵام ئەمن پێشم پێگرتن و جیا لە چەند جڵد کتێب کە هەتا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فریا کەوتم کاك عوسمانی فەتاحی ئاوریدا بوون، نەم هێشت دەستیان بۆ بەرن. پەیامێکم دا بە دەفتەری سیاسی کە هەرچەندی ماشێن لەبەر دەستیان دایە بۆمان بنێرن و مەعەسکەری سوورە قەلاتیش کە جەیشی عێراقی لێ بوو، ئاگادار کەن پێشمان پێ نەگرن. سێ پێشمەرگەشم ناردن بۆ پێگەی کونجرینی کە جاشی لێبوون و ئەویش بەرانبەرمان بوو، لە ڕووداوەکە ئاگادارم کردن کە ئەوانیش تەقەمان لێنەکەن. ئەو جار دەستە دەستە پێشمەرگەکانم لە گەڵ کاك عوسمانی فەتاحی بەڕێ کردن و خۆم و بێسیم چیەکە و شەش حەوت پێشمەرگە بەجێ ماین. پاشان پێشمەرگەکەی یەکیەتیی نیشتمانیم بانگ کردو گوتم:

ـــ براله! ئێمە لە گەڵ یەکیەتی دۆستایەتی‌یەکی لەمێژینەو پتەومان هەیە. ئەو بنکانەی ئێمە هەموو ئیمکاناتێکی پێوستیان تێدایە. داوات لێ دەکەم ئەگەر گەیشتنە ئێرە، بۆ خۆتان تێیاندا جێگیر بن گەردنتان ئازا بێ. بەڵام پیاوەتی بکەن مەهێڵن جاش و پاسداری ئێرانی پێیان شاد بن و گاڵتەمان پێ بکەن.

ـــ مادام ئێوە ئەوەندە پیاون، قایمەیەکم بۆ بگرە نەبا شتێکتان بزربێ، وەڵڵاهی پیاو نەبم کە بێڵم سەرە بەنێکتان بفەوتێ. بۆ بابی ئەو پاسدارەی ... دەستیان بۆ دەبا.

ـــ قایمە پێوست نیە، خۆتان و ویژدانی خۆتان، ئەوەش کلیلەی بنکەکان!

ماڵاوییمان لێك خواست و ئێمەش وەڕێ کەوتین. بە بێسیم تیمی پێشەوەشم ئاگادار کرد کە هەرچی ماشێن لە لای دەفتەرەوە هاتن، نەیان گێڕنەوەو بۆ لای ئێمەیان بەرێ کەن. هێشتا لە کونجرینێ تێ نەپەڕیبووین کە 3 ماشێن سەریان وەسوێ نا. بێسیمە گەورەکەم بەڕێ کردو گوتم:

ـــ کێ ئامادەیە لەگەڵم بگەڕێتەوە بۆ کوڕاداوی دەست هەڵێنێ. بۆیەش کردمنە سەر پشك، لەوە دەترسام هەتا دەگەینێ دوژمن هێرشی هێنابێ و تێدا بچین. پێشمەرگەکان گوتیان:

ـــ بۆچی بگەڕێنەوە بۆ کوڕاداوی؟

ـــ ماشێنەکان دەبەین و دەچین کەل و پەلی بنکەکان دێنین با لە کیسمان نەچن.

کاتێك ئەوەم پێگوتن، کاك مەحموودی فەیزی(4)، کاك تاهیری غەفووری(5)و کاك قادر وسوو(6) دەستیان هەڵێنا. سوار بووین و بەرەو کوڕاداوێ گەڕاینەوە. هێشتا پێشمەرگەکەی یەکیەتی هەر لەوێ بوو، ئەو سێ ماشێنەمان بار کردن و هەتا ئەوانمان بەڕێ کردن، دوو ماشێنی دیکەش گەیشتن. سەرتان نەیەشێنم، هەر ماشێن هاتن و بارمان کردن و بێجگە لە حەوت بەرمیل نەوت و دوازدە فەردە ئارد، گەسکمان بەسەر باریەوە نا. بەڵام بۆ ئەوان ماشێنمان بۆ نەهات. بە ناچار سوار بووین و بەجێمان هێشتن. هەتا ئێمە ئەوەمان کرد، تۆپ باران دەستی پێکردو بست بە بستی جادەکەی دەکوتا، خواوڕاسان وەبەر نەهاتین و خۆمان بە مەقەڕی کارێزە داکرد. کەل و پەلەکانمان لە عەمبارێ هاویشتن و داوای ماشێنمان کرد کە بچین ئارد و نەوتەکەش بێنین، بەڵام تۆپ بارانەکە ئەوەندە خەست بوو، کەس نەی وێرا لەگەڵمان بێ.

تۆپ باران سەعات بە سەعات توندتر دەبوو، بەرە بەرە شارۆچکەکانی کارێزەو سوورە قەڵات و دەوروبەریشی گرتەوەو ژیانی ئاسایی لە دانیشتوانی ئەو دەوروبەرە تاڵ کرد. زۆر ماڵ تێك ڕووخێنران و ژمارەیەکی زۆریش شەهیدو بریندار بوون. هەر بۆیە بە ناچار کۆز و کولانە و هێلانەی خۆیان بەجێ هێشت و پەڕیوەی شارە گەورەکان بوون. ئێمەش کە پێشتر بڕیار درابوو هەتا کاتی گەڕانەوەمان لە دەوروبەری

دەفتەری سیاسی وەمێنین، لەبەر ئەوە کە نەوەکا هێرشەکە ئەو مەڵبەندەش وەدوا خۆ نەدا، بڕیارەکە هەڵ وەشایەوەو بۆ فێرگەی سیاسی نیزامی بەڕێ کراین کە ئەوکات لە بۆڵێ بوو(7). ئەو شەوە لە سلیمانی ماینەوەو بەیانیی ماشێنیان بۆ گرتین و پێمان پێوە نا. ئێمە نەشارەزا بووین، پێمان وابوو بە قەڵادزێدا دەڕۆین و نانی نیوەڕۆیە لەوێ دەخۆین، کەچی لە ئۆردووگای تووە سووڕانەوە لایان دا و لە کەلی کورتەکیەوە بە دیوی دۆڵی شەهیدان دا، ئاودیو بووین و برسی و تینوو لەسەر چەقی جادە هەڵیان ڕشتین.

لە سەر جادەوە بۆ فێرگەی سیاسی نیزامی، مەودایەکی کەم نەبوو، کەل و پەلیشمان زۆر پێ بوون و بە کۆڵێ بۆمان هەڵ نەدەگیران. پێشمەرگەکان تێیان هەڵ کردو منیش لە گەڵ دوو پێشمەرگان لە لای کەل و پەلەکان بەجێ ماین. ماوەیەکی زۆری پێچوو هەتا لاندوێرێك هات و شتوومەکەکانمان تێ هاویشتن و لێی سوار بووین و پێ هەڵ گەڕاین. کاتێك گەیشتینە پرسگەی فێرگە کە لە گەڵ فێرگە ئەمبەراوبەر بوون، هەموو پێشمەرگەکانیان لەوێ ڕاگرتبوون و نەیان هێشتبوو پێ بەر پێی نێن. پێشمەرگە تووڕە ببوون و لە گەڵ سێبەری خۆیان بە شەڕ دەهاتن، هەر کە گەیشتمە لایان هۆمەنیان بۆ هێنام و گوتیان:

ـــ فەرموو! ئەمە جێگایە ئێمەتان بۆ هێناوە؟ بۆ ئێمە جاشین ڕێگای نێو بنکەکانی حیزبمان پێ نادەن و لەم قسانە. منیش بە ڕواڵەت وەسەر خۆم نەهێنا و هێندێك لاواندمنەوە، بەڵام لە نێوەرۆكدا زۆر ناڕەحەت بووم. چووم بۆ لای نیگابانەکە و هێندێك گلەییم لێ کردو بەسەریدا هاتم و گوتم:

ـــ بەرپرسی سیاسیی فێرگەی سیاسی نیزامی کێیە؟

ـــ کاک حوسێنی مەدەنی‌یە.(8)

ـــ دادەی تەلەفوونێکم بۆ بکە بزانم بۆ ئێوەی ئاگادار نەکردوە ئەو پێشمەرگانە لەم چەقە بە ڕۆژە ڕانەگرن؟!

ـــ وەڵڵا تەلەفوونەکەمان خراپ بووە.

ـــ دەی کە وایە بۆ خۆم دەچم قسەی لە گەڵ دەکەم.

ـــ نا وەڵڵا، نابێ، دوایی لە من توورە دەبێ!

کاتێك ئەوەی پێ گوتم کفرم دەرهات و هیچم بە چاوان نەبینی و:

چا ئەوا من دەڕۆم، کێ پیاوە تەقەم لێ بکا!

ملم پێوەناو جوابی نیگابانم نەدایەوە، گەیشتمە داوێنی مەقەڕەکان و نەفەرێك بە ناوی کاکەڵڵا شێخ ئاغایی(9) بە پیرمەوە هات، بردمی بۆ دیوەکەی خۆی و سەماوەری داگیرساندو گوتی:

ـــ دەزانم زۆر ماندووی، با چایەکت لە ئاوی کانیاوی بناری قەندیلی بۆ دەم کەم!

کاتێك ئەوەم لێ بیست و بیرم لە پێشمەرگەکان کردەوە کە لەو بەر مانەوە بە زگی برسی ڕایان گرتوون و ڕێگای ئەمبەرێیان پێ نەدراوەو هەر چاوە چاویانە، ئەوەندەی دیکەش بە ڕەق داچووم و:

ـــ کوڕە کاکە چای چی! پێشمەرگەکان ئەوا لەو بەرێ لە برسان دەمرن و لە پرسگە ڕێگای ئەمبەرێیان پێ نادەن. ئەمن بۆ شەڕێ هاتووم، پێم بڵێ کاک حوسێنی مەدەنی لە کوێیە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ـــ خەمت نەبێ هەر ئێستا ئەویشت بۆ دەدۆزمەوە، تۆ دانیشە ئیستراحەتێ بکە ئەوانە هەموو لە ئەستۆی من. تەلەفوونەکەی دەست دایە و هێندێك هەڵی سووڕاندو گووشی‌یەکەی دایە دەستم. کاك حسێن وەڵامی دایەوەو:

ـــ ئەلۆ! سەلام و عەلەیکوم، بەخێر بێی، داوای لێ بووردن دەکەم کە درەنگمان پێ زانی، بەسەری تۆ هەر ئێستا دەفتەر لە هاتنی ئێوە ئاگاداری کردووین، ئەوا دەنێرم بە دوا پێشمەرگەکاندا، هیچ ناڕەحەت مەبە.

ـــ سڵاو لە منەوە، بەڕاستی زۆرت لێ بەگلەییم، باشە وای دابنێ کە ئێرە بنکەی حیزبی لێ نیە و ئاوەدانی‌یەکی چکۆلەیە، داخوا ڕەوایە پۆلێك پێشمەرگە کە ڕوویان تێ‌کردوە لە کێوی وەمێنن و لانی کەم بەسەرماڵان دابەشیان نەکەن؟!

لە کورتی وەبڕین ناردیان لەدوو پێشمەرگەکان و جێگا و ڕێگایان بۆ دابین کردین. کۆمیتەی شارستان و هێز و لکی یەك و... هەر لەوێ جێگامان بۆوەو لکی دووشمان نارده بنکەی یەکیەتیی لاوان(10). با ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە ئەندامانی هەیئەتی ئیجرایی و کۆمیتەی شارستان هیچکامیان لەگەڵمان نەهاتبوون و هەموو قرەو قوولەکە هەر لەسەر شانی من و کاك عوسمانی فەتاحی بوو. دیارە کاك عوسمانیش زۆر خۆی لێ نەدەداو جاروبارە دەبا نازی ئەویشم کێشا بایە.

هەل و مەرجی ئەوێ لە گەڵ شوێنی پێشوومان بە تەواوی جیاوازیی هەبوو، پێشمەرگە نەخوێندەوارەکانمان لە ئیمکاناتی باشترو بەربڵاوتر کەڵکیان وەردەگرت و مامۆستای شارەزاترو خاوەن ئەزموونتر دەرسیان پێ دەگوتن. لە کەلاسەکانی سیاسی و نیزامی و سمینارو کۆبوونەوە گشتی‌یەکانیشدا سەرجەم بەشداری‌مان دەکردو لە کادر و پێشمەرگەکانی خۆیان هەڵ نەداواردین. بەرپرسی بەشی

نیزامیی‌یەکەیان کاك چەکۆ(11) بوو کە لەباری تێگەیشتن لە چەکە جۆراوجۆرەکان‌دا شارەزایی باشی هەبوو. بەرنامەی وەرزشی سبەینان و ئێواران بە ڕێك و پێکی بەڕێوە دەچوو کە ئێمەش بەشداری‌مان تێدا دەکردو کەڵکی باشمان لێ وەردەگرت. لەو ماوەیەدا کە نزیك بە دوو مانگی خایاند، زۆر شتی نوێ فێر بووین و لە زۆر بارانەوە شارەزایی زیاترمان وەدەست هێنا.

لە باری یەکتر ناسین و شارەزابوون لە داب و نەریت و عورف و عادەتی یەکتر کە کادر و پێشمەرگەی هەموو ناوچەکانی کوردستانی تێدا کۆ کرابوونەوە، کەڵکی باشی هەبوو. ڕیزە سیمینارێکیان پێك هێنا بوو کە هەر جارەی کەسێك سەبارەت بە وەزعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چۆنیەتیی ئاو و هەوا و هەڵکەوتی باری جوغرافیایی و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی دانیشتووانی ناوچەی خۆیانەوە دەدوا. یەکێك لەو ناوچانەی کە باسی لەسەر کرا، ناوچەی بانە بوو کە شانازیی باسەکەیان بە من بەخشی و نزیکەی دوو سەعاتان لەسەری دوام. کورت و کرمانجی لە گەڵ ئەوەدا هاوڕێیانی هەیئەتی ئیجرایی هەر خۆیان تێنەگەیاندو قورسایی ئەرکەکە هەر لەسەر شانی خۆم بوو، بە هاوکاری و یارمەتیدانی هاوڕێیانی فێرگەی سیاسی نیزامی، سەرکەوتنی باشمان وەچنگ هێنا و ئەزموونی بەکەڵکمان پاشەکەوت کردن. ( بڕوانە وێنەی ژمارە 8 )

لە باری سروشتی‌شەوە مەڵبەندێکی دلگر و خۆش ئاو و هەواو سەر سەوز و زەنوێرە. کەژ و چیای باسەفاو تاڤگەی کەف چرێن، باخ و باخاتی چڕ و پڕ و نزار و لێڕەوار، ئاوی کەللە تەزێن و دیمەنی هەست بزوێن و سروشتی خەم بەزێنی، گیانی نوێ وەبەر مرۆڤ دێنێتەوەو تەلی هەستی شاعیر دەبزێوێ. هەر بۆیە لەباری ڕۆحی‌شەوە شوێنەواری بەر چاوی لەسەر هەستم دانا و لە یەك قسەدا دەتوانم بڵێم مێشکی زاخاو دامەوەو هەستی بووژاندمەوە. ( بڕوانە ژمارەکانی 9 و 10 و 11 )



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاخر و ئۆخری نێوەڕاست مانگی بەهاریێ بوو. هاوڕێیانی کۆمیتەی شارستان یەك و دوو سەریان هەلێ دایەوەو بە گشتی یەکمان گرتەوە، قەرارمان دانا ڕۆژی27ی بانەمەڕی 1366ی‌هەتاوی کۆبوونەوەی کۆمیتەی شارستان دەست پیێ بکەین. مانگی ڕەمەزان و منیش بەڕۆژوو بووم. بەیانیی کە وەخەبەر هاتم هێندێك بەرموسولێدان و کەلەکەی ڕاستم وەژان کەوتبوون. بەلاّم خۆم لیێ گێل کردو محەلم نەدایە. کۆبوونەوە دەستی پیێ کردو لە گەرمەی باسەکان‌دا بووین کە ئازارەکە بە تەواوی لێی توند کردم و بڕستی لیێ بڕیم. هەر چۆنێك بوو هەتا دەمی نیوەڕۆیە ددانم بە جەرگی خۆم‌دا گرت و نەم درکاند. یەکەم جەلەسەی کۆبوونەوە کۆتایی هات و هاوڕیێیان چوون بۆ نان خواردن. منیش لە بن سێبەری دارێك درێژ بووم کە بەڵکوو چاوێکی بۆ گەرم کەم. بەلاّم تا پیێدەچوو ئازارەکە زیادی دەکردو هێزو توانای پیێ نەهێشتم. هاوڕیێیان لە نان خواردن گەڕانەوەو کۆبوونەوە دەستی پیێ کردەوە. بەلاّم من لەوە زیاتر خۆم پیێڕانەگیراو بەلادا هاتم. هاوریێیان لێم وەکۆ هاتن و بردیانمەوە بۆ چادرەکەی خۆمان و کادرە دەرمانی‌یەکان لە دەورم هالاّن. دەستیان کرد بە ڕاوێژ کردن و هەرکام بە شێوەیەك ڕای خۆی دەردەبڕی. یەك پێی وابوو خەتای ڕۆژووەکەمە و ئەوەی دیکە تاوانەکەی وەپالێ سەرما و باپەڕ بوون دەدا، وەك پشکیلانیێ هەر یەك لەبەرێکەوە شکی دەگرت و شکی هیچکامیشیان نەی دەپێکا. بەلاّم بۆ خۆم هەستم بەوەکردبوو کە ئازارەکە لە گورچیلەم دایە و ئەوان چێو لە تاریکی دەکوتن. کاتێك چۆنیەتیی ئازارەکەم بۆ باس کردن و تێم گەیاندن، دەرزی‌یەکی باسکۆپانیان لیێ دام و هێندێك حەبی باکتریمیان ویێ دام و هێندێك لە ئازارەکەیان کەم کردەوە، بەلاّم فایدەی نەبوو، ڕۆژ لە ڕۆژیێ بەرەو خراپتر دەچووم و ئەو جارەیان ڕشانەوەشی پیێ زیاد بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرەنجام پاش سێ چوار ڕۆژان بەرەو سلێمانی بەڕێیان کردم و لەوێش بێ ڕاوەستان بۆ نەخۆشخانەی عەسکەرییان بردم. پاش ئازمایش و عەکس بەرداری و حەلەم و قەلەم دەرکەوت کە گورچیلەی ڕاستم لە کار وەستاوەو مووی لێ نابزوێ. دوکتۆرەکان بە تەمای وەکار خستنەوەی، گەلێك دەواو دەرمانیان دامێ و ماوەی سێ حەوتوویان بۆ دانام کە سەریان لێ بدەمەوە. کەوتینە بەیانی و کاك سەعید بەگزادە بردمی بۆ نەخۆشخانەی فێرکاریی سلێمانی و هەرتك مێخەکەکانی بەرە لاقیان نەشتەرگەری کردم و گردەنشین دانیشتم. دوو کارمەندی نەخۆشخانە هاتنە ژێر باڵمەوە بۆ دەرێ و سواری تاکسی بووم بۆ مقەڕ. لەوێشەوە بردیانم بۆ ماڵی عەزیزی ئامۆزام. ماڵەکە هی کاك حەسەنی هەوارە بەرزەو خزمی خێزانەکەی عەزیز بوو.

چەند ڕۆژێك بە سەردا تێپەڕی و جێژنی ڕەمەزان بە سەردا هات. خەڵکی بۆ جێژنە پیرۆزە پۆل پۆل دەهاتن و دەچوون و لەسەر تەلەویزیۆنیش بەرنامەی هەڵپەڕکێ و دیلان بڵاو دەکرایەوە. کیژ و لاو دەستیان تێك گرتبوو و زەردو شین و کەسك و سوور تێکەڵ دەتگوت کۆلکە زێڕینەیە. ئەندامانی بنەماڵەکە یەکتریان لەئامێز دەگرت و قەوم و قیلە پێك وەربوون و گەردن ئازایییان پێك دەگوت. منیش کە ماوەیەکی دوور و درێژ بوو هەواڵم لە کەس و کار و بنەماڵەم نەبوو، لە فکران ڕاچوو بووم و هەستم بە تەنیایی و بێ کەسی دەکرد. بیرم لەوە دەکردەوە کە داخوا دایکە بەساڵاندا چووەکەم کە هەر بە قەدەر چنگە کۆڵکێکی لێ ماوەتەوە، بابە ڕیش چەرمووەکەم و خوشك و برا و کەس و کارم چۆن لە دەوری یەك وەکۆن و جێگای من لەنێویاندا چۆنە؟! ئەو هەستە لە مێشکمدا ڕیشاژۆی کردو تەلی هەستی لەراندمەوەو پەڕیی شێعری بۆ هێنامە ژوانێ. هەروا کە لەسەر قەنەفەکە دانیشتبووم و لاقم عەرزی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەدەگرت، قاقەز و پێنووسەکەم لە کیفە دەستی‌یەکەم دەرێنا و دەستم پیێ کردو ئەوەی لێ کەوتەوە کە لێرەدا دەی خوێننەوە:

## شین و شادی

ئەمڕۆکە جەژنە خەڵکی مەسروورن
پۆل پۆل نەشمیلان لە ماتەم دوورن
لاوان سەرمەستی بادەی چاو کاڵان
گیرۆدەی داوی ناسکە غەزاڵان
خرمەی ڕەشبەڵەك، شۆر و غەوغایە
گرمەی دەهۆڵ و فیقەی زوڕنایە
وەنەوشە مل کەچ گوڵاڵە ڕووخۆش
گوڵان ئێخە واز چیمەن سەوزە پۆش
لالە شەلاڵ خوێن بولبول شەیدایە
باخان گوڵ ئەفشان جێگای سەفایە
جەژنە پیرۆزەو لاوك و گۆوەندە
خاڵ خاسان وەکۆن هەرزیل و بەندە
لێرەش هێندێ کەس شادو دڵ خۆشن
بێ خەم، بێ خەیاڵ، مەست و سەر خۆشن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یاری و پێکەنین، ڕەقس و سەمایە

نێو ماڵ چراخان، دەرکە واڵایە

پۆل پۆل ماڵەو ماڵ، دڵ پڕ لە شادی

جێژنە پیرۆزەو گەردن ئازادی

هەر من بێکەس و خەمبار و ماتم

وێڵ و پەڕیوەو بێ دەسەڵاتم

برای هاوپشتم یەخسیر کراوە

زێدی باوانم داگیر کراوە

کۆترە باریکەی گیرۆدەی داوم

لە قەوم و خوێشان بێگانە ماوم

پەروەردەی ڕنووی نواڵ و بەستێنم

ئێستا لە گەرمێن ئارەق دڕێژێنم

بەشەو ناشاد و ڕۆژان خەمینم

گراویم دوورەو تەنیا و حەزینم

تاسەی ئازیزان باڵی شکاندم

لە کونجی ڕەنج و خەمی خزاندم

هێلانەی خەمە دڵی پڕ خوێنم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وشك و بێ ئاوه دەشت و بژوێنم

ڕێژنەی بارانه ئەشكی تەنیاییم

دەگاته ئاسمان ناڵەی جودابیم

ماسیی لابرژاو، دەریای بێ ئاوم

هەڵۆی بێ ڕاوی شاباڵ پێكراوم

گەشت و سەیرانم پەژارەو خەمه

جەژن و سروورم پرسه و ماتەمه

بەختم وەك شەوی ژێر چەپۆكانه

پشتی شكاندم جەوری زەمانه

له قەوم و یاران بێگانەی كردووم

بیانووی زمانی كوردیی پێ گرتووم

له مێژه ڕەنج و پرسه و پەژاره

یاسای ژیانی كوردی هەژاره

فرمێسك و خوێن و مەرگی بە سەرجەم

خەڵاتی كوردن له چەرخی بیستەم

هەتیوان بێ ناز كەیلی ماتەمن

كیژان مل بە كوێن شەڵاڵی خەمن

خوێن خەنەی پەنجەی نەو عەرووسانن

کۆست کەوتە و ڕەشپۆش، بووکی باوانن

دیلی و بەش مەینەت، ژینی هەژاری

گاڵەی پێ کردین یاسای لاساری

ئاخر هەتا کەی هەر دەبێ وابێ؟

نسیبی کوردان، دەردو بەڵابێ!

تاکەی داخ لە دڵ دایکان ڕەشپۆش بن؟

لە سوێی ئازیزان تاکەی پەرۆش بن؟

داخۆ کەنگێ بێ ڕۆژێك لە ڕۆژان!

یاسای هاودەردی بێتە نێو کوردان؟

وەرزێڕ و پاڵە و زانا و کرێکار

دەست لەنێو دەستی چەوساوەو هەژار

پشتی یەك بگرن گەلی کورد گشتیان

پەلامار بەرن ورد و درشتیان

لەمپەر بشکێنن، سنوور تێکەڵ کەن

وێکرا بڕاسێن، ئاڵایەك هەڵ کەن

خوێن مژان دەرکەن لەم کوردستانە

## سوله‌یمانی 10ی جۆزەردانی 1366ی هەتاوی

ئەو ڕۆژە هێندە بێ واز و دڵ بە خەم بووم، خۆم پێ ڕانەگیراو هەرچەندی غیرەتم وەبەر خۆم نا، نەمتوانی لە سلێمانی وەمێنم. بە شەلە شەل چوومە سەر جادەو تاکسی‌یەکم گرت و بەرەو قەڵاچوالان بۆ ماڵی مامە قالەی سووتوو ملم پێوە نا. یەك دوو ڕۆژانیش لەوێ مامەوەو سەرلەنوێ بەرەو سلێمانی بام دایەوە، بەڵام لەوێ تاقەتم هەرنەگرت و بەرەو قەندیل بۆ لای پێشمەرگەکان وەرێ کەوتم.

کاتێك گەیشتمە قەڵادزێ، کاك عوسمانی ڕەحیمی لەوێ بوو. من خۆش تۆ خۆش یەکترمان ماچ کردو:

ـــ ئەم شەو قەرارە بچم بۆ نەخۆشخانەی دەشتێ(12) بۆ دیدەنیی کاك ڕەحیمی خودا مرادی. وەرە با بچین دیدەنی‌یەکی لێ بکەین و بەیانی پێکەوە دەگەڕێینەوە. منیش لەمێژ بوو کاك ڕەحیم و خوشکە حەیاتی(13) هاوژیانەکەیم نەبینی بوو، زۆرم پێ خۆش بوو. سوار بووین و بێ ئێوە ناخۆش ئەو شەوە بە قسەی خۆش گوزەراندمان و، وەسبەینیڕا بەرەو لای پێشمەرگەکان گەڕاینەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەراوێزەکان:

1) هەر وەك پێشتر باسم کرد، نەخۆشخانەی خۆمان بوو، لە گوندە وێران کراوەکەی دەستی بەعسی‌یان، واتە "کانی مێو" دروست کرابوو. ئەو کات بە هۆی دوکتورەکانی ڕێکخراوی دوکتورانی بێ سنوور بەڕێوە دەچوو.

2) کاك ئەحمەد خەڵکی سەردەشت و ئەو کات لە سلێمانی کاری دەرمانیی دەکرد. لە ڕابردووی ئاگادار نیم. پاش ماوەیەك بۆ هێزی گیارەنگ نەقل کراو دواتر لە بەشی ساختمانیی خەدەماتدا ئەرکی پێ سپێردرا. سەرەنجام ساڵی 1374 بەرەو ئوروپا کۆچی کرد.

3) کاك سەعید خەڵکی مهاباد و بەرپرسی بەشی دەرمانی لە سلێمانی بوو. پاش کۆنگرەی هەشت تێکەڵ بە ڕێبەرایەتیی شۆڕگێڕ بوو. دواتر بۆ دەرەوەی وڵات کۆچی کرد. جێی سەرنجە ماوەی چواردە مانگان لە سلێمانی هاوکار بووین.

4) کاك مەحموود خەڵکی ناوچەی بابۆس و پێشمەرگەیەکی بە ئەزموون و بە ساڵاندا چوو بوو. دوایە بە هۆی تەنگ و چەڵەمەی باری ژیانی بنەماڵەیەوە خۆی تەسلیم کردەوەو لەم دواییی‌یانەدا کۆچی دوایی کرد.

5) کاك تاهیر خەڵکی میراوای خوارێ و کادری کۆمیتەی حەوتەوانە بوو. دوای کۆنگرەی هەشت ڕەگەڵ ڕێبەرایەتیی کەوت و، بەداخەوە لە مەئمووریەتێکدا لە گوندی سەید سارم، بە هۆی خۆفرۆشێکەوە ڕاپۆرتیان لێدرا و لە گەڵ چوار



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاوسەنگەری دیکەی بە دەستی هێزە دژی گەلی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید کران.

6) قادر وسوو کوڕە هەژارێك و یەکێك لە پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزب بوو. بەداخەوە لە شەڕێکی حەماسی‌دا شەهید کرا.

7) "بۆڵێ" گوندێکی وێران کراوی دەستی بەعسی‌یەکان بوو لە بناری قەندیل.

8) کاك حوسێن یەکێك لە کۆنە کادرەکانی حیزب و خەڵکی مهابادە. لەوەتی ئەمن ناسیومە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بووە. پاش کۆنگرەی هەشت یەکێك لە سەرانی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بوو. دوای یەکگرتنەوەمان لە کۆنگرەی 12دا بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردرا.

9) کاکەڵڵا خەڵکی مهاباد و، کوڕێکی دەست ڕەنگین بوو. بە داهێنانی خۆی ڕایەڵکەیەکی تەلەفوونیی بۆ فێرگە دروست کردبوو. سەرەنجام بە هەر هۆیەك بوو وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا و ئێستا لە دەرەوەی وڵات بە پەنابەری دەژی.

10) یەکیەتیی لاوان لە گوندێکی وێران کراو بە ناوی ئەستێرۆکان بوو.

11) کاك چەکۆ(ڕەحمانی ڕەحیمی) خەڵکی مهابادو ئەفسەری زەمانی شا بوو. لە کۆنگرەی 9دا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرا. لە دوای کۆنگرەی 10 وەك ڕاوێژکار هەڵبژێرا، لە کۆنگرەی 11دا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرا و تا ئێستاش لە کۆمیتەی ئەمنییەتدا ئەرکی سەرشانی بەڕێوە دەبا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

12) ئەو کات 2 نەخۆشخانەمان هەبوون کە هەر دووکیان دوکتورە فەڕانسەیی‌یەکان بەڕێوەیان دەبرد. "دەشتیۆ" گوندێکی وێران کراوی دەستی بەعسی‌یەکان لە کوردستانی عێراق بوو. کاك ڕەحیم ئەو کات لەوێ بێسیم چی بوو.

13) خوشکە حەیاتی تەوەکولی خەڵکی بانە و لەمێژ بوو پێشمەرگە بوو. سەرەتا کادری دەرمانی بوو. ئەویش لەو دوایی‌یانەدا بەرەو هەندەران ڕاکشا و ئێستا لە وڵاتی بەریتانیا بە پەنابەری دەژی.

## نەقڵ کرانم بۆ سلێمانی بە هۆی دەرێنانی گورچیلەم،

## هاتنی باوکم و تۆپ باران کردنی

## دەفتەری سیاسی لە لایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە

ئەندامانی کۆمیتەی شارستان و کادرو پێشمەرگەکان بە گشتی جەم بوون، کاك سەیید برایمی هاشمی کە فەرماندەری هێز بوو، بە هۆی نەخۆشی بڕبڕەی پشت(دیسك)ەوە لە گەڕانەوە بۆ ناوچە مەعاف کرابوو، کاك کەریم سەقزی وەك



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرپەرستی هێز دیاری کرابوو، بەڵام حوکمی فەرماندەری نەدرابوویە. پێشمەرگە ورە بەرزەکان، جگەر گۆشەکانی گەلی کوردو تێکۆشەرانی دیمۆکرات، خۆیان بۆ گەڕانەوەی ناوچە لە دەسك نابوو. گەڕانەوە بۆ ئەو مەڵبەندە پیرۆزە کە بە درێژایی مێژووی تەمەنی کوردان پیٚخوستی ژێر چەکمەی زۆرداران و ئازادی کوژان بووەو لەسەر هەر بستێکی خوێنی لاوێك ڕژاوە. گەڕانەوە بۆ بەجیٚ گەیاندنی ئەو پەیمان و بەڵێنەی لە گەڵ گیانی نەمری شەهیدانی حیزب و گەل مۆریان کردبوو. گەڕانەوە بۆ تۆمارکردنی داستانی قارەمانەتی و فیداکاری، بۆ زەبر وەشاندن لە پەیکەری ڕێژیمی کۆنەپەرەستان. هەر بۆیە بزەی شادی لەسەر لێوانیان دەبریسکاوەو دەیان ڕازی نەهێنی لەنێو دڵیاندا خۆی حەشار دابوو.

کادرو پێشمەرگەکان خۆشحاڵ بوون لەوەی کە جارێکی دیکەش لە گەڵ دیٚنشینە دڵ پاك و پێشمەرگە خۆشەویستەکان، هەمبەر بە یەك خۆ دەنوێنن و تێك ڕادەمێنن، بە چاوی مشتەری تێر دە بەژن و باڵای یەکدی دەڕوانن و بە زمانی دڵ یەکتر دەدوێنن. لە چاو ترووکانێکدا تەمی خەمی ڕۆژانی دووری و لێك دابڕان، وەك گەڵاڕێزانی ساردە پاییزی دادەوەرێنن و فرمێسکی شادی بۆ یەك ڕۆ دەڕێژن.

بەڵام کوا منی گردەنشین و کەلەلای پەك کەوتە، کە هێشتا زامی نەشتەرگەریی بەرە لاقانم بە تەواوی سارێژ نەببۆوەو گورچیلە لە کار کەوتووەکەشم هێشتا وەخەبەر نەهاتبوو، دەم توانی ڕەگەڵ ئەو کاروانە شادیە کەوم و لە هاوسەنگەرانم بەجیٚ نەمێنم؟! ئەوە لە کاتێکدا بوو کە بۆ گەڕانەوەی وادەی دوکتوریش سەبارەت بە چۆنیەتیی گورچیلەکەم، تەنیا سیٚ ڕۆژی مۆڵەت مابوو. ئا لەو هەلەدا بوو کە بە تەواوی هەستم بە زەبوونی و بیٚ دەسەلاتی خۆم کرد، بیرەوەریەکانی دەورانی کوڕێنیم یەك لە دوای یەك دەهاتنە سەر پەردەی سینەمای خەیاڵ و بە پێش چاوانمدا

دەهاتن و تێ دەپەڕین. گوێم بە پەندە بە نرخەکەی پێشینان دەزرینگایەوە کە گوتوویانە " لەشی ساغ پاشایەتییە".

پێشمەرگەکان لێو بە بزەو دڵ پڕ لە ئاوات، ڕەخت و تفەنگیان لەخۆ بەست و کۆڵەپشتییان بە کۆڵدا دا و یەك و دوو ماڵاواییان لێ خواستین. منیش وەك کۆتری باڵ شکاوی لە پۆلێ بەجێماو و، چاو بە فرمێسك و دەستەو ئەژنۆ، دانیشتم. کاك حەمەدەمینی مەجیدیان(1) و کاك عوسمانی ڕەحیمی و کاك کەریم سەقزی هاتن بەلامەوەو گەلێك دڵخۆشییان دامەوە. ( بڕوانە وێنەی ژمارە 12 ) کاك عوسمانی ڕەحیمی گوتی:

ــــ براله ! ناڕەحەت مەبە، لەو ماوەیەدا کە لەم دیو بووین ئەتۆ لە هەمووان زیاتر لە بنکەی کۆمیتەی شارستان مایەوەو لە هەمووان ماندووتر بووی. ئێستا هەروا بزانە لە مەرەخەسی دای و هەر کات لاقت چاك بوونەوە ئێمەش تیممان هات و چۆ دەکا و ڕەگەڵی ئەوان کەوەو، وەرەوە بۆ لامان. زۆرم هەوڵدا بەجێم نەهێڵن و لە گەڵ خۆیان بـم بەنەوە، بەڵام گوێیان پێ نەدام، وابزانم لەوە دەترسان لە ڕێگا بەجێ بـمێنم و لێ-یان ببم بە سەربار. ئەوانیش ماڵاواییان خواست و لەگەڵ کاك حەمەدەمینی مەجیدیان کە ئەو کات مامۆستای فێرگە بوو، بەجێ ماین.

لەو دەمەدا ماشێن ئامادەبوو، منیش هێندێك کەل و پەلی پێشمەرگەکان کە بەجێیان هێشتبوون، پێچامنەوەو بەرەو سلێمانی سوار بووم. ئەو شەوە لە مەقەڕی سلێمانیماینەوەو بەیانی بردیانمەوە بۆ نەخۆشخانەی عەسکەری. بە ماوەی شەش ڕۆژان ئازمایش و عەکس بەرداریی ڕەنگی و...یان بۆ ئەنجام دام و دەرکەوت کە

گورچیله، مووی لێ نەبزووتووە. دیسان بەشی سێ حەوتوانیان دەرمان دامێ و ماوەیان بۆ دانام سەریان لێ بدەمەوە.

ئەو ماوەیە ئێجگار وەڕەزو بێ تاقەت بووم. سەرەڕای ئەوە کە ئازاری گورچیلەم بە تەواوی هێزی لە بەر بڕیبووم، پەژارەی دووریی لە هاوسەنگەران و بیر کردنەوە لە چوونەوەم بۆ ناوچە و چارەنووسی نەخۆشی‌یەکەم کە نەم دەزانی بەرەو کوێم دەبا، ببوونە خۆرکە و لە مێشکمدا تریتانەیان دەکردو ژیانی ئاسایی‌یان لێ تاڵ کردبووم. هەر بۆیە لەوە زیاتر نەمتوانی لە سلێمانی وەمێنم و بەرەو قەڵاچوالان سەری خۆم هەڵ گرت و چەند ڕۆژێکانیش لەوێ بەسەر لێ شێواوی مامەوە. بەڵام ئێشی گورچیلە بۆری بۆ دەمێك مۆڵەتی نەدام و حرووشی لێ هەڵ گرتم. زۆر شەوان هەتا کازوکووزی بەیانی هەڵی دەبەزاندم و کەلەکاوکەلەکەی پێ دەکردم.

هەرچۆنێك بوو کە هەر خۆم دەزانم بە چ دەردێك چووم، سێ حەوتووم تەواو کردن و گەڕامەوە بۆ لای دوکتوری. ئەو جارەش سەرلەنوێ لە گژ ئازمایش و عەکس بەرداری و... ڕاچوونەوەو پاش حەوت ڕۆژان دوکتورەکان بە گشتی لەسەر ئەوە ساخ بوونەوە کە گورچیلە بە شەقانیش وەخەبەر نایە و هەتا زووتر دەری بێنی درەنگە. لەوەش ناخۆشتر ئەوە بوو کە لە سلێمانی چارەسەر نەکراو دەبا بۆ بەغدایەم بەڕێ کەن. لە گەڵ کاك سەعیدی بەگزادە چووین لە موخابەرات(2) ئیجازەمان وەرگرت و پاشان لە نەخۆشخانەی عەسکەری کیتابیان بۆ کردین. ئەو جار کاك سەعید بردمی لە گەراج لە تاکسی‌یەکی هاویشتم و بەغدا بمگرە(3)و هاتم و گوتی:

ـــ کاتێك گەیشتیە بەغدایە، بچۆ لە فلان هۆتێلی کە بەداخەوە ناوەکەیم لەبیر نەماوە، دانیشە، ئەمنیش ئەوە دەچم تەلەفوون بۆ کاك موتەلیبی حەریقی(4) دەکەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

که بێ بۆ لات و کارەکەت بۆ جێبەجێ کا. ئەمن نەخۆش و کەم حەوسەلەو ڕێگای بەغدایەش گاڵتەی پێ ناکرێ. گەرمایەکی کەم وێنە و ڕێگایەکی تاقەت پڕووکێن. بۆ نوێژی عەسرێکی درەنگی لە دەروازەی بەغدایە وەژوور کەوتین. کابرای لێخوڕی ماشێنەکە لە بەر دەمی میوانخانەکە دای بەزاندم و لێی داو ڕۆیی. منیش چوومە ژووری و خۆم ناساند و کابرای خاوەن میوانخانەکە کوردێك بوو، زۆری حورمەت گرتم. پاشان کاك موتەلیبی بۆ ئاگادار کردم و ئەویش بە تەلەفوون زۆری بەخێر هێنام. ئەو شەوە لەوێ مامەوەو بەیانی کاك موتەلیب هات بەدوامداو بردمی بۆ "مستشفی الرشید" و تەسلیمی دوکتورەکانی کرد. ئەوانیش بە ڕوویەکی کراوە بە دەنگمانەوە هاتن و سەرلەنوێ دەستیان کردەوە بە عەکس بەرداری و ئازمایش و...و بە ماوەی چوار ڕۆژان پەروەندەیان بۆ تەکمیل کردم. پاشان بە پەروەندەوە بەڕێ یان کردین بۆ نەخۆشخانەیەکی دیکە بە ناوی "مستشفی الکرامە" کە ئەویش هەر نیزامی بوو. کاك موتەلیب تەحویلی دام و بەجێی هێشتم.

پاش ڕۆیشتنی کاك موتەلیب بردیانمە ژوورێك کراسێکی سپی ئاو دامێنیان لەبەر کردم و تەختێکیان نیشان دام و لەسەری درێژ بووم. بێ سەرەندەو غەریب، کەس نەناس و کوێر و کوتر، لە گەڵ شەش عارەبی ڕەزاگران، ڕوو گرژ، نەدوێن و بەدفەڕ بوومە هاودەم. وام دەزانی لە بن دارێکم پەلکی گەڵای پێوە نیەو بە حەوت عاسمانان ئەستێرەیەکم بەدی نەدەکرد. پێم وابوو کەوتوومە چۆڵگەو بیابانێکی کاکی بە کاکی و لە ئاوەدانی دابڕاوم، خۆم لە زیندانی بێ کەساندا دەبینی و پشتیوان و ڕزگاری دەرێکم بەدی نەدەکرد. لە دڵی خۆمدا بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەگەر هەتا بەیانی لێرە وەمێنم بڵێی دڵم نەتۆقێ؟! دڵ تەنگ و خەمناك جگەرەیەکم داگیرساند و دوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سێ مژم لێدان و دەستم وەبەر چەناگەم داو لە فکران ڕاچووم. هەر ئەوەندەم زانی دەنگێکی زبر و ڕووشێنەر هاتە بن گوێم:

ــــ حاجی! "التدخینی ممنوع". واتە جگەرە کێشان قەدەغەیە.

هیچ گوێم نەدایەو سێ چوار مژی قووڵی دیکەم لێدان. دووبارە تێی ڕاخوڕیمەوەو دیسانیش محەلم نەدایە، هەرچەند عەرەبیم نەدەزانی بەڵام تێگەیشتم، ئەوی دیکەیان گوتی:

ــــ لێی گەڕێ حاڵی نابێ!

ئەوەم زۆر پێ خۆش بوو، چونکە ئەلف تا بێ حەزم نەدەکرد لە گەڵیان بدوێم و هەر لە خۆوە قینم لێیان بوو. هێشتا نانی شەوێمان نەخواردبوو کە پەرەستارێك لێم وەژوور کەوت و بە ئیشارەی دەست بانگی کردم. لە تەختەکەم هاتمە خوارێ و تێی گەیاندم کەل و پەلەکانیشم لە گەڵ خۆم بەرم. ئەوانیشم هەڵگرتن و وەدوای کەوتم. بردمیە ژوورێکی دیکە و تەختێکی بەتاڵی نیشان دام و لەسەری ڕۆنیشتم. پێنج کەسی دیکەی لێ بوون کە لە ڕواڵەتیاندا وا دیار بوو ماقووڵ و جێ گەوەرە بوون.

بە ئیشارە مەرحەباییم کردن و ئەوانیش سەریان دانەواندو بەخێرهاتنیان کردم. بێ پسانەوە لێیان دەڕوانیم و چاویان لێ نەدەترووکاندم. یەکێکیان کە پاشان بۆم دەرکەوت زابت و ناوی ئەبوو سەباح بوو، کەڵەگەتێکی جوان چاك و باڵابەرز، لای سەرووپیانەوە لەسەر تەختێك درێژ ببوو. هەستا و هات بەلامەوە تێگەیشتم کە دەڵێ:

ــــ لە کوێوە هاتووی؟

ــــ لە سلێمانییەوە.

ـــ عەسکەری؟

ـــ نەخەیر.

ـــ فورسانی؟

ـــ نەخەیر.

ـــ خەفیفەی؟

ـــ نەخەیر.

پاشان هەر چۆنێك بوو تێم گەیاند کە ئێرانیم و پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانم. وادیار بوو ناوی دوکتور قاسملووی بیستبوو. توند دەستی گوشیم و پاکەتەکەی لە گیرفانی دەرێنا و جگەرەیەکی دایە دەستم و گوتی:

ـــ تۆ برای منی.

دیارە هەر وەك پێشتر گوتم عارەبیم نەدەزانی، بەڵام قسەکانی هێندە بە ڕێوجێ و لەسەرەخۆ دەکردن، زۆری تێدەگەیشتم و ئەویش کەمێك لە من حاڵی دەبوو. پاشان ڕووی لەوانی دیکە کردو گوتی:

حورمەتی ئەم پیاوە بگرن، چونکە یەکەم غەریبە و دووهەمیش کێ دەڵێ لە شوێنی خۆی شەخسییەتێك نیە؟

ئەوانیش بە قسەکەی ئەوی هەموویان لە تەختەکانیان هاتنە خوارێ و لە دەورم هاڵان. دوای قەدەرێك هەستایە سەر پێی و بە ڕەفیقەکانی گوت:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ـــ بە حورمەتی ئەم پیاوە ئەم شەو نانی نەخۆشخانە ناخۆین و هەمووتان میوانی منن.

دەستی منی گرت و بۆ قاتی خوارێ دابەزین، لەو کەبابخانەی لە حەوشی نەخۆشخانەکەدا بوو نانمان خواردو هاتینەوە سەرێ، دواتر دەستی گرتم و بە هەموو ژوورەکانی ئەو بەشەی نەخۆشخانەکەدا گێڕامی و بە نەخۆشەکانی ناساندم. بە هەڵکەوت لەنێو نەخۆشەکاندا کوردێکی لای خانەقینیمان وەبەر چاو کەوت کە بە کوردی لەگەڵم دوا. ئیتر خوا وەت حەسێنێ لە بەینی من و سەباحدا بوو بە وەرگێڕ و قسەکانی بۆ تەرجومە دەکردین. کورت و کرمانجی ئەو ڕێز و حورمەتەی لە منیان گرت، ئێستاش کە ئێستایە لە بیرم ناچێتەوەو بە ئاواتەوەم جارێکی دیکەش ئەو زابتە ببینمەوە، بەڵام هەڵەیەکی گەورەم کرد کە ئادرەسم لێ وەرنەگرت. تەنانەت وای لێهات کە بۆ دوکتورەکانیشی تەنیەوەو ئەوانیش لە ڕادەبەدەر حورمەتیان دەگرتم.

ئەو شەوە هیچ هەستم بە غەریبی و بێ وازی نەکرد. هەتا شەو شەق بوو لە سالۆنی نەخۆشخانەکە چاومان لە تەلەویزیۆن کردو ئەمجار هاتینەوە لێی نووستین. کەوتینە بەیانیی و لەوێش لە بناغەڕا لە ئازمایش و عەکس بەرداری و گەندوگەڵاشکان هەڵچوونەوەو ماوەی چوار ڕۆژان مۆڵەتیان نەدام. پاشان بێ ئەوەی هیچم لە گەڵ باس کەن، شەوێك پیێیان ڕاگەیاندم کە هیچ نەخۆم، بەیانیی کات ژمێر هەشت و نیو بردیانم بۆ ژووری نەشتەرگەری و هەر ئەوەندەم لە بیرە کە دەرزییەکیان لێدام و لەسەرخۆ چووم. کاتێك وەهۆش هاتمەوە، بردبوویانمەوە سەرێ و لەسەر تەختەکەی خۆم درێژ کرابووم. ڕەفیقەکانم لە دەورم هاڵابوون و سەبر سەبر بانگیان دەکردم. دەستم لە لەشی خۆم گێڕا هیچ کوێم بریندار نەبوو. پرسیارم لە ڕەفیقەکانم کرد ئەوانیش نەیان دەزانی چم لێ کراوە. کاتێك چوومە بن و جۆوبناوان، بە مەبەستی خاوێن کردنەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لوولەی گورچیلە بۆ سەر میزەڵدانم کە بەڵکوو بەو شێوەیە گورچیلەم وەکارخەنەوەو دەری نەهێنن، نازۆریان(5) بۆ کردبووم. بەڵام پاش چەند ڕۆژان دەرمان خواردن، ئەویش دادی نەدا و پیرە گورچیلە هەر وەخەبەر نەهاتەوە.

سەرەنجام شەوی 5ی مانگی گەلاوێژی 1366ی‌هەتاوی، هاتنە لام پێیان ڕاگەیاندم کە بەیانیی نەشتەرگەریم دەکەن. ئەو شەوە بە تەواوی کەوتمە نێو دەریای خەیاڵ و هەتا بەری بەیانیی خەوم لێ نەکەوت. هی ئەوەش نەبوو کە لە نەشتەرگەریەکە ترسابم. چونکە ئەوە جاری پێنجەم بوو کە بێ هۆش دەکرام و لێی ڕاهاتبووم. بەڵام نازانم چۆن بوو ئەو دڵە خورپە بەری دەرگای پێ گرتم. ئەم دوو چوارینە شیعرە، بەرهەمی ئەو شەو بێداری‌یەن:

لێرەش تروسکەی چاوانت، شەوی ڕەشی بەختم دەدڕێ
زەردەی ئاسۆی لێوەکانت لە گەڵ هەست و بیرم دەگرێ
لێرەش گەنجینەی ئەوینت، هەوێنی شیعری تازەمە
مەلی تاسە و چاوەڕوانیم، بەرەو خونچەی بەڵێنی دەفڕێ
گەرچی ڕەشەبای فیرقەتت، تین و توانام لێ دەستێنێ
گەرچی مەلی شەو بێداریم، گوڵی ناکامی دەدوێنێ
گەرچی کۆتری لانەوازی جەستەی خەستەم هەدانادا
ئێستاش سروەی سوبحی هیوام، مژدەی  سەرکەوتن دەچێنێ

***نەخۆشخانەی بەغدا، 5ی گەلاوێژی 1366ی هەتاوی***

کەوتینە بەیانی و بەدوامدا هاتن و بردیانم بۆ ژووری قەسابی، ئەو جارەیان کە وەهۆش هاتمەوە چەقۆیان لە گورچیلە بۆری نابوو و بۆ هەتا هەتایە خاشەبڕیان کردبوو. لەودەمەیدا کە من لە بەغدایە لە ژێر ساتۆری نوژداراندا چەقۆ ئاژن و کەلەلا کرابووم. هاوڕێیانی دەفتەری سیاسی لەسەر پێشنیاری کاک غەفووری هەمزەیی و کاک سەعیدی بەگزادە لەسەر ئەوە رێك کەوتبوون کە ئیتر بە تاقە گورچیلەیەکەوە توانای گەڕانەوە بۆ ناوچەم نەماوەو شاخ و داخ و کەژ و چیام پێ ناپشکندرێن، بڕیاریاندا بوو لە سلێمانی لە گەڵ کاک سەعیدی بەگزادە بە کاروباری دەرمانی و نەخۆش و بریندارەکان ڕابگەم. شەوێك لە نەخۆشخانەی بەغدایەوە کە بە تەلەفوون پێوەندیم لە گەڵ کاک غەفووری هەمزەیی گرت، ئاگاداری کردم کە بێ ئەوەی بۆ خۆم ئاگادار بم: ئیبلاغی نەقڵەکەمیان ناردبوو بۆ کاک غەفوور بۆ سلێمانی.

ئەوەی ڕاستی بێ ئەو ئاڵوگۆڕەم زۆر لە شانان سووك نەبوو. چونکە یەکەم ئولفەتم بە دانیشتن و کارکردن لە بنکەی سابتدا نەگرتبوو. دووهەمیش لە گەڵ هەموو کادر و پێشمەرگەکانی حیزب بەرەوڕوو دەبووم و لەوە دەترسام دڵ ئێشیی تێدا بێتە گۆڕێ. بەڵام چار نەبوو، چونکە بۆخۆشم لەو بڕوایەدا بووم کە گردەنشینم و توانای گەڕانەوەم نەماوەو هەرچۆنێك بێ دەبێ لەگەڵی ڕابێم.

باجارێ داوەریی پاشە ملە نەکەین و ئەو مەسەلەیە بۆ کاتی خۆی هەڵ گرین و ئاوڕێك لە چۆنیەتیی ژیانی ئەو ماوەیەم بدەینەوە. لەخۆڕا نیە کە مامۆستا هێمن گوتوویەتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ـــ "مەلێکی فێری دارستان و لێڕ بێ        قەفەس پیری دەکا، با شووی لە زێڕ بێ".

منیش لە بەغدایە لەگەڵ ئەو هەموو حورمەتەی لێیان دەگرتم و هەمیشە دەورووبەرم ئاوەدانی و نەیان دەهێشت بۆ دەمێك بە تەنێ بم، دیسانیش دڵم پێی نەدەپشکووت و بیرم هەر لە لای شاخ و داخ و ڕژد و هەڵدێر و چیا و ئەستەمان بوو. گەلێك شەوان خەیاڵ بەرەو مەڵبەندی سەرهەڵدانم هەڵی دەگرتم و لەگەڵ هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانم بە ڕێگادا دەڕۆیشتم. باسك و یاڵ و ملەم وەدواخۆ دەدان و بەسەر گاشە بەرداندا دەکەوتم. لە شەوی ئەنگوستە چاودا خەونووچکە دەی بردمەوەو بەملاولای ڕێگایەدا ڕەتەڵم دەبردن و لە گژ چەقڵ و چێوو دڕو داڵان هەڵ دەپڕژام. هاواری زۆر لێ کراوانم بەگوێی دڵ دەبیست و لە گەڵ ژان و ئازارە دەروونییەکانیان دەژیام. هانام وەبەر وڵاتانی بێگانە دەبردو هاواری مەزڵوومانم بە گوێی دنیای مرۆڤایەتی ڕادەگەیاند. دەی جا ئەگەریش بڕواناکەن، فەرموون گوێ لە ناڵەی دڵی لە کوڵم ڕادێرن:

بە سۆزی دڵ هەرا دەکەم، پەردەی بێ دەنگی دەدڕێنم
دەڕۆم بەرەو جەرگەی خەبات، گەمارۆی دوژمن دەشکێنم
ڕێگای چەکم گرتۆتە بەر، جۆباری گڕ هەڵ دەبەستم
ئاڵقەی زنجیری کۆیلەتی، بە زۆری بازوو دەپسێنم
ڕێبواری تاسەی ئازادیم، بە ڕۆژ و شەو ڕاناوەستم
وەکۆ دەکەم بەرەی مرۆ، هاوار دەکەم، دەگوڕڕێنم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاڵەی ئاسن لە پێ دەکەم، دەیبەم پەیامی نیشتمان
ژان و ئازاری چەوساوان، لەلای گەلان دەدرکێنم
بە هێزی بەربڵاوی گەل، ناسۆرەکان دەوادەکەم
هەرێمە خۆشەویستەکەم، بە خوێن و خۆڵ دەنەخشێنم
لە هەردو زەردو ئاستەمان، ڕێگای خەبات بزر ناکەم
لەنێو شەوی دەیجوور و ڕەش، تابلۆی زێرێن دەخەملێنم
چڕوچیاو کاوان و کۆ، دەکەم بە گۆڕی کورد کوژان
داگیرکەرانی مافی خۆم، لە کوردستان، دەتارێنم

## نەخۆشخانەی بەغدا، شەوی 7ی گەلاوێژی 1366ی هەتاوی

هێشتا دوو ڕۆژ بوو نەشتەرگەری کرابووم و برینەکەم هەروا خوێنی لێ هەڵ دەچۆڕا، پاش نان خواردنی شەوێ پەرەستارێك هاتە ژوورەکەمان و بە دەست ئیشارەی دامێ و گوتی:

ـــ تەلەفوون بانگت دەکا.

هاتنە ژێر باڵم و بردیانم بۆ لای تەلەفوونەکە. کاتێك گووشی‌یەکەم هەڵ گرت، دەنگی کاك غەفووری هەمزەییم ناسیەوەو پاش چۆن و چاکی و هەواڵ پرسی گوتی:

ـــ باوکت زیاتر لە حەوتوووییەکە هاتووە بۆ لات، بەڵام لە سوونێ بەملاوە نەیان هێشتووە بێ و گوتوویانە "ئەحمەد بۆ مەئمووریەت چۆتە بەغدایە و بەم زوانەش ناگەڕێتەوە".



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتێك ئەوەم بیست ئەوەندەی دیکەش دەردم لێ گران بوو. چونکە دەمزانی باوکم ئەمن نەبینێ و بگەڕێتەوە، لەسەر دڵی دەبێ بە گرێ و قەتی لەبیر ناچێتەوە. زۆرم گلەیی لە کاك غەفووری کرد کە بانگی نەکردوە بۆ لای خۆی و هەواڵی منی بە ڕوونی بۆ نەگێڕابۆوە. پاشان داوام لێ کرد کە هەرچۆنێك بێ ئیجازەی بۆ وەرگرێ و بانگی کاتە لای خۆی، یان لە سلێمانی ڕای گرێ، یان بینێرێ بۆ قەڵاچوالان بۆ ماڵی مامە قالەی سووتوو هەتا دێمەوە. شەوی دوایە دیسان هاتنەوە بە دوامدا و هەواڵی تەلەفوونیان پێدامەوە. ئەو جارەیان دەم توانی بە ڕێگایەدا بڕۆم، دەستیان گرتم و چووینەوە بۆ لای تەلەفوونەکە. کاتێك گووشیم هەڵگرت، خێزانەکەی عەزیزی ئامۆزام بوو، پاش چاك و خۆشی کردن و هەواڵ پرسی گوتی:

ــــ حەز دەکەی هەواڵێکی خۆشت بدەمێ؟

ــــ جا کەس هەیە حەز بە هەواڵی خۆش نەکا؟

ــــ دەی کەوایە فەرموو لە گەڵ باوکت بدوێ!

بێ گومان ئێستا دەزانن چەندەم پێ خۆش بوو. کاتێك دەنگی بەسۆزو پڕ لە بەزەیی و لاوێنەری باوکانەی پەردەی گوێمی لەراندەوە، بە خۆم نەبوو فرمێسکی شادی بە چاوانمدا هاتە خوارێ، بەڵام لەبەر باوکم وەسەرخۆم نەهێناو ئاشکرام نەکرد.

دیارە باوکیشم قوڵپی گریانی لە ئەوکێ دابوو. پاش هەواڵ پرسی و من خۆش و تۆ خۆش گوتی:

ــــ ڕۆڵە گیان! ئەوە هەژدە ڕۆژە ئەمن چاوەڕوانی تۆم، ئەوە لە کوێی؟!

ــــ بابە گیان! نارەحەت مەبە، ئینشەڵڵا سبەینی بە خزمەتت دەگەمەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەوتینە بەیانی و تەلەفوونم لە کاك موتەلیب کردو هات بۆ لام. پێکەوە چووین بۆ لای دوکتورو داوای ئیجازەمان لێ کرد. بەڵام دوکتور گوتی:

ـــ دەبێ تا دوو مانگی دیکە لە ژێر چاوەدێریدا بێ و ناتوانم ئیجازەی چوونە دەر لە نەخۆشخانەت پێ بدەم.

بەڵام کاتێك پێم گوت باوکم هاتووە بۆ لام و ئەگەر نەچمەوە بۆ لای ڕەنگە هەرنەی بینمەوە، بە چاوێکی پڕ لە بەزەییەوە چاوی لێ کردم و گوتی:

ـــ ئەگەر وایە ئیجازەت پێ دەدەم. بەڵام پاش دە ڕۆژی دیکە دەبێ تەقەڵەکانی دەربێنن، لە کوێ دەتوانی دەریان بێنی؟

ـــ ئەوە بەسیتە، لە سلێمانی نەخۆشخانەی عەسکەریی لێیە، لەوێ دەتوانم دەریان هێنمەوە.

ئەو جار نامەیەکی بۆ نووسیم و دایە دەستم و گوتی:

ـــ لە هەر جێگایەك نەخۆشخانەی عەسکەریی لێ بوو، ئەو نامەیان پێ نیشان دە و هەرکارێکی هەت بێ بۆت جێبەجێ دەکەن. هەتا دوو مانگی دیکەش هەر ناڕەحەتییەکت بۆ هاتە پێشێ، بەو نامەیە وەرەوە لای خۆم.

دەستی لەنێو دەستی نام و منیش بە گەرمی سوپاسم کردو بەجێمان هێشت. ئەو جار هاتمەوە بۆ لای ڕەفیقەکانم، لە گەڵ ئەوانیش دەست و دەمی یەکترمان ماچ کردو پڕ بە دڵ لەوەی کە ئەو هەمووە حورمەتیان گرتم، سوپاسم لێ کردن، ئەوانیش هەتا بەردەرگای نەخۆشخانەکە لەگەڵم هاتن و ماڵاواییمان لە یەکتر کرد. ئیتر هەر لەوێوە چووین بۆ گاراج سواری تاکسی بووم و بەرەو سلێمانی وەڕێ کەوتین. هێشتا بانگی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیوەڕۆیەی نەدابوو گەیشتمەوە سلێمانی، چووم بۆ مەقەڕ هەواڵی باوکمم پرسی، ئەویش چوو بوو بۆ قەڵاچوالان. منیش خۆم پیێ نەگیرا سواری ماشێن بووم و چووم لە ماڵی مامە قالەی سووتوو دۆزیمەوەو پێك شادوشوکور بووینەوە.

باوکم زۆر ناڕەحەت بوو، هەر وەك ئەوە دڵی خەبەری دابیێ کە لە گەڕانەوەیدا بەسەر ڕووداوێکی تاڵدا دەکەویێ. هەر بۆیە تەنیا سیێ ڕۆژ لە لام مایەوەو ماڵاوایی لیێ خواستم، ئەوە ئاخرین جار بوو کە بینیم و، چاوم پێی نەکەوتەوەو دیدار ئاخرەتی بووم. بەڵام لە هەمووی ناخۆشتر پێش بینییەکەی خۆی دەقاودەق وەڕاست گەڕاو، بە سەر کارەساتێکی دڵ تەزێندا کەوتبوو. حەسەنی برام لاقی وەبەر ماکینەی گێرە(خرمن کوب) کەوتبوو و هەتا پشت ئەژنۆیەوە جنیبووی. دیارە دوو مانگ دواتر هەواڵەکەیان بە من دا.

هەر وەك پێشتر باسم کرد، دەفتەری سیاسی لە بنکەی سلێمانی کاریان بۆ دیاری کردبووم. بۆ باس کردن لەسەر شێوەی کاری داهاتوومان، لە گەڵ کاك غەفوور و کاك سەعیدی بەگزادە کە ڕاستەوخۆ دەبوومە هاوکاری ئەوی، کۆبوونەوەیەکمان کردو نامەی دوکتور کە دوو مانگ ئیستراحەتی بۆ نووسیبوم، دامە دەستیان و کاك سەعید گوتی:

ـــ ئەتۆ لە ئێستاڕا کادری بەشی دەرمانی و هاوکاری منی، هەتا ئەو دوو مانگەیە هەموو کارەکانت لە ئەستۆی من و لە هەرجێگایەك ئیستراحەتیێ دەکەی ئازاد بە و خەمی کارەکانت نەبیێ.

منیش کە بۆ هەڵ بژاردنی شوێنی حەسانەوەم کرابوومە سەرپشك، بەرەو قەڵاچوالان بۆ ماڵی مامە قالەی سووتوو بام دایەوە. ڕۆژانە لە گەڵ مامە قالە بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەردێن و قسەی خۆش دەمانگوزەراندو بە بەریەوە دیدەنیشمان دەکردن. لە قەڵاچوالانیش دەرمانگایەکی عەسکەریی لێ بوو، هەموو ڕۆژێك دەچووم بۆیان تەداوی(پانسمان) دەکردم و دەهاتمەوە. هەر لەو سەروبەندەدا سەرێکم لە نەخۆشخانەی عەسکەریی لە سلێمانی‌یەش هەڵێنا و تەقەڵەکانیشیان بۆ دەرێنامەوە. بەڵام ماوەیەکی زۆر برینەکەم لێ بەناسۆر کەوت و زۆر شەوان هەتا بەری بەیانی بە ئازارەوە دەتلامەوە. چەند ڕۆژێك بەو شێوەیە بەسەردا تێپەڕی و ڕۆژی 25ی خەرمانانی 1366یهەتاوی، دەفتەری سیاسی کەوتە بەر پەلاماری ڕێژنەی تۆپ و مووشەك بارانی کۆماری ئیسلامی و ژیانی ئاسایی لە هاوڕێیانمان حەرام کرد. بەشی هەرە زۆری ڕۆژ و شەوان دەبا لە ژێر زەمینی و کونە تەیاراندا ژیان بەرنە سەرێ. سەرەنجام درێژەکێشانی ئەو ڕەوتە ناچاری کردین کە ژن و منداڵ و پیر و پەك کەوتە و کەم ئەندامەکان بەرەو شاری سلێمانی ڕاگوێزین. سەرەتا میوانخانەیەکمان بۆ بەکرێ گرتن و پاشان کە هەلی گەڕانەوەیان هەر بۆ نەڕەخسا، ماڵێکی گەورەمان بۆ گرتن و بۆ ماوەیەکی کاتی لەوێدا جێگیرمان کردن.

هەر لەو پێوەندی‌یەدا هەرچەند ماوەی حەسانەوەکەم لە دوو حەوتوان تێ نەپەڕیبوو، بە ناچار گەڕامەوە بۆ سلێمانی و شانم لە کارکردن داخست. ئەرکی ڕۆژانەمان بردنی ئەو نەخۆش و بریندارانە بۆ لای دوکتور و بۆ نەخۆشخانەکان بوو کە لە نەخۆشخانەی خۆمان چارەسەر نەدەکران. بەشی هەرە زۆری کارەکەمان لە نەخۆشخانەی عەسکەری بوو. دەبا لە موخابەرات وەرەقەیەك وەرگرین و لە گەڵ نەخۆش یان بریندارەکە بی‌بەین بۆ نەخۆشخانەکەو بۆیان چارەسەر دەکردین. ئەگەریش لە سلێمانی چارەسەر نەکردبایە "کیتاب"یان بۆ بەغدا یان بۆ کەرکوك بۆ دەنووسین و بە پێی نێوەرۆکی ئەو نووسراوەیە لەوێ پێی ڕادەگەیشتین. بەڵام ئەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕاستی بێ ئەمن کاری نەخۆشخانە عەسکەرییەکانم زۆر لەسەر شانان گران بوو. چونکە: یەکەم بە هۆی شەڕی ئێران ــ عێراقەوە بریندارو کەم ئەندامەکان ئەوەندە زۆر بوون کە دوکتورەکانیش جاڕز ببوون و ئەو شێوە کە پێویست بوو نەیان دەتوانی بە نەخۆش و بریندارەکان ڕابگەن و هەتا نۆبەمان وەبەردەکەوت، دیقی ڕەشمان دەکرد. دووهەمیش ئەوە کە زمانی عەرەبیم نەدەزانی و کارەکانم بە زەحمەت بۆ بەڕێوە دەچوون. هەر بۆیە ناچار نەبام ڕووم تێنەدەکردو بە هۆی دوکتورەکانی دەرەوەو لە نەخۆشخانە گشتییەکان چارەسەرم دەکردن. بەڵام ئەویش هەروا هاسان نەبوو، ئەگەر نەخۆش یان بریندارێك پێویستی بە خەواندن هەبایە، دەبا لەسەر وەرەقەکەی مخابەرات ئیجازەی نەخۆشخانەی عەسکەری و ئیمزای بەرپرسی نەخۆشخانە هەبایە. دەنا دوکتورەکانی دەرەوە لە ترسی دەزگا حکوومییەکان نەیان دەوێرا لێمان گل وەدەن. نەخۆشخانەی عەسکەریش لە ترسی مخابەرات زۆر بە کەمی یان هەر نەیان دەنووسی. منیش کە بە تەواوی لە نەخۆشخانەی عەسکەری بێزار ببووم، شێوە خەت و ئیمزای مودیری نەخۆشخانە فێر بووم و، لەسەر وەرەقەکە دەم نووسی:

"لامانع بدخل مستشفى التعليمى لاجراء عمل الجراحيته"،

ئیمزای موقەددەم فەیدم لێ شەتەك دەدا و دەم برد بۆ دوکتورەکان. بەڵام ئەوەی چاك بوو مۆری پێویست نەبوو. دوکتورەکانی دەرەوەش زۆریان لێ نەدەکۆڵییەوەو کارەکانیان بۆ جێبەجێ دەکردین.

سەرەتا کارەکەم زۆر لە شان گران بوو. ڕۆژی واهەبوو زیاتر لە سی(30) نەخۆش و بریندارمان بۆ دەهات و دەبا هەتا ئێوارێ هەموویان بە دوکتۆر نیشان بدەین. هەر وەك



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشتریش باسم کرد، بە هۆی شەڕی بێ ئاکامی ئێران ـــ عێراقەوە نەخۆشخانە گشتی‌یەکانیش بە ڕادەیەك لە بریندارو کەم ئەندامان ئاخنرا بوون، بە هیچ باران نۆبە وەبەر نەدەکەوت. زۆر جاری وا هەڵکەوتووە کە بە چلەی زستانێ لە کات ژمێر 8ی بەیانی‌ڕا هەتا دووی دوانیوەڕۆیە بۆ ئیمزایەك لە نەخۆشخانەی عەسکەری لە سەرەی‌دا ڕادەوەستام هەتا نۆبەم دەگەیشتێ و سەرما لە قەبرغەی دەدام. لە هەر نەخۆشخانەیەك کەسێکت نەناسیباو یارمەتیی نەکردبای، کارەکەت بۆ بەڕێوە نەدەچوو. بە تایبەت ئەمن کە عەرەبیم نەدەزانی، زۆر وەدوا دەکەوتم.

ڕۆژان هاتن و تێپەڕین و منیش هێدی هێدی لە گەڵ کارەکەم ڕاهاتم و دۆست و ئاشنام پەیدا کردن. لە گەڵ زۆربەی کارمەندو دوکتورەکانی نەخۆشخانەی عەسکەری و گشتی‌یەکانیش بووین بە ڕەفیق و بە ڕادەیەك دۆستایەتی‌یەکەمان پتەو بوو کە بڕوای تەواومان بە یەکتر پەیدا کردبوو. لەو قۆناغە ترسێنەرەدا کە وەك دەڵێن: "کەڵ بە موو بەند بوو". گەلێك جاران و لە گەڵ بەشێکی زۆر لە دوکتور و کارمەندەکان باسی سیاسی‌مان دەکردو لەسەرو پێستی ڕێژیمی بەعسیشمان دەدا. بەڵام لە گەڵ ئۆرگانە حکوومی‌یەکانی وەك: موخابەرات، ئەمن و ئیستخبارات و... ئێستاش کە ئێستایە هەر ئاشنا نەبووم و چارەم نەدەویستن.

لەگەڵ هاوکارەکانیشم باش ڕێك کەوتبووین، هەموویان کوڕی باش بوون و حورمەتی یەکترمان دەگرت. بە تایبەت لە گەڵ کاك سەعید کە ڕاستەوخۆ ئەمن یاریدەدەری ئەوی بووم، بۆ یەك جاریش دەم بۆڵە یان لێك هەڵبەزینەوەیەك لە نێوانمان‌دا نەهاتە پێشێ. هەر بۆیە تەوژمی ئەو هەموو کارەو نازونوزی پێشمەرگەی نەخۆش و بریندارو بڕ و بیانووی لە ڕادەبەدەریش ماندوویان نەدەکردم و قوورسایی کارەکەم لەسەر شانم هەست پێ نەدەکرد. بە پێی چوارچێوەی دیاری کراوی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەركی ڕۆژانەم بەڕێوە دەبردو دڵی كادر و پێشمەرگەكانیشم ڕاگرتبوو. لە كاری ڕۆژانەمدا هیچ هەستم بە كەم و كوڕی نەدەكرد، بەرپرسی ئەو كاتی كۆمیسیۆنی كۆمەڵایەتی كاك مەلا حەسەنی ڕەستگار بوو كە ئەویش حورمەتی دەگرتم و كەسایەتیی دەپاراستم.

بەڵام سەرەتا ئەمن كە خووم بە گەڕان لە ناوچەدا و، تێكەڵاوی لە گەڵ خەڵكی حیزب دۆست و پێشمەرگە خۆشەویستی ئاوایی نشینەكانی وڵاتی خۆمان گرتبوو، لەو قەتیس مانەوە لە بنكەی سابتدا و، هەروەها هێندێك دیمەنی دزێوی كۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و... كە لە دەورووبەرم بە زەقی خۆیان دەنواندو لێرەدا خۆ بواردن لە وردە كاری‌یەكانی بە پێویست دەزانم، بێ پسانەوە ئازاریان دەدام و زەبری ڕووحی‌یان لێدەوەشاندم. زۆر شەوان تا بەری بەیانی بەخەبەر دەبووم و بیرم لێ دەكردەوە و خەرمانی خەمانم بەبا دەكرد، چونكە بە ئاشكرا دەمبینی كە كەسایەتیی كوردایەتیمان لەژێر چەكمەی كەسانی خۆفرۆش و چڵكاوچڵەپێن‌دا دەفلیقایەوەو، فەساد و... بە تەواوی لەبرەودا بوو. "شەپۆلی خوێن" سەردێڕی پارچە شێعریكە، كە لەو پێوەندی‌یەدا نووسیومە و، بۆ بیرەوەری ئەو ڕۆژگارە تاڵە لێرەدا تۆماری دەكەم:

## شەپۆلی خوێن

تابەكەی ژێر دەستە بین؟ تاكەی بچێژین تاڵەوار؟

تابەكەی مەینەت لەدەس چەرخی چەپی ناسازگار؟

بۆ لەنێو خوێنا بگەوزێ لاوی زانای نیشتمان؟

بێ خەتا كەوتۆتە بەر داسی ئەجەل چینی هەژار!



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەیکووژن بێ سووچ و تاوان دوژمنانی قین لە زگ!

هەڵمەتی بۆ سەر دەبەن، ڕاوی دەکەن، وەك گورگی هار!

ڕوو لە هەر لایەك دەکەی پرسەو پەژارەو ماتەمە!

کۆڕی شین و تەرمی خوێنینە لە دێهات و لە شار

بێ کەس و گردە نشین و بەشخوراو و و ڕەنجەڕۆ

دڵ شکاو و نامرادو هەڵ وەدا و زیر و زگار

تووشی هەڵدێر و پەڕیوەی دەستی جاش و جاکەشە

گیری داوی خۆ فرۆش و زۆڵە کوردی نالەبار

دەی وەرن کوردینە یەك بن، یەك گرن، دەی ڕاپەڕن

شۆڕشە دەرمانی ناسۆر و برینی نادیار

دەستی من داوێن و، هەستن بۆ خەباتێکی بەرین

کاتی هەڵمەت بردنە، دەی ڕێکەون گورج و بەکار

فرسەتە چەك هەڵ گرن ئەمڕۆکە ڕۆژی تۆڵەیە

بیکەنە سەنگەر، چڕ و ئەشکەوت و پێدەشت و بنار

بی ڕەتێنن چینی زۆردار و زەبەللاح و دەبەنگ

تەفر و توو ناکەن بە جارێکی قەڵا و کۆشك و تەلار

باوی یەخسیری نەما بۆ پێشەوە، مەکشێنەوە

با بیپرژێنێ چەکی دەستی کوڕان، مێشکی نەیار

بەڵێ: زۆری پێچوو هەتا لە گەڵ بارودۆخەکە هێندێك ڕاهاتم و نەختێك خووم پێ گرت، پاشان بەرەبەرە لەنێو دوکتورەکاندا و لەملاولا مرۆڤی مرۆڤ دۆست و ڕەوشت پاك و نیشتمان پەرستم ناسینەوەو، جاروبارە پرێسکەی دڵمان بۆ یەك دەکردەوە، سەبارەت بە داهاتووی چارەنووسی کوردان باسمان دەکردو هانم دەدان لە تێکۆشان سارد نەبنەوەو بۆ سەرکەوتن ناهومێد نەبن. لە پێوەندی لە گەڵ وەزعی ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی خۆیانەوە پرسیاریان لێدەکردم و بە پێی ئاگاداریم وەڵامم دەدانەوەو دڵ گەرمم دەکردن. دڵنیام دەکردن کە خەبات وەك پشکۆی نێو ژیلەمۆ وایە و، ڕۆژێك لە ڕۆژان دەگەشێتەوەو دەبێتە گڕکان و لە جەستەی داگیرکەران هەڵ دەگرێ.

با لەوە زیاتر لەسەر ئەو بەشە نەدوێم و بێمەوە سەر باسی بەڕێوەبردنی ئەرکی ڕۆژانەی خۆمان لە پێوەندی لە گەڵ چارەسەرکردنی نەخۆش و بریندارەکانمان. ئەو کات هاتووچۆ لە دەفتەری سیاسی‌یەوە بۆ بنکەی سلێمانی، جیا لەوە کە لاندکرۆزێرەکان کەم و زۆر لە هاتووچۆدا بوون، مینیبووسێکیش بەردەوام لە ڕێگادا بوو. بەیانیی هەرچی نەخۆش و برینداری ئەو ڕۆژە بوو دەیان هێنا و دەگەڕانەوە. ئێمەش بۆ خۆمان لاندکرۆزێرێکمان لە ئیختیار دابوو. لە کات ژمێر دووی دوانیوەڕۆیەوە کێشەوەمان لێ دەکردن و بە دوکتورانمان نیشان دەدان. ئەوەی نەخۆشی سەر پێیی بوو، هەر ئەو ڕۆژە دەرمانی بۆ دەنووسراو ڕۆژی دوایە بەڕێ دەکراوە. ئەگەریش کاری ئازمایش و عەکس بەرداری و... هەبایە، ڕۆژی دوایە سەر لە بەیانیی لە نەخۆشخانە گشتی‌یەکان بە خۆڕایی بۆمان جێبەجێ دەکردن. ئەوەش کە پێویستی بە خەواندن هەبایە، دوکتورەکان بۆیان دەنووسین و ڕۆژی دوایە سەر لە بەیانیی لە نەخۆشخانە گشتی‌یەکان دەمان خەواندن. دیارە هەر وەك پێشتر باسم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کرد، دەبا وەرەقەی مخابەرات و ئیجازەی نەخۆشخانەی عەسکەریشمان پیٚبایە کە بۆ ئەویش فیٚڵەکەم دۆزیبۆوەو بە گزی و فزی جیٚبەجیٚم دەکرد، بەڵام هیٚندیٚکیان کە دەمان زانی کارەکەیان قورسەو پیٚویستیی بە ناردن بۆ کەرکووك یان بەغدایە هەبایە، کات ژمیٚر هەشتی بەیانی دەمان بردن بۆ نەخۆشخانەی عەسکەری و بە هەر چەرمە سەرییەك بوو، ئەویشمان ڕووبەڕا دەکرد.

لە کورتی وەی بڕین هەر لە سەلاّی سبەینیٚوە هەتا جاسووس هەڵ دەگیرا، دەبا وەك مەکووکی جۆلاّی بیٚ ڕاوەستان لە هاتووچۆ دابین و گەلیٚك جاران نانی نیوەڕۆیەشمان بە پیٚوە دەخوارد. ئەوە جیا لەوە کە ئەگەر بریندار یان نەخۆشیٚکی کتوپڕ بهاتایە، شەو باو نیوەشەو باو بەری بەیانی با، بیٚ ڕاوەستان دەبا وەدوای کەوتباین و چی پیٚویست بوو، بۆمان ئەنجام دابایە.

ئەوانە هەموو لە جیٚی خۆی و بەڕیٚوەبردنی ئەرکی حیزبی بوون و بۆ کەس منەتی تیٚدا نەبوو. ئەوەی جیٚی نیگەرانی بوو، پیلانی ڕیٚژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ زەبر لیٚدانمان بوو کە بە شیٚوەی جۆراوجۆر خۆی دەنواند. بۆ ویٚنە: ڕۆژی 29ی گەلاویٚژی 1366، لە کاتیٚك دا بۆ بردنی نەخۆشەکان خەریکی خۆپیٚچانەوە بووین و هیٚشتا لە نهۆمی سەریٚ نەچوو بووینە خواریٚ، دەنگی تەقینەوەیەکی سامناکمان وەبەر گویٚ کەوت. کاتیٚك چووینە خواریٚ، شووشەی پەنجەرەی ئەو ژوورەی ئاشپەز و چایی چیەکەی تیٚدا نووستبوون، بە گشتی هەڵ وەریبوونە خواریٚ. چایی چیەکە کە مەربووتەیان پیٚ دەگوت و لەویٚ دریٚژ ببوو، کەللەی سەری پیٚوە نەمابوو. بە قەرینە وا ویٚدەچوو کە بۆمب و شتی والەی لە دەستیدا تەقیبیٚتەوە، بەڵام ئەو بۆمبەی لە کیٚ وەرگرتبوو و چۆن لە دەستیدا تەقیبۆوە، ئیٚستاش کە ئیٚستایە ڕوون هەر نەبۆوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له درێژەی کاری ڕۆژانەماندا جاروباره هاتووچۆی کەرکووکیشم دەکردو بریندارم بۆ دەبردن. بەڵام وەك پێشتر باسم کرد، دەبا له نەخۆشخانەی عەسکەریی سلێمانی کیتابیان بۆ وەرگرین و له کەرکووکیش دەچووینه مخابەرات و نەفەرێکیان لەگەڵمان دەهات بۆ نەخۆشخانەی عەسکەریی کەرکووك و بۆیان دەخەواندین. کاری ئەوێم زۆرتر له شانان گران بوو، چونکه لەوێ نه کەسم دەناسی و نه زمانی عەرەبیشم به باشی دەزانی، هەر چەند جار چووباین، دەبا نەفەرێکی مخابەرات که فارسیی دەزانی لەگەڵمان بایه.

هێشتا به تەواوی له بەروبوومی کارەکەم نەحەسابوومەوەو زیاتر له مانگ و نیوێك به سەردا تێ نەپەڕیبوو که نەخۆشی بەربینگی پێگرتمەوەو له قووژبنی نەخۆشخانەی پەستاوتمەوە. ڕۆژی 17ی ڕەزبەر بەیانیی که وەخەبەر هاتم، دڵم تێکەڵ دەهات و بەرموسوڵدانم پێچی پێدا دەهاتن. ماوەیەك خۆم لێگێل کردو وەسەر خۆم نەهێنا، بەڵام کارەکه لەوەی ترازابوو، خۆم پێڕا نەگیراو له عەرزی دام. به هەڵکەوت کاك سەعیدیش له ماڵێ نەبوو. هەروەها ڕۆژی هەینی و نەخۆشخانەکانیش تەعتیل بوون. ناردم بەدوای کاك غەفووری هەمزەییداو کاتێك هات و تێم گەیاند که شپرزەم به سەرمدا نووشتایەوەو گوتی:

ــ به خوا برا ئەمن شارەزای نەخۆشخانەکان نیم و نازانم بۆ کوێت بەرم!

ــ ئەمن بۆ خۆم شارەزام، خەمت نەبێ، ئەتۆ هەر بمگەیەنه دەرگای نەخۆشخانەی عەسکەری و کارت نەبێ.

سوار ماشێنی کردم و ئەوەندەم له بیره که بۆ نەخۆشخانەی عەسکەری ڕێ نوێنیم کرد. کاتێك وەهۆش خۆ هاتمەوە لەسەر تەختی نەخۆشخانه درێژیان کردبووم.

دوکتورەکان چەندی لە توانایان دابوو هەوڵیان دا، بەڵام ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژێ بەرەو خراپتر دەچووم. شووڕای دوکتورانیان بۆ گرتم و هەر پەیان پێ نەبرد. خڕۆکە سپییەکانی نێو خوێنەکەم چووە 45 هەزارو مەترسیی سەرەتانی خوێنی لێ دەکرا. هەموویان لەسەر ئەوە ڕێك کەوتن کە دەبێ نازۆری مەسانەم بۆ بکرێ و دەزگاکەشیان لە کار کەوتبوو و قەراریاندا بۆ بەغدایەم بەرێ کەن، بەڵام نەشتەرگەرەکان نەیان دەنووسی. پاشان دوکتور ئازاد ئیسماعیل حەققی بە کاك سەعیدی گوتبوو ئەگەر ئیجازەی نەخۆشخانەی عەسکەریم بۆ وەرگری نازۆرەکەی بۆ دەکەم. ئیجازەمان وەرگرت و لە نەخۆشخانەی گشتی خەواندیانم. سەرەڕای ئازاری میزەڵدانم یەکێك لە باتووەکانیشم پڕ ئاوسابوو. کات ژمێر هەشتی بەیانی بردیانم بۆ دیوی نەشتەرگەری و بێ هۆشیان کردم. لە کاتی نازۆرڕەکەدا دوکتور ئاوساوییەکەی دیبوو و ئەویشی عەمەل کردبوو. ئاکامی نازۆرەکەش وای نیشان دابوو کە میزەڵدانم دوو سێ قوڵکەی تێ کەوتوون و لەنێو خۆیاندا چڵکیان کۆکردۆتەوەو دەواو دەرمانێکی زۆریان دەرخوارد دام. سەرتان نەیەشێنم ئەو جارەشیان 48 ڕۆژان نانی نەخۆشخانەم خوارد، بەڵام تا ئێستاش ئەو نەخۆشییە هەر بەردەوامەو نێوە نێوە دەبێ دەرمانانی بۆ بخۆم.( بڕوانە وێنەی ژمارەی (13)

## پەڕاوێزەکان:

1) کاك حەمەدەمین خەڵکی بانە و لە زەمانی شایدا ماوەیەك لە بەندیخانەدا بوو. لە کۆنگرەی حەوتدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرا، لە کۆنگرەی هەشتەمدا کاندیدا نەکرابوو. لە کۆنگرەی نۆدا چەندی لە گەڵمان گوت خۆی کاندیدا نەکرد. لەو ماوەیەدا بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری لە ئەستۆ بوو، ماوەیەکی زۆر لە چاپەمەنیدا کاری کرد. ساڵی 1370ی هەتاوی بە هۆی نەخۆشیی خێزانی و هێندێك تەنگ و چەڵەمەی دیکە، ڕێگای دوورە وڵاتی گرتە بەر و، ئێستا لە وڵاتی نۆروێژ بە پەنابەری دەژی.

2) هەر چەند جار چووباینە نەخۆشخانە، دەبا وەرەقەی مخابەراتمان پێ بێ دەنا وەریان نەدەگرتین.

3) ئەو کات ماشێنی خۆمان هاتووچۆی نەدەکرد و هەر بە تاکسی نەخۆشیان بەڕێ دەکردن.

4) کاك موتەلیب خەڵکی بۆکان و یەکێك لە کۆنە کادرەکانی حیزب بوو کە بۆ پێڕاگەیشتنی نەخۆش و بریندارەکان لە بەغدایە بوو. پاشان نەقڵی کۆمیسیۆنی ماڵی کرا و ئەرکی حیساب داریی پێ سپێردرا. ساڵی 1373ئەویش ماڵاوایی لێ خواستین و ئێستا لە وڵاتانی دەرەوە بە پەنابەری دەژی.

5) نازوور(ئاندۆسکۆپی) شیلانگێکە(سۆندە) بە درێژایی میترێك و بە قەدەر قامکە تووتە ئەستوورە. سەرێکی لامپێکی پێوەیەو سەرەکەی دیکەشی دووربینە. عەیب نەبێ بە چووکیدا بۆ نێو میزەڵدانی بەڕێ دەکەن و بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لوولەی میزەڵدان‌دا بۆ نێو گورچیلە سەر دەکەوێ و بە دوور بینەکە دەی پشکنن. هەر ئەو نازووڕە بۆ گەدە(معدە)ش کەڵکی لێوەردەگیرێ.

## کۆنگرەی هەشتەم و ئاکامەکەی

سەروبەندی بەستنی کۆنگرەی هەشتەمی حیزب بوو، کۆنفرانسی هێز و کۆمیتەی شارستانەکان گیرابوون و نوێنەریان بۆ کۆنگرە دیاری کردبوون. ڕۆژی 9 ی سەرماوەزی 1366 کۆنفرانسی کادرەکانی ئۆرگانەکانی دەوروبەری دەفتەری سیاسی بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە دەستی پێکرد. کۆنفرانسێکی بەرین و لە پلەیەکی بەرزدا بوو، سەرجەم ئەندامانی دەفتەری سیاسی بە سکرتێری گشتیی حیزبەوەو بەشێك لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە گەڵ 151 کادری بەشدار لە کۆنفرانس‌دا ئامادە بوون. لەبەر ئەوە کە ماوەیەکی زۆر نەبوو ئەمن لەو ئۆرگانەدا کارم بۆ دیاری کرابوو: خۆم کاندیدا نەکرد. کۆنفرانسەکە نزیك بە دوو شەو و ڕۆژی خایاندو باسەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تا بلێی پڕ نێوەرۆك بوون، نوێنەرمان هەڵ بژاردن و بەرەو شوێنی تێکۆشانمان گەڕاینەوەو چاوەڕوانی بەستنی کۆنگرە بووین. بەڵام بە مەبەستی چوارچێوەی پاراستنی نهێنی کاری، کات و شوێنی بەستنی کۆنگرە بە تەواوی شاراوە بوو.

ڕۆژی 26ی بەفرانبار مەئموریەتیان دامێ کە موهەندیس خەیاتی بەرم بۆ بەغدایە، ئەو جارەیان بە ماشێنی خۆمان چووین، بەیانیی سوار بووین و بۆ دوانیوەڕۆیە گەیشتین. ئەو شەوە لەوێ مامەوەو بەیانیی بەرەو سلێمانی گڤڤەمان لێ کردەوە. کاتێك گەیشتمەوە، نوێنەرانی کۆنگرە بە گشتی لە بنکەی سلێمانی ئامادە بوون. وادیار بوو پێشتر بۆ شوێنی بەستنی کۆنگرە لە سلێمانی مشووریان خواردبوو، بەڵام لە بەر ئەوە کە نەوەکا دوژمن پێ بزانێ و بۆسەیەکمان بۆ بنێتەوە، لە کەس ئاشکرا نەبوو.

سەرەنجام ڕۆژی 28ی بەفرانباری 1366یهەتاوی کۆنگرە دەستی بە کار کرد، ئەمن هەر وەك پێشتر باسم کرد، لە کۆنگرەدا بەشدار نەبووم. بەڵام وەك باسیان کردو پاشانیش ئاکامەکەی دەرکەوت، کۆنگرەیەکی پڕباس و بە قڕەو قوولە بوو. شێوەی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و تەنانەت جێگرەکانیش وەك کۆنگرەکانی پێشوو نەبوو. کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن کە لە یەکەم ڕۆژی دەست پێ کرانی کۆنگرەدا هەڵبژێردرا بوو، لەسەر لیستێکی 25 کەسی بۆ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ڕێك کەوتبوون، لیستەکە لیستی "فیکس" بوو، واتە هەر کەس ناوی لەو لیستەیەدا نەبایە، بۆی نەبوو خۆی کاندیدا بکا و دەنگ دەرانیش تەنیا ئا، یان نا، یان دەبا لەسەر لیستەکە نووسیبایە و بۆیان نەبوو چەند کەسێکی لێ هەڵبژێرن.

لیستەی پێشنیارکراو بە کۆنگرە لە لایەن کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەوە بۆ کۆمیتەی ناوەندی لەم کەسانەی خوارەوە پێك هاتبوو:

1) کاك دوکتور قاسملوو، ئەندام
2) " دوکتۆر سەعیدی شەرەفکەندی، "
3) " دوکتۆر حوسێنی خەلیقی، "
4) " مستەفای هیجری، "
5) " حەسەنی شەڕەفی، "
6) " بابا عەلی مهرپەروەر، "
7) " سەیید سەلام عەزیزی، "
8) " فەتاحی عەبدوولی، "
9) " حەسەنی شیوەسەڵی، "
10) " برایمی لاجانی، "
11) " مەنسووری فەتاحی، "
12) " حەمە نەزیف قادری، "
13) " جەعفەری حامیدی، "
14) " تەیمووری مستەفایی، "
15) " غەفووری هەمزەیی، "



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

16) " عەبدوڵڵا شەریفی، "

17) " مەحموود دەشتی، "

18) " سەیید ڕەزا دروودگەر "

19) " عەبدوڵڵا قادری "

20) " جەلیل گادانی "

21) " فەتاحی کاویان "

22) " حوسێنی مەدەنی "

23) " سەدیقی بابایی "

24) " عوسمانی ڕەحیمی "

25) " ئەبووبەکری ڕاد "

26) " سەدیقی فیرووزی جێگر

27) " حەمە عەلی عەنایەتی "

28) " سەید ئەحمەدی حوسێنی "

29) " مستەفا مەولوودی "

30) " عومەری حامیدی "

31) " عەبدوڵڵا ئیبراهیمی "

32) " ڕەحمان ڕەحیمی (چەکۆ) "



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

33) " مامۆستا گۆران "

34) " سەید برایمی کەریمی "(1)

کاتێك لیستی پێشنیارکراوی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن بۆ نوێنەران خوێندرایەوە، ژمارەیەکی بەرچاو بە دژی ڕاوەستان و ئەو شێوە هەڵبژاردنەیان بە پێشێل کرانی دێمۆکراسی و... لە قەڵەم دا. سەرەڕای وەی کە لیستەکە دەنگی متمانەی زۆرینەی بەشدارانی کۆنگرەی وەرگرتبوو، بە هیچ باران نەچوونە ژێر بار و تەنانەت کاك جەلیلی گادانی، کاك فەتاحی کاویان، کاك حوسێنی مەدەنی، کاك سەدیقی بابایی، کاك عوسمانی ڕەحیمی، کاك ئەبووبەکری ڕاد و، لە جێگرەکانیش مامۆستا گۆران و کاك سەید برایمی کەریمی، کاندیدا بوونی خۆیان لە لیستەکەدا ڕەت کردەوەو تێکەڵ بە ڕیزی ناڕازی‌یان بوون. بەڵام لەبەر ئەوە کە لیستەکە بە دەنگی زۆربەی دەنگ دەران پەسند کرابوو، سەرکەوتنی کۆنگرە و ڕەوابوونی مسۆگەر بوو. ڕادەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیش دەستی تێوەرنەدراو هەر ئەو نۆزدە کەسەی کە لە لیستەکەدا مابوون، بە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دیاری کران.

راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی و بڕیاراتی کۆنگرە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کران و لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی‌دا، کاك دوکتور قاسملوو بە سکرتێری گشتیی حیزب هەڵ بژێردرایەوە. بۆ ئەندامانی دەفتەری سیاسیش کاك دوکتور سەعید، کاك مستەفای هیجری، کاك حەسەنی شەڕەفی و کاك بابا عەلی مێهرپەروەر هەڵ بژێردران. جێی سەرنجە مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە خۆی کاندیدا نەکردو هەر وەك کادرێکی سادە لە چاپەمەنی‌دا کاری وەئەستۆ گرت. کار دابەش کرایەوەو بەرپرسان بۆ شوێنی کارو تێکۆشانیان گەڕانەوە. بەڵام مەسەلەکە هەر بەوە کۆتایی

نەهات و تەبلیغ بە دژی "لیستی فیکس" بوو بە ئاوری بن کایەو دانەمرکایەوە. لك و پۆپی لێ بڵاوبوونەوەو تەشەنەی کردە نێو ئۆرگانەکانی حیزب و بۆ نێو بەدەنەشی تەنیەوە. بوو بە بنێشتە خۆشکەی سەر زاران و گەلێك کادر و پێشمەرگەی بەوەجی حیزبەکەمانی تووشی دڵەڕاوکێ و ڕاڕایی کردن. سەرەڕای پڕوپاگەندەی نێو خۆیی، کەم نەبوون ئەو کەس و لایەنانەی دەورووبەریشمان کە بە مەبەستی بەرژەوەندیی کاتی خۆیان ئاگرەکەیان خۆش دەکردو زامەکانیان دەکولاندنەوەو بۆ لەبەر یەك ترازانی ڕیزەکانی حیزب لە هەوڵدا بوون.

سەرەنجام بەداخەوە ئاواتی نەیاران وەدی هات و خەونەکە وەڕاست گەڕا. ڕۆژ 1ی خاکەلێوەی 1367ی هەتاوی، بەشێکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگەکان بە دەرکردنی بەیاننامەیەك ماڵەخۆیان کردو لەژێر ناوی "حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ"دا، سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاندو ئێمەشیان ناو نا "فراکسیۆنی قاسملوو ـــ شەرەفکەندی"! . ئەو کردەوە زیانبارە بوو بە هۆی ئەوە کە حیزبیش هەڵوێست بگرێ و بێ وەڵامیان نەهێڵێتەوە. هەر بۆیە لە ڕاگەیاندراوی دەفتەری سیاسیدا بڕیاری دەنگ لێ دابڕین (بایکوت)ی بۆ دەرکردن و ناوی "لادەر"یشی بەسەردا بڕین.

ئەو لێك دابڕان و لێك سوور بوونەوە لەو قۆناغە ناسکەدا زەبرێکی بەژانی لە پەیکەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان وەشاند، دوژمنی پێ خۆش کردین و دۆستان و خەمخۆرانی کوردی ماتەم بار و ڕەشپۆش کردن. گەلێك کادری خاوەن ئەزموون و پێشمەرگەی قاڵ بووی کوورەی خەبات و کارامەیان ڕەگەڵ کەوتن کە بە هاسانی جێگایان پڕ نەدەبۆوە. بێجگە لە زۆربەی نزیك بە تەواوی کادر و پێشمەرگەکانی ناوچەکانی مهاباد و بانە کە ڕەگەڵ ئەوان کەوتن، ڕۆژ نەبوو چەند کادر

و پێشمەرگە لە ناوچەکانی دیکەش خۆ نەدزنەوەو پاڵیان وێ نەدەن و سەرجەم ژمارەیان لە چوارسەدو پەنجا کەس تێدەپەڕی. جێی سەرنجە کە زۆربەشیان پێش ڕۆیشتنیان پاکانە حیسابیان دەکردو هیچیان لەگەڵ خۆیان نەدەبرد. کورت و کرمانجی کەمی خایاند کە لە دۆڵە ڕەقە(2) جێگیربوون و ڕادیۆ و دەزگای چاپەمەنیشیان دامەزراند. کۆمیتەی ناوەندییان هەڵ بژاردو کاک جەلیلی گادانی بوو بە سکرتێری گشتیی و کاک حەسەنی ڕەستگار، کاک فەتاحی کاویان، کاک هاشمی کەریمی و کاک حوسێنی مەدەنیش بوونە ئەندامی دەفتەری سیاسی و کۆنگرەی هەشتەمیان بە ناشەرعی لە قەڵەمدا.

لە هەمووی ناخۆشترو جێگای داخ‌تر ئەوە بوو کە بەشی هەرە زۆری پڕوپاگەندەی ڕادیۆ و چاپەمەنیی هەر تك لا، شەڕە دەندووکە و ناووناتۆرە لێك نان و پلاری توانج و تەشەر لە یەك گرتن بوو. ئەوانەی تا دوێنێ یاری غار و لە تەنگانەدا پەنا و پشتیوانی یەکتر بوون، سەنگەریان لێك گرت و خوێنی یەکتریان ڕشت! حیزبی دێمۆکرات تا ئەو کاتە گەلێك قۆناغی پڕ لە کارەساتی بەجێ هێشتبوون و لە زۆر بواری ناهەموار پەڕیبۆوە. زۆر جاران بۆ لە بەریەك هەڵ وەشان و تەفروتوونا کردنی هەوڵ درابوو، زۆر پیلانی لەنێو چوونی بۆ ڕێك خرابوون کە لە هیچ کام لەو قۆناغانەدا خۆی بەدەستەوە نەدابوو. سەر بەرزانەو سەرکەوتوانە کۆسپەکانی سەر ڕێگای تێکۆشانی تەخت کردبوون و لە کڵ دەرهاتبوو. ئەوانە کۆمەڵە ئەزموونێك بوون کە دڵخۆشیی خۆم پێ دەدانەوە. بەڵام کارەساتی ئەم قۆناغەیان لە هەموان پڕ مەترسی‌ترو لە گوێن ئەوانی دیکە نەبوو.

دوژمنانی بزووتنەوەی گەلەکەمان بە تەمای لە بەریەك هەڵ وەشانی حیزبی دێمۆکرات، سمێڵیان ماڵیبوونەوەو بۆ شایلۆغانی توانەوەمان خۆیان لە دەسك نابوو.

تەنانەت زۆر کەس لە دڵسۆزانی حیزبیش لەو بڕوایەدا بوون کە حیزبی دێمۆکرات بۆ هەتا هەتایە نسکۆی بردووەو خۆی پێ ناگیرێتەوە. کەچی بە خۆشی‌یەوە هەموو بۆچوونەکان بە پێچەوانە دەرچوون و گشت ئاواتەکانی دوژمنان لە گەڵ ناکامی بەرەوڕوو بوون. ڕێبەرایەتی حیزب بە پەلە وەخۆ کەوت و بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشایی‌یەی نێو ڕیزەکانی، هەنگاوی پێویستی هەڵ گرت. دیارە ئەگەریش لە هەقێ لا نەدەین، ئەو کادر و پێشمەرگانەی بەجێ مابوون، تا ڕادەیەکی زۆر پوخت و پالاوتە یەك دەست بوون. سەرلەنوێ کار دابەش کرایەوەو قورسایی ئەرکەکان بە سەرهەموان‌دا بەش و ڕیش کران. بە گیانێکی پڕ لە تەبایی و هاوفکری و مایەدانان لە خۆمان شانمان وەبەرداو بە هەست کردن بەو بەرپرسایەتی‌یە قورسەی مێژوو خستبوویە سەرشانمان، تێ ڕاچووین.

لەو کەش و کوڵەدا کاك سەعیدی بەگزادەش کە پێکەوە لە سلێمانی کاری دەرمانی‌مان دەکرد، ڕەگەڵ ئەوان کەوت و بەرپرسایەتیی بەشەکەی بەجێ هێشت. لەو پێوەندی‌یەدا ڕۆژێك کاك غەفووری هەمزەیی بانگی کردم و گوتی:

ــــ براله ! ئەوا سەعیدیش ڕۆیشت و بەجێی هێشتین، لەم کاتە ناسکەش‌دا کەسێکی وا نی‌یە ئەو بەرپرسایەتی‌یەی پێ بسپێرین، ئێستاش ڕۆژێکە و ئەوڕۆ، برای چاك بە شانی وەبەردە، بەڵێنیت پێ دەدەم هەمووومان بە دڵەوە یارمەتیت دەکەین و ناهێڵێن تینت ڕێ کەوێ.

هەر لەو پەیوەندی‌یەدا لە لایەن دەفتەری سیاسی‌شەوە بانگ کرام و داوایان لێ‌کردم کە ئەو بەرپرسایەتی‌یە وەئەستۆ گرم. منیش بەڵێنیم پێ‌دان کە لەو هەل و مەرجە ناسکەدا ئەرکی دووچەندانە وەئەستۆ گرم و چەندی لە توانام‌دا بێ خۆی بۆ

ماندووکەم. لە گەڵ کاك باباعەلی مێهرپەروەر کە بەرپرسایەتی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی لە ئەستۆ بوو، پێکەوە دانیشتین و چوارچێوەی کارمان دیاری کردو گەڕامەوە بۆ سلێمانی.

حیزبی دێمۆکرات یەکێك لە قۆناغە دژوارەکانی ماوەی تەمەنی خۆی دەپێوا. ئەرکێکی فرەتر کەوتبوە سەرشانی کادرو پێشمەرگەکان بە گشتی و ڕێبەرایەتیی حیزب بە تایبەتی. دەبا بە هەست کردن بەو بەرپرسایەتی‌یەی مێژوو خستبوویە سەر شانمان هەنگاو بنێین و فیداکاری و لەخۆبووردوویی زیاتری بە کردەوە لە خۆمان نیشان بدەین. منیش بەش بە حاڵی خۆم لە ئازاری ئەو زامە قووڵە بێ‌بەش نەبووم و بێ پسانەوە بیرم لێ دەکردەوەو پێ‌یەوە دەتلامەوە. چەندی لێکم دەدایەوە پڕ کردنەوەی ئەو کەلەبەرە لەو کاتە ناسکەی خەباتی گەلەکەماندا کارێکی هاسان نەبوو. زۆر شەوان هەتا بەری بەیانی بەخەبەر بووم و خەو نەدەچووە چاوانم، ڕەنگدانەوەی ئەو قۆناغە ناسازگارەو ئەو ڕووداوە جەرگ برە، بوو بە هەوێنی شیعری "ڕاستە ڕێ" و پرێسکەی دڵی کەیلی خەمانی پێ‌کردمەوە. لووزەوی سکاڵای لە نووکی خامەوە پێ هەڵ ڕشتمە سەر دەشتی کاکی بە کاکیی کاغەز و خەرمانی خەمانی پێ شەن و کەو کردم. بۆ ئەوەی ئێوەشم لە کڵپە و بڵێسەی گرکانی دەروونم ئاگادار کردبێ، دەقاودەق تۆماری دەکەم و لە پێشتانی ڕۆدەنێم :

## ڕاستە ڕێ

خۆزگە شوانێ بام لە چۆڵ و هەردو زەردو لێڕەوار

دەرفەتم با هەڵ مژم تێر بۆنی کوێستانی بەهار

دەستی‌دا با دەستی گۆوەندم کچی ساکاری دێ

دۆی گەڕی شەو داوەتم با شەنگە بێریی نازدار

نامەوێ سەیری تیئاتر و سینەما و پارك و شەقام

گەر لە دەورم چۆپی بگرن کیژی نێو چیغ و دەوار

دەنگی بالۆرەم لە گوێ بێ لەو چیا و زۆزانەدا

جا لە بۆ چیمە کەمانچە و عوودو ئاکاردۆن و تار

ناڵە ناڵی سۆزی شمشاڵم هەبێ تاکوو بژیم

شەرتە گوێ نەگرم لە بۆ سەنتوورو سازو ئۆرگی شار

شەربەت و شەکراوی من بێ ئاوی کانیاوی چیا

شەرتە لێوم تەڕ نەکەم تا هەم بە مەشرووبی نەیار

من کە سامڕەندو قەڵا گاوزۆزك و قەندیلم هەبێ

نامەوێ کۆشکی زەلام و نامەوێ قەسرو تەلار

گەر بە سەربەستی وەسووڕێم لەو چیا و زۆزانەدا

ئەو پەڕی سەر بەرزیە ژینم لەنێو ئەشکەوت و غار

من وەلیی دێوانەم و شێتی شەمی کوردایەتیم

با بڕێژن خوێنی ئاڵی من لەسەر کوردی هەژار

تەرمی خوێنینم دەبێتە مەشخەڵی ڕێگای نەجات

با بخەملێ زێدی باوانم بە چەشنی لالەزار



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەر فیدای مافی خوراوم بم لە بۆم شانازی‌یە

بەڵکوو بەربێنیّ نەمامی خوێن بەهای لاوی بەکار

بولبولی خۆشخوانی کاتی سەربەخۆییم و بەڵام

نایەڵیّ نووزەم لەبەر دەربیّ شەوی دەیجوور و تار

هەڵۆەداو گردەنشینم، زامی جەرگم کاری‌یە

دەرکراوی نیشتمان و دڵ برین و کۆڵەوار

نایەڵن تاویّ لە زێدی کۆنی خۆمدا بسرەوم

تێر بکەم سەیری سروشت و باخی ڕازاوەی بەهار

بۆ لەمن بێگانە بن خزم و براو دۆست و هەڤاڵ؟

بۆ نەبینم چاوی کاڵی کیژی شەرمنیی لەبار؟

بۆ دەبیّ، بیّ سووچ و تاوان بێن و بەرگوللەم بدەن؟

کەی ڕەوا وایە لەسەر مافم بچێژم تاڵەوار؟

لێم گەڕێن با هەستی گڕگرتووی دەروونم دربڕم

با بکەم شیوەن لە داخی چەرخی دوونی نالەبار

دەردی من دەردی نیفاق و شینی بیّ مخۆری‌یە

بوومە گەپچاڕی وڵات و پەندو لۆمەی ڕۆژگار

غەرقی ڕەنجی دەردە کوردو بەندی زیندانی جەفام



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵمەتێکی وام نەدی ئاواڵەکا بۆم ڕێی لەبار

ڕوو لە هەرلایەك دەکەم بێ یارو دۆست و هاوەڵم

چۆن نەناڵێنم بە چەشنی بولبولی زار و زگار؟

ئێرسی مەجنونە خەڵاتم، هەر دەوەدرد و بێ مەکان

هاودەمی وەرزی خەزانم، وشك و زەرد و لێو بەبار

چۆن نەکەم شیوەن کە نیمە خەم ڕەوێن و هاودەمێ؟

بێ گراوی چۆن لە کونجی خەڵوەتا بگرم قەرار؟

بۆ نەبینم خاکی ڕازاوەی وڵاتە جوانەکەم؟

بۆ بە ئازادی نەبیسم دەنگی هۆهۆی جووتیار؟

حەز دەکەم تاوێکی هەڵ گورمێم کەچی لێم ناگەڕێن

دووکەڵی باڕووت و ساچمەو دەنگی بۆمبای بێژمار

تابەکەی دایکی وەتەن جەرگی بەکوچکێ وەردرێ؟

تابەکەی کیژی برا کووژراو بگێڕێ شین و زار؟

تابەکەی ناگاتە مەنزڵ قافڵەی کاروانی کورد؟

تابەکەی وەتڵی بە ئێشی زامی کۆنی نادیار؟

تابەکەی دەس بەستەو کۆیلە و ئەسیری دێوی شەڕ؟

تابەکەی پڕ بێ لە ڕۆڵەی گەل سیاچاڵی نەیار؟

دووکەڵی ئاهی دەروونی بێوەژن مەحشەر دەکا

بۆتە قەقنەس جەرگی دایکی دڵ شکاوی بێ قەرار

بۆ دەبێ بوارێ نەڕەخسێ دەستی تۆڵە ستێنی گەل

قورگی زاڵم ڕاگوشێت و پێی بچێژی تاڵەوار؟

چاری دەردی کوردەواری یەکیەتی و هاودەردی‌یە

وادەڵێ پیری جیهاندیدەی گەڕیدەی رۆژگار

"قادری" هەق خوێنی پێویستە و دەبێ بستێندرێ

راستە ڕێ بە، لامەدە بۆ ڕژدو چەوت و خێچ و خوار

ماوەیەك بەسەردا تێپەڕی و بەرەبەرە کەش و کۆلەکە نیشتەوەو بە خۆشی‌یەوە دەرکەوت کە زەبرەکە کاتی و بۆ سەردەمێکی کورت بوو. بە بێ لە خۆبایی بوون دەتوانم بڵێم بە هۆی دووربینی و کارزانیی ڕێبەری مەزنمان شەهید دوکتور قاسملووی نەمر، هەروەها فیداکاری و لەخۆبووردوویی سەرجەم کادر و پێشمەرگەکان، نەك هەر کەم و کۆڕی‌مان پێوە دیار نەبوو، بەڵکوو هەنگاوێکیش بەرەو پێشەوە ڕۆیشتین. ڕیزەکانی حیزب دووچەندانە پتەوترو یەکگرتووتر بوون و گیانی هاوکاری و برایەتی و بڕوا بە یەك بوون، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر خۆی دەنواندو بە هێزتر دەبوو. سرت و خورت و دەستەبەندی بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ خاشەبڕ کرا و سەداقەت و نیاز پاکی جێگای مەزنی خوازی و مەقام تەڵەبیی گرتەوە. هەموو ئەو تۆمەت و بوختان و قسەلۆکانەی بۆ حیزب وەڕێ خرابوون نەك هەر خەڵکی کوردیان لە حیزب نەتەکاندەوە، بەڵکوو بە کردەوە دەرکەوت کە حیزبی دێمۆکرات هەر لە جێگای خۆیەتی و هەروا چرای ڕێ

ڕوون کەرەوەی ڕێگای سەختی خەبات بۆ وەدی هێنانی مافی ڕەوای نەتەوەکەمانە و بەو بایانە نالەرزێ.

کاتێك ئەوەم بەکردەوە بۆ دەرکەوت و دڵنیا بووم کە ڕەنجەڕۆ و شەرمەزاری شەهیدەکان و خەڵکی کورد نەبووین، ئۆخژن بە دڵمدا هات و پڕ بە دڵ شانازیم بە خۆمەوە کرد کە ئەندامی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و درێژەدەری ڕێگای پڕ لە شانازی و پڕ لە سەروەریی شەهیدە سەربەرزەکانم.

## پەراوێزەکان:

1) سەرچاوەی ئەو لیستەیە: نیو سەدە تێکۆشان، بەرگی دووهەم، نووسینی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

2) دۆڵە ڕەقە و قەڵا سەیدە ناوچەیەکی وێران کراوی دەستی بەعسی‌یەکان بوو لە چەند کیلۆمیتریی شارۆچکەی ڕانیە.

## چۆنیەتیی کارکردنم لە سلێمانی دوای ڕۆیشتنی کاک سەعیدی بەگزادە

بە ڕۆیشتنی کاک سەعیدی بەگزادەو وەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتیی بەشی دەرمانی لە بنکەی سلێمانی، قورسایی ئەرك و تەوژمی کاری ڕۆژانەم دووچەندانە لەسەر شان بار ببوو. جیا لەوە کە کات ژمێر دووی دوانیوەڕۆیە دەبا پازدە بیست نەخۆش و گەلێك ڕۆژان زۆرتریش بۆ دوکتور بەرم، بەیانی‌یانیش بۆ عەکس بەرداری و ئازمایش و خەواندنی نەخۆشان دەبا لە کات ژمێر حەوت و نیو هەتا نیوەڕۆیە سێ چوار



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەخۆشخانان گەڕابام. هەروەك لە پێشدا باسم كرد، نەخۆشخانەی عەسكەریش كە زۆر جاران پێی موحتاج بووم، بە ڕادەیەك لە بریندااران ئاخنرابوو گەلێك ڕۆژان لە بەیانییەوە هەتا دەمی نیوەڕۆیە نۆبەم نەدەگەیشتێ، بەو پێیە نەخۆشخانەكانی دیكەش كاتیان بەسەر دەچوو و كارەكانم نیوەچڵ دەمانەوەو پرتە و بۆڵەی پێشمەرگەی نەخۆش و برینداریش سەرباری دەردان. هاتووچۆی تیكریت و كەركووكیش بۆ پێڕاگەیشتنی بریندارو تێكردنەوەی لاقی كەم ئەندامەكان، ئەوەندەی دیكەش شان و پیلی داگرتبووم.

سەرەنجام لە نەخۆشخانەی عەسكەری بۆ پێڕاگەیشتنی بەشی گشتیی نەخۆشەكان لە گەڵ دوكتور عومەر محەممەد شەریف كە دوكتورێكی كورد زمان و حیزب خۆشەویست بوو، بوو بە ئاشنام و بۆ بەشی نەشتەرگەریش لە گەڵ موقەددەم فەریدی عارەبی زمان كە بەرپرسی نەخۆشخانەكەش بوو، ڕێك كەوتم. ڕێك كەوتنەكەش ئەوە نەبوو كە بەرتیلم دابنێ و زیانم بە حیزب گەیاندبێ، تەنیا ئەوە بوو كە دوانیوەڕۆیان وێڕای دوكتۆرەكانی دیكە نەخۆش و بریندارم دەبردن بۆ عەیادە(مطب)كەی خۆیان. ئیتر خوا وەتحەسێنێ بەیانیی كە دەچووم لە هەر جێگایەك دیبایانم لە چاوەڕوانیدا ڕایان نەدەگرتم و جێبەجێ كارەكەیان بۆ ڕادەپەڕاندم. بۆ نەخۆشخانەكانی دەرەوەش هەركات وەرەقەی پێویستم بۆ موقەددەم فەرید بردبایە، بۆی واژۆ دەكردم و لەو بارەشەوە بێ نیاز بووم. هەروەها لە گەڵ سەرجەم ئەو دوكتورانەش كە لە نەخۆشخانەكان كارم پێیان هەبوو، بە تایبەت مودیری نەخۆشخانەكان و كارمەندی تاقیگەو عەكس بەرداری و......، بە تەواوی خۆم ڕێك خستبوو، ئیتر لە هەر جێگایەكی نەخۆشخانە دەستم پێیان گەیشتبایە، هەر ئەوەندەی فوو لە سەبیلەی كەی، كارەكەیان بۆ ئەنجام دەدام.



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژێکیان نەخۆشێکم لە نەخۆشخانەی فێرکاری(تعلیمی) کە نەشتەرگەری کرابوو، پێویستی بە خوێنی جۆری (O-)ی هەبوو کە بە هیچ باران دەستم نەدەکەوت. سەرم لە هەموو نەخۆشخانە و بانگی خوێنەکان هەڵێنا و بە دەستی بەتاڵ گەڕامەوە، دۆستێکم لە نەخۆشخانەی گشتی بە ناوی کاك نەسرەددین هەبوو کە کارمەندی تاقیگە بوو، پەنام پێ برد لەبەری پاڕامەوە، ئەویش بە دوای هێندێك بیر کردنەوەدا گوتی:

ـــ ئەمن نیو کیسەم هەیە، ها بە گەردن ئازایی بۆی بەرەو لە مەرگ پێی ڕزگار کە.

منیش ڕۆی هاتمێ و بە پەلە بردم بۆ تاقیگەی نەخۆشخانەی فێرکاری کە پاش تاقی کردنەوە بیبەن بۆ نەخۆشەکە، بەڵام برادەری تاقی کار لێم بە قاڕداچوو و گوتی:

ـــ ئیللا و بیللا قەباڵەی لە گەڵ نیەو ناتوانم مەسرەفی بکەم! دیارە لەباری زانستییەوە حەق بەوی بوو.

هەرچی لە بەری پاڕامەوەو شێر و ڕێویم بۆ هێنانێ، فایدەی نەبوو، ئیتر خۆم پێنەگیرا و بەسەریدا ڕووخام، پاش قرم و قاڵێکی زۆر کە هەر بە قسەی نەکردم، خوێنەکەم دانا و گوتم:

ـــ ئەوا من ڕۆیشتم، خوێنی ئەو نەخۆشەم لە ئەستۆی تۆیە و هەرچی لێی بەسەر بێ، تۆ تاوانباری. بە تووڕەیی دەرگام پێوەداو وەدەرکەوتم.

کاتێك ئاوام هەڵوێست گرت، ئەویش ترسی ڕێنیشتبوو، بە تەلەفوون لە لای مودیری(1) نەخۆشخانەکە شکایەتی لێ کردبووم و بە کەیفی خۆی بۆی تێ چاندبووم. هێشتا لە ساڵۆنی نەخۆشخانەکە نەچووبوومە دەرێ کە مودیر ناردی بە دوام دا. ئەو کارمەندانەی لە دەورووبەرم بوون و دەیان ناسیم، لێك ڕا لەسەر ئەو ڕایە بوون کە خۆم

له مودیر وەدزم و نەچم بۆ لای. چونکە لەوە دەترسان کە سووکایەتیم پێبکا و بم شکێنێ، بەڵام بە قسەم نەکردن و چوومە لای مودیر، سەلامم کردو گوتم:

ــ فەرموو جەنابی مودیر، ئەمن ئەو کەسەم ناردووتە بەدوام دا.

چاوێکی لێکردم و بە توورەیی گوتی:

ــ ئەتۆی کابرای ئێرانی کە بە گژ کارمەندەکانمدا چووی؟

ــ بەڵێ جەنابی مودیر، ئەمن کابرای ئێرانیم، بەڵام حەز دەکەم بفەرمووی بە گژ کێدا چووم؟ ئەتۆ پێت وایە ئەمن پیاوی شەڕکردن بم؟!

ــ بەڵێ لە گەڵ کارمەندی تاقیگە شەڕت کردووەو قسەی ناشیرینت پێگوتوون، لێت قەبووڵ ناکەم ها......

کاتێك ئەوەی گوت منیش ڕووداوەکەم بە پوخت و پاراوی بۆ گێڕایەوەو گوتم:

ــ قوربان! لەسەر ئەوە بووەو قسەی ناشیرینیشم پێ نەگوتووە، چونکە من خۆم قسەی ناشیرین لە کەس قەبووڵ ناکەم.

ــ ئەو کارمەندە هەقی خۆی بووە، چونکە ئەگەر گومانێك لەو خوێنەدا بوویایە، ئەو بەرپرس بوو.

ــ قوربان قسەکەت لەسەر سەرم، بەڵام ئەمن کوردێکی ئێرانیم و کەس ناناسم، بە پارەش خوێنم دەست ناکەوێ، نەخۆشەکەشم پێویستی بە خوێن هەیەو دوکتور بە پەلە داوای خوێنم لێ دەکا. ئەو برادەرە ناسیاومەو پیاوەتیی لە گەڵ کردووم و ئەو نیو کیسە خوێنەی داومێ. ئێستا تۆ هەم دوکتوری و هەم بەرپرسی نەخۆشخانەکە،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێگایەکم پیٚنیشاندە داخوا چ بکەم؟ هەر وەها ئەگەر نەخۆشەکەم بە بیٚ خوێن مرد، کیٚ تاوانبارە؟

لەو دەمەدا کابرایەکی بالاّ بەرزی هەڵکەوتەی تێك سرِماو بە ناوی کاك مەجید کە کارمەندی نەخۆشخانەکە بوو، وەژوور کەوت و هێندێك گوێی بۆ دەمەقاڵیەکەی مودیر و ئەمن گرت و پاشان گوتی:

ـــ وەرە کاکی ئێرانی ئەمن خوێنت دەدەمیٚ.

دوکتور سەلاح چاوێکی لیٚ کردو گوتی:

ـــ چۆنی دەدەیەی؟

ـــ خۆ ئیشەڵلاّ پێی نافرۆشم! لە ڕاهی خوادا دەی دەمیٚ.

ـــ باشە ئەگەر خوێنەکەتان وەرگرت، وەرەوە بۆ لام کارم پێتە. مەبەستی من بوو.

لەگەڵ کاك مەجید چووین بۆ تاقیگەو خوێنەکەمان وەرگرت. پاشان سوپاسێکی گەرمی کاك مەجیدم کردو چوومەوە بۆ لای مودیرە ئەفەندی. جێگای نیشان دام بەرامبەری ڕۆنیشتم و گوتی:

ـــ ئەمن لە دوو بارەوە ئەرکی سەرشانمە کە حورمەتی ئێوە بگرم. ئەگەر لەبەر ئەوە نەبایە هەموو کەس ئەمن دەناسیٚ کە چەندە تووڕەو تۆسنم. بە خودای لێم قەبووڵ نەدەکردی لەگەڵ کارمەندەکانم بەشەڕ بێی و قسەیان پیٚ بلێی.

ـــ کاك دوکتور یەکەم ئەمن وەك عەرزم کردی قسەی سووکم بە کەس نەگوتووە، پاشانیش بەشی ئەوەندەم تێگەیشتن هەیە کە بزانم ئێوە چەندە بە دەنگ ئێمەوە دێن و هاوکاریمان دەکەن. هەر بۆیە پڕ بەدڵ سوپاستان دەکەم، بەلاّم حەز دەکەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بفەرمووی ئەو دوو بارە چین کە بە ئەرکی سەرشانی خۆتیان دەزانی حورمەتی ئێمە بگری؟

ـــ یەکەم ئەوە کە میوانی و قەدر گرتنتان پێویستە، دووهەمیش کاتێك کە ئێمە لە ئێران بووین زۆرتان خزمەت کردووین.

ـــ کاك دوکتور: یەکەم ئێمە لێرە خۆمان بە میوان نازانین دووهەمیش ئەگەر خزمەتمان لە دەست هاتبێ ئەوە ئەرکی سەرشانی خۆمان بووە، چونکە ئێمە هەموومان کوردین و بۆوەشمان نەکردووە کە گۆڕینەوە بکەین.

کاتێك کە ئەوەم پێ گوت، چاوێکی لێ‌کردم و هێندێك تێمڕاما و بانگی کرد قاوەیەکیان بۆ هێنام. پاشان ڕووی تێ‌کردم و بە بزەیەکەوە گوتی:

ـــ ئەتۆ زۆر کوڕی چاکی لێرە بە دواوە ئەو نەخۆشخانە لە ئیختیار ئێوە دایەو هەر کارێکت هەبوو ڕاستەوخۆ وەرە بۆ لای خۆم. ئافەریم قسەکانت پیاوانە بوون.

منیش سوپاسێکی گەرمم کردو بێ ئێوە ناخۆش قاوەکەم خواردەوەو ماڵاواییم لێ خواست.

ئەو ڕاوێژی کار و پێوەندی گرتنانە بوونە هۆی ئەوە کە بەشێکی بەرچاوی قورسایی کارەکان لەسەر شانم سووك بن و لە ئەرکی ڕۆژانەمدا موشکیلەیەکی ئەوتۆم نەمابوو. بەڵام کورد گوتەنی: "چەم بێ چەقەڵ نابێت". شۆفیرێکیان هەبوو بە ناوی یوسفی بەگزادە، بەڕواڵەت کوڕێکی هێدی و لەسەرخۆو لە دڵاندا بوو، بەڵام لەبەر ئەوە کە پێشتر لە گەڵ کاك سەعیدی بەگزادە هێندێك ناکۆك بووم و منیش لە گەڵ کاك سەعید هاوکار بووم و زۆریشمان نێوان خۆش بوو، بە چاوی گومان و دڕدۆنگی‌یەوە چاوی لێ دەکردم. هەر لەو پێوەندی‌یەدا دەستی‌دا بووە لاساری و بەدفەڕی کردن و بڕوبیانووی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەگرتن. چەندی بارم لێ گۆڕین و بە دەورووی لای‌دا هاتم فایدەی نەبوو. بە ناچار لە گەڵ کاک غەفووری هەمزەیی مەسەلەکەم باس کرد. ئەویش بانگی کردین و چەندی لە توانای دابوو ئامۆژگاریی کردین، بەڵام دیسانیش بێ فایدە بوو.

ڕۆژێکیان لە بەردەمی عەیادەی دوکتورەکان‌دا لووت و بزووت لە گەڵ کاک سەعیدی بەگزادە تێک هەڵنگوتین و چاك و خۆشیمان کردو قەدەرێك پێك هەڵ وەستاین و بەجێم هێشت. کاك یوسفیش لەسەر جادەکە لە ماشێنەکەی‌دا دانیشتبوو. کاتێك چوومەوە بۆ لای کە بڕۆینەوە بۆ مقەڕ، لە جیاتی ماندوو نەبوونی و.... گوتی:

ــــ ئەوە ئەو بێ شەڕەفە چی دەگوت؟

مەبەستی کاك سەعید بوو. منیش زۆرم لە دڵی گران هات و:

ــــ کوڕی باش نابێ تۆزێك تەربیەتت هەبێ، لە خۆڕا بۆ جنێوان دەدەی؟ ئەگەر پیاوی بچوو بەرەوڕوو بە خۆی بڵێ. ئەتۆ ئەو جنێوەت بە مندا، کەوابوو بێ شەڕەف خۆتی.

پیاو لە حەق لا نەدات ئەویش لەوە زیاتری لەسەر نەڕۆیشت. سوار بووم و کڕومات هاتینەوە بۆ مقەڕ. چووم بۆ کاك غەفوورم گێڕاوەو بە وردی لە گەڵی دوام و گوتم:

ــــ براله ! لە ئێستاڕا لە فکری کەسێکی دیکەدا بە، ئەمن بەو شێوەیە لە گەڵ ئەو برادەرە کارم پێ‌ناکرێ، هەتا لەوە زیاتر لێك سوور نەبووینەوەو خەڵکمان نەهاتۆتە سەیرێ. دەوڵەت زیاد و ماڵئاوا.

بەڵام کاك غەفوور لە وڵامی قسەکانی من‌دا گوتی:

ـــ ئەریٚ کاکە ئەمن چی بکەم؟ کاك یوسف بۆتە کەڵەگا و بە قسەی منیش ناکا! ناحەقیشی نیە بە خوای لە شەخسی دوکتور قاسملووڕا بگرە، تا ئاخرین نەفەری دەفتەری سیاسی، بڕوایان بە قسەی کاك یوسف زیاتر هەیە تا قسەی من!

کاتێك ئەوەم لە کاك غەفوور بیست و لەوە دڵنیا بووم کە هەرچی لەگەڵی بڵێم گوێز و گومبەزەو نایەتە ڕەدایە، گوتم:

ـــ کاك غەفوور! ئەمن ئەو قسەی تۆ بۆ دەفتەری سیاسی دەنووسم دوایی گلەییم لیٚ نەکەی و بڵێی ئەوە هەڵبەستراوە.

ـــ بنووسە بۆ هەر جێگایەك پێت خۆشە، ئەمن لەسەر قسەی خۆم سوورم.

منیش ئەم نامەی خوارەوەم بۆ دەفتەر نووسی:

زۆر بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران!

*لەگەڵ ڕێز و سڵاو.*

سەرنجی بەڕێزتان بەم چەند دێڕەی خوارەوە ڕادەکێشم. تکایە سەرەڕای باس کردن لوتف بفەرموون و وەڵامی پێویستم بدەنەوە.

لە یەکەم ڕۆژەکانی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە کە باسی 26 ساڵ مێژووی حیزبایەتیم هەر ناکەم، بە شانازییەوە لە سەنگەری شەڕەف و دیفاع لە گیان و ناموس و بوون و مانی گەلی کورد بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی درێژەم بە خەباتی خۆم داوەو بیٚ ئەملاوئەولا دەرکەوتووە کە کەمترین دوو دڵی و لادانم نەبووەو ڕەنگە ڕێبەرایەتیی حیزب و کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامیش ئاگاداری وەزعی من بن، بۆیە نامەویٚ بڵێم کە لە نیهایەتی نەخۆشیدا سەنگەرم بەجیٚ

نەهێشتووە. ئێستاش لەسەر بڕیاری خۆتان و بە لێکدانەوە لەسەر وەزعم کە تا کاتی نووسینی ئەم نامەیە، دەقیقەن هەشت نەشتەرگەریم لەسەر کراون، ئەوە نزیك بە ساڵێکە لە مەقەڕی سلێمانی کار دەکەم و توانیومە ئەوەی لە دەستم بێ ئەنجامی بدەم. بەڵام لەو ماوەیەدا بەداخەوە چەندین جار لە گەڵ بەرخوردی ناحەزی کاك یووسفی بەگزادە بەرەوڕوو بووم و هەموو جارێکیش کاك غەفوور ئاگادار دەکەم و شتەکانی لە گەڵ باس دەکەم. لە ئاخرین جاردا دۆینێ کە مەسەلەی ناکۆکیی نێوان خۆم و کاك یووسفم پێگوت، دەڵێ: "کە شەخسی کاك دوکتور قاسملوو تا ئاخرین نەفەری دەفتەری سیاسی، بڕوایان بە یووسفە و بە قسەی من ناکەن! تا ئێستاش دەیان جار داوای گۆڕینیم کردووەو بە قەرار گۆڕیشیان. بەڵام کاك دوکتور لە کەرکووك فەرمووی باوەمێنێ، منیش خۆ قسەی کاك دوکتور ناشکێنم و بۆم ناشکێ". هەروەها دەڵێ: "زور چاکیش دەزانم لێرە بۆچی داندراوە!".

جا ویستم جەریانی ناکۆکیی خۆم و کاك یووسفتان لە ئاخرین جاردا بۆ باس کەم:

ـــ هەروەك ئاگادارن ئەمن ڕۆژانە نەخۆش دەبەم بۆ لای دوکتورەکان و جەماعەتی لادەریش هەر نەخۆش دێنن و بێشك تووشی یەکتر دەبین. مەسەلەن ڕۆژ نیە تووشی سەعیدی بەگزادە، یان عەولا سەیدەو ئەو جۆرە کەسانە نەبم. ئایا لەنێو ئەو خەڵکەدا کە سەلامی کرد جوابی نەدەمەوە؟! یا بڵێم عەلەیکەسەلام و خواحافیز و لەوە زیاتر نەبووە. ئەویش ڕۆژێك و دوو ڕۆژ نیە کە خۆی لێ بپارێزم و هەموو ڕۆژێك دەرگیری ئەو مەسەلەیەم. بەڵام ئەو برادەرە بە پشت ئەستووری‌یەوە کە وادیارە و چاکیش مەعلوومە، لە من تووڕە دەبێ و دەست دەکا بە جنێودان! جا توخودا ئەوە چ جۆرە حیزبایەتی‌یەکە؟!

ئەمن کاتی خۆی وەختێك کاك غەفوور داواوی کرد لە بەرانبەر ئەو تاقمەدا هەڵوێست بگرین و بڕیاری ڕێبەرایەتی ئیمزا کەین، بیٚ هیچ دوو دڵیەك ئیمزام کردو ئێستاش هەر لەسەر ئەو بڕوایەم، تا ئێستا لە گەڵ ئەو پازدە کەسە تەنانەت سەلام و عەلەیکیشم نەبووە.

جا ئەگەر بە قەولی کاك غەفوور "کاك یووسف لە ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی قسەی زیاتر بڕ بکا"! دڵنیام سبەینیٚ شتم بۆ دەخوولقیٚ و شەرافەتی 26 ساڵەی تێکۆشانم دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەوەش بزانن کە ئەگەر بە قەدەر تەنیا پووشێك ئەوانم قەبووڵ بایە، لە کەس نەدەترسام و دەچوومە لایان. بەڵام ئەوانم بە هیچ شێوەیەك قەبووڵ نیە و ئەوەش کە دەڵێم لە ترسی کاك یووسف نایڵێم. چونکە کاك یووسف بەداخەوە بە پشت ئەستووریی سەرەوەتر ئەو کارە دەکا، دەنا ئەو هیچ کات ناتوانیٚ بۆ حیزب و گەل لە من دڵسۆزتر بیٚ و تێکۆشانی دە ساڵی ڕابردوو نیشانی داوە کامەمان حیزبیترین.

جا تکام ئەوەیە بە ڕوونی بۆم تەعین بفەرموون کە من لەم شەرایتەدا کار نەکەم، یان کار بکەم؟ ئەگەریش دوودڵیەك بە نیسبەت منەوە هەیە، چاك وایە دەستووری گرتن و زیندانی کردنم بدریٚ. چونکە ئەگەر وابم جاسووسم و جاسووسیش سەزای گرتن و کوشتنە. با ئێمە تێدا بچین و دڵسۆزی وەك کاك یووسف بمێنیٚ، بەڵکوو بەو دەستوورە سەرکەوتنی نیهایی وەدەست بێنین!

لە دواییدا بە پێویستم زانی عەرزتان کەم، ئەگەر نەخۆشی و دەردو بەڵا چۆکیان پیٚدا نەدابام، ئێستا شان بە شانی پێشمەرگەکان وەك ڕابردوو لە ناوچەدا بووم و سلێمانیم بە خەوی شەوانیش نەدەبینی. من مەبەستم تەنیا خزمەت کردن بە حیزب و

گەلە و لە هەر جێگایەکی دیکەش کارم پێ بسپێرن بۆ فەرمانی حیزب سەرم لە ڕێ دایە.

**بە هیوای سەرکەوتن. پ.م ئەحمەدی قادری** 1367/3/9

چەند ڕۆژێك زیاتر بە سەردا تێنەپەڕیبوو کە ڕۆژێك کاك غەفووری هەمزەیی بانگی کردم و نامەیەکی کراوەی دایە دەستم. بەڵێ: وەڵامی نامەکەی خۆم بوو کە بۆ دەفتەری سیاسیم نووسیبوو، نامەکە بە پێنووسی بە بڕشتی ڕێبەری مەزنمان، هاوڕێ دوکتور قاسملوو نووسرابۆوە. پێم خۆشە وەك یادگارێکی بە نرخ و بەڵگەیەکی بایەخدار، دەقی نامەکە وەك خۆی لێرەدا تۆمار بکەم کە ئاوا دەست پێ دەکا:

**برای بەڕێز کاك ئەحمەدی قادری!**

**پاش سڵاوێکی گەرمی برایانە** 1367/3/12

نامەکەت کە بۆ دەفتەری سیاسی نووسیبووت گەیشت. پێم خۆش بوو لەسەر هێندێك مەسەلە کە لە نامەکەت دا هاتووە ڕوونت کەمەوە.

1) ئێمە تۆ بە هاوڕێ یەکی دڵسۆزی ئەو حیزبە دەناسین و لە سیاسەتیشدا ئەوەندە تەجرووبەمان هەیە کە بە قسەی ئەم و ئەو نەزەری خۆمان لەسەر هاوڕێ یەکی دڵسۆز و وەفادار نەگۆڕین.

2) بەداخەوە ناچارم قسەی کاك غەفوور بە جیددی تەکزیب بکەم. ئێمە شتی وامان نەگوتووە، هەموو هاوڕێیانی دڵسۆز بۆ ئێمە جێگای باوەڕن و بە تایبەت کەسێك کە بەرپرس و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندییە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

3) کاك یووسفی بەگزادە بەرپرسی سلێمانی نیە. هەر شتێکی هەبوو دەبێ لە پێشدا بە بەرپرسی خۆی کاك غەفوور ڕابگەیەنێ و حەقی ئەوەی نیە نە قسەی خراپت پێ بڵێ و نە لێت تووڕە بێ.

4) داواشم ئەوەیە کە هەموو پێکەوە بە تەفاهوم و نیاز پاکی‌یەوە هاوکاری بکەن.

5) ئەم نامەیە دەنێرم بۆ کاك غەفووری کە بۆ خۆی بی‌خوێنێتەوە، بۆ کاك یووسفیشی بخوێنێتەوەو ئەمجار بیدا بە خۆت.

جارێکی دیکە سڵاو هیوادارم بە ڕووداوی چووکی ئەوتۆ لە خەبات و تێکۆشان دڵسارد نەبی.

**برات: ع. قاسملوو**

کاتێك ئەو نامەم خوێندەوەو ئەو هەموو لوتفەی کاك دوکتورم بە نیسبەت خۆمەوە بینی، بەڕاستی شەرمەزار بوومەوە، هەرچی لە دڵم دابوو هەموویم وەدەرنا و پەیمان و بەڵێنیم لەگەڵ خۆم نوێ کردەوە کە تا ئەو جێگایەی لە تواناما بێ درێژەدەری ڕێگای پڕ لە شانازی شەهیدان بم و تاڵی و سوێری و کەندوکڵۆی سەر ڕێگای تێکۆشانم لە خەبات بۆ وەدیهێنانی مافی زەوت کراوی نەتەوەکەم ساردم نەکەنەوەو هەنگاوم پێ‌شل نەکەن. بە خۆشی‌یەوە هەتا کاتی نووسینی ئەم دێڕانەش، لەگەڵ ئەوەدا دەردوبەڵاش لە هەر چوار لاوە گەمارۆیان داوم. ورەم بەرنەداوە، تەریوەی سەنگەر نەبووم و لەسەر درێژەدان بە خەبات هەر سوورم.

هەروەك پێشتر باسم کردوە، کاك عیزەتی پەیڕەوان لە ساڵی 1363وە وازی لە پێشمەرگایەتی هێنابوو. ماڵەکەشی هەر لە سلێمانی بوو، وەك ئەندامی حیزب مابۆوەو کاسبی دەکرد. لەو ماوەیەدا بە دڵ گەرمی‌یەوە داوای لە کاك غەفووری هەمزەیی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردبوو کە قسەی بۆ بکا بێتەوە ڕیزی تێکۆشان و تەواو وەخت کار بۆ حیزب بکا. کاک غەفووریش بەڵێنی پێدابوو کە هەر لە بنکەی سلێمانی کاری پێبسپێرن، بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژێك بانگی کردم و گوتی:

ـــ بۆ خۆت دەزانی کاك عێزەت ماوەیەکی زۆر پێشمەرگە بووەو لەو ڕێگایەدا چاویشی لە دەست داوەو زەحمەتی زۆری کێشاوە، ئێستاش پێی خۆشە کار بکاو منیش بەڵێنیم پێداوە لە گەڵ برادەرانی دەفتەری سیاسی قسەی بۆ بکەم. ئەگەر پێت خۆشە پێکەوە کار بکەن، ئەمن کارێکی وادەکەم بیدەن بە بنکەی سلێمانی و پێی خۆشە ببێ بە هاوکاری تۆ.

منیش گوتم:

ـــ دەی جا وەڵڵا ئەگەر ئەو بە هاوکاریی من ڕازی دەبێ، منیش زۆرم پێخۆشە و قەدری لەسەر چاوانە.

لە کورتی وەیبڕین بانگمان کردو بە درێژی لەگەڵی دواین و بەڵێنیدا کە وەك دوو برایان پێکەوە کار بکەین، لەسەر داوای کاك غەفوور بە نامەی ڕەسمی داوام لە کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی کردو ئەوانیش داواکەیان ڕەت نەکردمەوە. کاك عێزەت درا بە بەشی دەرمانیی بنکەی سلێمانی و پێکەوە دەستمان دایە کارکردن. دیارە کاك عێزەت شۆفێریشی زۆر باش دەزانی. داوامان لە کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی کرد لاندکرۆزێرێکیشیان داینێ و لە منەتی برادەری بیانووگریش خەلاس بووین. سەربەخۆ کارمان دەکردو ئاغاوکوێخای خۆمان بووین. پاش ماوەیەك کاك یووسفی بەگزادەش بۆ هێزی ئاگری نەقڵ کراو دواتریش چەکی دانا و ملی دایە کار و کاسبی و ژیانی شەخسی خۆی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماوەیەکی باش کاروباری ڕۆژانەمان بەڕێك و پێکی بەڕێوە دەچوون. ئەوانەی لە بنکەی سلێمانی کارمان دەکرد، بەو پەڕی تەبایی و نیازپاکی‌یەوە هاوکاریی یەکترمان دەکردو بە تەواوی بەسەر بەڕێوەبردنی ئەرکی ڕۆژانەماندا زاڵ بووین. وێکڕا کارمان دەکردو کەس منەتی لەسەر کەس دانەدەنا.

وەرزی پاییزیش هێدی هێدی بەرەو کۆتایی هەنگاوی دەنا، هەواڵیان دامێ کە دوژمن هەواڵی مەرگی منی لە ناوچەدا بڵاوکردۆتەوەو کەس و کارم کەوتبوونە گومان و دوودڵی‌یەوە. پێشمەرگەکان کە لە ناوچە گەڕابوونەوە، هاتنە لام و گوتیان:

ـــ ئێمەش لە ناوچە هەواڵەکەمان بیستبوو، بەڵام بڕوامان پێ‌نەکردو بۆ وەدرۆخستنەوەی چووینە لای بنەماڵەتان و زۆرمان سوێند و قوڕعان بۆ خواردن، بەڵام دیسانیش دڵنیا نەبوون و هەر لە گومان دان.

منیش زۆری پێوە ماندوو بووم، بەڵام نەم دەزانی چ بکەم، خۆدەستم پێ‌یان ڕانەدەگەیشت و کەسی واشم لێ‌هەڵ نەدەکەوت کە جێی متمانە بێ و نامەی پێدا بنێرم. ئەوکات وەسیلەی تەلەفوون... لەگۆڕێ‌دا نەبوون. سەرەنجام لەسەر ئەوە ساخ بوومەوە کە پارچە شێعرێك بنێرم بۆ ڕادیۆ بڵاوی بکەنەوە، بەڵام ئەویش ئەگەر بە دەنگی خۆم نەبایە بێ فایدە بوو.

سەروبەندی بیرەوەریی 26ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانیش بوو. نامەیەکم بۆ کاك دوکتور سەعید کە ئەودەم بەرپرسی ڕادیۆ بوو نووسی و داوای یارمەتیم لێ‌کرد، ئەوەشم بۆ ڕوون کردەوە کە بێجگە لەوەی لەو ڕێ‌وڕەسمەدا پارچە شێعرێك بە دەنگی خۆم وەخوێنم و لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانەوە بڵاو کرێتەوە، ڕێگایەکی دیکە شك نابەم. ڕۆژی دوایە لە لایەن کاك سەعیدەوە ئاگادار کرام کە بچم

لەوێ تۆماری کەم یان لەسەر نەوار بۆیان بنێرم. منیش کە لەو دەمەدا بواری چوون بۆ ئەوێم بۆ نەدەڕەخسا بەناچار لەسەر نەوارێك تۆمارم کردو بۆم ناردن. ئەمەش دەقی شێعرەکەیە کە هەر بەو مەبەستە ڕێکم خستبوو:

لە ئاسۆیەکی دوورە دەست، ڕاسپاردەیەك دەملاوێنیٚ

بەدەنگێکی نزم و نەوی، هەنگاو هەنگاو دەم هەژێنیٚ

جاریٚ دەفرِم بۆ بەرزایی و، دەمیٚ نزم و نەویم دەکا

ساتیٚ هاوتا لەگەلٚ کۆم و، کاتیٚ نوقمی زەویم دەکا

لەژێر دەریایەکی سامناك، مرواریيەکان دەدۆزمەوە

بە شەوێکی ئەنگوستە چاو، وەشەکانم دەقۆزمەوە

بالٚ دەبزێوم وەك مەلێکی، بیٚ هێلانەی سەر لیٚشێواو

دەخولێمەوە، وەك پەروانەی، دەوری مۆمێکی داگیرساو

بۆ دواقۆناغی ئاواتم، قۆناغەکان بەجیٚ دێلٚم

هوزارێکی شل و شەکەت، لە دووی خونچەی بەیان وێلٚم

لە پێشمدا ڕێگای سەخت و، شەوگارێکی ڕەش و سامناك

بەلاٚم دەستم دەگریٚ و دەمبا، بەرەو ئاسۆیەکی ڕووناك

دەلٚیٚ گزنگی خۆرە تاو، ئاکامی شەوگاری دوونە

تۆش "قادری" ماندوو نەبی، ئاسۆی سەرکەوتنت ڕوونە

پاش بڵاوبوونەوەی شێعرەکە، کاك دوکتور سەعید ئەو نامەیەشی بۆ ناردم:

برای بەڕێز کاك ئەحمەد گیان!

لە گەڵ سڵاو.

هیوادارم دەنگی خۆت کە شێعرەکەت خوێندبۆوە لە ڕادیۆ گوێت لێ بووبێ و خزم و کەس و دۆست و ئاشناش لە ناوچە حەتمەن بیستوویانەو لە نیگەرانی هاتوونەدەر. هۆی ئەوە کە لە ڕۆژی 26ی سەرماوەزدا بڵاونەبۆوە ئەوە بوو کە درەنگ گەیشت، چونکە بەرنامەی ڕۆژی جێژن، ڕۆژی چوار شەممە ئێوارێ تۆمار کرابوو و بۆ فرستەندە ناردرابوو. لە حاڵێکدا شێعرەکەی جەنابت ڕۆژێك درەنگتر گەیشت. بە هەرحاڵ زۆرت سوپاس دەکەین، هیوادارین سەرکەوتوو بی.

**برات: سەعید 1367/9/29ی هەتاوی**

## پەڕاوێز:

1) مودیر ناوی دوکتور سەلاح بوو. پیاوێکی هەڵکەوتەو بەشان و باهۆ، چەندی بلێی تووڕەو تۆسن بوو. هەر کە تووڕە دەبوو هیچی بە چاوان نەدەبینی و ترش و ماشی لێك دەشۆردو، دۆو دۆشاوی تێکەڵ دەکرد. بەڵام کوردێکی پاك و خاوێن و سادق و بێفرۆفێڵ بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# له چاپ دانیناڵەی بێ بەشی

لەمێژ بوو کۆمەڵە شێعرێکم کۆکردبۆوەو کوناوکون لەگەڵ خۆم دەگێڕان. هەر لەو ترسانە کە نەکا ئەمانیشم وەك ئەوانی دی لێ بزر بێن و ڕەنجەڕۆ بم، بۆ هەر جێگایەك چووبام هەر لە بن هەنگڵمدا بوون و بۆ دەمێك چاوم لێ نەدەترووکاندن. هەر چەند لە دەورووبەری خۆشم دەڕوانی خێرخوایەکم بەدی نەدەکرد کە ڕێگای لە چاپ دانم بۆ هەموار بکا و ئەو ئاواتەم وەدی بێ کە بە چاوی خۆم بەرهەمی ڕەنجی چەندین ساڵەم ببینم، لە بن سێبەری نەمامی دەست نێژی خۆم بحەسێمەوەو چێژ لە میوەی بەری داری باخی هیوام وەرگرم. خونچەی تازە پشکووتووی گوڵی دڵداریم لە بەرۆك دەم و تێر شانازیی پێوە بکەم. چونکە لە بەختی ناشادم ئەو شوێنانەی بواری لە چاپ دانیان تێدا ڕەخسابوو، سیستەم و دەسەڵاتێك بەسەریان ڕادەگەیشتن کە چاویان بەرایی نەدەدا نووسراوێك لە چاپ دەن کە بۆنی سیاسەتی لێ بێ و تراژیدیی گەلێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەزیبك و بە چۆك دانەهاتوو بۆ بەرەی نوێی کۆمەڵ بگێڕێتەوە. دژایەتی‌یان لە گەڵ نووسراوگەلێك هەبوو کە زمان حاڵی چەوساوان بێ و هاواری بەش خوراوان بە گوێی خێرخوازان و مرۆڤ دۆستان بگەیەنێ.

لە لایەکی دیکەشەوە چونکە سەربەخۆ و بێ مامۆستا دەستم دابووە شێعر نووسین و ڕێنوێن و ڕێنیشاندەرێکم نەبوو، گومانم لەوەدا نەبوو کە هەڵەو کەم و کووڕی لە شێعرەکانمدا وەبەر چاوی خوێنەران دەکەوێ و بێ عەیب و عار نین و پێویستیان بە پێداچوونەوەی شارەزایەکی ئەدەبی هەیە. لەو نێوەشدا چەندی تێم دەڕوانی کەسێکی وا کە خاوەنی بیرێکی مووقەڵێش بێ و تەرازووی هەڵ سەنگاندنی سەر نەکا، بێجگە لە مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە کەسێکی دیکەم وەبەرچاو نەدەهات. ئەویش چەند جارم ڕوو لێنابوو بەڵێنی هەر پێنەدابووم. ئەوەی ڕاستی بێ دەستیشم لە دڵی نەدەبۆوە کە وازیان لێ بێنم و دەستیان لێهەڵ گرم، چونکە جیا لەوە کە بەرهەمی بیری چەندینساڵەم بوون، زۆربەیانم لە سەنگەرداو لە کاتی ڕێگا ڕۆیشتن و شەو و شەونخوونی، یان لە نەخۆشخانە و لە ململانێ کردن لەگەڵ دەردو بەڵایاندا نووسیبوون و گەلێك بیرەوەریی تاڵ و شیرینیان تێدا بوون. هەر بۆیە لەسەر ئەوە ساخ بوومەوە کە سەرەڕای هەموو کەم و کووڕی و ناتەواوی‌یەکانیشیان، ڕوو لە بەشی چاپەمەنیی حیزب بنێم و داوایان لێ بکەم چەند جلدێکم بۆ لێ چاپ کەن و لە مەترسیی تێدا چوون ڕزگاریان کەم و ئەمجارەش وەك جاری پێشوو ڕەنجەڕۆ نەبم. هەر بەو مەبەستە نامەیەکم بۆ دەفتەری سیاسی نووسی و دەستی یارمەتیم بۆ درێژ کردن. پاش چەند ڕۆژان کاك دوکتور سەعید کە ئەو دەم بەسەر چاپەمەنیش ڕادەگەیشت، بە برووسکە بانگی کردم بۆ دەفتەری سیاسی. ئاخر کاك دوکتور سەعید زۆر لوتفی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەگەڵم هەبوو و گەلێك مەحەببەتی پێ دەکردم. کاتێك چوومە خزمەتی، هێندێك قسەی خۆشمان کردو فەرمووی:

ــــ براله ! ئەتۆ بە خۆڕایی داوات لە ئێمە کردووە کە یارمەتیت بدەین، ئەی ئەوە نیە کاك حەمەدەمینی مەجیدیان بەرپرسی چاپەمەنی‌یە و بانەیی‌شە. ئەمن دەزانم بۆ خۆتان ڕێك کەوتوون و پرسە گورگانەیەکیش بە من دەکەن.

دیارە کاك دوکتور سەعید باشی بۆچوو بوو، چونکە پێشتر لە گەڵ کاك حەمەدەمین باسم کردبوو و بۆرە قەولێکم لێ وەرگرتبوو، بەڵام بەبێ ئیزنی کاك سەعید نەدەکرا. کورت و کرمانجی بەڵێنیم وەرگرت و سەرجەمی شیعرەکانم کە لە چەند دەفتەری شڕۆڵەدا بوون بە چاپەمەنیم سپاردن و بۆ خۆم گەڕامەوە بۆ سلێمانی. پاش ماوەیەك کە بە پەیسەریانەوە چوومەوە، بە تایپ کراوی لە بەردەستیان ڕۆنام و گوتیان:

ــــ ئەوە شێعرەکانت، پێیاندا بچۆرەوەو هەڵە و کەم و کووری‌یەکانمان بۆ دەست نیشان کە و بۆمان بەرێ بکەوە.

ڕاست لەو کاتەدا مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادەش کە ئەندامی دەستەی نووسەران بوو، وەژوورکەوت، پاش بە خێرهاتن کردن و چاك و خۆشی لە لامان دانیشت. شێعرەکانیش کە لە پێش خۆیەوە لە سەرمێزەکە بوون، چاوێکی لێ کردو یەك دوو پەڕەی لێ هەڵ دانەوەو هەروا لەبیرمە کە وشەی بەکۆژە سەرنجی ڕاکێشا. تۆزێك لە سەری ڕاما و گوتی:

ــــ وشەیەکی ڕەسەنی کوردی‌یە. زۆر جوانە.

منیش چاوم لێ کردو هەناسەیەکی بۆکرووزاویم هەڵ کێشا و گوتم:

ـــ ئاواتم ئەوە بوو کە جەنابت پیاندا چووبایەوەو بە وردی تییان ڕامابای و هێندێك کەم و کووڕییەکانت بۆ چارەسەر کردبام، کەچی دەستت بە ڕوومەوە نا و ئەو شانازییەت بە نسیب نەکردم.

ئەویش چاوێکی لێ کردم و بە بزەیەکەوە گوتی:

ـــ ئەمن شاعیر نیم و کتێبەکەی وێك ناوە.

کاتی نان خواردنی نیوەڕۆیە بوو، کتێبەکەم لە بن هەنگڵم ناو وێکڕا چووین بۆ سالۆنی نان خواردن. ئەمن کە زووتر لە نان خواردن بوومەوە، هەستام بچمە دەرێ. هێشتا وەدەر نەکەوتبوم مامۆستا گوتی:

ـــ لە ڕێم ڕاوەستە هێندێکم کار پێتە.

منیش لە دەرێ ڕاوەستام هەتا نانەکەی خواردو هاتە دەرێ و دەستێکی لەسەر شانم دانا و گوتی:

ـــ ئەگەر بە تەماع نەبی قەولت پێدەدەم پیاندا بچمەوە.

منیش کە دەم زانی مەبەستی چیە، گوتم:

ـــ وەڵڵاهی ئەگەر لە پێنج بەش چوار بەشی تووڕ دەی و بەشێکی وەمێنێ، دەستت وەبەر ناهێنم و پێم ناخۆش نابێ.

ـــ دە باشە فلان ڕۆژی بیان هێنە بۆ ماڵی خۆمان جا پێکەوە پیاندا دەچینەوە.

کاتێك لەسەری وادەکەدا چوومەوە خزمەتی، بردمیەوە بۆ ماڵە خۆیان، ڕۆژێك تەعتیل و هەینیشی بەسەردا هات. ئەو دوو شەو و ڕۆژە لەسەریان دانیشتین و بێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پشوودان کارمان لەسەر کردن. بە وردی و خۆماڵییانە تێیان ڕاما و هەڵی سەنگاندن. ئەوەی کە بە وتەی مامۆستا هەژار "هەڵەی بۆ ڕاست کردمەوەو زیوان و داڕووجانی لێ هەڵاواردن"و بایەخێکی بەرچاوی بە شێعرەکانم دا، جێگای تایبەتی خۆی هەیەو بە وتەی خۆی "خوێنەرانن کە دەبێ داوەری لەسەر بکەن". بەڵام ئەو بەشەی کە بۆ داهاتووش بۆم بوو بە سەر مەشق، ئەوە بوو کە بەڕاستی لە باری وەزن و کێش و قافیە و باری ئەدەبی و تەنانەت ئیملاییشەوە ڕێگای بۆ هەموار کردم و فێری کردم کە چۆن شێعر بنووسم. کەچی سەرەڕای ئەو هەموو زەحمەت و ماندوو بوونە، ئەوەندەی دەستە و داوێنی بووم و لەبەری پاڕامەوە، ئیزنی نەدام لە دیوانەکەمدا سوپاسێکی بکەم و ئەو ئەرکە قورسەی لەسەر بە زۆر نەگرتم و هەر وەك ئەوەی لەگەڵیشی ماندوو نەبووبێ وابوو. بەڵام دیسانیش ئەمن دەستم لە یەخەی هەر بەرنەدا و لێی بووم بە کوردی نووزە درێژ. کاتێك سواری ماشێن بووین و بەرەو دەفتەری سیاسی وەڕێ کەوتین، هەر لە ڕێگایەدا بوو داوام لێ کرد کە بۆ چوونە سەری زیاتری نرخی کتێبەکەم، چەند دێڕێکیش وەك پێشەکی بنووسێ. بەڵام لە وەڵامی ئەو داوایەدا گوتی:

ــــ ئەوەی ناکەم، با خەڵکم لێ فێر نەبێ.

منیش هەر بەرێوە نوکتەیەکم بۆ گێڕاوە کە پێم خۆشە لە ئێوەشی نەشارمەوەو بۆتان وەگێڕم. دەگێڕنەوە:

ــــ ژنێك منداڵی نەدەبوو، پڕوپیرێژن شێخێکیان بۆ هەڵدا کە ئەگەر بچێتە لای و نووشتەی بۆ بنووسێ، وەك قوڕی دیوار دەیگرێ و منداڵی دەبێ. ژنە هەستا ملی ڕێی گرت و بە پرسیار شێخی دۆزیەوەو لە نیازی دڵی خۆی ئاگاداری کرد. شێخیش بە پێی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەریتی خۆی کەلام و کتێبی هێنانە گۆڕێ و دەستی کرد بە نووشتە نووسین. نووشتە گەیشتبووە ئاخر و ئۆخری کە ژنە وەبیری هاتەوەو گوتی:

ـــ یا شێخ گیان! ئەگەر زەحمەتەکەت هەر کێشاوە، با کوڕ بێ!

وادیار بوو نوکتەکەی پێ خۆش بوو، چونکە بۆ هاوڕێیانی دەستەی نووسەرانیشی گێڕابۆوە. سەرەنجام دڵی نەشکاندم و چوار لاپەڕەی لەسەر نووسین. دیوانەکەشمان بە ناوی "ناڵەی بێبەشی"یەوە نێوک بڕی و گەڕامەوە بۆ سلێمانی. چەند ڕۆژێك لە سەریان دانیشتم و پاك نووسم کردنەوەو تەسلیمی بەشی چاپەمەنیم کردن.

لە سەرەتای بەهاری 1368ی هەتاویدا کاتێك بە پەیسەریەوە چوومەوە، لە 170 لاپەڕەدا و لە تیراژی 300 جلد دا، بە شێوەیەکی ڕێك و پێك چاپیان کردبوو. دەوری 70 جلدیان دایەوە بە خۆم و منیش بە سەر دۆست و برادەراندا بەشیمەوە. ئەوانیش بەشێکیان بە سەر مەڵبەندو کۆمیتەی شارستان و ئۆرگانەکانی حیزبدا بەشییەوەو لام وایە دەوری سەد جلدیشیان بۆ خەرجی چاپەمەنی لێ فرۆشتەوە کە ئەو کات سەد تمەنیان لەسەر دانا بوو. دیارە سەد تمەنی ئەوکات پووڵێکی کەم نەبوو.

ئێستا ناڵەی بێبەشی لەبەر دەستی بەشێك لە خوێنەران دایەو لە مەترسیی فەوتان و لەنێو چوون ڕزگاری بووە. لێرەدا هەل بە هەڵکەوت دەزانم کە پڕ بەدڵ سوپاسی هاوڕێیانی بەشی تایپ و تەکسیر، بە تایبەت کاك شوکری، کاك جەعفەری شەریعەتی و خوشکە جەمیلەی قادری بکەم لەبەرانبەر ئەو هەموو ئەرکەدا کە وەئەستۆیان گرت. هەروەها سوپاس و پێزانینم پێشکەش بە دەستەی نووسەران بە تایبەت مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، کاك حەمەدەمینی مەجیدیان، کاك قادر وریا و کاك سمایلی بازیار بکەم. دیارە سوپاسی هاوڕێیانی دەستەی نووسەران نەك تەنیا بە مەبەستی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوە کە دیوانە شێعرێکیان بۆ لە چاپ داوم و پێیدا چوونەوە، بەڵکوو لە بەر ئەوە کە مامۆستامن و زۆر شتیان لێ فێربووم. هەر چەند بەداخەوە ئێستاش کەمێ دەزانم، بەڵام ئەوەی دەیزانم بەشێکی زۆریم لەوانەوە پێ براوە. بە تایبەت مامۆستا حەسەن زادە کە لە باری عاتیفی و دڵسۆزیشەوە لە کوڕەکانی خۆی هەڵ ناواردووم و لەنێو بنەماڵەکەیدا خۆم بە بێگانە نازانم. ئێستاش هەر دەست داگیراوییەکم هەبێ هانای بۆ دەبەم و ئامۆژگاری و ڕێنوێنی لێ دەخوازم. ئەویش بە دڵ فراوانییەوە یارمەتیم دەداو هاوکاریم دەکا. نامە پڕ نێوەرۆك و پڕ لە ئامۆژگارییەکانی کە بە خۆشییەوە کەمیش نین، هەروا ڕام گرتوون و ئەگەر مەرگ مەودا بدا، لە بیرەوەرییەکانمدا وەك یادگارێکی بەنرخ هێندێکیان لێ تۆمار دەکەم.

بە دوای بڵاوبوونەوەی "ناڵەی بێبەشی"دا، ئیتر هەر شێعرێکم نووسیبایە هەتا مامۆستا پێیدا نەچووبایەوەو پەسەندی نەکردبایە، ئاشکرام نەدەکردو پێنیشان کەسم نەدەدا.

بەڵام هەمووی ئەوانە لە لایەك و گەورەیی و دڵ فراوانی کاك دوکتور سەعیدی نەمریش لەلایەك. ئەوەی ڕاستی بێ ئەمن نە زمانی ئەوەم هەیە سوپاسی ئەو گەورە پیاوەی پێ بکەم و نە دەش توانم یەك لەسەدی ئەو لوتف و مەحیبەتە کە بە نیسبەت منەوە دەری دەبڕی، دەری بڕم. بۆیە جیا لەوە کە هەست بە شەرمەزاری بکەم ڕێگایەکی دیکەم لە بەردا نیە و چی دیم لە دەست نایە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هێندێک نامە و قسەی خۆش و بیرەوەرییەک

بۆ ئەوەی کەلێنێك بۆ هێندێك لەو نامەو قسە خۆش و بەتامانەی مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە بکەمەوە کە ئەو هەموو مەحەببەتەی دەرهەق کردووم و، وەك یادگار و بیرەوەرییەکی شیرین و بایەخدار تۆماریان کەم، سەرەتا پارچە شیعرێکی خۆم دەکەمە کەرەسەی چوونە نێو باسەکە و دوایەش وردە بابەتی دیکە دەکەمە نێو ئاخن.

بەدوای ڕاپەڕینە مەزن و کۆچە بە کۆمەڵەکەی کوردستانی عیراقدا کە هەر وەك پێشتر باسم کرد گەلێك وێرانکاریی لە دوو بوو، بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ ئەو خێروبەرەکەتە ئێمەشی نەبواردو لە ڕووناکایی کارەبا و کەرەسەی سووتەمەنی بێبەشی کردین. بە درێژایی شەوێ لە ڕووناکایی مۆم کەڵکمان وەردەگرت و ئەویشمان بە کەمی وەگیر دەکەوت. لە باری خۆ گەرم کردنەوەش تەنیا لە جل و بەرگی زۆر و پێ خەوی قایم کەڵکمان وەردەگرت.

ئەو کەسانەی لە نزیکەوە من دەناسن ئاگاداری ئەوە هەن کە چەندە ئۆگری چام و لە شەو و ڕۆژدا چەند جار چای دەخۆمەوە. هەر بۆیە سەراورەیەکی بەرقیم پەیدا کردبوو بۆ چا لێنانی شەوانە و ئیتر منەتی کەسم هەڵ نەدەگرت. ئەویش لەو بێ کارەباییەدا پەکی کەوت و بێ چا مامەوە. شەوێکیان لە تاوی چا هەر وەخت بوو ترێفە ببم، زۆرم بیر کردەوە کە لە کوێ چایەك وەدەست بێنم و چم بە بیردا نەهات. چاپەزێکیشمان لە بنکە هەبوو ناوی کاوس و خەڵکی لای جنووبی کوردستان بوو. چەندی خوا حەز دەکا قسە ڕەق و ڕەزا گران و مڕومۆچ بوو. ئارەق خۆرێکی ناوازەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەم وێنەش بوو. ئەوەندەش بەرچاو تەنگ بوو کە چایەکی بە هەرکەس دابایە وای دەزانی ڕیشەی جەرگی دەکێشن. لە گەڵ هەمووی ئەوانەشدا چار ناچار، پەنام پێبردو داوای چایەکم لێ کرد. بەڵام دوژمن لە ماڵتان ناهومێد بێ، ئەوەم بەسەر هات کە بۆتان دەگێڕمەوە:

شەوێ تاریك و مات و بێ هەرا بوو

وڵات بێ دەنگ و ماڵم بێ چرا بوو

ئەوەی کەیفم بە بوونی چابوو، چابوو

ئەویش وەك ئارەزووی بێ هوودە وابوو

سەراوەرم سارد و سڕ، بێ کارەبا بوو

وتم چ بکەم بەبێ چا ڕوو لە کوێ کەم؟

کەلێنێ چۆن بەدی کەم چاوی لێکەم؟

فەلاسکم وشکە ئاوی گەرمی تێکەم

خودا ئەم نەوسە ئەمشەو چۆن بەڕێ کەم؟

کە بۆ چا بێ قەرار و هەڵوەدا بوو

بە بیرما تێپەڕی کەشفێکی تازە!

کە چاپەز چای بە دایم گەرم و سازە

دەچم بۆ لای، دەڵێن: میوان نەوازە

که بۆ چا، چاکە، وەك چاکی نیازە

کەچی عەکسی ئەوم دی بەد ئەدا بوو

که لێم دەرهەڵ بوو کافر بێ بە حاڵم

شکاندی عیززەتی نەفس و کەماڵم

لەسەرخۆ چووم و ئالۆزا خەیاڵم

لە داخا لێم بزر بوو دەرکی ماڵم

برا چم کرد بەخۆم ماڵم خرابوو

لەوێ ڕۆژێوە دایگرتووم تەمی خەم

خەفەتبار و پەشێو و جەستە خەستەم

لە کردارم پەژێوانم هەتا هەم

چما بۆ پیاوی ئاوا سەرنەوی کەم؟

جەحەندەم نەوسەکەم مەیلی لە چابوو

## سلێمانی: 8ی گەلاوێژی 1370ی هەتاوی

هەر ئەو شەوە لە بەر ڕووناکایی مۆمەکە تەواوم کردو بەیانیی نامەیەکم بۆ مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە نووسی و لەگەڵ شیعرەکە بۆم نارد کە بۆم پێدا بچێتەوە. ئەویش ئەو چەند وشەی لەسەر نووسیبوون و بۆی ناردمەوە کە نووسیبووی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ــــ یا خوا زۆر شەوان بێ چا بی، بۆ ئەوەی شتی وا بڵێی. ئەگەر دووعا بکەم بێ نانیش بی دڵت نەیەشێ. ناشکووری نەبێ بێ شتەکەی دیکەش کە هەی!

**برات: عەبدوڵڵا حەسەن زادە** 1370/5/21

هێشتا ڕاپەڕین نەکرابوو و دەسەڵات لە کوردستانیش‌دا هەر بە دەست حکوومەتی عێراقەوە بوو. هیچ کەس بە خەون و خەیاڵیش زاتی ئەوەی نەبوو باسی کوردایەتی و شۆڕش و پێشمەرگە بکا. ڕۆژێکیان نەخۆشێکم برد بۆ لای دوکتور جەمالێ عومەر کە دوکتوری ئەعساب و مودیری "نەخۆشخانەی جمهوور"یش بوو. فەڕڕاشەکەی کە لە بەردەرگا بوو گوتی:

ــــ دوکتور جەمالێ بە سەفەر چووەو دوکتورێکی دیکەی لە جێگای خۆی داناوە. ناوی دوکتورە لەمیعەیە و دوکتورێکی باشیشە.

کاتێك چوومە ژووری و پاش چۆن و چاکی نەخۆشەکەم پێ ناساندو گوتم:

ــــ ئێمە ئێرانی و پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانم. ڕێگامان دوورەو هاتووچۆ کردنمان هێندێك بە زەحمەتە. دوکتور جەمالێ زۆر یارمەتی‌مان دەکا و بە دڵنیاییەوە بەڕێمان دەکا. بەڵکوو کارێکی وا بکەی نەخۆشەکەم پێویست بە گەڕانەوە نەکا.

ئەویش چاوێکی لێ کردم و گوتی:

ــــ بەخێربێن سەرچاو، ئەمن تۆم دیوەو دەتناسمەوە. پارەکە نەخۆشێکت پێ‌بوو لە نەخۆشخانەی تەواری بۆم داخلێ کردی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەی ڕاستی بێ ئەمن نەم ناسیەوە. نەخۆشەکەی معایەنە کردو دەرمانی بۆ نووسی، بەڵام دەرزیەکی "ئاسپیژیك"ی پێویست بوو کە لە بازاڕی وەگیر نەدەکەوت و گوتی:

ـــ ئەو دەرزیەت دەست ناکەوێ و پێویستیشە، ئەمن پێش نیوەڕۆیان لە خەستەخانەی باینجان دەوام دەکەم. دوای دوو ڕۆژی دیکە بۆت دێنم و هەر ئەلێرە تەسلیمت دەکەم.

ـــ زۆر سوپاس دوکتورە، بەڵام نەخۆشەکەی من ئەوەندە نامێنێتەوەو بەڕێی دەکەمەوە.

ـــ باشە سبەینێ بۆت دەنێرم، وەرە لە فەڕڕاشەکەی وەرگرە.

ڕۆژی دوایە بە پەیسەریەوە چوومەوەو فەڕڕاشەکە پێنچ دەرزیی لە گەڵ سورەنگەکانی و نامەیەکی دایە دەستم و گوتی:

ـــ ئەوە دوکتۆرە لەمیعە بۆی ناردووی.

کاتێك نامەکەم کردەوە، ئاوای نووسیبوو:

برای بەڕێزم کاك ئەحمەد:

لە پێشەکیدا سلاوێکی گەرمت لێ ئەکەم. وە هیوادارم هەر سەرکەوتوو بن. برای بەڕێز، ئەوە دەرزیەکانم بۆ ناردی. وە هەر کاتێ ئازاری زۆر بوو ئەتوانێ دەرزیەك لە خۆی بدات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

برای بەڕێز! شانازی بە ناسینی جەنابت ئەکەم و هەمیشە ئامادەم بۆ خزمەتی هەر مرۆڤێکی دڵسۆزو بە ڕەوشت و هەر کاتیَ یارمەتی‌تان پێویست بوو خوشکت ئامادەیە بۆ خزمەت.

دوکتۆرە لمیعە محمد توفیق          مدینه السلام.

بە هەڵکەوت ئەو ڕۆژە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادەش لەویَ بوو، بۆ لای دوکتوری ددانم بردبوو. نامەکەی دوکتۆرە لەمیعە هەروا بە دەستمەوە بوو. منیش بە خەیاڵی خۆم بۆ خۆ پێوە ڕانان نامەکەم دایە دەست مامۆستا و گوتم:

ـــ وامەزانە لێرە هەروا بێکار دانیشتووین، ڕەفیقی ئاواشمان دۆزیونەوە!

ئەویش نامەکەی لە دەست وەرگرتم و خوێندیەوەو گوتی:

ـــ بەڵیَ: هەر کەس ژنان بڕوایان پیَکرد، مانای ئەوەیە پیری لیَی داوە.

با لە باری شۆخی و جەفەنگ بگوزەرێم و هێندێك مەسەلەکە بە جیددی بگرم، ئەو بەشە لە داستانەکە بەجیَ دێڵم و فەسڵێکی نویَتر لە باسەکە دەست پیَدەکەم. خوا لیَ خۆش بوو حاجی مەلا برایمی حیکمەت کە لەسەر هەق وێژی کۆماری بە ناو ئیسلامی گوللە بارانی کرد، زۆر جاران دەیفەرموو، "قسە قسە دێنیَ". ئەم باسەش هەڵگری داستانێکی دووروودرێژەو بە چەند دێڕێك کاکڵەی مەبەستەکە بەدەستەوە نادا. بەڵام دیسانیش ئەمن هەولَ دەدەم هێندێك کورتی کەمەوە.

لە خوێندنەوەی نامەکەی دوکتۆرە لەمیعە، هەستم پیَ کرد کە دەماری کوردایەتیی تێدایە و، وەدواکەوتنی شتێکی لیَ شین دەبیَ. کاتێك هاتمەوە لە نامەیەکی جوانی ئەدەبیدا، داوام لیَ کرد چی لە دڵی دایە بیَ ترس و دڵەخورپیَ لەگەڵم باسی کا و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڕاشکاوی پرێسکەی دڵی خۆیم بۆ بکاتەوە. لە گەڵ کتێبەکەی خۆم "ناڵەی بێ بەشی"دا بۆم پێچاوەو دام بە فەرڕاشەکی کە هەرکات هاتەوە بیداتێ. ڕۆژی دوایە کە چوومەوە هەر لە عەیادەکەی دوکتور جەماڵ بینیمەوە، دانیشتین و زۆرمان قسە کرد. لە قسەکانیدا هەستم پێکرد کە تووشی تەنگ و چەڵەمەیەکی زۆر هاتووەو پێویستی بە یارمەتی هەیە. داوام لێکرد کە ڕوونتر خۆیم پێ بناسێنێ. هەناسەیەکی بۆکرپووزاویی هەڵ کێشا و بە چاوێکی خەماوییەوە سەیری کردم و گوتی:

ــــ دەورانێك تێ کەوتووین پیاو ناوێرێ لای کەس گرێی دڵی بکاتەوە.

ــــ هیچ مەترسە، ئەمن ئەو کەسەم کە دەتوانی بڕوات پێم هەبێ، چی موشکیلەیەکت هەیە لەگەڵم باسی بکە، ئامادەم یارمەتیت بدەم.

ــــ بڕوام پێتە، بە مرۆڤێکی ڕاست و پاکت دەناسم، بۆیە ڕاستە و ڕاست پێ لێ دەنێم کە منیش بە ڕەچەڵەك ئێرانیم، کەس و کارم خەڵکی جوانڕۆن و لە تایەفەی جافانین. دوو خوشکم لەسەرماڵێن و خوشکێکیشم بە مێردە. دایکم پیرەو بابیشم ماوە، بەڵام ئیفلیج بووەو بە دەستی ئەم دیواودیوی پێ دەکەین. برایەکم ژنی هێناوەو لێمان جوێ بۆتەوە، برایەکی دیکەم کە داشدار و خەمخۆرمان بوو ئەوە ساڵێکە حکوومەت گرتوویەتی و بێ سەروشوێنە، لەسەر کوردایەتی گیراوەو بە تەمانیم بە زیندوویی مابێ.

چاوەکانی پڕ لە فرمێسك کردن و مەزڵوومانە لەبەری پێمەوە تا تەپڵی سەرم تێی ڕوانیم، وەك ئەوە کە پێی وابوو لە دەستم دێ یارمەتیی بکەم. بە دەسرە کاغەزییەکەی بە دەستیەوە بوو فرمێسکەکانی سڕین و درێژەی بە قسەکانیدا و:

ــــ حەز دەکەم سەرێك لە ماڵی ئێمە هەڵبێنی با دایکم و خوشکەکانیشم بتناسن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دووباره چاوەکانی پڕ له ئاو بوون و قوڵپی گریان ئەوکی گرتەوه. ئێجگار دڵم پێی سووتاو گەلێك دڵخۆشیم دایەوه، بەڵێنیم پێدا یارمەتی بدەم. هەستاین و لەگەڵی چوومەوه بۆ ماڵی خۆیان. ماڵەکەیان لای برایم پاشا و نزیك گردی مامەیاره بوو. بنەماڵەیەکی هەژار و پاك و خاوێن دیار بوون. خوشکەکانی یەکیان له نەخۆشخانه پەرستار و ئەوی دیکەشیان دەرسی دەخوێند. دایکی ژنێکی سەر سپی و جەماڵ پاك و له گەڵ ئەوەشدا وریا و زیتەڵه بوو. بڕه خوێندەواری‌یەکیشی هەبوو، هات له لام دانیشت و یەك دوو شێعری فارسیی بۆ خوێندمەوه. منیش خۆم پێ ناساند و گوتم:

ـــ خۆشحاڵم له ناسینتان، سوپاسی کچەکەت دەکەم که ئێوەی به من ناساند. چی له دەستم بێ یارمەتی‌تان بدەم.

ئەو جار دەستی لەسەر شانم دانا و زۆر به سۆزەوه گوتی:

ـــ ئەتۆ خدری زیندەی و بۆ من گەیشتوویه ئێره، دەستم به داوێنت ئاگات له "لەمیعه" بێ، لەوەتا براکەی گیراوه تووشی نەخۆشیی ڕەوانی بووه. ماوەیەك له خەستەخانه خەواندمان هەتا هێندێك وەسەرخۆ کەوتەوه. ئەوەندەی له ماڵی خۆمان بێ کاروپیشەی هەر گریانه.

منیش دڵنیام کرد که یارمەتی بدەم. له گەڵ خۆم بردم بۆ مەقەڕ و به کاك حەمه نەزیفیشم ناساند، ئەویش زۆر حورمەتی گرت.

ماوەیەك بەو شێوەیه تێ پەڕی و به گەرمی هاتووچۆی یەکمان دەکرد. نووسراوەکانی حیزبم دەدانێ و له ئامۆژگاری و ڕێنوێنی کردنی خافڵ نەبووم. سەروبەندی بیرەوەریی 25ی گەلاوێژ، ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بوو. پێشنیارم پێکرد ئەگەر پێی خۆش بێ بچین بۆ دەفتەری سیاسی و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەو جێژنە دا بەشداری بکەین. ئەویش زۆری پێ خۆش بوو. بەڵام چوونەکەش هەروا هاسان نەبوو. ئەگەر حکوومەت زانیبای، هەم ئێمە زمان بە درۆ دەردەچووین و هەم ئەویش سەزا دەدرا. هەر بۆیە نامەیەکم بۆ کاک مستەفای هیجری نووسی کە ئەو کات جێگیری سکرتێر بوو، لە نێوەرۆکی مەسەلەکە ئاگادارم کرد.

ئەویش بەم نامەیە وەڵامی دامەوە:

بەڕێز کاک ئەحمەدی قادری

وێڕای سڵاو و ماندوو نەبوونی

نامەکەتم پێ گەیشت. سەبارەت بە هێنانی ئەو دادە دوکتورە نامەم بۆ کاک حەمە نەزیف نووسی کە تەرتیبی بدا، بەڵام پێش هێنانی بۆ خۆت قسەی لە گەڵ بکە با حاڵی بێ ئەگەر لە ڕێگادا پرسیاریان لێکرد بزانێ چۆن چۆن وەڵام دەداتەوە، چونکە ئێستا لە ژنانیش بە شك بوون. بە تایبەت ئەگەر بکرێ پانتۆڵێك لەبەر بکا یان لیباسی ژنانەی نەوعی وا لەبەرکا کە جێگای شك نەبێ باشترە. دیارە ئەگەر لە هاتن‌دا نەیەنەوە سەیتەرەی دەربەند و هەر بە خەلیفان‌دا بێنەوە باشترە، چونکە لەو ڕێگایەوە کەمتر پرسیار دەکەن.

**سوپاس: مستەفا** 1369/5/13

کاتێك لە چوونەکە دڵنیا بووم لە گەڵ بنەماڵەکەشی قسەم کردو ئەوانیش پێیان خۆش بوو. دوو ڕۆژی مابوون بۆ ڕێ و ڕەسمەکە وەڕێ کەوتین. چووینە دەفتەری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیاسی كە ئەو كات لە گوندی "بۆڵێ" لە بناری قەندیل بوو. بە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادەو كاك سەلامی عەزیزی و...م ناساند. ئەوانیش زۆر حورمەتیان گرت.

ئەو قۆناغە بۆ ئەوی قۆناغێكی نوێ بوو. زۆر دڵی پێی كرایەوەو گوڕ و تینێكی تایبەتی وەبەرهاتەوە. پاش ماوەیەكی زۆر براكەی "محەممەد زاهیر" وەدی هاتەوەو بە دە ساڵ بەندی مەحكووم كراو ڕەوانەی بەندیخانەی ئەبووغرێب كرا. ساڵێك بەسەردا تێ‌وەرسووڕایەوەو هەر بە هۆی دوكتۆرە لەمیعەوە لە گەڵ دكتۆرە شلێریش بووین بە ڕەفیق. ئەویش كچێكی بە شەخسییەت و كوردێكی پاك و خاوێن بوو. ئەو جار بە هەر دووكمان ئامۆژگاریی دوكتۆرە لەمیعەمان دەكردو توانیمان هێندێك باری خەمانی لەسەر شان سووك كەین.

ئەم پارچە شێعرەم بۆ دڵدانەوەی ئەوی نووسیووە، دیارە لە كاتێكدا بۆم نووسی كە براكەی بێ سەروشوێن بوو:

## خەم مەخۆ

خەم مەخۆ دەورانی دیلی و كۆیلەیی دەبڕێتەوە

یووسفی ون بوو بەرەو ئامێزی كەنعان دێتەوە

سەردەمی زۆرداری تێپەڕ بوو سەدەی سەركەوتنە

بەفری ڕێبەندان بە سروەی بای شەماڵ دەتوێتەوە

سەردەمی سەرما و سەهۆڵ بەندان ئەبەد خۆ ناگرێ

كفكفەی خوێنی شەهیدان لالە دەڕوێنێتەوە



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باوی کوردی دێتەوە ئاسۆگە ڕوونە مژدە بێ

پەرچەمی سێ ڕەنگ لەسەر پۆپەی چیا دەشنێتەوە

دێتە بەر باخی هومێدی چینی کۆیلە و بێبەشان

دوژمنی ڕێوی سفەت دیسان لە کون دەخزێتەوە

ڕاشکا شەوگاری تاری چارەنووسی نالەبار

تیشکی کازیوەی نەجات دووبارە دەدرەوشێتەوە

هۆ گەلی دروێنەوان و کارگەر و پالە و سەپان!

مژدە بێ ڕۆڵەی بە جەرگت خەنجەری دەسوێتەوە

ڕاپەڕیوە کۆمەڵی چەوساوە دەس هەڵ ناگرێ

لاوی چالاك و بە هەڵمەت تۆڵە دەستێنێتەوە

ڕێی کوڕی کوردی بە مین و تێل دڕوو نابەسترێ

ڕێگە دەبڕێ، ناسرەوێ، تا مافی وەردەگرێتەوە

جەندەکی داگیرکەری بەدفەڕ دەخاتە سەر زەوی

زۆری پێ ناچێ دەلاقەی بەختی لێ دەکرێتەوە

دژ بە دژخیم و نەیار و مل هووڕ و داگیرکەران

دڵنیا بە ڕیزی کوردان ڕۆژێ یەك دەگرێتەوە

زێدی باوانم دەخەملێ چەشنی مێرگ و لالەزار



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆری سەرکەوتن لەسەر پۆپەی چیا هەڵ دێتەوە

ئارەزووی بەرزی دەگاتە دوندی ڕزگاریی وڵات

ئاگری نەورۆزی سەربەستیی گەلم دەکرێتەوە

سولەیمانی 9ی سەرماوەزی 1369ی هەتاوی

بە دوای ئەوەدا زۆری نەخایاند کە ڕاپەڕینە مەزنەکەی کوردستانی عێراق لە بەهاری 1991ی‌زایینی‌دا سەری گرت و هات و چۆکردن لە نێوان ئێمە و کوردەکانی عێراق‌دا مەباح بوو. دوکتۆرە شلێر و دکتۆرە لەمیعە داوایان لێ کردم کە بۆ بەشداری کردن لە بیرەوەریی 25ی‌گەلاوێژی1370ی‌هەتاوی‌دا بیان بەم بۆ دەفتەری سیاسی. منیش لە گەڵ دەفتەری سیاسیم باس کردو ئەوانیش پێ‌خۆشحاڵی‌یان دەربڕی. ڕۆژی 22ی‌گەلاوێژ لە گەڵ دوکتۆرە لەمیعە وەڕێ کەوتین. دوکتۆرە شلێر لە نەخۆشخانەی سەروچاوێ نزیك بە گوندی شکارتە کاری دەکرد، چووین ئەویشمان هەڵگرت و بەرەو دەفتەر وەڕێ کەوتین. گەیشتینە یەکەم پرسگەی حیزب و بە تەلەفوون کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیم ئاگادار کرد کە ئەوە هاتووین و چ بکەین؟ کاك سەلامی عەزیزی کە بەرپرسی کۆمیسیۆن بوو، تەلەفوونەکەی هەڵگرت و گوتی:

ـــ پێشەکی بەخێرهاتنتان پێ دەڵێم. پاشان ئێستا لە سلێمانی‌یەوە پەیامیان داوینێ کە بەداخەوە باوکی دوکتۆرە لەمیعە کۆچی دوایی کردووە !

هەواڵێکی کتوپڕ و ناخۆش بوو، بە سرتە لە گەڵ دوکتۆرە شلێر باسم کردو بەڵام لە دوکتۆرە لەمیعەمان ئاشکرا نەکرد. هەستاین و بەرەو کۆمیسیۆن سوار بووین. لەوێش کاك سەلامم تێ‌گەیاند ئاشکرای نەکا. چایەکی بە پەلەمان خواردەوەو هێندێك وەستایانە گوتمان لە سلێمانی‌یەوە پەیامیان لێ‌داوە کە باوکی دوکتۆرە لەمیعە هێندێك



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناڕەحەتەو گەڕانەوەمان مەسڵەحەتە. سوار بووین و لووس و باریك بەرەو سلێمانی گەڕاینەوە. کاتێك گەیشتینەوە بە سەر شین و شەپۆڕیدا کەوتین و هەر فریا جەنازەکەشی نەکەوتین. پاش سەرەخۆشی کردن و... منیش گەڕامەوە بۆ مەقەڕ. بەڵام هەتا سێ ڕۆژان هەموو دوانیوەڕۆیان دەچوومەوە بۆ لایان و دڵخۆشیم دەدانەوە.

ئەو سەفەرە چ بۆ من و چ بۆ ئەوان سەفەرێکی تاڵی مێژوویی بوو کە هەتا ماوم لەبیرم ناچێتەوەو ئەو ڕووداوە ناوەختە بۆ هەمیشە ئازارم دەدا. وەك بیرەوەرییەکی ناخۆشی ئەو سەردەمەی ژیانم لە دەفتەری بیرەوەریمدا تۆمارم کردووەو ئەو دیمەنە تاڵە قەت لە بەرچاوم ون نابێ. پاشان دەقی ڕووداوەکەم بۆ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە نووسی و ئەویش ئەو نامەی بۆ نووسیمەوە:

برای خۆشەویست و تێکۆشەرم کاك ئەحمەدی قادری!

پاش سەلام و عەرزی ئیحتیرام .

ڕۆژی 25ی گەلاوێژ چاوم بۆ گێڕای دیار نەبووی. کاتێك لەم و لەوم پرسی بۆم دەرکەوت کە ڕۆژی پێشتر لەگەڵ دوو خوشکی دوکتور هاتووی، بەڵام پێش گەیشتنتان پەیامێك لە بارەی مەرگی باوکی یەکیانەوە هاتووەو ناچار هەر ئەو ڕۆژە گەڕاونەوە. بەڕاستی بۆم ڕوون نەبوو باوکی کامیان بووە، تا ئەمڕۆ نامەکەی جەنابتم پێ گەیشت کە ماڵت ئاوەدان بێ ڕوونت کردمەوە. بەو بۆنەیەوە نامەیەکی سەرەخۆشیم بۆ دوکتورە لەمیعە نووسیوە تکا دەکەم زەحمەتی گەیاندنەکەی بکێشی.

چوارینەکەتم دیت و دەست خۆش. ئەوە بۆم ناردیەوە بیخەیە جێگای خۆی. ئەگەر خوا بکا لێم تووڕە نەبی نەزەری خۆم لەسەر شێعرە تازەکەشت نووسیوە کە بۆ ئەویش هەر دەست خۆش.

سوپاس که عەکسەکەی شەهید دوکتۆرت وەگرتۆتەوە. ئەگەر زەحمەت نەبێ "حەمەدۆك"ی بەرگی دووشم هەر بۆ وەربگرەوەو بۆم لە گەڵ خۆت بێنەوە. وەك بیستوومە چاپەکەی دەرچووەو ڕەنگە بەم زووانە ئەمنیش پێم بگا. ئەو کات نوسخەی چاپی و ئیمزا کراوی دەنێرمە خزمەت کاك ئەکرەم بەگی خۆمان.

ئەرێ بەڕاست داخوا کاك هیوای وەیسی لە بارەی حیساب و کیتابی کتێب و متێبەکانی منەوە چی کرد هەر خەبەری نەبوو. داخوا لەلای خۆتەوە بە قەولی شارستانیان زەنگێکی بۆ لێ نادەی؟ بەڵکوو لەو بزماربەگایەدا پووڵێك مووڵێکی بۆ پەیدا کردبم، پیاو لە ناگوزیریەکی خەرج بکا و ئیحتیاجی دەستی نامەردان نەبێ.

ماوەتەوە بڵێم وەکیلی سڵاو بە بۆ هاوکارەکانی خۆت و ماڵە دۆستەکان هەموویان حاجی دەروێشەکە و کاك حەمە و کاك ئەکرەم و ئیلا ئاخر، هەر شتێکم لەبیر چووە بۆ خۆت وەبیرم بێنەوەو هیچمان لە هیچ.

**بە هیوای خۆشی و سەرکەوتنت      عەبدوڵڵا** 1370/5/ 27

نامەم لە گیرفانم ناو بەرەو ماڵی دوکتۆرە وەڕێ کەوتم. لە دەرگامدا و چوومە ژوورێ، سڵاو لە حازریان، بە پیرمەوە هاتن و بە تامەزرۆییەوە لە دەورم هاڵان. هێشتا شوێنەواری خەمی کۆچی دوایی باوکیان بە ڕووخساری کچەکانەوە هەر دیار بوو. نامەکەم دانێ و هێندێك دڵخۆشیم دانەوە، دایکی هات لە پەنام دانیشت و لەوەی کە بە وتەی خۆی ئەو یارمەتیدان و هات و چۆکردن و دڵخۆشی دانەوە تا ڕادەیەکی زۆر شوێنەواری لەسەر داناون و، زۆر لە گیروگرفتە ڕووحی و دەروونییەکانی چارەسەر کردوون، سوپاسی کرد و پاشان گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ــــ ئەگەر دۆستێکی وات هەیە سەری لە سەودا و مامەڵە دەرچێ، پێی بڵێ مافوورەیەکمان هەیە بەڵکوو بۆمان بفرۆشێ.

تێگەیشتم کە لە باری ماڵییەوە دەست کورتن. منیش لەو کاتەدا پووڵم لە دەست دابوو. هاتمەوە هەزار دینارم بۆ بردن و گوتم:

ــــ ئێستا مافوورە هەرزانە، جارێ مەی فرۆشن و ئەو هەزار دینارە خەرج کەن، هەتا ئەوەش دەبڕێتەوە خوا دەمێنێ و ملکی. دیارە هەزار دیناری ئەو کات پووڵێکی کەم نەبوو، لێی وەرگرتم و هەردووك دەستی لە حەوا کردن و گوتی:

ــــ خوا دەست بە عەمرت بگرێ، ئاواتم ئەوەیە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو چاکەی تۆم پێبدرێتەوە.

ــــ دایە گیان! ئەمن ئاواتم ئەوەیە کە شتێکم لە دەست هاتبێ و ئەوەش کە کردوومە بێجگە لە خزمەت کردن مەبەستێکی دیکەم نیە.

دیارە لەو دەمەدا کە دەوا و دەرمان بە هیچ نرخێك وەگیر نەدەکەوت، دوکتۆرە لەمیعە کۆمەڵێکی باش دەرزی و دەوا و کەل و پەلی نەخۆشخانەی بە ناوی یارمەتییەوە دابوومێ کە جێگایەکی باشیان بۆ گرتین و کەلەبەرێکی گەورەیان لە ناگوزیرییەکانی نەخۆشخانەکەمان بۆ پڕ کردنیەوە. بەڵام نە ئەو بە فرۆشتن ئەوانەی دابوومێ و نە منیش لە جیاتی دەرمانەکان ئەو هەزار دینارەم دانێ.

سەرەنجام لە ماوەیەکی کورتدا توانیم ئیرادەی دوکتۆرە لەمیعە بە ڕادەیەك بەرز کەمەوە کە بۆ خۆشی جێگای سەرسووڕمان بێ. ئەگەریش بڕوا ناکەن سەرنج بدەنە چەند بەشێك لە نامەکانی خۆی کە بۆ بیرەوەری لێرەدا تۆماریان دەکەم. لە بەشێکی نامەکەیدا دەنووسێ:

"... دوێنێ کە لای تۆ هاتمەوە ماڵەوە هەر وەکوو چۆن نەخۆشێك لە خەستەخانە پاش چاك بوونەوە دێتەوە، منیش ئەوها گۆڕابووم و باشتر بووم. چونکە بوویت بە سەرچاوەی ڕووناکی و هێز و توانا بۆ من. هەر بۆیە پێویستیم پێت هەبوو. بۆیە لە هەولێر(1) هاتمەوە لە بەر ئەوەی چەند شتێکی تیا هەیە، ئەویش خۆشەویستی زەویەیە و خۆشەویستی ماڵەوەو تۆ و هاوڕێکانمە. لەبەر ئەوە کە هەست بە تەنیایی ئەکەم چارم ناچاریە ئەبێ بگەڕێمەوە بۆ لایان ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت. بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت. ئێستا تاوەکوو زیاتر خۆ ئەگرمەوە، بە هێزتر ئەبم، لە داهاتوودا کە ئەبێ واش بم. واتا بەهێزتر بم، چونکە ئەگەر وانەبم ئەوا شەرمەزار ئەبم لەبەر دەم تۆدا. بۆیە یەکەم شت کە ئەبێ بیکەم لە داهاتووی نزیکمدا ئەبێ شایانی وشە و بیرە بەرزەکانی تۆ بم، ئەگینا قەت لە خۆم ڕازی نابم، وە هیوادارم کە بتوانم لە ئاستی ئەم وشانەدا بم وە سەرکەوتوو بم لە بەردەمی خۆم و تۆدا، چونکە حەز ناکەم بەسەر خەفەت و ناخۆشیی ژیانی تۆ ئەوە منیش ببم بە هۆیەك، بۆ زیاد کردنی خەفەتی تۆ. وە هیوادارم ئەم جارە کە منت بینیەوە، بە بێ خەفەت بێم بۆ لات.

ئەزانم هەڵە لە خۆمەوەیە، کە تۆ ئەبینم ئاوا بەرز و بەهێز و باشیت حەز ئەکەم خەڵکیش هیچ نەبێ تۆزێك لە تۆ بچن، بەڵام وانابن چونکە هەر یەکە پەروەردەی ماڵێك و بنەماڵەیەکن. جاری وایە لە هەولێر بیر ئەکەمەوە ئەڵێم باشە ژیان ئەمە ئەهێنێ کە من ئاوا دوورم وە بە تەنهام، ئەبێ وەك ئەکتەر بجووڵێیتەوەو قسە بکەی، هەر وەکوو لەسەر شانۆبیت و هەر قسەیەك بکات کە بۆیان ئامادە کردووە. نازانم دوایی چۆن وەڵامی خۆم بدەمەوە؟ بەڵام وەڵامەکەی لای تۆ بوو، دۆینێ کە پێت وتم: "ئەبێ ئیرادەت بە قووەتتر بێ وە بە تواناتر بی و پەلە نەکەی بۆ ئەوەی بتوانی لە داهاتوودا بەڕاستی خزمەتی فەقیر و هەژاران بکەیت".

لە بەشێکی نامەیەکی دیکەی‌دا ئاوای بۆ نووسیبووم:

"... نازانم! لە هەموو ناخۆشی‌یەك و تەنگانەیەكدا فریام ئەکەوی. دوێنێ شەو کە هاتینەوە کتێبەکەتم بینی لای بەیانی‌یەکەی، زۆر دڵم خۆش بوو، وەکوو لەنێو گۆمێکی قووڵ دەرم هێنی وابوو، لەم سەفەرەدا زانیم کە خەڵکی هەموو دنیایان لێ بووە بە ماددە، بە پارە، هەموو هیوایەکیان پارەیە. کەم کەس هەیە وەکوو ئێمە و تۆ و هەندێ کەس کە ماددەیان بە لاوە گرینگ نەبێ.

با سەرت نەئێشێنم بەم بابەتە بێ نرخەوە، بەیانی ئەڕۆم بۆ هەولێر، بەڵکوو دوور کەومەوە لە خەفەت (لە خەفەتی ئەم خەڵکە) هەر چەند خۆم بە هێز ئەکەم و توانای خۆم زیاد ئەکەم، لەوە ناچێ بتوانم زۆر بەردەوام بم لەسەر ئەم ژیانە ئەگەر هەروا بە بێ مانایی بڕوات. ئێستاکە هەموو ترووسکەی هیوایەکم تۆ و براکەمە کە دڵم پێی خۆش بێ، یارمەتیم بدات، بە تواناتر بم و زاڵ بم بەسەر خۆم دا. لە بەر ئەوە بەس لەو ڕۆژە ئەترسم کە دوور بکەویتەوە، چونکە ئیتر لەو کاتەدا کەسم نامێنێ. چونکە تەنیا سەرچاوەی هێز و توانا و دڵنیایی منی. نامەکانت بوون بە هاوڕێم، لەگەڵم دان، و بەیانیش ئەیانبەم لە گەڵ خۆم. بڕوا ئەکەی هەر نامەیەکت چەند جارێك خوێندوومەتەوە، پەنام بۆ بردوون لە کاتی تەنیایی و دڵ تەنگی دا، وە هێز و توانا و خۆشەویستی‌یان پێ بەخشیوم. لە بەر ئەوە نامەوێ دووریم لە هەولێر کارت لێ بکا، چونکە دوور نیم، بەڵکوو نزیکم، چونکە ئەگەر نزیك نەبوویتایە، لەوێ من پەنام بۆ نە ئەهێنای لە ناو ئەو هەموو خەڵکەدا. بەو هیوایە ئەڕۆم بۆ هەولێر کە نزیکی لێم، بەڵکوو هەست ئەکەم لەگەڵمای لە هەموو شوێنێ وە هەموو کاتێ. وە دڵنیا بە بیر لە خەم و خەفەت زۆر ناکەمەوە. وشەکانم زۆر سادەن، حەزم ئەکرد وەك وشەکانی تۆ

بەرز و پڕشنگدار بوونایە، بەڵام بەداخەوە، ئەمویست وشەی زۆر جوان و ناسك بنووسم، بەڵام نەم دۆزینەوە. ئیتر خۆشی و کامەرانیت ئاواتی منە".

ئەمەش بەشێك لە نامەیەکی دیکەی:

"... ئەم هەفتەیەی کە ڕابوورد لە هەولێر زۆر باش بووم بە چاو هەفتەی پێشوو. چونکە ئەم هەفتەیە لەگەڵم دابووی لە هەموو شوێنێ وە هەموو کاتێ. وە هەستم بە تەنیایی نەئەکرد. ئەگەر تۆزێك بێ هێز ببوومایە، یەکسەر ئاگادارت ئەکردمەوە، منیش وریا ئەبوومەوە، وە هەستم ئەکرد شاخێکی گەورەم لە پشتە. قەندیل و کوڕەك و زۆزکم لە پشتە. ئەم قسانە کە ئەنووسم بەڕاستیمە، چونکە ئەگەر وانەبێ ئەوا خەیانەت لە خۆم ئەکەم. وە هەتا ئەتوانم هەوڵ ئەدەم ئەو لایەنە خراپانەی کە خۆم بە دڵم نیە چاکی بکەم. وە ئەو جار ئەبم بەو کەسە کە تۆ ئەڵێی. هەر لەسەر قسەی تۆ کە وتت تێکەڵاوی خەڵك بەو بچۆرە ناویان، مرۆڤی باشیان تێدا هەڵ دەکەوێ ... بەڵێ وابوو، مرۆڤی باشیان تیایە، یەکێکم ناسی کە فەلەستینییە و مرۆڤێکی زۆر باشە و تێگەیشتووە. بەڵام زۆر قسەم لەگەڵ نەکردووە جارێ.

لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە زنجیرە چیایەك دیارە، بەڵام لە بەر چاوم زۆر دوور نیە، وابزانم زنجیرە چیاکانی لای کۆیەیە وە هەیبەت سوڵتانی تیایە و بەسەر بەشی سەرووی بەفری لێ باریوە. بەڵام زۆر جوانە، بووە بە هاوڕێم، کە سەیری ئەکەم، وە سەیری گوڵ و باخی ناو خەستەخانەکە ئەکەم کە ئەوانیش هەر هاوڕێمن، وە زۆرم خۆش ئەوێن، چونکە زۆر پاکن وەکوو پاکی و دڵسۆزی تۆ. هەر وەکوو چۆن منت زیندوو کردەوە، هەست ئەکەم ئەوانیش زیندووم ئەکەنەوە. وە هەندێ جار بیر ئەکەمەوە ئەڵێم: خۆزگە بە ئارەزووی خۆم لە ناویان دا ئەژیام. سەیری هەر لایەکم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بکردایه گوڵ و باخ و شاخ و ئاو و مرۆڤی بەرز و پاك بوایە. دۆینێ وام لێ هاتبوو ئامۆژگاری دوکتۆرەیەکی کچم ئەکرد کە خەڵکی بەغدادە و زۆر هەستی بە غەریبایەتی ئەکرد. وە گلەیی لە کیژەکانی هەولێر ئەکرد کە چۆن یارمەتی غەریب نادەن. هەستم ئەکرد بەهێزترم، چونکە پاڵپشتێکی بەرزم هەیە کە تۆی. وە ئامانجێکی بەرزیشم هەیە کە ئەبێ پێی بگەم. ئەویش شادبوونەوەمە بە خاکە خۆشەویستەکەم کە بیبینم سەربەستە و خۆش گوزەرانە. وە ئێستا ئەوەی کە داوام لە خۆم هەیە کە هەروا بمێنینەوە، وە کە شایانی ناسینی تۆی بەرز بم".

ماوەیەکی دیکە بەسەردا تێپەڕیو خواوڕاسان براکەی ئازاد کرا. کاتێك هاتەوە چووم بۆ بەخێرهاتنەوەی. ئەو لە دوورەوە منی ناسی، چونکە دایکی و خوشکەکانی هەر لە بەندیخانەدا چۆنیەتی ناسین و ئاشنایی منیان بۆ گێڕابۆوە، ئەویش زۆر سوپاسی کردم و داوای کرد کە ئەو پێوەندییە نەپسێنین. ئەو لایەنگری یەکیەتیی نیشتمانی بوو. ماوەیەك بوو بە پێشمەرگە و لە چاپەمەنی و ڕاگەیاندن‌دا کاری دەکرد. کوڕێکی خوێندەوار و بەش بە حاڵی خۆی تێگەیشتوو بوو. بەڵام پاش ماوەیەك لە داخی ئەوە کە بە وتەی خۆی ئەو کەسانەی لە سەردەمی حکوومەتی عێراقدا ئەویان بەگرتن دابوو، لە جیاتی ئەوە سەزا بدرێن کراون بە بەرپرسی ئەوێ و ئاغایەتی‌یان بە سەرەوە کردووە، دانیشت و ملی لە کاسبی نا. پاش ماوەیەك ژنی هێنا و بۆ زەماوەندەکەشی لێی گێڕامەوە.

با لەوە زیاتر ماندووتان نەکەم و دەرگای ئەو باسە پێوە دەم. بەس ئەوەندە ماوە کە بڵێم بە هاتنەوەی براکەی کە هەستم پێ کرد بەشێکی زۆر لە تەنگ و چەڵەمەکانیان چارەسەر کراون، هێدی هێدی لە هات و چۆ کردنم کەم کردەوە. بۆ

دواجار براکەی هات بۆ دیدەنیم و هەزار دینارەکەشی هێنایەوە. چەندی گوتم ئەمن بە قەرزم نەم داونیٚ و لیٚت وەرناگرمەوە گوتی:

ـــ برا ماڵت هەزار جار ئاوەدان بیٚ، ئەمن کاروباری خۆم پیٚ ڕووبەڕا کردو ئیٚستاش حاڵمان باشە. بە خوا ئەو دووکانەم بەو هەزار دینارەی تۆ پیٚکەوە ناوە.

بۆ ئاخرین جار یەکترمان لەئامیٚز گرت و ماڵاواییمان لیٚك خواست. ئیتر ئەمن بۆ ڕادیۆ نەقلٚ کرام و لەودەمەوە لیٚك بیٚ خەبەرین.

لەوەی کە هیٚندیٚك حاشیە ڕۆیشتم و لە مەبەستەکەم دوور کەوتمەوە، داوای لیٚ بووردن دەکەم. ساڵی بەفرە زۆرەکە (1370) بوو، ئەو کات مامۆستا عەبدوڵڵا حسن زادە بەرپرسی چاپەمەنیی حیزب بوو. داوای هیٚندیٚك کتیٚب و نووسراوەی حیزبیم لیٚ کردبوون کە بە دیاری بیدەم بە دوکتۆرەکان. لەمیٚژ بوو مامۆستاشم نەدیبوو. نامەیەکی هەواڵ پرسیم بۆ نووسی و داوای کتیٚبەکانیشم کرد. ئەویش بەم نامەیە وەڵامی دامەوە:

برای ئازیزەکەم کاك ئەحەی برا!

سڵاو و ڕیٚز.

"کەوتە مابەینمان حەو کەژو حەو کۆ، مەگەر بای ڕەحمەت من بیٚنیٚ بۆ تۆ". ناشکوری نەبیٚ ئەم ساڵ لە "بای ڕەحمەت"یش خەبەریٚك نیە. ئەگینا بە خوای منیش تامەزرۆی دیدارتم. ئەمنیش وەڕەزیم کردووی و حەزم دەکرد بۆم کرابا هەتا لە خەو هەلٚ دەستی، تیٚر تیٚر لە چا هەمیشە حازرەکەت بخۆمەوە، ڕەببی ڕووی ئەم بەفرە ڕەش بیٚ و توون بە توون چیٚ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نامەکەت گەیشت و بە قەولی مەلا و فەقێیان "المراسله نصف المواصله"، واتە نامە گۆڕینەوە نیوە پێك گەیشتنێکە، بەڕاستی خۆشحاڵی کردم. پێت وانەبێ لە بیرم چووی. کتێبەکانیش هەر چەند لیستەکەش دوورودرێژ بووبێ حازرن. بەڵام وەختێك نەوت و نان بۆ ئێرە نەگا، سروشتییە کتێبیش ناگاتە لای ئێوە. ئەگەریش باوەڕ ناکەی فەرموو ئەوە عەرز و ئەو گەز بۆ خۆت بنێرە بیان بە.

ئەمنیش سەلام و کەلامم بۆ کاك ئەکرەم و کاك حاجی و کاك حەمە و دۆستانی دیکە هەیە. بەڕاستی کاك ئەکرەم(3) هەقیەتی. بەڵام با ئەوەش بڵێم کە کارتەکەی حەوتوویەك دەبێ لە گیرفانی من دایە. چ بکەم، نەکراوە بی نێرم. ئەوە ناردومەتە خزمەت خۆت و زەحمەتی گەیاندنەکەی بکێشە.

پێم خۆش بوو وتارەکەی کوردستان(4) خەڵاتی وەرگرتووە، چونکە کاتی خۆی لەوەش تەکمیلتر بوو، کەس "دەسخۆش"ێکیشی پێ نەگوتم. دیارە لە لای خەڵك قەدری ئەو شتانە زیاترە.

دووبارە سڵاو و سوپاس، حەمە دۆکەکە لە خزمەت دایە. بەڵام دەبێ وەسیلەی ڕاستەوخۆ هەبێ بینێرم نەوەکا بفەوتێ.

**وێڕای سوپاس برات : عەوڵا جۆڵا** 1370/12/8

لە نامەیەکی دیکەدا ئەو نوکتە خۆشانەی بۆ نووسیبووم:

برای زۆر ئازیزم کاك ئەحمەدی قادری

پاش سڵاو و دەست گوشین، بڕوانە ئێمە دەستی کێ دەگوشین؟ و لاچاو ماچ کردن. هیوادارم چاك و باش بی و ئەمنیش چت عەرزکەم. دەبووری کە لەمێژە شێعرە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گۆرنیت لام ماوەتەوە. شوکری خوا بکە کە نەش فەوتاوە. ئەوە لەگەڵ ئەم نامەیە بە ساغ و سەلیمی!! بۆم ناردیەوە.

لەگەڵ ئەم نامەیە حەوت جلْد کتێبی حەمەدۆك و سێ نامە دەنێرمە خزمەتت. تکایە نامەی کاك عومەر خاوەن کتێبخانەی سلێمانی بۆ خۆت یان لە گەڵ کاك هیوا بگەیەنە و 1248 دیناری پارەی کتێبی لایە بۆم لێ وەرگرەو بۆم بنێرە. کتێبەکانیش پاش هەڵگرتنی کتێبی خۆت و کاك حەمە نەزیف لە گەڵ دوو نامەکەی دیکە تەحویلی کاك هیوای حاجی دەروێش بدە کە بیان گەیەنێتە دەستی خاوەنەکانیان. بۆ هەموو کار و ئەمرێکت لە دەستم بێ لە خزمەت دام و سڵاوم بۆ برادەرەکەت و برادەرانی لای خۆت هەیە.

**برای دڵسۆزت: عەبدوڵڵا حەسەن زادە** 1370/7/1

ئەوەش بەشێك لە نامەیەکی دیکە:

کاك ئەحمەو پیاوی خاسە، ئەشەووبیلا، ئەشەووبیلا.

خاڵە گیان سەلام و کەلام.

ئێمە باشین و تۆش باش بە. سڵاو و ڕێزی تایبەتیم بۆ دۆست و ئاشنایان زۆرە. ئەوا بەفرەکە کەمی کرد، یان بڵێم بە زۆر کەممان کرد.

بۆیە چل ساڵ خەباتم نارد. تۆشم بە دوکتۆرەکان سپارد. هیوادارم نەخۆش نەبی. موحتاجی دەستی وان نەبی.

ئەم چەند دێڕەم هەر بۆ بیرکردنەوە نووسی. بۆ هەر فەرمانێکت ئامادەم. نەهاتم دڵم بۆ ناردی و بە خوای مەزنم سپاردی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**برای دڵسۆزت:**

**عەوڵا جۆڵا** 1370/12/15

## پەراوێزەکان:

1) ئەو کات لە زانستگەی هەولێرێ دەورەی عەمەلیەکەی دەبینی.

2) چوو بوون بۆ چاو پێکەوتنی براکەی لە بەندیخانەی ئەبوو غرێب.

3) کاک ئەکرەمی ئەحمەدی "ئەکرەم بەگ" خەڵکی کەندە سوورەی بانە و ماوەیەك پێشمەرگە بوو. دوایە چەکی دانا و لە سلێمانی ددان سازیی دەکرد. مامۆستا لوتفی لە گەڵی هەبوو. کارتی لایەنگری لە حیزب بۆ وەرگرتبوو. دوایەماڵەکەی چووە هەولێرێ و ساڵی 1386ی هەتاوی کۆچی دوایی کرد.

4) وتارەکەی مامۆستا کاتی خۆی بۆ کۆچی دوایی مامۆستا هەژاری موکریانیی نووسیبووی. منیش لە بیرەوەریی ساڵڕۆژەکەیدا کە پارتی دێمۆکرات لە سلێمانی ڕێ و ڕەسمێکی بەشکۆی بۆ پێك هێنا بوو، ئێمەش وەك دەستەی نوێنەرایەتیی حیزب بانگ هێشتن کرابووین، دەقاودەق خوێندمەوەو سێتێك پێنووس "خودکار و خودنووس"ێکیان خەڵات کردم. دیارە هەموو ئەوانەی وتار و شێعریان خوێندەوە کە یازدە کەس بوون، هەموویان خەڵات کردن.

# نەخۆشی یەک و چەند کێشەی نێوخۆیی

ڕۆژان هاتن و چوون و، وەرزەکانی ساڵ جێ گۆڕکێیان کردن و نێوەڕاست مانگی زستانی 1367ی هەتاوی بوو. لە مێـژ بوو لەگەڵ دەردو بەڵایان لێك نەبان بووین و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نێوانـمان نەبوو. هەر بۆیە  بە تامەزرۆییەوە لە دووم دەگەڕان و ماڵ پشكنیان بۆ دەكردم. شەوێكیان دەماودەمی ڕۆژێ بوو، تەزوویەك بە لەشم دا هات و كەمی خایاند كە سەرتاپای ئەندامانی لەشـمی گرتە ژێر تەوژمی ئازارێكی لە ڕادەبەدەر، لەرزو تا هەڵی چۆقاندم و ئۆقرەی لێ هەڵ گرتـم. نەخۆشییەكی توند ئاوقام بوو و بە تەواوی بڕستی لێ بڕیم. زۆرم هەوڵدا لە پلیكانەكان بڕۆمە خوارێ و یەكێك لە هاوڕێكانـم ئاگادار كەم، بەڵام نەم توانی و تا ڕۆژی پاك وەك ماری بریندار پێچم دەخواردنەوە. خۆر كەوت و هاوڕێكانـم هاتن بە پەیسەرمەوە، لە دەورم كۆ بوونەوەو گەرەكیان بوو بۆ نەخۆشخانەم بەرن. بەڵام چەندی غیرەتـم بەر خۆ نا، خۆم  لە سەر پێیان  نەگرت و یەك تەختە لێی كەوتـم. كاك عێـزەتی پەیڕەوان كە هاوكارم بوو، چوو بۆ نەخۆشخانە و هەواڵی نەخۆشییەكەمی بە دوكتۆرەكان ڕاگەیاند بوو. زۆری پێ نەچوو دۆستێكی خۆشەویستم بە ناوی كاك نەسرەدین كە لە تاقیگە كاری دەكرد، هاتە لام و كۆمەڵێك تاقیكاری لێ وەرگرتـم و بردنیەوە بۆ نەخۆشخانە. كاتێك ئاكامی تاقیكاری-یەكانی وەرگرتبۆوە، دەركەوتبوو كە تاقە گورچیلەكەشم ئاوی تەواوی پێ ناگا و بێ هێـز بووەو خەریكە وەك ئەوەی دیكەم، ماڵاوایـیم لێ بـخوازێ. هەر بۆیە بە ڕێنوێنیی دوكتۆرەكان هێندێك دەواودەرمانی لە گەل خۆی هێناو بە پەلە هاتەوە بۆ لام. چەند حەبێكی دامێ و سێڕۆمی بۆ هەڵ واسیم و ئەو ڕۆژە هەتا ئێوارێ بەجێی نەهێشتم. وەسبەینیێڕا بەشێكی زۆر لە دوكتۆرەكان هاتن بۆ لام و خەمیان لێ خواردم. پاش چەند ڕۆژێك سەرم هەڵێنا و كفنم دڕی.

شەوێكیان وەڕەزو بێ تاقەت، بە تاقی تەنیا لە ژوورەكەی خۆمدا ڕۆنیشتبووم. كات ژمێر دەورووبەری نۆی شەوێ بوو كە پۆلێك لە هاوڕێكانـم هاتنە سەردان و هەواڵ پرسیم. هەموویان لە دەورم كۆبوونەوەو جێتان خاڵی مەجلیسێكی

خنجیلانەمان ڕازاندەوە. منیش کە تازە وەسەر خۆ کەوتبوومەوە، چەندی بڵێی لە هاتنەکەیان خۆشحاڵ بووم. ملمان لە قسەی جەفەنگ و لابەلا نابوو، ئەوەی دەمانگوت نەمان دەگوتەوە. یەکێك لەوانە کە لە هەموویان زیاتر لێك نزێك بووین و لە ڕادەبەدەر نێوانـمان خۆش بوو بێسیم چیەکەمان بە ناوی قادری ئەحمەدزادە بوو. چەند مانگێك بوو ژیانی هاوبەشی پێك هێنابوو بە خۆی و نازدار حەیرانییەوە هاتبوون تا شەو ڕاشکا لەوێ مانەوەو پاشان هەر یەك بۆ مزڵی خۆی بڵاوەیان لێ کرد.

پاش زیاتر لە حەوتوویەك نەخۆشی بە تەواوی بەرۆکی بەردام و هێدی هێدی کەوتـمەوە دارە دارە. چەند ڕۆژێکی دیکەش تێ پەڕی و هەموو ڕۆژێك چەند کەس لە هاوڕێکانـم دەهاتنە هەواڵ پرسیم. بەڵام قادر کە جاران هەموو ڕۆژێك چەند جاران هەواڵی دەپرسیم، پێیدا نەهاتەوە. هەستم پێ کرد کە ئەو گەرم و گوڕیەی جارانی نەمابوو. زۆریشم پێ سەیر بوو، هەر چەند بیرم لێ دەکردەوە نەم دەزانی بۆ وایە. سەرتان نەیەشێنم ئەمن خۆم پێ نەگیراو شەوێکی چوومەماڵیان. سڵاو لە حازریان و چاك و خۆشی هەر وەك جاران هێندێك قسەی خۆشم بۆ کردن و گلەیـیم لێ کردن کە بۆ نەهاتوون بۆ لام، بەڵام قادر سەری وەبەر خۆناو ئەلف تا بێ وشەیەك چیە لە زاری نەهاتە دەرێ. ژنەکەشی جاروبار چاوێکی لێ دەکردم و بزەیەکی مەکراویی دەهاتە سەر لێوان و . . . ، سەرەنـجام خۆم پێ نەگیراو گوتـم:

براله! من و تۆ سەرەڕای ئەوە کە هاوسەنگەرین، دۆستین و بڕوای تەواومان بە یەکتر هەیە و نابێ هیچ شتێك لە یەکتر وەشێرین. دەپێم بڵێ بزانـم چییە لە قوڕگت گیراوە بۆت دەرنابڕدرێ و خەریکە بت خنکێنێ!

کەوام پێ گوت سەری هەڵێناو چاوێکی شەرماویی لێ کردم و:

بە خوا بڵێم چی؟!

دیسان سەری لە عەرزی چەقاندەوە! ئەوەندەی دیکەش سەری هەوداکەم لێ ئاڵۆزاو کەوتـمە دەریای بیری جۆراوجۆرەوە، پاشان ڕووم لە باجی مەلەکێ کردو گوتـم:

ــ ئەرێ براژن ئەتۆ لەو مەسەلەیە هیچ تێ ناگەی داخوا قادر بۆچی وا پردی قیامەتی لێ پساوە؟!

ئەویش سەری هەڵێنا و بزەیەکی هاتێ و بەو پەڕی ڕوو هەڵماڵاوی‌یەوە گوتی:

ــ بەرێ وەڵڵا زۆر باش دەزانـم، چۆن نازانـم.

ــ دەباشە بۆم وەگێڕە بزانـم چی ڕووی داوە کە قادر سەری هەموو کێوانی لێ وێك هاتووە.

ــ چۆن ئەو شەوە کە هاتین بۆ لات ئەتۆ جۆرێك تەماشای منت دەکردو منیش بۆ قادرم گێڕایەوەو ئەوە لە سەر ئەو مەسەلە وا تووڕە بووەو هەقیشیەتی، ئەڕێ بەڕاست ئەوە چت لە دڵی دابوو؟!

کاتێك ئەوەم بیست هەروەك لەنەکاو لە بانێکی بەرز بەرم دەنەوە ئاوا تاسام. هەرچی لەشم بوو وەسەر ئاو گەڕاو هەر ئەوەندە بوو نەبووم بە دڵۆپێك ئاو و عەرز قووتی نەدام. ڕووم لە قادر کردو گوتـم:

براله! واز لەم دڵەڕاوکێ‌یە بێنە و دڵنیابە خێزانی تۆ خوشکی منە. دڵ بە دڵ مەدەو پێ لە کەلی شەیتان بێنە خوارێ. من و تۆ هاوڕێی ڕاستەقینەو گیانی بە گیانین، شتی وا لە دڵی خۆت دا ڕامەگرە. ئەمن شیری سەگیشم خواردبێ چاوی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەیانەت لە ژنی تۆ نابڕم. ئێستاش با خەڵکمان پێ خۆش نەبێ ئەم فکرە قۆڕە لە سەری خۆت دەرکە و . . . زۆر لەو قسانە. بەڵام بێ فایدە بوو. ئەو چاوەی لە عەرزی بڕین هەڵی نەبڕین و لە بن لیوانەوە گوتی:

ــ بە داخەوە تازە دڵم کرمێ بووە، ئەمن ئەو چاوەڕوانی‌یەم لە تۆ نەبوو!

ناچار بە دڵێ شکاوی بەجێم هێشتن و چوومەوە بۆ دیوەکەی خۆم. بە خەمناکی سەرم نایەوەو هەتا فەلەك ڕۆژی کردەوە خەو نەچووە چاوانم. کاتێك لە قووڵایی مەسەلەکەم کۆڵی‌یەوەو چوومە بنج و بناوانی ڕووداوەکەو سەری هەوداکەم دۆزیەوە، چیتان لێ وەشێرم، زۆر بەداخم، قسەکەی ئەوێ ڕۆژێی قادری وەڕاست گەڕاو دادە مەلەك لە باری ئەخلاقی‌یەوە ناتەواو بوو، ویستبووی منیش تێوەگلێنێ و منیش کە ئاگام لە مەحموودی بێ زەواد نەبوو، ئەو داوەی بۆ دانابوومەوە. ئەوە ڕاستی‌یەك بوو کە پاشان کاك غەفووری هەمزەیش بە ڕوونی هەستی پێ کردبوو، بۆ خۆی بۆی گێرامەوە.

ڕووداوێکی ئێجگار ناخۆش بوو، لە مێژووی ژیانی پێشمەرگایەتیمدا یەکەم جار بوو کە بوختانێکی وام بۆ ڕێك خرابێ. بەڵام ئەوە سەرەتای کێشەکە بوو، داستانەکە بەوەندەوە نەوەستاوەو تا زیاتر پێ‌دەچوو، زۆرتر پەل و پۆی لێ دەبوونەوە، چەند ڕۆژێکی خایاندو ڕۆژێکیان کاك غەفووری هەمزەیی بانگی کردم گوتی:

ــ شتێکم بیستووە پێم خۆش بوو برایانە لە گەڵ خۆت باسی کەم.

ــ زۆر سوپاس کاك غەفوور، فەرموو بزانم شتەکە چیە ؟

ــ داوێکیان بۆ ناویەوە کە دەستی قادری ئەحمەدزادەی تێدایە و بۆ خۆی بۆی گێڕامەوە. ئەگەر فریای خۆت نەکەوی منیشی تێدا پیاو خراپ دەبم داوەکەش ئەوەیە کە . . . .

ــ کاک غەفوور! ئەتۆ ئەمن باش دەناسی پێویست ناکا پاکانەت بۆ بکە، ئەو کارانە لە من ناوەشێنەوە حەز دەکەم بە وردی لەو مەسەلەیە بکۆڵیەوەو ڕیشەی فیتنەکەی وەدۆزی، دڵنیابە ئەوەش هەر پیلانی مەلەکە خانم و کاک قادری ئەحمەد زادەیە. بەڵام داوەکەیان بە شێوەیەك تەنیبوو کە کاک غەفووریش کەوتبووە گومانەوە کە نەوەکا ئەو شتە ڕاست بێ. سەرەنجام کە زانیم دڵی کرمێ بووە گوتم:

ــ براله! بە من بڕوا مەکە بەڵام قادری بانگ کە و بڵێ بەڵگەی زیندووم لێت دەوێ. ( بڕوانە وێنەی ژمارە 14 )

کاک غەفوور، قادری بانگ کردبوو زۆری هەڵپشکنیبوو بەڵگەیەکی باوەڕ پێکراوی لێ وەدەست نەکەوتبوو. زۆریشی بەسەردا هاتبوو کە ئەو بوختانەی هەڵبەستووە.

ــ کاتێك لەو پیلانەشیاندا سەریان وە بەردی کەوت، ئەو جار پەرویزی شیانییان لێ هان دام کە لە کاری ڕۆژانەدا ئازارم بدا. پەرویزیش کە هێندێك خاڵی لاوازی لە دەست من دا بوون، بۆ قەرەبوو کردنەوەیان هەلەکەی قۆزتەوەو دەستی دایە شەیتانی و شۆفاری کردن. لە کورتی وەی بڕین پڕوپاگەندەیەکی بەرینیان بە دژی من وەڕێ خست. منیش کە هەلەکەم بەو شێوەیە بینی و دژی هەر چەشنە ناکۆکی و دووبەرەکایەتی‌یەك بووم بۆ ئەوەی لەو پیلانە خۆم تەریك بگرم و نەبمە لایەنێکی کێشەکە، چوومە لای کاک غەفوورو چۆنیەتیی پیلانگێڕی‌یەکەم لە گەڵ باس کردو دڵنیاشم کرد کە بەو شێوەیە ناتوانم لە بنکەی سلێمانی کار بکەم، چونکە ئەگەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەسەلەکە لەوە زیاتر تەشەنە بکا، کەسایەتیم دەکەویتە ژێر پرسیارەوەو لێبراوانە داوای نەقڵم کرد. ئەویش زۆر دڵخۆشیی دامەوەو قەولی پێ دام کە چارەسەری ئەو مەسەلەیە بکاو بە شێوەیەك کۆتایی پێ بێنی. چەند ڕۆژێکی دیکەش تێ پەری و ئەمن لە سەر بڕیاری خۆم هەر سوور بووم. کەچی ڕۆژێکیان بێ ئەوەی پێشتر ئاگا دار کرابـم، کاك قادری ئەحمەدزادە خۆی بە ژوورەکەی من دا کرد. سڵاو لە حازریان و بێ ئەوەی لە ڕێی ئەوەی ڕاوەستی داخوا هەڵوێستی من چۆن دەبێ، ئامێـزی پێدا کردم و ماچی کردم. چاوەکانی پڕ لە ئاو کردن و بە شەرمەزاریی‌یەوە داوای لێ بووردنی لێ دەکردم:

ـــ براله! هەق بە تۆیە، چیم پێ دەڵێی گەردنت ئازابێ، ئەمن بە هەڵە چوو بووم و بە ڕاشکاوی پێ لێ دەنێم کە تۆ مرۆڤێکی پاکی و نەیارانی هەردووکمان منیان لە خشتە بردبوو، ئێستاش تۆ هەر برا گەورەکەی جاران بەو تکات لێ دەکەم ئەو مەسەلەیە لە دڵی خۆت دەرهاوێژە.

کاتێك ئەوەم لێ بیست، بە خۆم نەبوو کوڵی گریانـم هەستا. ماچم کردو گوتـم:

ـــ قادر گیان! ئەوە یەکێك لە ئاواتەکانـم بوو کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەتۆ ڕاستی-یەکان هەست پێ بکەی. ئێستا من هیچم لە دڵ دا نەماوەو بۆ جارێکی دیکەش داوات لێ دەکەم ئاگات لە خۆت بێ و بە قسەی پڕ و پووچ بڕوا مەکە. ئەویش بەڵێنی‌داو دەستمان لە ئەستۆی یەك کردو ئاشت بووینەوە، گەردن ئازایی‌مان کردو بەڵێنمان پێکدا کە هەر براکەی جاران بین.( بڕوانە وێنەی ژمارە 15 )

با بێمەوە سەر کاری مەسەلەی کاك پەرویز. ئەمن لەمێـژ بوو پەروەندەم بۆ تەکمیل کردبوو. هەموو لاوازیەکانیم تێك کردبوونەوەو قەرار بوو بەیانی لە گەڵ خۆم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بیبەم بۆ دەفتەر و سكاڵای خۆم لەوێ بكەم. دەماودەمی نێوەڕۆیە بوو كاك عیزەتی پەیڕەوان و قادر خۆیان لە ژووری كوتا، هێشتا چاك و خۆشیمان نەكردبوو گوتیان:

ــ كارێكی گەورەمان پێتە ئەگەر بە قسەمان دەكەی ئەوا دادەنیشین، دەنا دەگەڕێینەوە.

منیش كە لێم ڕوون بوو پەرویز پەنای بۆ كاك غەفوور بردووەو ئەویش ئەمانی ناردووە كە لێی خۆش ببم، بە ناچاری گوتـم:

ــ وەرن دانیشن، هەرچی بڵێن بە چاوان بە قسەتان دەكەم.

هێندێك دانیشتین و نەختێك قسەمان كردن و گوتیان:

ــ براله ! پیاومان كوشتووەو خۆمان لە ماڵێ هاویشتووی. پەرویز پێی لە هەڵەی خۆی ناوەودەڵێ:

ــ چیم لێ دەكا دەستی وەبەر ناهێنم و لە بەر دەستیدا بێ دەسەڵاتـم. بۆیە داوات لێ دەكەین ئەمـجارە جەبەی كەو لێی خۆش ببە. هەر ئێستا ئەوا دەچین پەرویز دێنین بۆ لات، ئەتۆش كەیفی خۆتە.

باشە برا زۆر بەخێربێن. ئەمن هیچ قسەم نەماوو هەرچی بوو خاتری ئێوە بێ. شەرتە هەر بە ڕووشی دانەدەمەوە.

پەرویزیان بانگ كردو ئەویش بە شەرمەزارییەوە داوای لێ بووردنی كردو لە گەڵ ئەویش ئاشت بووینەوە.

ئێستا مابۆوە کاك عەلی درەخشان، ئەویش لە گەڵ پەرویز وەك گوێی کەرێ جووت بوون. بێ ئەوەی هیچ خراپەیەکەم دەرهەق کردبێ، چووبووە ڕیزی ناڕازیانەوە. پاش ئاشت بوونەوە لە گەڵ قادرو پەرویز، کاك غەفوور بانگی کردم و گوتی:

ـ پێشەکی سوپاست لێ دەکەم کە لە گەڵ ئەو دوو برادەرە ڕێك کەوتیەوە. بەڵام ئەمنیش کارێکی گەورەم پێتە. ئەویش ئەوەیە کە داوات لێ دەکەم لە گەڵ عەلیش ئاشت وەبی. با ئاو بە ئاوری داڕژێ و ڕیشەی ناکۆکی لە بنکەی سلێمانی لە بن هەڵ کەنین.

ـ کاك غەفوور! داواکەت بەسەر چاو، بەڵام ئەمن نازانم لە گەڵ کاك عەلی لەسەر چی ڕێك کەوین، خۆ ئێمە هیچ ناخۆشی و ناکۆکییەکمان نەبووە. ئەو هەر لە خۆوە جەبهەی لە من گرتوەو شیر و تیرانم لێ دەسوێ. ئەگەریش بڕواناکەی بانگی بکە بزانە وایە یان نا!

کە وام گوت ناردی بە دوایدا و لەگەڵ ئەویش دەست و مۆستمان کرد. ئەو جار کاك غەفوور ماچی کردم و گوتی:

ـ شیرینی ئەم ئاشت بوونەوانە ئەمشەو دەچینە نادی و خەرجەکەشمان لە سەر تۆیە.

ـ شیرینی بەسەر چاو ئامادەم، بەڵام خۆ من مەشرووب ناخۆمەوە، بێم لە نادی چ بکەم؟

ـ وەرە قسەی خۆشمان بۆ بکە و ئێمەش بە خۆشیی ئەو ئاشت بوونەوە دەخۆینەوە .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرتان نەیەشێنم کاك غەفوور دەستی لە کار هەڵ گرت و چووین بۆ نادی و دەستیان کرد بە خواردنەوە. بەڵام گۆنـجەڕی سەیرتر لە هەمووان لێرەوە دەست پێ دەکا. بەرەبەرە سەر خۆش بوون و کاك غەفوورو کاك عەلی درەخشان قسەیان لێك هەڵ بەزینەوە، لەوێ هەر چۆنێك بوو نەمان هێشت دەستیان بگاتە یەکتر. بێ ئێوە ناخۆش نانـمان خواردو ئەگەر باش لە بیرم مابێ خەرجەکەمان هەفتا و شەش دینار بوو. دام بە گارسۆنەکەی و وەدەرکەوتین. لە دەرگای نادی‌یەکە کاك غەفوور دوو سێ مشتی گەیاندە کاك عەلی و هێندیك دەم و لووتی کوتانەوە. بەڵام پیاو هەق بڵێ کاك عەلی لە ڕووی وەرنەگەڕاوە. هەر چۆنێك بوو لێکمان پچرین و خۆمان گەیاندەوە مەقەڕ. بەڵام کاك غەفوور هەر دانەدەمەزراو کۆڵانە و کۆڵان کاك عەلی هەڵ بڕیبوو کە وەبەر ماشێنەکەیدا. سەرەنـجام پاش کێشە و بەرەیەکی زۆر و هەڵبڕ دابڕێکی ناشیانە. کاك عیزەتی پەیڕەوان کاك عەلی سوار ماشینەکەی خۆمان کردو بردیەوە بۆ ماڵی خۆیان. کەوتینە بەیانی و بە هەزار چەرمەسەرێ ئاشتمان کردنەوە. ئەوجار دوای ئاشت بوونەوەکە کاك غەفوور ڕووی لە من کردو بە بزەیەکەوە:

ـــ چاك باوکت گاین، بە حەفتا و شەش دینار تێکت بەرداین و تێر سەیرت کردین.

قۆناغەکە هێندێك هێوەر ببووەو ناکۆکی‌یەکان تا ڕادەیەك چارەسەر کرابوون. بەڵام ئەو نیاز پاکی و بڕوا بە یەك بوونەی لە پێش‌دا هەبوو، وەك خۆی نەمابوو. بە ڕواڵەت هیچ ناکۆکی و نێوان ناخۆشی‌یەك لە گۆڕێدا نەبوو. بەڵام لە نێوەڕۆك‌دا تەنیا هاوکار بووین و ڕەفیق نەبووین. منیش هیچ کەیفم بەو شێوە کارە نەدەهات و لێی وەڕەز بووم. سەرەڕای هەموو ئەو تەنگ و چەڵەمانەش ڕۆژێك هەواڵیان دامێ کە باوکم و هەردووك براکەم و ئامۆزایەکم و خاڵۆزایەکم گیراون و بە کۆمەڵ ڕاپێچی چاڵە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەشەکانی ڕێژیم دراون. ئەو خەمەش بوو بە سەر باری خەمان و ئەوەندەی دیکە خستمیە گێـژاوی پەژارەوە. چەند مانگێك بە سەردا تێپەڕی و بەرودوا ئازاد کران، بەڵام زەمانتیان لێ وەرگرتبوون کە هەر کامێکیان پێوەندیی لەگەڵ من هەبێ و لێی ئاشکرا ببێ، سێ ساڵانی زیندانی پێ بکیشن.

بەرەبەرە ئەو قۆناغەش تێ پەڕێ و کۆسپ و تەگەرەکانـمان هێندێك وەدواخۆ دان. بەڵام کەمی پێچوو کە نەگبەتی‌یەکە لە لایەکی دیکەوە سواری شان و ملم هەڵاتەوە. کاك عیزەتی پەیڕەوان کە لە ڕادەبەدەر نێوانـمان خۆش بوو. لێم کەوتە بڕو بیانوو گرتن. ڕۆژێك لە گەڵی دانیشتم و بە درێژی لە گەڵی دوام. پاشان کاك غەفوورم بانگ کردو ئەویش بە وردی قسەی بۆ کردین. دواتر لە گەڵ کاك باباعەلی مێهرپەروەر کە بەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی بوو، باسم کردو ئەویش لەگەڵمان دانیشت و قسەی بۆ کردین. هەر لەو دانیشتنەدا ئەمن پێشنیارم کرد کە بەرپرسایەتیی کارەکە بدرێ بە کاك عێـزەت و منیش بەڵێنم دا وەك برا گچکەیەك هاوکاری بکەم. بەڵام کۆمەڵایەتی دژایەتی لەگەڵ پێشنیارەکەم کرد. سەرەنـجام لای کاك غەفوور گوتبووی:

ــ کارەکەم گرانەو دە ڕۆستی نایەم.

لەوبارەشەوە ئەمن لەگەڵی ڕێك کەوتـم و گوتـم:

ــ ئەگەر ماندووەو لە کارکردن وەڕەز بووە، ئەو هەر شۆفیرییەکەم بۆ بکا و ئەمن باقی کارەکان وەئەستۆ دەگرم. یان ئەگەر ئەوەشی پێ باش نییە، داوای شۆفیرێك دەکەین و باقی کارەکان دابەش دەکەین.

بەڵام دیسانیش بێ فایدە بوو. لە کاری ڕۆژانەی‌دا کار شکێنی دەکردو زۆرجاران کارەکانـم بە تاکسی جێبەجێ دەکردن. سەرەنـجام کاتێك هەموو بارەکانـم لێ تاقی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردنەوەو هەر نەهاتە بوارێ ئەوجار منیش زۆر گوێم پێنەداو خۆم لە گەڵ ماندوو نەدەکرد. قسە لەڕاستی خۆشە ماوەیەك هەر دەنگیشم لەگەڵ نەکردەوەو منیش لەگەڵی کەوتـمە لاپرەسەنی. هیچ کارێکم پێ ڕانەدەسپاردو گوێم پێ نەدەدا. بەڵام لەو ماوەیەدا چەند جاران داوای نەقڵم کردو ڕەزامەندی‌یان هەر نیشان نەدا. کاك بابا عەلی کە بەرپرسی کۆمەڵایەتی بوو، هەر دەیگوت:

ــ کاکەگیان! کاری حیزبە و دەبێ بکرێ. تکایە هەتا دوای پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی هەرچۆنێك بێ لەگەڵی وەحاوێ. چونکە دوای پلینۆم لەوانەیە زۆر لە بەرپرسایەتی‌یەکان ئاڵوگۆڕیان بە سەردابێ. ( بڕوانە وێنەی ژمارە 16 )

سەرەنـجام پلینۆم گیـرا و ئاڵوگۆری بەرچاو لە بەرپرسایەتی‌یەکان‌دا پێك هاتن. کاك غەفووری هەمزەیی کە بەرپرسی بنکەی سلێمانی بوو، درا بە بەغدایە و بەرپرسایەتیی بنکەی سلێمانی بە کاك جەعفەری حامیدی بڕا. بەو ئاڵوگۆڕە تەواو پێی خۆش بێن بووین و چاوەڕوانی ئەوە بووین کە هەموو ناکۆکی‌یەکان چارەسەر بکرێن. کاك غەفووری هەمزەیی لە کۆبوونەوەیەك‌دا کاك جەعفەری پێ ناساندین و ئێمەش بە دڵگەرمی‌یەوە بەخێرهاتنمان کرد. ئەو جار کاك جەعفەر باسێکی دامەزراندو سەرەتای قسەکانی بەم وشانە دەست پێ کرد:

ــ ئەمن کە هاتووم بۆ ئێرە لەسەر بڕیاری دەفتەری سیاسی‌و خودی سکرتێر هاتووم، ئەمن وەك بەرپرسی پێشوو ناکەم و ئیمپراتۆڕی دادەمەزرێنم، ئەمن ئیجازە نادەم کەس بە بێ ئیجازەی من لەو مەقەڕەدا قامك بە ئاوێ‌دا کا. ئەمن شێوەی کاری بەرپرسی پێشووم قەبووڵ نییە و بە ئارەزووی خۆم شێوە کاری نوێ دادەمەزرێنم. ئەمن . . . ئەمن . . . ئەمن . . .! ( بڕوانە وێنەی ژمارە 17 )

بەڵێ: لەخۆڕا نەگوتراوە "چێشتی خۆش بە بۆنەکەیدا دیارە". هێشتا کاک غەفوور لەسەر بڕیاری دەفتەری سیاسی بۆ ڕێنوێنی کردنی هەر لە سلێمانی بوو، لەسەر ماشێن و پشتی مێـزی ڕیاسەت چەند جاران مشتو مڕیان لێ پەیدا بوو.

کاک غەفوور ڕۆیشتو ئێمەش لە کۆبوونەوەیەکدا سەڵاحییەت و چوارچێوەی کاری ڕۆژانەمان باس کرد، لەگەڵ کاک عێـزەتی پەیڕەوانیش ڕێك کەوتبووینەوەو بەڵێنمان-دا بوو برایانە پێکەوە کار بکەین. ماوەیەك تێپەڕی و ئەمن بە گەرمی هات و چۆی لای کاك جەعفەرم دەکرد. هەموو ئێواران کە دەهاتـمەوە دەچوومە لای و ڕاپۆڕتی کاری ئەو ڕۆژەم پێ ڕادەگەیاند. بەڵام لەبەر ئەوە کە چوارچێوەی کارەکەم ڕوون بوو، بە پێویستم نەدەزانی بەیانی‌یان بچمە لای و دە ستووری لێ وەرگرم. چونکە ئەو نەخۆشانەی دەهاتن بۆ لامان هەموویان لە نەخۆشخانەی خۆمانەوە بە نامەی دوکتورە فەڕانسەوی‌یەکانەوە دەچوون بۆ کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی و ئەوانیش بە لیستێکی خۆیان و نامەی دوکتۆرەکانەوە دەیان ناردن بۆ ئێمە. ئیتر پێویست نەبوو لە نەخۆشەکە بپرسین چیتە. چونکە نەزەری دوکتورەکانـمان بە دەستەوە بوو.

ڕۆژێکیان پێشمەرگەیەك هاتبوو لەسەر نەخۆشی‌یەکەی واز وازی بوو. بۆ دوو دوکتۆرانـم بردبوو دڵی ئاوی نەخواردبۆوە. چووبۆوە لای کاك جەعفەرو سکاڵای کردبوو. کاك جەعفەر بانگی کردم و گوتی:

ــ ئەو پێشمەرگەی بەرە بۆ دوکتوری.

ــ کاك جەعفەر! دوکتورەکانی خۆمان بۆ یەك نەخۆشی بۆیان نووسیوە، ئەمن بۆ لای دوو دوکتورانـم بردوە .

ــ باشە بۆ دوکتورێکی دیکەشی بەرە دڵی پێی خۆش دەبێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ـ ئەمن منداڵان ژێر ناکەمەوەو پووڵی زیادی و بێ جێش خە رج ناکەم.

هەستم کرد زۆری پێ ناخۆش بوو کە قسەکەیم لە عەرزدا، بەڵام هیچی نەگوت. ڕۆژێکی دیکە ئاشپەزەکەمان گورچیلەی لێ وەژان هات و کاتی ئەوەش بوو کە نەخۆشـمان دەبردن بۆ دوکتوری. پێشتـر چوارچێوەی کارەکان وابوو کە ئەوانەی لە بنکەی سلێمانی کاریان دەکردو نەخۆش دەبوون، هەر بۆ خۆمان دەمان بردن بۆ دوکتور و پێویست بەوە نەبوو کە بەرپرسی مەقەر بۆیان بنووسێ. دیارە من ئەو تێبینییەشم هەبوو کە ئەگەر کاك جەعفەر ئاگادار نەکەم ڕەنگە بیانووی دەست کەوێ و خەشی ئەوەشم پێ بڕێـژێ کە ئەو ڕۆژە بەقسەم نەکردبوو. بەڵام لەو کاتەدا ئەو لەوێ نەبوو. ئەگەریش ڕاوەستابام هەتا دەهاتەوە، فریای نەخۆشەکان نەدەکەوتین. منیش گوێم نەدایە و بردمان بۆ دوکتۆر.

ئێوارێ کە تەواو بووین و هاتینەوە، وێڕای ڕۆژانی ڕابردوو چووم بۆ لای کە ڕاپۆرتی کارەکەمی پێ ڕابگەیەنـم. سڵاو لە حازریان و مامە قالەی سووتووش لە لای دانیشتبوو، منیش لە لایان دانیشتم و دەفتەرەکەم لە گیـرفانـم دەرێنا و بە ڕوویەکی خۆشەوە گوتـم:

ـ کاکە گیان! ئەمڕۆ ئەوەندە نەخۆشـمان هەبوون، ئاشپەزەکەشـمان گورچیلەی لێ وەژان هات و جەنابیشت لە ماڵێ نەبووی عەرزت کەم. بردمان بۆ دوکتور و چارەسەرمان کرد.

ئەمن چاوەڕوانی ئەوەبووم کە سوپاسم لێ بکا و بڵێ جا پرست نەکردوە قەیدێ ناکا. کاری باشت کردووە کە بردووتە. بێ خەبەر لەوەی کە بیانووی وەدەست



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێناوەو کاتی ئەوە هاتووە سامی خۆیم بە سەردا وەشکێنی. هەر کە وام گوت، خۆی سوور کردەوەو گوتی:

ــ بە ئێجازەی کێ بردووتە؟

ــ جەنابت لە ماڵی نەبووی و ئەویش نارەحەت بوو. ئەگەریش لە سەرت وەستاباین فریا نەدەکەوتین. چونکە پازدە بیست نەخۆشمان پێ بوون و وەدرەنگی دەکەوتین.

ــ نەخەیر ئەتۆ هەر دەتەوێ کار شکێنی بکەی. بەیانیانیش بێ پرسی من دەڕۆی و هەتا نێوەڕۆیە نات بینمەوە. ئەمن لێرە نەبووم، دەبا بەجێت هێشتبا، با بمردایە، چ دەبوو؟

کاتێك ئەوەم لێی بیست و گومانم لەوەدا نەما کە بە زمانی خۆش بۆم نایەتە ڕەدایە، منیش لە گەڵی کەوتمە لاساری و بە زمانی خۆی تێ ڕاچووم و گوتم:

ــ جارێ پێم بڵی جەنابت کێی کە لە سەر ئێجازە وەرگرتنی تۆ پێشمەرگەیەك بمرێ؟! پاشان ئەوە من دەڵێم ئەندامی کومیتەی ناوەندی‌یە و حورمەت لە پۆستەکەت دەگرم کە پرست پێ دەکەم. دەنا چوارچێوەی کارکردنی من ڕوونە و تەنیا پێوەندیی بە کۆمیسیۆنی کۆمەلایەتی‌یەوە هەیە و بەس. جیا لەوەش ئەتۆ بەیانی‌یان کات ژمێر 8 لە خەوێ وەخەبەر دێی و پاشانیش دەچی لە حەمامێدا وەرزشێ دەکەی و هەتا کات ژمێر 10 نایە دەرێ. منیش ئەگەر کات ژمێر 7/5 لە نەخۆشخانە نەبم، دوکتور نەخۆشەکانم لێ وەرناگرێ و حەوتوویەك وەدوا دەکەوم. پاش نێوەڕۆیانیش کە دەبێ کات ژمێر 2/5 لە لای دوکتورەکان بم، جەنابت یان لە خەودای، یان کەس نازانی لە کوێ دەبی، بۆیە ناچارم بە ڕاشکاوی عەرزت کەم کە

لێره بەو لاوه دەست تێ وەردانت له کاروباری دەرمانی زیادی‌یه و حەز ناکەم خۆی له گەل ماندوو بکەی. جا ئەگەر پێت خۆشه ئەوا بەم جۆره پێکەوه کار دەکەین و له خزمەتت دام. ئەگەریش پێت ناخۆشه ئەوه ئاوی ساردو ئەوەش هەوراز، یان داوا له حیزب بکه با ئەمن وەگوێـزێ و کەسێکی وات بۆ بنێرێ که له عەمرونەهیت دەرنەچێ و له چوارچێوەی پێ ودانی جەنابت دابێ.

دیاره بۆ خۆم لەو هەڵوێست گرتنه توند و تیژه ڕازی نەبووم و دەم زانی هەڵەیه، بەڵام لەوه زیاتر هیچ ڕێگایەکی دیکەم له بەر نەبوو. چونکه هەموو بارەکانـم لێ تاقی کردبوونەوەو نه دەچووه پردێ و نه دەهاته بوارێ! دەمگوت بابه داوا بکه با پووڵی دەفتەرەکه له کن خۆت بێ، ڕۆژ به ڕۆژ به دەستنده پووڵت لێ وەردەگرم و ئێوارەو ئێواره حیسابت بۆ دەکەم و خێرو شەڕی بۆ خۆت، یان کەسێکی باوەڕ پێ کراوی خۆتـم ڕەگەڵ خەو پووڵی بدەرێ، ئەمن کارەکان دەکەم و ئەویش خەرجەکەی بداو بۆ خۆت حیسابی له گەڵ بکه، ڕێگای سێیەم ئەوەیه که ئەمن کاری خۆم دەکەم و سەری مانگێ دەفتەرو فاکتۆرەکانت له بەر دەستی ڕۆدەنێم، بەراوردیان بکه و ئەگەر دینارێك بێجێ بووم لێم قەبووڵ مەکه. بەڵام به هیچ باران له گەڵم نەدەسوڵحا. بۆیه منیش له سیمی ئاخریمدا و گوتـم هەرچی دەبێ جار به جەحەندەم.

کاتێك لەگەڵ ئەو هەڵوێسته توند و تیژه بەرەوڕوو بوو که هیچ کات چاوەڕوانی نەبوو، هەموو لەشی وەسەر ئارەق گەڕا، وەك چەوەندەری سوور بۆوەو چاوی لێ چوونه پشتی سەری، سەیرێکی مامه قالەی سووتووی کردو مسته کۆڵەیەکی به مێـزەکەی بەردەمی‌دا کێشا و به هەموو هێزی خۆی نەڕاندی و گوتی:

ـــ ئەمن جەعفەری حامیدیم! بـمناسه.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

منیش سەیرم کردو لە سەرخۆ گوتـم:

ــ چاکت دەناسم، بێ منەت بە.

پاش ئەو دەمە قاڵۆیە ئێتـر من هەستام و بێ ئەوەی خواحافیزی بکەم وەدەرکەوتـم. وادیار بوو ئەو هەڵوێستە بە تەواوی تەنگەتاوی کردبوو. چونکە بەیانی زوو لە خەو هەستا و ماشێنەکەی هەڵ کردو بێ ئەوەی لە گەڵ کەس ڕاوێـژ بکا، سوار بوو و بەرەو دەفتەری سیاسی گڤڤەی لێ کرد. لەوێ ڕاستەوخۆ مەسەلەکەی لە گەڵ دەفتەری سیاسی باس کردبوو. بە کەیفی خۆی تێی چاندبوو و چەندی لە دەستی هاتبوو لە سەرو سەکوتی‌دا بووم. دوایەش لێبڕاوانە پێی لەسەر ئەوە داگرتبوو کە یان ئەو دەبێ یان ئەمن. خوا هەڵناگرێ هێندێك دڵسۆزیشی بۆ کردبووم. پێشنیاری کردبوو کە لە بەر نەخۆشی و لەش بەباری لە ئاسایشگا دام نێن و هەروەك کەم ئەندامێك چاوەدێریم بکەن.

بۆ ئێوارێ هاتەوەو نە ئەو لە منی پرسی و نە منیش بەخێر هاتنەوەم کرد. پاش دوو ڕۆژان کاك دوکتور خەلیقی کە ئەو کات بەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی بوو. لە لایەن دەفتەری سیاسی‌یەوە مەئمووریەتی درابوویە کە بێ و مەسەلەکە چارەسەر بکا. هات لە گەڵمان دانیشت و بە درێژی قسەی بۆ کردین. پاشان بە حەوسەلەوە گوێی بۆ قسەی هەر دووکمان ڕاگرت و لە ئاکام‌دا گوتی:

ــ دەفتەری سیاسی لەسەر ئەوە ساخ بۆتەوە کە ئەحمەدی قادری لە سلێمانی ناگوێـزێتەوە. چوارچێوەی کارەکەشی ڕوونە و لە لایەن کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی‌یەوە سەلاحیەتی دراوەتێ. ئەتۆ هەقی ئەوەت هەیە کارەکانی کۆنتـڕۆڵ بکەی و ئەگەر نەخۆشێك گلەیی لێی هەبوو، یان خەرجێکی بێ ڕێ و جێی کرد لێی قەبووڵ نەکەی و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەری مانگانیش دەفتەری خەرجەکانی کۆنتـرۆڵ بکەی. کورت و کرمانـجی ئەوەی کیسەی بۆ هەڵ درووبوو، نەزۆك مایەوەو هیچی لیّ سەوز نەبوو. ئیتر خوا وەت حەسێنیّ لە دەست ئەو ڕزگارم بوو و نە ئەو لە منی دەپرسی چ دەکەم و نە منیش دەستەو نەزەر دەوەستام و ئیجازەی لیّ وەرگرم. سەرەنـجام دەفتەری سیاسی لە سەر ئەوە ساخ ببۆوە کەسێك وەك مودیر داخلە بۆ پێڕاگەیشتنی کاروباری نێو مەقەر و پاك و خاوێنی ڕاگرتنی بنکە و هەروەها یارمەتی دانی کاك جەعفەر بنێریّ بۆ بنکەی سلێمانی و لە نێوان ئێمەشدا ببێـتە نێو بژی.

بۆ ئەو کارەش مەلا برایـمی مەجیدپووریان هەڵ بژارد بوو. ئەویش هات و سەرەتا بە ڕواڵەت زۆر هەوڵیدا ناکۆکییەکان ڕیشە بڕ بکا، بەڵام نەك هەر نەیتوانی چارەسەریان بکا، بەڵکوو زۆرتر تەشەنای کردو بارودۆخەکە ئاڵۆزتر بوو. به چەشنێك کە لە بنکەی سلێمانیدا کەس متمانەی بەوی دیکە نەبوو. تەنانەت بنکەی سلێمانی وای بەسەرهات کە هەر کەس ڕووی تیّ دەکرد، بە کۆڵێك گلەییەوە بەجێی دەهێشتین. پاش ماوەیەك مەلا برایـمیش ئەو کارە سەرەکییەی کە پێڕاگەیشتن بە کەم و کووڕییەکانی نێو مەقەڕ بوو، لە بیری چۆوەو ڕاستەوخۆ بوو بە جێگری کاك جەعفەری. ئەویش زۆرتر سەری لە بەرپرسایەتی دەخورا و خۆی بۆ پشت مێـز و گووشیی تەلەفوونەکە دەکوتا. کاتێك بە تەواوی لەوە ناهومێد بووم کە ناتوانین وێکڕا کار بکەین و هەر کەس دزی گای خۆیەتی، بیّ ئەوەی دژایەتی لە گەڵ کەس بکەم، ملم بە ئە رکی خۆمەوە ناو کارم بە کاری کەس نەبوو. لە گەڵ کاك عێـزەتی پەیرەوانیش ئەو توند و تیژییەمان لە نێواندا نەما و هەر چۆنێك بیّ پێکەوە حەوابووینەوە. هەموو ئێواران لە سەر داوای کاك جەعفەری لیستی نەخۆشەکانـم دەدا بە مەلا برایـمی و ئەوەندەی بێکار بام لە دیوەکەی خۆم دادەنیشتم و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جاروبارەش سەرێکم لە دیوی کار هەڵ دێنا. ئەوانیش لەوە بە دواوە دەستیان لە کاروباری من وەرنەدەداو بە تەواوی لە کارەکانـمدا سەربەخۆ بووم. سەری مانگێش دەفتەری خەرجەکانـم لە بەر دەستی ڕۆدەنان و بە کەیفی خۆیان کۆنترۆڵیان دەکرد. ئیدی بە رواڵەت هەموو تەبا بووین و، وەکی دیکەش هەر کەس بۆ خۆی بوو .

## پەڕاوێزەکان:

1) قادری ئەحمەدزادە خەڵکی نەغەدەو بە ڕەچەڵەك لە تۆڕەمەی تورکان بوو. ساڵی 1358 پەیوەندی بە حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانەوە گرتبوو، پاش ماوەیەك پێشمەرگایەتی دەورەی بێ سیمیان پێ دیتبوو و پلەی کادری درابوویە و کەس نەیدەزانی تورکە. ماوەیەك لە سلێمانی کاری بێسیم چییەتی دەکرد. پاش ماوەیەك بە هۆی ژنەکەیەوە هەوای ئورووپا لە کەللەی داو ملی ڕێی گرت و چوو بۆ حللە کە ئۆردوگای پەنابەرانی لێبوو. بەدوای شەڕی کەنداو و بۆمباران کرانی حللەدا، سەری خۆی پێ دەرنەکرا و پەنای بە حیزب هێناوە. بەڵام حیزب وەری نەگرتەوەو سەرەنـجام خۆی تەسلیمی ئێران کردەوە.

2) چۆنیەتی ژن هێنانەکەشی ئاوابوو: کچێك بەناوی مەلەك پێشمەرگەی مەڵبەندی سپی سەنگ، بەهۆی نەخۆشییەوە هات بۆ سلێمانی. قادریش کە بۆ خۆی لەباری ئەخلاقییەوە هێندێك لاواز بوو، چاوی پێی کەوت و گوتی:

ــ بەخوا ئەو کچە وەزعی باش نیە! منیش بەسەریدا هاتـم و گوتـم:

ـــ بابە ئەوە پێشمەرگەیە و قسەی ناشرین مەکە. بەڵام ئەو لەسەر قسەی خۆی هەر سوور بوو.  پاش دوو ڕۆژان ئێوارەیەك كاك سەعیدی بەگزادەو مەلەك و قادر لە دیوەکەی قادر وەدەر کەوتن و لووت و بزووت تێك هەڵەنگووتین. منیش کە لەو کارانە ناڕەحەت بووم نێوچاوانم وێك هێنا خولهەڵ بووم. كاك سەعید بەبزەیەکەوە گوتی:

ـــ ئەمن پاکم لێم مەشکوك مەبە. دوایە مۆڕەیەکم لەقادر کردو ڕۆیشتم. قادریش وەدوام کەوت و باوەشی پێدا کردم و گوتی:

ـــ براله! ناڕەحەت مەبە. ئەوە من بانگی كاك سەعیدم کردبوو. گەرەکمە لەگەڵ مەلەك ژیانی هاوبەش پێك بێنم. منیش زۆرم پێ سەیر بوو. چونکە دوو ڕۆژ لەوە پێش بەبێ ئەخلاقی ناوی بردو ئەمڕۆش دەیگوت مارەی دەکەم! بە هیچ باران بڕوام نەدەکرد. چاوێکی ڕقاویم لێ کرد و گوتم:

ـــ یاخوا ئەو درۆیە ڕاست بێ. سەرەنجام درۆکە وەڕاست گەڕاو مارەی کردو پاشانیش ئاوای لێ بەسەر هات.

3) پەرویز خەڵکی پاوەو ئەو کات وەك مودیر داخڵە بە کا روباری بنکەی سلێمانی ڕادەگەیشت. دزیی لێ ئاشکرا بوو، حیزب گرتی و چەند مانگێك لە بەندیخانەی حیزب دا مایەوەو پاش ئازاد بوونی لە حیزب دەرکراو پەنای بە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕان برد. لەوێشەوە دامەزرا و لەگەڵ ئیتلاعاتی ڕێژیم لەشاری پاوە پێوەندی گرتبوو. ئەگەر باش لە بیرم مابێ، پاش ڕاپەڕینەکەی گەلانی عێراق، ئیتلاعاتی ڕێژیم لە شاری پاوە ماشێنێکی لاندکرۆزێریان بۆ بۆمب ڕێژ کردبوو، هێنابووی و لەبەر دەرگای ڕێبەرایەتی تەقاند بوویەوە، دواتر حکوومەتی عێراق گرتی و ماوەیەك زیندانی کرد، سەرەنجام خۆی تەسلیمی ئێران کردەوەو ئێستا نازانم چکارەیە.

4) کاك عەلی درەخشان خەڵکی بانە و خوشکە زای کاك غەفوور بوو. پێشتر پێشمەرگە بوو، بەڵام ماوەیەك بوو چەکی دانابوو و لە سلێمانی خەریکی کاسبی کردن بوو. بە هۆی کاك غەفوورەوە بووەوە پێشمەرگە و کاروباری بنکەی سلێمانی پێ سپێردرابوو. پاش ڕۆیشتنی کاك غەفوور بۆ بەغدایە، دیسان چەکی داناوەو ژیانی هاوبەشی پێك هێنا و ملی لە کاسبی نایەوە. سەرەنجام بە نیازی چوونە دەرەوە خۆی گەیاندە تورکیە و لە سەروبەندی ڕۆیشتن‌دا حکوومەتی تورکیە پێی زانی و بەرەو کوردستانی عێراق بەڕێی کردەوەو دواتر (UN) بەڕێی کرد.

5) کاك جەعفەر خەڵکی بۆکان و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو. لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان‌دا کاری کردبوو. پاش ماوەیەك بۆ کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی نەقڵ کرا. لە کۆنگرەی نۆدا دەنگی متمانەی نەهێنا و سەرەنجام بەرەو ئورووپا کۆچی کرد.

6) کاك دوکتور حوسێنی خەلیقی خەڵکی سنە بوو. لە کۆنگرەی شەشەوە من ناسیومە. لە هەموو کۆنگرەکان‌دا بە ئەندامی کۆمیتە ناوەندی هەڵبژێردرایەوە. لە حیزب دا بەرپرسایەتی جۆراوجۆری لە ئەستۆ بوون. نێوانیشمان ئێجگار خۆش بوو. زۆر حورمەتی دەگرتم و لوتفی لە گەڵم هەبوو. منیش هەروەك مامۆستایەك سەیرم دەکردو شتی لێ فێر دەبووم. پێوەندی نامە گۆڕینەوەشمان زۆر بەهێز بوو. گەلێك لە نامە پڕ هەستەکانیم ڕاگرتوون و ئەگەر مەرگ مەودا بدا لە دەرفەتێك‌دا هێندێکیان لێ تۆمار دەکەم. جاروبار شەڕە شێعرمان دەکردو قسەی شۆخی و جەفەنگمان بۆ یەك دەنووسین. سەرەنجام ساڵی 1373 بە ماڵ و منداڵەوە بەرەو ئورووپا کۆچی کردو تا ئێستا لە وڵاتی سوئێد بە پەنابەری دەژی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

7) مەلا برایم لە زەمانی شایدا مەلای ئاختەتەری ناوچەی مەهاباد و دەفتەری مارە و تەلاّ قی بەدەستەوە بوو. بەدوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دا پێوەندی بەحیزبەوە گرت و ماوەیەك كادری ناوچە و سەردەمێك بەرپرسی بەندیـخانەی ناوەندی بوو.   پاشان لە بنکەی سلێمانی کاری کردو، دواتر بەرپرسایەتی نەخۆشـخانەی ئازادی پێ سپێردرا. سەرەنـجام ئەویش بەرەو دیاری نادیار کۆچی کردو ئێستا لە وڵاتی هۆلەند بە پەنابەری دەژی. سەرەتا نێوانـمان خۆش نەبوو، بەڵام  پاشان ڕێك کەوتینەوەو نیوە ڕاست و نیوە شۆخی بە نامە و بە شێعر هێندێك لە سەر و سەکوتی یەکتـرمان داوە.

# شەهیدبوونی دوکتور  قاسملوو و شوێنەوارەکەی

# لە سەر ڕایەڵ و پۆم

زۆر کارەساتی دڵ تەزێن و ڕووداوی تاڵ و ناخۆشم دیتوون، گەلێك قۆناغی دژوارم وەدواخۆ داون و زۆر هەورازو نشێوم بڕیون. زۆرجاران بەردی ساردو گەرمم وەبەر پێ هاتووەو دڕك و دالّی ڕۆژگارم لە داوێنیّ هالّاون، لە زۆنگاو و قوڕاوان پەڕیومەتەوەو تالّی و سوێری و سەرما و گەرمای وەرزەکانـم چێشتوون و زۆر شتی دیکەی لەو بابەتانە. بەڵام هیچ کام لەوانە شوێنەواری ئەوتۆیان لەسەر ورەو ئیـرادەم دانەناوەو، نەیان توانیوە چۆکم  پێ دادەن و تەنانەت بۆ ماوەیەکی کاتیش ناهومێدم کەن. کەچی لە بەرانبەر کارەساتی جەرگ بڕی ئەمـجارەیان کە بە تاڵترین ڕووداوی سەردەمی ژیانی پێشمەرگایەتیم دەژمێردریّ، خۆم پێ ڕانەگیراو بۆ دەمێك هەستم بە زەبوونی کرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەوی 22ی مانگی پووشپەری ساڵی 1368ی هەتاوی بوو، لە ژوورەکەی خۆمدا کە بۆ فێنك کردنەوەی ئەو گەرما تاقەت پڕووکێنە تەنیا پانکەیەکی شەق و شڕیان بۆ هەڵواسیبووم، خەوم لێ زڕا بوو. کات ژمێر 3ی پاش نیوە شەوێ بوو. من و مەلا برایم دەرگا بە دەرگا بووین، هەستم پێ کرد کەسێك لە بن دەرگاکەی ئەوی راوەستاوەو سەبر سەبر بانگی دەکرد. گڵۆپەکان هەموو کوژابوونەوەو دنیا بێ هەست و هەرا بوو. هەستام و لە ژوورێ وەدەرکەوتـم، دیتم کاك جەعفەری حامیدیـیە و بانگی مەلابرایم دەکا. مەلا برایم هاتە دەرێ و چپەیەکیان کرد. منیش سەبرێك لێیان چوومە پێشێ و هەروا بە سرتە گوتـم:

ــ ئەوە چ رووی داوە بەو درەنگ وەختە لەوێ راوەستاون؟ خوا بەخێری بگێرێ.

بەڵام کاك جەعفەر لێی شاردمەوەو گوتی:

ــ هیچ نییە، قسەی خۆمانە، تۆ بچۆ ئیسراحەتی خۆت بکە.

منیش کە زانیم لێم ئاشکرا ناکەن، لەوە زیاتر لە سەری نەرۆیشتم و چووم لە سەر جێگاکەم ڕاکشامەوە. بەڵام خەوم هەر لێ نەکەوت و هەتا رۆژ کاڵ بۆوە کەلەکاوکەلەکەم کرد. چەندی بیـرم لێ دەکردەوەو سەری خۆم دێناو دەبرد، سەری هەوداکەم نەدەدۆزی‌یەوە. هیچ گومانیشم لەوەدا نەبوو کە شتێك قەوماوە. هەرچۆنێك بوو ڕۆژم کردەوەو هەستام خۆم گورج کردو چووم بۆ دیوی کار. هاوڕێکانیشم هەموویان لەوێ کۆ ببوونەوەو کش و مات دانیشتبوون. پاش سڵاو و بەیانی باش کە هەلەکەم ئاوا نائاسایـی وەبەرچاو کەوت، گوتـم:

ــ ئەوە چ ڕووی داوە بەم بەیانی‌یە زووە ئا وا لێرە کۆ بوونەوە؟

ــ هیچ نیی‌ه، رادیۆی ئەمریکا هەواڵی داوە کە لە شا ری " ویەن " پێتەختی " ئوتریش" تەقە لە چەند کوردی ئێرانی کراوەو دوو کەس بریندارن.

لەمێژ بوو کاك دوکتور قاسملووش بۆ دەرەوەی وڵات بە سەفەر چووبوو. هەر بۆیە شتێك وەك بزمار بە دڵم دا کوتراو گوتم:

ــ کاك دوکتور لە کوێیە؟

ــ ئەویش رۆژێك پێشتر لەوێ بووە.

کاتێك ئەوەم بیست قەڵەمی ئەژنۆیانم شکا. مچورکەیەك لە بەری پێم سەری هەڵداو لە تەپڵی سەرم بڵاو بوو. دیسان خۆم پێ نەگیراو گوتم:

ــ ئەرێ کاکە بۆ لێمان دەشارنەوە؟ کاك دوکتور چی بە سەر هاتووە؟! خوا بکا هەر لە سەری ئەوی بە دوور بێ، ئیدی چ دەبێ با ببێ، کەوام گوت ئەوانیش بە دەمم دا چوونەوەو گوتیان:

ــ ئەوە دەڵێی چی کاکە هەر لە خۆتەوە قسە دەکەی!

هەناسەیەکم هەڵکێشاو دیسان خۆم بۆ زەوت نەکراو گوتم:

ــ بە خوا هیچ شتێك لە کلۆڵی کوردان بە دوور نیە.

کاك غەفووری هەمزەییش هەر لە سلێمانی بوو. وادیار بوو شەوێ لە پاریسەوە تەلەفوونیان بۆ بەغدایە کردبوو، کاك غەفوور کە لەوێ نەببوو راستەوخۆ لەگەڵ سلێمانی پێوەندی‌یان گرتبوو و هەواڵەکەیان بە کاك جەعفەری حامیدی‌دا بوو. بەڵام ئەوان لە ئێمەیان دەشاردەوەو دەیانەویست ئاوا کتوپڕ پێمان نەڵێن. قەدەرێك پێ چوو کاك غەفووریش هات و بەڵام گیر نەبوو بەرەو بەغدایە وەڕێ کەوت کاك

جەعفەریش سوار ماشینەکەی بوو و بەرەو دەفتەری سیاسی ملی ڕێی گرت و ئێمەش هەموومان لە دیوی دەفتەری کار لە چاوەڕوانیدا ماینەوە. کات ژمێر 12ی نیوەڕۆیە بوو. ڕادیۆ دەنگی کوردستان بەرنامەی دەست پێ کرد. هەر لە سەرەتای دەست پێ کردنی شمشاڵەکەیەوە چاوەڕوانی بیستنی هەواڵێکی ناخۆش بووین. هەتا لە خوێندنی قورئانەکەش بۆوە هەر دڵە تەپەمان بوو، پاشان موسیقایەکی خەماویی بڵاو کردەوە. کەس گومانی لەوەدا نەما کە هەواڵەکە جەرگبڕە. یاخوا بیستنی هەواڵی وا بە نسیبی دوژمنەکانت بێ. کاک ئەحمەدی شێربەگی بە دەم قوڵپی گریانەوە بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی ڕاگەیاندو بێ پێچ و پەنا دەری بڕی کە ڕێبەری مەزنمان پێشەوا دوکتور قاسملوو لەگەڵ هاوڕێ کاک عەبدوڵڵای قادری ئازەر، لە شاری ویەن پێتەختی ئۆتریش کەوتوونە بەر دەستڕێژی چەکی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی و لە جێدا شەهید کراون.

بەڵێ پاشان کە مەسەلەکە بە تەواوی ڕوون بۆوە، کاک دوکتور قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاک عەبدوڵڵای قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە ئورووپا و دوکتور فازیل مەلا مەحموود خەڵکی سلێمانییەی کوردستانی عێراق کەسایەتییەکی سیاسیی ناو بە دەرەوە، لە سەر داوای کۆماری ئیسلامی بۆ دۆزینەوەی بە رواڵەت ڕێگا چارەی ئاشتی خوازانەی مەسەلەی کورد لە گەڵ بە ناو نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی، لە سەر میزی وتووێژ، کەوتوونە بەر دەستڕێژی چەکی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی و هەرسێکیان لەجێدا شەهید کراون.

نازانم چۆنتان ڕەنگدانەوەی ئەو ڕووداوە کە چ شوێنەوارێکی لە سەر ڕایەڵ و پۆم دانا بوو بۆ بگێڕمەوە ! چونکە بەڕاستی لە وزەو توانای من بەدەرەو زمان و پێنووس

له گێڕانەوەی لاڵ و کوڵن. پێتان سەیر نەبێ کە دەڵێم لە بیستنی هەواڵی مەرگی خۆمم پێ ناخۆشتر بوو. ئەوەش کە دەڵێم تەنیا بۆ لەدەست چوونی گەورە پیاوی ناودار، دوکتور قاسملووو هاوڕێکانی نەبوو، بەڵکوو بۆ لێقەوماوی و چارە ڕەشیی گەلە هەژارو بە ئاوات نەگەیشتوەکەم، بۆ کلۆڵی و ڕەنجەڕۆیی خۆم، بۆ لەدەست چوونی کەسێك کە جێی هیواو هومێدی وەدی هێنانی مافی نەتەوەیەکی بن دەست بوو، بۆ گەورە پیاوێك کە بە دەگمەن هەڵدەکەوێ و گەلان شانازی پێوە دەکەن، بۆ ڕێبەرێکی بە توانای ئەوتۆ کە تا دنیا دنیایە کەلێنی پڕ نابێتەوەو مێژووی کوردان بلیمەت و فیلسووفێکی دیکەی ئاوا بە خۆیەوە نابینێتەوە، دەگریام و شینم دەگێڕا. هەستم بە زەبوونی دەکردو خۆم بە بێ دەسەڵات و داماو دەهاتە بەرچاو. هەرچەندی بیرم لێ دەکردەوە، دڵخۆشیی خۆم پێ نەدەدرایەوەو خۆم پێ ڕازی نەدەکرا. ئەم پارچە شێعرە کە لێرەدا تۆماری دەکەم. هەڵقولاوی ئەو هەستە سەر لێ شێواوەیە کە کاتی خۆی لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانیش بڵاو کراوەتەوە:

## ئەمەگ ناسی

کش و ماتە وڵاتی کوردەواری

هەموو ژاکاوە مێرگ و مێرغوزاری

لە هەوری چاوی دەشت وکێو و سارا

دەچۆڕێ ئەشکی وەك ڕێژنەی بەهاری

وڵات کەوتۆتە ناڵەو شین و ڕۆ ڕۆ

بە گشتی پرسەدارن گوندو شاری

له فرمێسكی هەژاران سوورو سوێره

چەم و بەستێن و دەشت و لانزاری

دەڵێم چی بوو سروشت گۆڕاوه؟ ئێژن

وشك بوو باخ مێرگ و لالەزاری

له ئاسۆگەی ئومێدی ون بوو، ڕۆیی

چرای رۆشنگەری شەوگاری تاری

به تیری شەو پەرەستان قەلبی وەستا

سەرۆك و رێبەری رێی بەختیاری

ئەگەرچی رۆیی دوكتور، هەر دەمێنێ

هەتا كوردێك بمێنێ شوێنەواری

به نرخ و مەزن و مامۆستا بوو، زانا

له حەرفێكی سەدان حیكمەت دەباری

ئەوەندە زانا بوو" كوردستان وكوردیش "

دڵۆپێ بوو له دەریای بێ كەناری

وەفادارو ئەمەك ناس و فیداكار

نیزامی سوڵح و ئاشتی بوو، شوعاری

هەموو مێژووی ژیانی پڕ حەماسەی



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له ڕێی خزمەت بە گەل بوو کاروباری

له تاوی مافی فەوتاوی گەلی کــورد

سەعاتێکی نەبوو ئۆقرەو قــەراری

هەتا قەلبی لە کار وەستا، نەوەسـتا

دژی دوژمـن بوو کــردارو وتــاری

زمان لاڵ و قەڵەم کۆڵن لـه وەسـفی

" قەلی نامۆی نەهێشت بازو تەواری "

ئـەوەندەی چاکە زۆری هەن قوتـابـی

وەجـاخی ڕوونە ماون بـاشـــەواری

لە فێرگەی بیـری وردی فێری کردین

ئەمەك نـاســی و ژیـانـی ڕامیاری

لە دووی ڕێبازی پیـرۆزی دەئـاژوێن

ئەمەك ناسن قوتابـیـی بـێ ژماری

بەڵێن بێ دەستە ئەژنۆ دانەنیـشـین

بە ڕەشپوشی لە سەر گلکۆ و مەزاری

وەفادارین لە سەر پەیـمانـی پێشوو

" وەکوو کوردێ کە نەشکێنێ قەراری "



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەمەرچۆپی نەگێرین شەرتە هەرگیز
لە گوێ بگرین وتەی پڕ ئیفتیخاری
دەروونی " قادری " گڕکانە گەرچی
بە هیوایە وەبووژێ لالەزاری

**سلێمانی 27ی پووشپەڕی ساڵی 1368ی هەتاوی**

لە دەست چوونی مامۆستای زانا و ڕێبەری بە توانا، گەورە پیاوی ناوداری کورد، کاك دوکتور قاسملووی مەزن، ئەگەر چی بۆ گەلی کورد بە گشتی و بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەتی زەبرێکی بە ژان و خەسارێکی گەورەو زیانێکی قەرەبوونەکراوە بوو، دەنگ دانەوەیەکی ئەوتۆو بەرینی بەدوواوە بوو کە ڕەوابوونی خەباتی ڕزگاری خوازانەی گەلی کوردی دووچەندانە بە دنیای پێشکەوتووی ئەمڕۆ ناساندو سەرەنجی بیروڕای گشتیی کۆڕ و کۆمەڵە نێو نەتەوەیی و کەسایەتی و ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و، ویژدانی مرۆڤایەتیی لە حاندای مەزلۆمییەت و مەحروومییەت و بەش خوراویی گەلە ژێر دەست و ستەم لێ کراوەکەمانی هەژاند.

لە هەر جێگایەك کوردی دڵسۆزی لێ دەژیا و بواری دەربڕینی هەستی ئازادیخوازانەی هەبوو، بە دانانی مەجلیسی پرسە و سەرەخۆشی، هاودەردییان لەگەڵ کردین و بێزاریی خۆیان لە بەرانبەر گەلاڵە داڕێژەران و بەڕێوەبەرانی ئەو جینایەتە سامناکە دەردەبڕی. لەگەڵ ئەوەدا کە زەبرێکی کاتی وەپەیکەری

بزووتنەوەی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان کەوت، بوو بە هۆی جۆش دانەوەی خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان. بە سەدان وتار و نووسراوە لە سەر ژیانی پڕ لە شانازی و پڕ لە سەروەریی ئەو ڕێبەرە مەزنە بڵاو کرانەوەو گەلانی زۆر لێ کراو ڕق و بێـزاری خۆیان لە بەرانبەر ڕێژیـمی ئازادی خنکێنی کۆماری ئیسلامی‌دا دەردەبڕی و پەیـمانی هاوکاری‌یان لە گەڵدا نوێ دەکردینەوە. " بێرنارد کوشنێر " وەزیری کاروباری مرۆڤایەتی لە فەرانسە و دۆستی وەفادارو ڕاستەقینەی کوردان و یاری وەفاداری دوکتور قاسـملوو، لە بەشێکی وتارەکەی‌دا لە گۆڕستانی "پێرلاشێز"ی پاریس لە سەر گلکۆی شەهیدە سەربەرزەکانـمان گوتی:

ـــ قاسـملووو دۆستەکانی داواکاری خودموختاریی کوردستان بوون، ئامادەبوون تا وتووێـژی لەسەر بکەن، ئەو دەیەویست لەسەر خودموختاری لە گەڵ جێ نشینانی خومەینی وتووێژ بکاو، هەر بۆیە چووبوە "ویەن" تا لەسەر مەسەلەی کورد بگاتە ڕێگا چارەیەکی ئاشتی خوازانە.  ئەوان لە پەیامی ئاشتی دەترسان بۆیە پیغەمبەری ئاشتی‌یان کوشت.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا هەر لە سەر گلکۆی شەهیدەکان گوتی:

ـــ حکوومەتی فەڕانسە کە من بە نوێنەرایەتیی لێرەم. لە بەرانبەر ئەو سێ قوربانی‌یە بە ناهەق کوژراوەدا، سەری کڕنۆش دادەنوێنێ و، لە هاوسەری دوکتور قاسـملوو "هێلین" و دوو کچەکەی سەرخۆشی دەکاو پشتیوانیی خۆی لەوان ڕادەگەیەنێ.

قۆناغێکی ناسك و مێژوویی بوو، دۆست و دوژمن چاوی بڕیبوه ئاسۆی داهاتووی حیزبی دێـمۆکڕاتی کوردستان، زۆران لایان وابوو که به شەهید بوونی دوکتور قاسـملوو رێبەرایەتیی حیزب تووشی سەر لێ شێواوی دەبێ و خۆی پێ ناگیـرێـتەوه. تەنانەت ناحەزان کیسەیان بۆ لەبەریەك هەڵ وەشانیشی هەڵ درووبوو. بەڵام بەبێ له خۆبایی بوون دەتوانـم بڵێم که ڕێبەرایەتیی حیزب به پەله و به هەست کردن بەو بەرپرسایەتی‌یەی مێـژوو خستبوویه سەرشانی، وەخۆ کەوت و کاك دوکتور "سادقی شەرەفکەندی"ی به سکرتێری گشتی هەڵ بژارد. به دڵنیایـی و بەو پەری بڕوا به خۆبوونەوه ڕای گەیاند:

ــ به شەهیدبوونی قاسـملوو، حیزبی قاسـملوو و گەلی قاسـملوو نامرێ. قوتابیانی قاسـملوو له خۆڕا دەبینن درێـژەدەری ڕێگای پڕ له شانازی و پڕ له سەروەریی دوکتور قاسـملوو بن و ئاڵای خەبات شەکاوه ڕابگرن.

ماموستا عەبدوڵڵا حەسەن زاده له بەشێکی وتارەکەی‌دا له سەر گڵکۆی شەهیده سەربەرزەکان له گۆڕستانی "پێرلاشێز"ی پاریس گوتی:

... " تۆش ئەی تێکۆشەری هەرگیز نەمر! ئەی مامۆستای زانا و رێبەری به توانا! به خاترجەمی سەر وەنێ و به ئاسوودەیی بنوو، چونکه به هەوڵ و تێکۆشانی دەیان ساڵەت وڵاتێکت هەژاندووەو گەلێکت ڕاپەڕاندووه، قوتابی و هاوسەنگەرانت له سەر پەیـمانی خۆیان ماون و ڕێگات بەرنادەن. هاوڕێـی شەهیدم! بۆ له دەست دانی تۆ هەزاران پێشمەرگه و دەیان هەزار ئەندامی حیزبەکەت، سەدان هەزار دۆست و لایەنگری ڕیبازەکەت و به میلێون کەس له ڕۆڵەکانی گەلەکەت غەمیان به سەردا باری و فرمێسکیان بۆ هەڵوەراندی. بەڵام نەك له بەر داماوی و ناهومێدی، چونکه گەلێك

ڕۆڵەی وەك تۆی پێ گەیاندبێ ناهومێدی ناناسێ. ئەوان بۆت گریان تا بە ئاوی چاوی خۆیان و خاکی ڕێگای تۆ قوڕێك بۆ سەری هەموو ئەو کەسانە بگرنەوە کە پێیان وایە بە مردنی قاسملوو میللەتی قاسملووو ڕێبازی قاسملووش دەمرێ ".

بەڵێ براینە! قاتڵەکانی دوکتور قاسملوو بۆ هەمووکەس ناسراوبوون. تەنانەت لە لایەن پۆلیسی ئوتریشەوە گیران و تاقیباتێکی سەر پێیی‌شیان لێ کرا، بە بێ گومان و دوو دڵی دەرکەوت کە نەخشەی پیلانەکە پێشتر لە لایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە داڕێژراوەو بەڕێوەبەرانی جینایەتەکەش ئێرانی و باوەڕ پێ کراوی سوپای پاسداران بوون. بەڵام مخابن، کردیانە سات و سەودای ئابووری و دیزە بە دەرخۆنەیان کردو هەموو هەوڵ و تێکۆشانی حیزب و دۆستانی دوکتور قاسملوو بێ ئاکام مایەوەو بێ دەنگەی لێ کرا. بەڵام ڕادیۆ و ڕۆژنامە و ڕاگەیەنە گشتی‌یەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو و کەم وێنە لەسەری دوان و تا چەند حەوتوو دواتریش هەر باسیان لەسەر کرد.

لە شاری سلێمانیش لەسەر پێشنیاری حیزب و یارانی دوکتور قاسملوو مەجلیسی پرسە و سەرەخۆشی‌مان بۆ دانا و بۆ ڕێوڕەسمەکەش مزگەوتی گەورە( مزگەوتی حاجی کاك ئەحمەدی شێخ )مان هەڵبژارد بوو. بە هەڵکەوت لەودەمەدا قازی شێخ محەممەدی خاڵیش کۆچی دوایی کردبوو و ئەوانیش هەر مزگەوتی گەورەیان لە بەر چاو گرتبوو. بەڵام کاتێك چووینە لای بنەماڵەی قازیو لە مەبەستەکەمان ئاگادارمان کردن بەدڵ فراوانی گوتیان:

دوکتور قاسملوو زۆر لە شێخ محەممەد گەورەترە. ئێوە لە مزگەوتی گەورە دانیشنو ئێمە دەچین بۆ مزگەوتی خانەقایە.

ڕۆژی 26ی پووشپەڕی 1368ی هەتاوی، کۆڕی پرسە و ماتەمینیمان لە مزگەوتی گەورە پێك هێنا. بەڵام بە هۆی ئەوە کە مەئموورانی ئەمنیەتیی حکوومەتی عێراق لە بەر دەرگای مزگەوتێ ڕاوەستا بوون و جـمووجۆڵی خەڵکیان گرتبوە ژێر چاوەدێری، لەوە دەترساین کە ئەو شێوەی پێویستە خەڵك نەوێرن بەشداری لە ڕێوڕەسمەکەدا بکەن. کەچی بەو حاڵەش بەشداریيەکی بەربڵاو و کەم وێنەیان کردو هەرتك ڕۆژەکان مزگەوت وەبەر نەدەکەوت و هەر جـمەی دەهات. ئەو دوو ڕۆژە بەردەوام بەشداربووان لە کاتی چوونەدەر لە مزگەوتێ، لە بەرانبەر وێنەی دوکتور قاسملوودا سەریان نەوی دەکردو دەستیان لە سەر سینگ دادەناو ماڵاواییيان لێ دەخواستین. بەڵێ هەروەك بەکردەوە دیتمان، بە خۆشیيەوە حیزبی دێمۆکڕات بە لەدەست چوونی دوکتور قاسملووش نەك هەر لەبەریەك هەڵ نەوەشا، بەڵکوو توندوتۆڵتر لە پێشوو درێژەی بە خەباتدا. ڕیزەکانی پتەوتر بوون و بۆ پڕ کردنەوەی کەلێنی دوکتور قاسملوو و درێژەدان بە ڕێبازی ئەو ڕێبەرە مەزنە، تێکۆشەرانی حیزب قۆڵی هیممەت و فیداکارییان لێ هەڵماڵی و بە هەست کردن بە مەسئوولییەتەوە هەنگاویان هەڵگرت. پێشتر کە زۆربەی قورسایی ئەرکەکان بە تەنێ لە سەر شانی دوکتور قاسملوو بوو، ئەمجارە بەرپرسایەتیيەکان دابەش کران و هەرکەس لە ڕاست خۆی هەستی بە مەسئوولییەت دەکرد. کاك دوکتور سادقی شەرەفکەندی، بە لێوەشاوەیی تەواو ڕێبەرایەتیی حیزبی وەئەستۆ گرت و بە هاوفکری و هاوکاریی سەرجەم کادر و پێشمەرگەکانی حیزب، ئاڵای خەباتیان شەکاوە ڕاگرت.

ئەو تاقی کردنەوە تاڵە و ئەو زەبرە بەژانە، بۆ جارێکی دیکەش سەلماندی کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی گەلیيە و بە لە دەست چوونی ڕێبەرانی لە بن نایە، بەڵکوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خوێنی ئەوان دەبێتە نەوت و ئاگر لە جەستەی دوژمنەکانی هەڵ دەگرێنێ. بەڵام بێگومان لە بیـر چوونەوەی ئەو کارەساتە و سارێژ بوونەوەی ئەو زامە قووڵە، کات و زەمانی گەرەك بوو. زۆری پێ دەویست پیاو بتوانێ بەسەر دێوە زمەی ئەو خەمە قورسەدا زاڵ بێ و ئازارەکەی لە بیـر بەرێتەوە. ئەمن پێ لە هەق دەنێم و نایشارمەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە لەو ماوەیەدا بەشداری زۆر کۆبوونەوەی نێوخۆیی بووم و لێ بڕاوانە بەڵێنمان بە خوێنی پاکی دوکتور قاسـملوودا بوو کە وتە بەنرخەکەی خۆی ". . . ئێمە لە مێژە بڕیارمان داوە بۆ شەهیدەکانـمان ناگرین و ڕەشیان بۆ ناپۆشین، بەڵکوو پاداشیان دەدەینەوە کە باشترین پاداش درێژە پێدانی ڕێگایانە"، وەبەرچاو گرین، بەڵام دیسانیش بە تەواوی شوێنەواری لەسەر ڕایەڵ و پۆم دانابوو. تووشی ئاڵۆزیی فکری ببووم و ئەوەی دەمبیست لە مێشکمدا بۆم ڕانەدەگیراو ئەوشتەی دام دەنا ڕێم وەسەر نەدەبردەوە. هەموو کاتی حەسانەوەو پشوودانـم بە بیـرکردنەوە دەچووە سەرێ و ئەوەی دەم خوێندەوە لێی تێ نەدەگەیشتم.

هێشتا زیاتر لە بیست ڕۆژێك بەسەر ڕووداوەکەدا تێ نەپەڕی بوو کە بۆ پاکانە حیسابی مانگانە چووم بۆ دەفتەری سیاسی. لەو ماوەیەدا بەرپرسایەتیی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی بە کاك بابا عەلی مێهرپەروەر سپێردرابوو. پاش لێك دانەوەی حیساب و کیتاب دراوی مانگی داهاتووی خەرجی نەخۆش و بریندارانـم وەرگرت و سەرجەم زیاتر لە پێنج هەزار دینارم پێ بوو، لە کیف دەستیـیەکەمم توند کردو بەرەو دواوە گەڕامەوە. ئەوشەوە لە شارۆچکەی ڕانیە لام داو لە ماڵی مامە قالەی سووتو مامەوە. وەسبەینێ ڕا کاك هاشـمی عەزیزیش کە ماڵەکەی لە ڕانیە بوو گوتی:

ــ ئەگەر پێت خۆش بێ منیش لەگەڵت دێم بۆ سلێمانی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ـــ وەڵڵا زۆرم پێ خۆشە بابڕۆین. بەڵام فیلمێکی کامێرای وێنەکێشانم لە ماڵی عەزیزی ئامۆزامە دەچین وەری دەگرینەوەو دەڕۆین. لەگەڵ خێزانەکەی عەزیز کە شەو هاتبوو بۆلام، وەدەر کەوتین و لەسەر جادەی سواری تاکسی بووین. ئەمن و خێزانەکەی عەزیز لە دواوەو هاشمی عەزیزیش لە پێشەوە سوار ببوین. چووینە ماڵی عەزیز تاوێك دانیشتین و کاتێك هەستاین بڕۆین، ساکەبۆر کە پوولەکەی تێدابوو، بەنان هات و بە ئاوخورا. پاش هەڵسووران و داسووڕانێکی زۆر دەرکەوت کە لە تاکسی‌یەکەدا لێمان بەجێ ماوە. چەندی بەملاولادا گەڕاین ساکە بۆر ڕەش ڕاهات و تۆزمان نەتەقاند.

ئەمن بۆ خۆم کابرای ڕانەندەم نەدەناسی‌یەوە، بەڵام هاشم کە پێی وابوو دەیناسێتەوە، ناردم بۆ کۆیە و هەولێر و کەرکووك و نزیکەی پێنج سەد دیناری دیکەشمان خەرج کردو بە دەستی بەتاڵ گەڕاینەوە. پاشان چوومە بنکەی ڕانیە و تەلەفوونم بۆ کاك جەعفەری حامیدی لە بنکەی سلێمانی کردو ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوە. ئەویش بە ڕواڵەت هێندێك خەمی بۆ خواردم و:

ـــ خەمی کاروباری ئێرەت نەبێ وەدوای کەوە بەڵکوو سۆراغێکی بکەی.

بەڵام تازە هەوڵ دان فایدەی نەبوو. سواری ماشێن بووم و بەرەو دەفتەری سیاسی گەڕامەوە. چوومە کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی ڕووداوەکەم بۆ کاك بابا عەلی گێڕایەوە. ئەویش زۆری خەفەت پێوە خواردو گوتی:

ـــ ئەتۆ بۆ ڕوون بوونەوەی چۆنیەتیی ڕووداوەکە شتێك بنووسە. دوایە ئێمەش هەڵوێستی خۆمان دەگرین.

منیش لە نامەیەکدا بەڕوونی چۆنیەتیی ڕووداوەکەم بۆ کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی نووسی و داوام لێ کردن لەبەر ئەوە کە پووڵەکەم نیە یەك جێ بیژمێرمەوە، پیاوەتیم لەگەڵ بکەن و بە قیست لە یارمەتی‌یەکەمی وەگێڕن. پاشان بۆ خەرجی ئەو مانگەش ڕادەیەکی دیکە دراویان پێدام و گەڕامەوە بۆ سلێمانی. چەند ڕۆژێك تێپەڕی و ڕۆژێکیان کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی ئەم نامەیەی بۆ ناردم:

بەڕێز کۆمیسیۆنی ماڵی:

سلاو!

بە پێی ڕاپۆرتی کاك ئەحمەدی قادری بەرپرسی بەشی دەرمانیی بنکەی سلێمانی، مەبلەغی 4890 دیناری حیزبی کە بۆ کڕینی دەرمان و خەرجی نەخۆش و بریندار بەلایەوە بووە لێی ون بووە "لە تاکسی‌دا بەجێماوە" تکایە لەکاتی پەرداختی یارمەتی‌دا بانگی بکەن و لەو مەبلەغە چەندی یەکجێ دەتوانێ لێی وەربگرنەوەو باقیش مانگانە هەتا هەشتا لەسەدی یارمەتی‌یەکەی کەم بکەنەوە.

**کۆمیسیۆنی ماڵی:**

**عەلی مێهرپەروەر** 1368/5/15

وێنە بۆ ئاگاداریی کاك ئەحمەدی قادری بۆ موراجعە بە کۆمیسیۆنی ماڵی و تەرتیبی پەرداخت کردنەوەی ئەو پووڵە.

---

ئەوکات یارمەتی‌یەکەم 60 دینار بوو. بەڵام لە بەر ئەوە کە خەرجی شار گرانتر بوو، هی ئێمەیان دووبەرابەر دەدا کە دەیکردە 120 دینار بەو پێیە مانگی 24



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دینارم بۆ دەمایەوە. ئەو بڕیارەم هێندێك لە شانان گران بوو. چونکە تەنیا بەشی جگەرەکەم دەبوو. بە ناچار هانام بۆ بردنەوەو داوام لێ کردن هێندێك نەرمتر لەگەڵم وەجووڵێن. سەرەنجام لە سەر ئەوە رێك کەوتین کە مانگانە لە سەر جەمی یارمەتی-یەکەم هەشتا دیناری وەگێڕن و چل دیناریشم بۆ دەمایەوە.

لەو ماوەیەدا زۆر لە هاوڕێکانم بۆ یارمەتیدانم خۆیان لە دەسك نابوو، گەلێکیان پێشنیاریان پێ کردم کە دەستم بگرنەوە. بەڵام ئەمن هیچم لە کەس قەبووڵ نەکردو بەو نەختە پاشەکەوتەی کۆم کردبۆوەو بە هێندێك دەست پێوە گرتنی زیاتر، بەرەبەرە قۆناغەکانم وەدوا خۆدان و کەند و لەندم بەجێ هێشتن. بەڵام هەروا سووك و ساکاریش دەرنەچووم. ئەوەی ڕاستی بێ جیا لەوە کە تەنگ دەستی قورسایی تەواوی خستبووە سەر باری ژیانی رۆژانەم و شان و پیلی داگرتبووم، لە باری ڕووحیشەوە لە ڕادەبەدەر ئازارم پێوە دەکێشا. ڕووداوێك بوو کە هەستم پێ دەکرد لە پاکی و سەداقەتم کەم دەکاتەوە. هەرچی جارێکی چاوم بە هاوڕێیانی دەفتەری سیاسی دەکەوت، وەبیرم دەهاتەوەو ئارەقەی شەرمەزاریم دەڕشت. لەگەڵ ئەوەدا گومانم لەوەدا نەبوو کە ئەوانەی بەباشی منیان دەناسی هیچ گومانیان لە ڕاستیی رووداوەکەدا نەبوو، بەڵام کەسانێکیش هەبوون کە بە شانۆگەرییان لەقەڵەم دەداو لێرەو لەوێ باسیان دەکرد.  هەربۆیە ئاواتم ئەوەبوو کە رۆژێك لە رۆژان ئەو سڕە ئاشکرا ببێ و لەو گومان و دوودڵی و دەنگۆیانەش ڕزگار ببم. ئەم پارچە شێعرە ڕەنگ دانەوەی ئەو هەستە مەزڵوومانەی ئەو قۆناغە دژوارەیە:

## ڕەوتی چەوت

تەمی خەم گرتی بەرچاوم لەمـــــێژە

گرفتــارم لە نێو ئـەم گۆمە گـێـژە

شکا کەشتیی هومێدم گەرچی ئێستاش

ســنـــووری ئــارەزووم دوورو درێـژە

شەکەت کەوتووم بە کفت و کۆڵــەواری

دەپـێـوم بێ وچـان ئەم ڕێـگـە لـێـژە

بەرەو هەر کەس دەچم بێ سوودە، ناچم

دەڵێن: لاچۆ، بــڕۆ، لـێم لادە، گێـژە !

سەرم سوڕماوە بۆچـی چەرخی چەپگەڕ

بـــە زارم دا دەکـا ئـەم تاڵە چێـژە؟

لە ڕەوتـی چـەوتی ژینی نالـــەبـارم

ئـــەوەی زانـایە مات و کاس و گێـژە

ساڵێك بە سەردا تێ پەڕی، دینار هێندێك شکاو یارمەتیەکەمان بڕێك چووە سەرێ، بەڵام ئەوانیش وێڕای زیادبوونی یارمەتیەکە قیستەکەیان زیاد کردو مانگی 170 دیناریان لێ دەگێڕامەوە. خەرجەکانیش تا پێدەچوو زۆرتر دەچوونە سەرێ. بژیو لە کورتی داو گیـرفان بە تاڵ بوو. شەوێکیان دەستم دا قەڵەم و قاقەزان و ئەوەم نووسی کە لە خوارەوە دەی خوێنیەوە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە قووڵایی دڵی بێ گـەردو ڕوونـم

لە ئاسۆی بەختی لێڵ و تارو تـوونـم

بە خوێنی دڵ، بە ئاوی سووری چـاوم

بە سۆزی سینەو گرفەی هـەناوم

دەنووسم نامە بۆ هاوسەنگــــەرانـم

دەدرکێنم هــەموو ڕازی نـیهـانـم

بە ناچاری بە بێ پەروا دەنـووســــم

لە کورتی داوە دینـارو فـلـووسـم

بە گیـرفانی بە تاڵ کەوتوومە سارا

لەسەر ساجی عەلیم، ناکەم مودارا

ئەگەرچی خۆم بە تــاوانی دەزانـم

بــزر بـــوونـی دراوی سـازمـانـم

ئەگەرچی سووچی خۆمە ئەو خەتایە

سەزادانـم بە قانـوونـیـش ڕەوایــە

خەتا بەخشین پەسندی خاس و عامە

نـموونەی گەورەیی و پایە و مەقامـە

بە تەنیا شۆڕشە ڕێگەی نــەجـاتـم

لەپێناو حیزبە وەخت وکات و ساتـم

ئەگەر حیزبـم نەبێ، بێ شك هەتیوم

لە هیچ لا نیمە دەسکەوت و بژیـوم

بە هیوای ڕۆژی ڕزگاریی هـەژاران

نەترسە "قادری" وەك جاری جاران

لە بڕیاریش ئەبەد سەر پێـچی ناکا

هەتا ئەو ڕۆژە دەی نـێـژن لە خاکا

**سلێمانی 26ی خاکەلێوەی 1369ی هەتاوی**

دام کوژاندو لە پاکەتێم ناو ڕەوانەی دەفتەری سیاسیم کرد. بەڵام کەمی نەخایاند هەتاوە خەبەر هاتن. هەر ئەمڕۆ بە سبەی و ئەو ساڵ بەو ساڵ کاتێك ئاوڕیان وێدام، تەنیا 76 دینارم قەرزدار مابووم. دیسانیش هەر چابوو. ماڵیان ئاوەدان بێ ئەوەیان پێ بەخشیم و لە قەرزەکانـم نەجات بوو.

ئەو حەیس و توول و کێشە و بەرەو چوار ساڵی ڕەبەقی بەدوا خۆیدا ڕاکێشان. ڕۆژێکیان لە ئێنزێ (1) لەگەڵ کاك سەید برایـمی هاشـمی بەرەو ماڵی ئەوان بۆ خواردنەوەی عەسرە چایەك سەر دەکەوتین. کەچی ژنێك لە دواوە بانگی کردم، ئاوڕم دایەوە دیتم خیزانەکەی شەهید وەستا عەزیز(2) بوو. ڕاوەستام هەتا گەیشتێ و پاش چاك و خۆشی کردن بە بزەیەکەوە گوتی:

ـــ ئەرێ تۆ پوولێکت لێ ون بوو نەت دۆزییەوە؟ ئەرێ چەندە بوو؟!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ــ ئەرێ پێم ناڵێی تۆ چ بارێکت بەو گایەوەیە و بۆچی برینانـم دەکولێنیەوە ؟

ــ شەریفی کوڕم ببینە، وابزانـم لەو بارەوە شتێك دەزانێ !

ــــ شەریف لە کوێیە ؟

ــ لە شارۆچکەی ڕانیە.

وەسبەێنیڕا خۆم گەیاندە ڕانیە و شەریفم دۆزیەوەو چۆنیەتیی مەسەلەکەم پرسیار کرد. ئەویش گوتی:

ــ لەم ڕۆژانەدا ڕەفیقێکم لە ڕانیە هەواڵی تۆی پرسیوە. کاتێك لێم کۆڵیوەتەوەو چوومە بنج و بناوانی، ئەو کەسەیە کە پووڵەکەی تۆی دۆزیوەتەوە. بەڵام راستەوخۆ ناڵێ بۆ خۆم دۆزیومەتەوەو دەڵێ لە تاکسی ڕەفیقێکمدا بەجێ ماوەو ئەویش کە لەو کاتەدا قەرزدار بووە، هەمووی لە قەرزی داوەتەوە. ئێستا بۆ خۆی دەڵێ: ئەمن دەزانـم ئەو پووڵە بە من حەرامە، بەڵام فەقیـری ناچاری کردووم کە ئەو کات خۆی لێ وەشێرم و چاوی لێ بنووقێنم. دەنا بەڵگەی ڕوون لە جانتاکەدا بووەو دەم زانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتە. دیارە ئێستاش هەر دەوڵەمەند نیە و چاوەڕوانی ئەوەیە شتێکی لێ خۆش ببێ و ئەوەش کە دەمێنێتەوە بە قیست لێی وەرگرنەوە .

منیش پێشەکی زۆر سوپاسم کردو گوتـم:

ــ بڕاله ! لەوەی تۆ ئاوا بە دڵ سۆزی هەوڵت بۆ داوم و بێ ئەوەی من ئاگادار بـم ئەو هەموو کەندەو کۆڵەت کردوەو مەسەلەکەت ئاوا ڕوون کردۆتەوە گەلێك مەمنوون و فرە منەت بارم. ئیستا وەك دەڵێن: "دەست کە شکا خواری دەگریتەوە"، بەڵام زیان لە نیوەش وەگەڕێ هەر قازانـجە. خۆ ئەگەر ئێستا ئەو پێنج هەزار دینارە لەگەڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دراوی ئەو کات بەراورد بکەی، مەگەر بڵێین لە هیچیێ باشترە. چونکە ئەو کات کە دینار بە پەنجا تمەن بوو. دەیکردە دوو سەدوپەنجا هەزار تمەن، بەڵام ئێستا کە دینار بە سێ تمەنە، دەبێتە پازدە هەزار تمەن. بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگ و جێی سەرنجە، دوو خاڵن:

الف) یەکەم ئەوە کە ئەو کابرایە بێ ئەوەی هیچ زەخت و فشارێکی لە سەر بێ و کەس لێی بە گومان بێ، هەستی مرۆڤایەتی یان بە وتەی خۆی: "لە خۆفی خودا" ڕاستیی گوتووە.

ب) دووهەمیش باری مەعنەوییەکەیە کە بۆ من لە هەموو شتێك گرنگترەو دەتوانم بڵێم ویژدانم پێی دەحەسێتەوە. جا کەوابوو ئەتۆ وەکیلی من بەو چۆنی لەگەڵ دەبڕیەوە پێی ڕازیم. ئێتر ماڵاوایيم لێ خواست و بەرەو سلێمانی گەڕامەوەو سەرینی خاتر جەمیم وەبن سەری دا.

پاش ماوەیەك کاك شەریف هات بۆ سلێمانی و دوو هەزار دیناری بۆ هێنامەوە. ساڵێکی دیکە بە سەردا تێ پەری و هەزار دیناری دیکەشی لێ وەرگرتبوو. ئێتر وشکاوی هات و چی دی بەدوادا نەهات. سەیر ئەوەیە ئێستاش نازانم کابرا کێیە و باری گوزەرانی چۆنە. گرنگ ئەوەیە کە من بە ئاوات گەیشتم و ئەوانەی بە شانۆگەرییان دەزانی بۆ خۆیان خەجاڵەت بوونەوە.

## پەڕاوێزەکان:

1) ئێنزێ گوندێکی چۆڵ کراوی کوردستانی عێراق بوو له بناری قەندیل. ئاوەدانـمان کردبۆوەو ژن و منداڵی هاوڕێیانی دەفتەری سیاسی و کادر و پێشمەرگەی ئۆرگانەکانی دەفتەری لێ دەژیان.

2) شەهید وەستا عەزیز پێشمەرگەی حیزب بوو مینی له ژێر پێیدا تەقی‌یەوەو شەهید بوو.

# هەڵبژاردنی کاک دوکتور سەعید به سکرتێری گشتیی حیزب و هێندێک ئاڵ و گۆڕ

ڕۆژی 11ی سەرماوەزی ساڵی 1368ی هەتاوی، پلینۆمی کومیتەی ناوەندی حیزب به ئامادەبوونی سەرجەم ئەندام و جێگر و موشاوێرانی کۆمیتەی ناوەندی پێك هات. کاك دوکتور سادق شەڕەفکەندی(کاك سەعید) که پاش شەهیدکرانی ڕێبەری مەزنـمان کاك دوکتور قاسـملوو، له لایەن دەفتەری سیاسی و بەشێك له ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی‌یەوە به سکرتێری حیزب دیاری کرا بوو، به تەواویی دەنگی بەشدارانی کۆبوونەوە به سکرتێری گشتی هەڵبژێردرایەوە. کاك سەلامی عەزیزیش که



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تا ئەو دەم ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو، بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردرا. کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بە سەرکەوتنەوە گەیشتە کۆتایی و ئاڵ و گۆری بەرچاو بە سەر بەرپرسایەتی‌یەکان‌دا هات. بەشێك لەو ئاڵ و گۆڕانە کە پێوەندی‌یان بە باسەکەی منەوە هەیە، بەم شێوەی خوارەوە بوون.

1) کاك سەلامی عەزیزی (1) کە تا ئەو کات بەرپرسی فێرگەی سیاسی نیزامی بوو، ئەرکی بەرپرسایەتیی کومیسیۆنی کۆمەلایەتیی پێ سپێردراو کارەکەی من ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەوی‌دا پێوەندی هەبوو .

2) کاك جەعفەری حامیدی کە بەرپرسی پێوەندی‌یەکان لە سلێمانی بوو. بۆ دەفتەری سیاسی نەقڵ کراو لە کۆمیسیونی سیاسی نیزامی کاری بۆ دیاری کرا.

3) کاك حەمەنەزیفی قادری (2) کە پێشتر بەرپرسی مەڵبەندی دووی جنووبی کوردستان بوو، بەرپرسایەتیی پێوەندی‌یەکانی لە سلێمانی پێ سپێردراو بەرپرسایەتیی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیش بە کاك سەیید سەلامی عەزیزی سپێردرا.( بڕوانە وێنەکانی ژمارە 20 و 21 )

بەڵام بنکەی سلێمانی هەر بەوە دانەمرکایەوە. کاك عێزەتی پەیڕەوانیش دڵی هەڵکەندراو چەندی لە گەڵ کاك سەیید سەلام داوامان لێ کرد فایدەی نەبوو. تەنانەت ئەمن پێشنیارم کرد کە بەرپرسایەتیی بەشەکە بە کاك عێزەت بسپێرن و بەڵێنم دا کە بە گیان و دڵ هاوکاری بکەم. بەڵام کۆمیسیۆن بەو پێشنیارە ڕازی نەبوو. سەرەنجام کاك عێزەت نەقڵ کراو لە بەشی خەدەمات کاری پێ ئەسپێردرا. بەڵام دیسانیش ئەمن

لێم بە دڵەوە نەگرت و بە گەرمی هات و چۆم دەكردو نێوانـمان زۆر خۆش بوو. ( بڕوانە وێنەی ژمارە 22 )

پاش ماوەیەك كاك عەبدولكەریـمی بابایی‌یان(3) وەك یاریدەدەر بۆ دیاری كردم. لە گەڵ ئەوەی زۆر باش ڕێك كەوتیـن. هەر چەند بە هۆی كورت بوونەوەی لاقی ئەو شێوە كە پێویست بوو هەڵسووڕانی بەملاولادا بۆ نەدەكرا، بەڵام لە بەڕێوە بردنی ئەركەكانی‌دا جیددی بوو. هەر كارێك پێم سپاردبایە، نای نەبوو. بەدڵەوە كاری دەكردو بڕوبیانووی نەدەگرتن. ماوەی چەند مانگانی خایاند هەتا بە دوكتۆرەكانـم ناساندو شارەزای نەخۆشخانەو تاقیگە و دەرمانـخانەكان و عەیادەی دوكتۆرەكانـم كرد. كارەكە بۆ ئەوی هێندێك قورس بوو. بە تایبەت بۆ سەركەوتن و هاتنەخوارەوە لە مەتەبی دوكتورەكان، لاقەكەی زۆر عەزیەتی دەكرد. بەڵام ئەمن زۆرم ماندوو نەدەكرد. شۆفێرییەكەی دەكردو چەندی لە توانای دابایە كاری دەكردو پاشی وی ئەركەكان هەرچی بەجێ مابایە، بۆخۆم جێبەجێم دەكردن. نێوانـمان تا بڵێی خۆش بوو، بۆ جارێكیش قسەمان لێك هەڵنەبەزی‌یەوەو دڵمان لە یەكتـر گەردی نەگرت. ڕۆژێكیان بۆ حیساب و كیتابی سەری مانگ چووم بۆ دەفتەری سیاسی و چەند ڕۆژێكم پێ چوو. كەچی كاتێك هاتـمەوە بەسەر هەواری خاڵی‌دا كەوتـم. كاك عەبدولكەریم شڕ و شەپیتەی پێچا بوونەوەو خۆی بۆ ڕۆیشتـن لە دەسك نابوو. هۆیەكەشی ئەوە بوو كە ڕۆژێك لە كاتی نان خواردنی نیوەڕۆیەدا برینداریێكیان هێنابوو. كاك حەمە نەزیف گوتبووی دەبێ هەر ئێستا بیبەی بۆ نەخۆشخانە. كاك عەبدولكەریـمیش بە هۆی ماندوویی و ناڕەحەتی‌یەوە جوابە جەنگیی كاك حەمە نەزیفی كردبوو و گوتبووی هەتا ئێوارێ نایبەم. لە سەر ئەوە لێیان ببوە دەمەقاڵێ و كاك حەمە نەزیف لێی توورە ببوو. ئەویش لە بەرانبەری‌دا هەڵوێستی گرتبوو و



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سوێندی خواردبوو کە لە بنکەی سلێمانی کار ناکا. منیش کە ڕووداوەکەم زۆر پێ ناخۆش بوو، چوومە لای کاک عەبدولکەریم و گەلێك دڵخۆشیم دایەوەو داوام لێ کرد ژێوان وەبێ. قەولـم پێدا هەموو کارەکان بۆ خۆم بکەم و ئەو تەنیا ڕانەندەگییەکەم بۆ بکا بەسـمە. بەڵام بێ فایدە بوو، تازە بڕیاری خۆیدا بوو. لە گەڵ ئەوەدا ئێجگارم پێ ناخۆش بوو، دەست و دەمی یەکتـرمان ماچ کردو ماڵاوایی لێ خواستین.

ئەم جارەش تەنیا باڵ و بێ هاوکار مامەوە. پاش ماوەیەك کاك عەلی جیهانبەخشیان (4) وەك یاریدەدەر بۆ دیاری کردم. دەستمان دایە و ماوەی چەند مانگانی کێشا تا ئەویش بە کارەکان ڕاهات. ماوەیەك لە کاری ڕۆژانەدا زۆر لاساری دەکردو عەزیەتی دەکردم، گەلێك جاران دەمە قاڵێمان لێ پەیدا دەبوو، بەڵام تەنانەت بۆ کورت خایەنیش دەنگمان لێك دانەبڕی. هەروەك پێشتـر باسم کرد، دڵپاك و ساویلکە بوو. منیش سەر بارەکەی کەوتبووم. کاتێك دەمزانی فشاری لەسەرەو زۆر ماندووە، بە حەوسەلەوە لە گەڵی دەجوڵامەوە.

لەسەر یەك کارەکانـمان بە ڕێك و پێکی دەچوونە پێشێ و لە باری ویژدانییەوە دڵم ئاسوودە بوو، دڵی کادر و پێشمەرگەکانیشمان تا ڕادەیەك ڕاگرتبوو. لە گەڵ کاك حەمە نەزیفیش ڕێك کەوتبووین و کەمتـر جیاوازی بۆچوونـمان هەبوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەڕاوێزەکان:

1) کاك سەلامی عەزیزی خەڵکی بۆکان و لە زەمانی شای گۆڕکراودا قازیی دادگوستەری بوو. بە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان‌دا هاتە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزب و تێکۆشانی ڕاستەوخۆی دەست پێ کرد. لە کۆنگرەی حەوتەمی حیزب دا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. پلە تەشکیلاتی‌یەکانی یەك بە دوای یەك دا بڕین و لە سەرماوەزی ساڵی 1368ی هەتاوی‌دا بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردرا. لە کۆنگرەی نۆیەم‌دا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دوای شەهید کرانی کاك دوکتور سەعید بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردرایەوە. لە کۆنگرەکانی دە و یازدەش دا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی هەڵبژێرا.

لە ماوەی تێکۆشانی‌دا بەرپرسایەتی جۆراوجۆری، لە بەرپرسایەتیی کۆمیتەی شارستان‌ڕا هەتا بەرپرسی پێوەندی‌یەکانی دەرەوە لە بەغداو بەرپرسایەتیی کۆمیسیۆنەکانی حیزبی لە ئەستۆ بوون. بەداخەوە ڕۆژی 25ی پووشپەڕی 1378ی هەتاوی بەهۆی نەخۆشی‌یەکی کتوپڕ لە نەخۆشخانەی بەغدا ماڵاوایی لێ خواستین.

2) کاك حەمە نەزیف خەڵکی جوانڕۆ و پێشتر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی مەڵبەندی دوو بوو. ئەگەر باش لەبیرم مابێ زیاتر لە دوو ساڵان لە سلێمانی پێکەوە کارمان کرد. پاشان بەرپرسایەتی بنکەی هەولێری پێ سپێردراو ئەرکی بەڕێوەبردنی پێوەندی‌یەکانی لە ئەستۆ بوو. ساڵی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

1373ی هەتاوی بەدوای شەهیدکرانی کاک غەفووری هەمزەیی‌دا بەرپرسایەتیی لە بەغدا پێ سپێردرا. لە کۆنگرەکانی 9و 10 و 11شدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرایەوە.

3) کاک عەبدولکەریم خەڵکی ناوچەی هەورامان و پێشتر فەرماندەری لك بوو. بە هۆی بریندار بوونەوە لاقێکی کورت ببۆوەو کاری نیزامی پێ نەدەکرا. بەڵام ڕاننده‌یەکی باش بوو و بڕوانامەی پایە یەکی هەبوو. سەرەنجام وەك کەم ئەندامێك حیزب ئیجازەی پێ دا و ئێستا لە دەرەوەی وڵات بە پەنابەری دەژی.

4) عەلی جیهانبەخش خەڵکی ناوچەی پیرانشار و پێشتریش لە بنکەی سلێمانی ڕاننده بوو. چەند ساڵان پێکەوە هاوکاربووین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کۆتایی هاتنی شەڕی عێراق و ئێران و

# ڕاپەرینی کوردستانی عێراق

ساڵی 1367ی هەتاوی، حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرەو ئەزموون و تاقیکاری‌یەکی نوێی مێژوویی و قۆناغێکی پڕ لە تەنگوچەڵەمە و کڵاو ڕێژ لە کارەسات کردەوە. شەڕی بێ ئاکام و ماڵ وێرانکەری نێوان ئێران و عێراق کە هەشت ساڵی ڕەبەقی درێژە کێشا بوو، دوا قۆناغەکانی خۆی دەپێواو شەڕاشۆیان لە پەل و پۆ کەوتبوون. کۆماری ئیسلامیی ئێران یان ڕوونتـر بڵێم "ئیمام خومەینی" کە شەڕی بە "نعمت الهی" دەزانی، هەستی بە زەبوونی و داماویی هێزە شەڕکەرەکانی لە بەرەکانی شەڕدا کردبوو. خەنەی دروشـمە بریقەدارەکانی، شیـر و شەرابی بەهەشتی خەیاڵی و شانازی کردن بە خواردنەوەی شەربەتی شەهادەت کەمڕەنگ ببۆوەو "ڕاهیان کربلا" وەك جاران بۆ زیارەت خۆیان دا نەدە نگاوت. ئەو شوێنە حەستەمانەی بە خوێنی هەزاران مێر منداڵی نەبالق و تازەلاوی ساویلکە و فریودراو لە

وڵاتی عێراق داگیـر کرابوون، سووك و هاسان هەر بەو نرخە لەدەستیاندا بوونەوەو بەرەو سنوورەکان پاشەکشەیان پێ کرابۆوە. حکوومەتی عێراق پشت ئەستوور بە پشتیوانیی وڵاتانی رۆژئاواو دراوسێکانی لە رۆژهەڵاتی نێوەراست، بە فڕ سواری و لە خۆ بایی بوونەوە لە هەموو قۆناغەکانی شەڕدا سەرکەوتنی یەك لە دوای یەکی وەدەست دێنان و هێزە شەڕکەرەکانی کۆماری ئیسلامیyan بەرەو سنوورەکان ڕاوەدونابوون.

سەرەنجام ئیمام خومەینی بە وتەی خۆی پیاڵەی ژاری بە سەریەوە نا و لە مانگی پووشپەری 1367ی هەتاویدا بڕیارنامەی 598ی شووڕای ئەمنییەتی سەبارەت بە کۆتایی هێنان بە شەڕ قەبووڵ کرد. حکوومەتی عێراقیش کە لەمێژ بوو خولیای کۆتایی هاتنی شەڕ بوو، پێشتـر پشتیوانیی خۆی لە بڕیارنامە کە ڕاگەیاندبوو. سووڕانێکی سەد و هەشتا پلەیی لە سیاسەتی شەڕ خوازانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیدا پێك هات و ئیمام خومەینی بێ گرێ و گۆڵ ڕای گەیاند کە قەبووڵ کردنی بڕیارنامەی 598ی شووڕای ئەمنییەت و ڕاوەستانی شەڕ فەرمانی ئیلاهییە. بەوپەڕی ڕووهەڵماڵاوییەوە هەڕەشەی لەو کەسانە کرد کە بە پێچەوانەی ئەو بڕیارە هەڵوێست دەگرن و دیاری کردنی کۆڕێکی بێ لایەنی بۆ لێ کۆڵینەوە لە سەر بەرپرسایەتیی هەڵایساندنی شەڕ قەبووڵ کرد.

گەلانی ئێران لەگەڵ ئەوەدا لەناخی دڵەوە نیگەرانی ئەو هەڵوێستە لەنەکاوەی کۆماری ئیسلامی بوون و نەیان دەزانی لە ماوەی هەشت ساڵ مەرگ و ماڵ وێرانی و ئاوارە بوون و . . . دا چ خێر و بەرەکەتێکیان بە نسیب بووەو چ دەسکەوتێکی بەنرخیان وەدەست هێناوە، دیسانیش بە کۆتایی هاتنی شەڕ خۆشحاڵ بوون و چاوەڕوانی قەرەبوو کردنەوەی هەموو ئەو کاول کاری و قاتی و قڕی و گرانی و بێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەرەتانی‌یە بوون کە لە مەودای هەشت ساڵی ڕەبەقدا بە هۆی سیاسەتی شەڕخوازانەی ڕێژیـمی کۆماری ئیسلامی‌یەوە لە گەڵی بەڕەوروو ببوون. چاوەڕوان بوون کە چی دی جگەر گۆشەکانیان نەبنە سووتەمەنیی سیاسەتی ئاژاوەگێڕانەی ئاخوندە دەسەڵاتدارەکانی کۆماری ئیسلامی و زیان لە نیوەش بگەڕێتەوە هەر قازانـجە. بەهیوابوون کە داهاتی وڵاتە بەڵا لێدراوەکەمان چی دیکە نەبێتە شاباشی بەرژەوەندیی کۆمەڵێك ئاخوندی ڕەگەزپەرست و ئەوانیش وێڕای گەلانی خواپێداو بۆیان لە قەبەڵ ئاوەدان کردنەوەو دەواو دەرمان و کەل و پەلی ژیانی شیاوی مرۆڤ بکرێ. ئیتر لەوە زیاتر نەدرێ بە چەك و تەقەمەنی و ساچمە و باڕووت و فرۆکە و بۆمبا و خانە و لانەی هەژارانی پێ کاول نەکرێ. بەتەمای ئەوە بوون کە لەوە بەدوا پڕ بە سیەکانیان کەشی ئازادو بە دوور لە دووکەڵی باڕووت و بۆمبا هەڵمژن و شەو و نیوە شەوان گوێیان بەگرمەی تۆپ و هاڕەی فرۆکەی شەڕکەر نەزرنگێتەوە. دایکان لەوە زیاتر چاو بە فرمێسك و پرسەدار ئەژنۆیان لە باوەش نەگرن و بۆ لەدەست چوونی ڕۆڵەکانیان خۆڕانەژێنن.

بەڵام دەسەڵاتدارانی ڕێژیـمێك کە بە خوێنی ئازادی خوازان فرچکیان گرتبێ و مانەوەی خۆیان و ڕاگرتنی دەسەڵاتە شوومەکەیان لە شەڕ و ئاژاوە و تیـرۆر و ڕەشە کوژی‌دا بەدی بکەن و شەڕ بە نیعمەتی ئیلاهی لە قەڵەم بدەن، کوا چاویان بەرایی دەدا ئاسایش و خۆشگوزەرانیی گەلێکی تامەزرۆی ئاشتی و ئازادی وەبەرچاو بگرن و بە پێچەوانەی بیـرو بۆچوونی کۆنەپەرستانەیان پێ لە راستی‌یەکان بنێن!

حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەوەدا دڵنیابوو کە ئەو ئاگربەستە ڕواڵەتی‌یە و ئەو سولْح و ئاشت بوونەوە لە نیاز پاکیی کۆماری ئیسلامی نیە و داماوی و تێ شکانی هێزە نیزامی‌یەکانیان ئیمامیان ناچار بە خواردنەوەی پیاڵەی ژار کردوەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زەبوونی و لەرزۆکی بڕیارنامەی 598ی شووڕای ئەمنییەتی پێ قەبووڵاندوە، وەك بەشێك لە بزووتنەوەی ڕزگاری خوازانەی سەرانسەریی گەلانی ئێران و لایەنگری سوڵح و ئاشتی، بە هەست کردن بە بەرپرسایەتی‌یەوە پێشوازیی لە ئاور بەستەکە کردو پشتیوانیی خۆی لەو ئاشت بوونەوە دەربڕی و بۆ گەلانی ستەم دیتووی ئێران و عێراق بەسەرکەوتنێکی گەورەی لە قەڵەم دا.

هەر لەو کاتەش دا ئاماژەی بۆ خەبات و تێکۆشانی بێ وچانی نۆ ساڵی ڕابردووی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کردو، ڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە کێشەی کورد بەشێکی جیا نەکراوە لە گیـروگرفتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە و بە بێ وەبەرچاوگرتنی ویستە ڕەواکانی، ئاشتی و ئاسایش سەقامگیـر نابێ. هەر بۆیە لێبـڕاوانە داوای لە هەموو ڕێکخراوە نێونەتەوەیی و کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤـ دۆستەکان و لایەنگرانی مافی مرۆڤـ و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان کرد کە لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامی‌دا بێ دەنگ دانەنیشن و ڕێگای پێ نەدەن لەوە زیاتر درێژە بە ئاژاوەنانەوەو پێ شێل کردنی مافی مرۆڤـ لە ناوچەدا بدا.

هەر لەو پێوەندی‌یەدا نامەیەکیشی بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نووسی کە لە ژمارە 140ی ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزب دا چاپ و بڵاو کردۆتەوەو بە پێویستم نەزانی لێرەدا تۆماری بکەم.

بێ گومان سکاڵای حیزبی دێموکراتی کوردستان بێ لێکدانەوە نەبووە، بەڵکوو بەرهەمی تاقیکاری و ئەزموونێکی مێژوویی بوو کە دەگەڕایەوە بۆ " ڕێککەوتن نامەی ئەلـجەزایر " و سات و سەودای حکوومەتی ئەوکاتی عێراق و شای ئێران کە خەباتی کوردی بەرەو هەڵدێری تێ شکان و ناهومێدی پاڵ پێوەنا و سەرەنگرێی کرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نزیك بەساڵێك بەسەردا تێپەڕی و هەروەك چاوەڕوان دەکرا بێجگە لە تەقەڕاگرتن و گۆڕینەوەی بەشێك لە دیلەکانی شەڕ، هیچ کام لە بەندەکانی بڕیارنامە بە کردەوە هەنگاوی بۆ هەڵنەگیـرا. گرێ کوێرەی مەسەلەکەش دەگەڕایەوە بۆ سەر خاوەنیەتیی هێندێك شوێن لە کەنداوی فارس کە لە رێککەوتن نامەی "ئەلـجەزایر" لە ساڵی 1970ی زایینیدا مۆر کرابوو. ئێران قووڵتـرین نوختەی شەتی بە سنووری نێوان دوو حکوومەت دادەنا. لە بەرانبەردا عێراقیش ئەو رێککەوتن نامەی بە هەڵوەشاوە لە قەڵەمداو بە پێویستی نەزانی بۆ کۆماری ئیسلامییەك کە لە هەموو بەرەکانی شەردا تێك شکابوو، ئیمتیاز بدا. کەوابوو دەکرا بڵێیـن هەموو ئەو ماوەیە گەلانی ئێران و عێراق لە قۆناغی نە شەڕ نە ئاشتیدا ژیان و هومێدێك بە سوڵح و ئاشت بوونەوە نەبوو .

رۆژان هاتن و چوون و گەلان چاوەڕوان بوون دەرووی بە خێریان لێ وەکرێ و بای ڕەحـمەت چڵکە هەوری نەکبەتی لە سەر ئاسـمانی وڵاتە بەلا لێ دراوەکەیان ڕامالێ و هەل بە سوودی گەل بڕەخسێ. بەڵام ئەو ئاواتە جیا لە خەون و خەیاڵ نەبوو. لە مانگی جۆزەردانی 1368ی هەتاویدا ئیمام خومەینیش بەسەردا مردو کۆمەڵێکی دیکە تەنگ و چەڵەمەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی چارەسەر نەکراوی بە سەرگەلانی ئێرانی وێراز دا بەجێ هێشتـن و ئاواتی "ناردنەدەرەوەی شۆرش" یشی لەگەڵ خۆیدا بردە بن گڵ و سەری نایەوە.

ئەوانە کۆمەڵە گیـروگرفتێك بوون کە بە درێژایی هەشت ساڵ شەری بێ مانا و بێ ئاکامی ئێران و عێراق، بە بیانووی " گەرم راگرتنی تەندووری شەڕ" و "هەموو ئیمکاناتێك دەبێ بۆ جەبهە تەرخان بکرێ" و . . . وەپشت گوێ خرابوون و خەڵکیان پێ فریو درا بوو. سەرەنـجام بۆ کەسانێك کە لە ناسینی کاکڵەی کۆماری ئیسلامیدا

هێندێك بەگومان بوون، جێگای پرسیار نەمایەوەو بە ڕوونی دەرکەوت کە دوای تەواو بوونی شەڕیش، برسیەتی و نەداری و بێکاری، هەروا بە چارەسەر نەکراوی دمێننەوەو خۆشبەختی و ژیانی دوور لە ژانی ئەو خەڵکە هەژارە بەستراوەتەوە بە گۆڕکرانی ئەو پۆلە ئاخوندە ڕەگەز پەرەستەی دەسەڵاتی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی‌یان بە دەستەوەیە.

لەسەر یەك دیاریی ماوەی ئەو یەك ساڵە بۆ گەلانی ئێران ئەوە بوو کە تەرمی هەزاران ڕۆڵەی ئەمەك ناس و بەوەجیان کە لە چاڵە ڕەشەکانی رێژیم دا دوای ئەشکەنجە و ئازاری وەحشی‌یانەی جەللادەکانی کۆماری ئیسلامی ئێعدام کرابوون، وەرگرنەوەو ڕەش پۆش و دەستەو ئەژنۆ دانیشن. بۆگەلی کوردیش ئەوە بوو کە دەرفەتیان بۆ ڕەخسا زیاتر هێزە نیزامی‌یەکانیان بخزێننە کوردستان و تێکۆشەرانی کوردی پێ سەرکوت کەن.

دەسەڵات دارانی کۆماری ئیسلامی بە مردنی خومەینی سەبارەت بە چارەنووسی رێژیمەکەیان، تووشی ترس و دڵەخورپەیەکی لە ڕادەبەدەر هاتبوون. لەوە دەترسان کە ناتەبایی و دووبەرەکایەتیی نێوان قۆڵە دژ بە یەکەکانی کۆماری ئیسلامی پەنگ بخواتەوەو لە پڕو نکاوێك دام و دەزگاکەیان لە گرێژەنە بەرێ. هەر ئەو ترس و لەرزە بوو بە هۆی ئەوە کە پاڵ وێك دەن و بە دابەش کردنی دەسەڵات لە نێوخۆیان دا بۆ سەرکوت کردنی جیا بیرانیان پشتی یەك بگرن و زیاتر مانۆری پتەویی ڕیزەکانیان بدەن. خامنەیی کە پێشتر پۆستی سەرۆك کۆماریی لە ئەستۆ بوو کرا بە رێبەرو، ڕەفسنجانیش کە سەرۆکی مەجلیس بوو، پۆستی سەرکۆماریی پێ بڕا.

هەروەها لە گەرما و گەرمی ئەو خۆسەپاندنەدا بۆ چاوترسێن کردنی ئازادی خوازان و جیابیـرانی وڵات کەوتنە دارِشتنی نەخشە و پیلانێکی نوێتـرو بەو پەڕی فێڵ بازی و گزی کاریەوە، ڕاست لە چلەمین رۆژی پاش مردنی خومەینیدا، بە بیانووی وتووێژو بەڕواڵەت دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەرکردنی ئاشتی خوازانەی کێشەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، لەسەر مێزی بەناو وتووێژ گەورە پیاوی ناوداری کورد، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، دوکتور قاسـملووی مەزنیان شەهید کرد.

ڕۆژگار بەردرێژ بۆوەو تا زیاتر پێ دەچوو تەنگ و چەڵەمەکان زۆرتر بەسەریەك دا کەڵەکە دەبوون. حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرەو ڕووی ئەزموونێکی چارەنووس سازی دیکە ببۆوە. دەربازبوون و خۆڕزگار کردن لەو قۆناغە ئەستەمە کارێکی هاسان نەبوو. لەلایەك رێبەری هەڵکەوتووی وەك دوکتور قاسـملووی لەدەست چوو بوو کە پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە کاتێکی بەردرێژی پێویست بوو. لەولاشەوە حکوومەتی عێراق بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی زیاتر لە کۆماری ئیسلامی فشارێکی زۆری خستبووە سەرمان و ڕاستەوخۆ ئاگاداری کردبووین کە بە مەبەستی پاراستنی نێوەرۆکی بڕیارنامەی 598ی ساڵی 1975ی ئەلـجەزایر کە یەکێك لە بەندەکانی سات و سەودا لەسەر گەلی کورد بوو، دەبێ چالاکیی نیزامی ڕابگرین و ڕادیۆکەشـمان وەکووژێنیـن. تەنانەت داوای لێ کردین کە خۆشـمان ناوچە سنووریەکان بەجێ بێڵێـن و بەرەو قووڵایی کوردستانی عێراق داکشێیـن. بەڵام حیزب ملی بۆ داواکەی ڕانەکێشا و لێ براوانە ڕایگەیاند کە ئێمە حیزبێکی سیاسیی سەر بەخۆین، چارەنووسـمان لەدەست خۆمان دایە و ڕێبازی داهاتووشـمان بۆ خۆمان دیاری دەکەین، جا ئەگەر پێتان خۆشە وەك میوان یا وەك دوژمنی دوژمنەکەتان لە وڵاتەکەتان بیـن زۆر باشە، دەنا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماڵاوایی‌تان لێ دەخوازین و بەرەو سەنگەری هەمیشەیی مان، واتە چیاکانی کوردستان هەڵدەکشێینەوە.

ئەوە یەکێك لەو قۆناغە سەخت و دژوارانە بوو کە حیزبی دێموکرات توانی وەك پێشەنگی کاروانی خەبات پێی‌دا تێپەڕێ و سەربەخۆیی خۆشی بپارێزێ. ئەمن ئەودەم بە تەواوی ئاگاداری سیاسەتی دەرەوەی حیزب نەبووم داخوا لەو پێوەندی-یەدا بەچی پشت ئەستوور بوو، بەڵام ئەوەی وەك واقعییەت لەبەرچاوی من بوو، پاراستنی ئەو سەربەخۆیی‌یە و دابڕانـمان لە وڵاتی عێراق، لانی کەم لە باری جێگا و ڕێگا بۆ حاوانەوەو هەروەها لە باری تەداروکاتی‌یەوە، کێشە و تەنگ و چەڵەمەی زۆری لە دوو بوو. چونکە کوردستانی عێراقیش بە تەواوی میلیتاریزەو بە گشتی لە ژێر چاوەدێریی حکوومەت دا کۆ کرابۆوە. سەرجەم گوندە سنووری و تەنانەت بەشێکی زۆر لە شارۆچکەکانیش بە بۆڵدبزێر تێك ڕووخینرابوون و داریان لە سەر بەردی نەمابوو. دانیشتوانیان بە گشتی لە شارە گەورەکان و ئۆردووگا زۆرەملێ‌یەکان پێچرابوون و لە ژێر فشاردا و لە بێ دەرەتانی‌یان ناچار کرابوون چەك بۆ ڕیژێم هەڵگرن. ئەوەی دەستی چەکی گرتبایە نەی دەتوانی بێ لایەن وەمێنی، یان دەبا بەڕەسمی لە فەوجەکان‌دا سازمان درابایە یان چەکی وەرگرتبایە و لە فەوجی خەفیفە( هێزی بەرگری)دا ڕێك خرابان. درووشـمی "جاشایەتی و پاشایەتی" لە کەشکەشان دەنگی دەدایەوەو تەنانەت هێندێکیان شانازیشیان پێوە دەکرد! ناوی خەبات و پێشمەرگە هەر لە کوولەکەی تەریش‌دا نەدەبیستـراو، دیوارێکی پۆڵاییـن لە نێوان خەڵك و پێشمەرگەدا هەڵ چنرابوو. تۆوی گومان و دوو دڵی بە ڕادەیەك لە نێو دڵی خەڵك‌دا چێنرابوو کە مەردی ئازا لە سێبەری خۆی دەسڵەمی‌یەوە.

هێندیك جاران لەگەڵ ئەو کەسانەی متمانەمان بە یەکتـر هەبوو، باسـمان دەکرد و، لە پێوەندی لەگەڵ خەبات و پێشمەرگەدا دڵخۆشیمان دەدانەوە. بەڵام لە ڕاستیدا وەك دڵخۆشی دانەوەی نەخۆشێکی گران وابوو. سەریان بۆ دەلەقاندین و، هەناسەیەکی بۆ کرووزاوییان هەڵ دەکێشا و، بزەیەکی خەماوی دەپەڕیە سەر لێوە بارگرتووەکانیان و، تێڕوانینکی تێکەڵ بە ناهومێدییان دەکردم و دەیان گوت:

ــ ئەوە تۆ دڵخۆشیی کێ دەدەیەوە؟! ئێمە لە کوێ و خەبات و پێشمەرگە لە کوێ ؟!

ڕۆژگاریکی ڕەش و پڕ لە ناهومێدی باڵی بەسەر وڵات دا کێشابوو. ئەو ناهومێدییە بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان بە تایبەت لە بەشی ئێران و عێراق مەترسییەکی گەورە بوو. چونکە پەیماننامەی 1975ی ئەلـجەزایر کە بەردی بناغەی ڕێك کەوتنەکە بوو. بیـرەوەرییەکی تاڵی بۆ کوردان تێدا بوو. هەر بۆیە چاوەڕوانی هەرەس هێنان و نسکۆ بردنێکی دیکەی لێ دەکرا. بەڵام پێشینیان گوتوویانە "خوا لە سوڵتان مەحمووی گەورەترە". حکوومەتی عێراق هێرشی کردە سەر میـرنشینی کوەیت و هەر ئەوەندەی فوو لە سەبیلەی کەی، دەستی بەسەرداگرت. لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکانیدا بە ڕاشکاوی رایگەیاند کە کوەیت بەشێك بووە لە خاکی عێراق و پاش چەندین ساڵان دابڕان و داگیـرکران گەڕاوەتەوە بۆ خاوەنی پێشووی و ناوی پارێزگای نۆزدەی لەسەر دانا !

داگیـر کردنی کوەیت بوو بە هۆی تەریك مانەوەی بێ ئەملاوئەولای حکوومەتی عێراق لە وڵاتانی غەرب و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. بە شێوەیەك کە تەنانەت دۆستە هەرە نزیکەکانیشی نەك هەر لێی دڕدۆنگ بوون و بەجێیان هێشت، بەڵکو دژیشی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕاوەستان و لێشی بوون بە دوژمن. بەم جۆرە حکوومەتی عێراق کەوتە ژێر فشاری سیاسی، دیپلۆماتی و تەبلیغاتیی دەوڵەتە هاوپەیـمانەکان و هەڕەشەی لێ کرا کە ئەگەر میـرنشینی کوەیت بەجێ نەهێڵێ، لەگەڵ شەپۆلی ڕق و تووڕەیی گشت جیهانیان بەرەوڕوو دەبێ. پاشان لەسەر بڕیاری شوڕای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان خرایە نێو ئابلۆقەی ئابووری و خەڵکی عێراقی ئەوەندەی دیکەش لەگەڵ قات و قڕی و بێ دەرەتانی بەرەوڕوو کرد. چونکە هێشتا شوێنەواری وێرانکاریی هەشت ساڵ شەری ماڵ وێرانکەر و بێ ئاکامی ئێران و عێراق کوێر نەببۆوە کە ئاوقابوونی شەڕێکی گەورەترو بەربڵاوتر هەڕەشەی مەرگ و ماڵ وێرانیی‌یەکی زیاتری لێ دەکردن کە بە لێك دانەوەی هەر مرۆڤێکی ژیر و بەبیـر ئاکامەکەی تێداچوونی حەتـمی بوو. لەو پێوەندیەدا گەلێك زانای بە بیـرو دنیا دیتوو ڕەجایان لە سەددام حوسێن کرد کە لە کەلی شەیتان بێتە خوارێ و چی دی سواری گای هار نەبێ. بە قەدەر بەڕەی خۆی پێ ڕاکێشێ و ملی بەر ملی دەوڵەتانی بەهێزتر لە خۆی نەنێ و گەلی عێراق ئەوەندەی دیکەش تووشی ڕۆژ ڕەشی نەکا. با بۆ دەمێك کەشی ئازاد هەڵمژن و مۆتەکەی ڕۆژ ڕەشی لە سەر شان و ملیان دوور کەوێتەوە. بەڵام چ فایدە! قسە یەکە و نابێ بە دوو. بە عالەمی ئاشکرا ڕای گەیاند کە کوەیت بەشێکە لە خاکی عێراق و بە هەموو نرخێك دەیـپارێزێ.

سەرەنـجام کار گەیشتە جێگایەك کە ئەمریکا سەرنـجی وڵاتانی غەربیی بۆ لای خۆی ڕاکێشاو لە گەڵ وڵاتە عەرەبی‌یەکانیش دژ بە سەددام حوسێن پاڵیان وێكدا. بەرەبەرە ڕەوتەکە کەوتە ژێر کاریگەریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوەو، مەسەلەکە شێوەی قانوونیی بە خۆیەوە گرت و کورد گوتەنی: "مەلا خۆر بوو".



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کورت و کرمانجی عێراق شەوی 27ی بەفرانباری 1369ی هەتاوی، بە شێوەیەکی کتوپڕو لە ناکاو کەوتە بەر هێرشی هێـزی ئاسـمانیی هاوپەیـمانەکان و شارەگی دامەزراوە ئابووری و فڕۆکەخانەو چەکە دژی هەواییەکانی زەبرێکی کوشەندەیان وێکەوت. بەشێکی زۆر لە بنکەی هێزە نیزامییەکانی تێك ڕووخێنران و هێندێك لە فرۆکەکانی بە بیانووی ئەوە کە فرۆکەوانەکان هەڵاتوون نێردرانە ئێران و کۆماری ئیسلامیش دەستی بەسەردا گرتن و لە جیاتی خەسارەتی شەڕ گلی دانەوە. ئەو زەبرە ئاسـمانیيە کە حەوتوویەك درێژەی کێشا بەڕادەیەك کاریگەر بوو کە توانای هەر جۆرە دژکردەوەیەکی لێ بڕی و بە تەواوی بێ هێزی کرد. پاش ئەو زەبرە لە زەویشەوە تێیان سرەواندو بە ڕادەیەك لە مەنگەنەیان دا کە هێزە نیزامییەکانی کەم و زۆر دژکردەوەیان پێ لە خۆیان نیشان نەدراو دەستیان پێ نەکرایەوە. نزیك بە سێ سوپا لە ئەرتەشەکەی کوژران یان خۆیان بە دەستەوەداو پرش و بڵاو بوون. تەنانەت گاردی کۆماریش کە بە هێزترین هێزی بڕوا پێ کراوی حکوومەت بوو. کەوتە نێو گەمارۆی هێزی هاوپەیـمانان و بەشێکی زۆری تێدا چوون و ئەوەی دی بە شپرزەیی خۆی رزگار کرد. کوەیت ڕزگار کرا و بەشێکی بەرچاو لە سەرزەویی عێراقیش کەوتە ژێر دەسەڵاتی هێزە هاوپەیـمانەکان. تەنانەت بەغدای پێ تەختیش بە شێوەیەك کەوتە مەترسییەوە کە لە سەعاتانیدا مابوو تەسلیم ببێ. سەرەنـجام سەددام لووس و باریك دەستی هەڵینان و لەو پەڕی زەبوونیدا ملی بۆ سەرجەم مەرجەکانی شووڕای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و هاوپەیـمانان ڕاکێشا. بەڵام کورد گوتەنی: "تا نەینا لە تەبەق نەیگوت ئەڵڵاهوسەدەق"!!!

داگیـرکردنی کوەیت نەك هەر سەرکەوتنێکی بۆ عێراق تێدا نەبوو، بەڵکوو بوو بە هۆی مەرگ و ماڵ وێرانی و لەدەست چوونی زۆربەی چەکە پێشکەوتووەکانی و تێك

شکانی هێزی عاسمانیی و له بەریەك هەڵوەشانی ئەو هێزە نیزامی‌یە پۆشتە و پەرداخەی کە بە هێزی پێنجەمی جیهانی لە قەڵەم درابوو.

سەرەنجام ڕێکخراوە سیاسی‌یە عێراقی و کوردستانی‌یەکان کە لەمێژ بوو بۆ ئەو دەرفەتە بەرەی یەکگرتوویان پێك هێنابوو، هەلەکەیان قۆزتەوەو بە پێوەندی گرتن لەگەڵ سەرۆك جاش و موستەشار و ئامیـرفەوجەکان، لێ بووردنی گشتی‌یان ڕاگەیاندو لە تاوانی پێشووی تاوانباران خۆش بوون. هەستە نەهێنی‌یەکانیان وەجـموجۆڵ کەوتن و خەڵکیان بۆ ڕاپەرینی جەماوەری لە کوردستان هان دا. خەڵکی کوردستانیش کە لەمێژ بوو چاوەڕوانی هەلێکی وا بوون، بەدەنگیانەوە چوون و پیـر و لاو و ژن و منداڵ هەڵیان کوتایە سەر دام و دەزگا حکوومی‌یەکان.

سەرەتا لە شارۆچکەی ڕانیە بە وتەی خۆیان لە "دەروازەی ڕاپەرین "ەوە دەستی پێ کردو کەمی خایاند بەرەو قووڵایی کوردستان هەژا. بەڵام پیاو لەحەق لانەدا جاشەکان دەوری کاریگەریان گێڕاو نەك هەر دەستیان نەکردەوە، بەڵکوو پۆل پۆل تێکەڵ بە شەپۆلی خەڵکی ڕاپەریو بوون و شان بە شانی خەڵك و پێشمەرگەکان سینگیان بردە پێشێ. دیارە لەو قۆناغە چارە نووسسازەدا ڕادیۆی یەکیەتیی نیشتیمانیش لە هاندانی خەڵك و دابەش کردنی ئەرکەکانی ڕاپەرین و بڵاوکردنەوەی هەواڵی سەرکەوتنەکان‌دا نەخشی کاریگەری گێڕاو گوڕ و تینی دوو چەندانەی بە جەماوەر بەخشی. شەپۆلی ڕاپەڕین بەهێز و گوڕێکی ئەوتۆوە بەرەو پێش دەڕۆیشت کە هیچ بەرگرو بەرهەڵستێك باشاری نەدەکرد. شار بە دوای شار و دێ بە دوای دێ دا لە لایەن خەڵکەوە دەستی بەسەردا گیـرا و، شنەبای ئازادی مژدەی سەرکەوتنی زیاتری بە گوێی ئازادی خوازان‌دا دەچپاند.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڵێسەی گڕکانی ڕاپەڕین بەرەو بابە گوڕگوڕیش زمانەی کێشاو لە یەکەم شەوی نەورۆزی ساڵی 1370ی هەتاوی‌دا مزگێنیی ئازادکرانی کەرکووکیش ڕاگەیاندرا. دیارە کەرکووک بە نرخێکی گران ئازاد کرا و بارتەقای خۆی خوێنی بۆ ڕژا. بەڵام دیسانیش بە دەسکەوتێکی ئەوەندە مەزن دەژمێردرا کە نرخ و بایەخی ڕاپەڕینەکەی دووچەندانە بردەسەرێ و عەزەمەت و گەورەیی زیاتری پێ بەخشی. سەرکەوتنێك بوو کە بۆ هەتا هەتایە مێژووی کوردان شانازی پێوە دەکا و باوك بۆ نەوەی خۆی دەگێڕێتەوە.

چۆنیەتیی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ئاوا بە پەلەی ڕاپەڕینی کوردستانی عێراق، دەتوانین لە دوو خالی سەرەکی‌دا کورتی کەینەوە.

1) ڕەخسانی هەل و مەرجی ڕاپەرینەکە بە هۆی لاواز بوون و تەریك کەوتنەوەی عێراق لە بواری نێونەتەوەیی‌دا.

2) بە پەلە وەخۆکەوتنی ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان و کەڵك وەرگرتنیان لە هەلی ڕەخساو لە کاتی خۆی‌دا.

بەڵام بەداخەوە لە ڕەوتی ڕاپەرینەکەدا سەرهەڵدانی هێندێك دیاردەی دزێوی وەك دزی و شرەخۆری، تالان و برۆ، سووتاندنی قوتابخانە و کتێبخانە و میوانخانە و بنکە و بنیاتە گشتی‌یەکان، بە تالان بردنی کەل و پەلی نەخۆشخانە، دەوا و دەرمان و کەرەسە و ئامرازی پزیشکی. دەست بەسەردا گرتن و دزینی چەك و تەقەمەنی و ماشێن و بۆلدزێرو دەزگا سەنگینەکان و ئاودیوکردنیان بۆ ئێران و هەرزان فرۆش کردنیان بۆ سوودی شەخسی، بڕینەوەی تەلی کارەبا و دزینی ماتۆر بەرق و ئاودیو کردنیان و لەوەش دزێوتر ڕەشەکوژی و بێ سەر و شوێن کردنی خەڵکی و تۆڵە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەستاندنەوەو ئێعدام کردنی بێ موحاکمە، بە یەکێك لە خاڵە لاوازەکانی ڕاپەرینەکە دەژمێردرێن و تا ڕادەیەکی زۆر لە نرخ و بایەخی ئەو دەسکەوتە مێژوویی‌یەیان هێنایە خوارێ. ویژدانی مرۆڤایەتی‌یان پێ ڕووشاندو زەبرێکی بەژانیان پێ لە بەرژەوەندیی گشتیی خەباتی گەلی کورد وەشاند. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو کەم وکووڕی‌یانەش دا، عەزەمەت و گەورەیی ئەو ڕاپەرینە هەڵ دەگرێ بە خەتی زێڕین لە لاپەڕەکانی مێژووی کورداندا تۆمار کرێ و، بەرەی داهاتووی نەتەوەکەمان شانازیی پێوە بکا. جا لە گەڵ ئەوەی‌دا باس کردن و لێدوانی ئەو ڕووداوە مێژوویی‌یە لە وزەو توانای زمان و پێنووسی من بەدەرەو، چەندی لە سەر بدوێم دلۆپێکم لە دەریا هەڵێنجاوە. دیسانیش خۆم پێ نەگیـرا بە هۆنینەوەی ئەم پارچە شیعرە لەو پێوەندی‌یەدا هەستی دەروونی خۆم دەربڕی و کوڵی دڵی لە کوڵم دامرکاندەوە.

## نەورۆزی ڕاپەرین

لە داوێنی چـیـا و دەشــت و بــژوێــن

لە مەڵبەندی حەماسە و هەڵمەت و خوێن

لە کوردستان مــەڵبــەنــد ی دلـێران

لە نێو پیشەی بە سامی بێچووە شـێــران

بـە گـشـتـی ڕاپــەڕیــوە کــوردەواری

لە کێو پارەو نزارو گـونـدو شــــــاری

بەرەو مـەیدان دەچێ لاوی فیـداکـا ر

دژی داگیرکەرو بەدکارو زۆردار

دەبۆی ڕابە، کراسی گڕ لە بەرکە

سەرت قەڵغان و سینەت بۆ سپەرکە

مەترسە، کۆڵ مەدە، دوژمن زەبوونە

بەرەی هەڵدێرو ڕێبازی چەتوونە

بڕۆ بۆ پێشەوە ڕۆڵەی فیداکار!

فیدای دەست و تفەنگت بم هەزار جار

دەمی ڕزگاری‌یە و جەنگەی خەباتە

سەدەی سەرکەوتنە و ڕۆژی نەجاتە

هەتا کەنگێ پەڕیوەی دەشت و دەر بی!

هەتا کەی هاودەمی داخ و کەسەر بی؟

هەتا کەی لانەوازو دڵ بە ژان بی؟

هەتاکەی بووکە شووشەی دوژمنان بی؟

دە ڕاپەڕە لە سەر مافی خوراوت

لە پێناو شارو گوندی تێک دراوت

لە پێی خۆت دارنە زنجیری دیلی

هەتا کەی ژینی ژێر دەستی و زەلیلی؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەری باوێرە سەر لـەو شـیو و دۆڵـە

بڕێژە پـێـی ڕقـــی پـیـرۆزی تـۆڵـە

هەلەو هەڵکەوتووە ڕووناکـە ئـاسـتۆ

شنەی ئازادی دەنـــگـێـوی کــەژ و کـۆ

دەهەسـتە بـولـبـولی شەیدای مەقامێ

ئەوا نـەورۆزە دەی سا تـۆش پـەیـامێ

بڵێ با سـوورە گـوڵ چـــارشێوی لادا

خەمی زسـتـان و سەرمـا و سۆڵ بەبـادا

ئیـتـر وەیشـوومەیی شووم نای بەزێنی

کرێوە شەختە پـــەلکی نـــاوەڕێـنـی

فەنای زستانە، شـیـنـی زەمـهـەڕیـڕە

شکـاوە لـەشـکـری بـــەفـر و کـلـیـرە

شەماڵ تەرمی سەهۆڵبـەندان دەنـێـژێ

ڕنووفرمێسکی حەسرەت هــەڵ دەڕێـژێ

کەنێرەو شەشپەڕو شەوبۆ لـە لاپـــاڵ

گەزیزەو سوێسنە و گەلۆواڵکی دەم یاڵ

له دەوری یەك وەكۆن دڵخۆش و بێ خەم

له بـەریان دا ڕناوه جـلكـی مـاتــەم

شـەماڵ تارای سـروشتـێ ڕادەژێـنـی

دڵی دڵـدارو دڵـبـەر دەسـرەوێـنـێ

بەهارە، دەشـت و دیـمەن سوور و شینه

دەمی سەیرانه، شـایی و هەڵپـەڕیـنه

سروشـت خـەملاوه گـوڵ بارانـه كاوان

هـەموو دڵـخۆش و شــادن كیـژو لاوان

بــه كـوڵ فرمێسكی شادی هەڵدەڕێژن

سروودی ئــەی وەتــەن بــۆ گەل دەبێژن

دەڵێن: ئـەی نیشتمانـم! مـاڵ و حاڵم

لــه مـێـژه دڵ بـه سۆم و بۆت دەناڵم

كـلـەی چـاوانـمـه تــۆزو غـوبــارت

شیفا و دەرمانـمه ڕێژنـەی بـەهـارت

وەتەن ئەی قیبلەكەم، ئاوات و مانـم

وەتــەن هــەتـوانـی دەردو زامەكانـم

سەرم قوربانی نەورۆزو بەهارت

فیدای هەڵدێرو تاڤگەو جۆیبارت

وەتەن داگیـرکەر مێشکی پژاوە

وەدی هاتۆتەوە نەورۆزی کاوە

لە سایەی عەزمی پێشمەرگەی دلێرت

بە هەستی شۆڕە لاوی شێر و مێرت

لە ناخی ڕاکراوە سەر بزێوت

هەموو ڕزگارە ئێستا شاخ و کێوت

ڕەوی هەوری پەژارەو نامرادی

لە بۆت گیـراوە شایی و لۆغانی شادی

**سولەیـمانی: 1ی خاکەلێوەی 1370ی هەتـاوی .**

نەورۆزێکی هەست بزوێن بوو، شادی هێنەر، خەم ڕەوێن بوو، ئازادیی گەل دەستەمۆ بوو، دوژمنیشمان رەنـجەڕۆ بوو . ساڵی نوێمان دوو بەهار بوو. کوردی ئەو پارچەی ڕزگار بوو، بێجگە لە کلکە نەوتینە و ویژدان فرۆشان کەس وەبەر چاو نەدەکەوت کە بزەی شادی و خۆشحاڵیی لە سەر لێوان نەبێ و زەماوەندی گەشەو نەشە لە دڵی دا نەگەڕێ.

له بیـرمه گێرایانەوە کە پیـرەژنێکی بە ساڵاندا چووی خەڵکی هەڵەبـجە سوێندی خواردبوو کە هەر کات توانیی بە ئازادی بۆ ژینگەی خۆی بگەڕێتەوە، سواری ماشێن نەبێ و هەر بە پێیان بڕواتەوە بۆ هەڵەبـجە، سەرەنـجام شەرتەکەی بردە سەرێ و لە سلێمانی‌یەوە بە پێیان خۆی گەیاندەوە زێدە شیـرینەکەی. بەڵام سەد مـخابن، قۆناغێکی تەمەن کورت بوو، بە تاڵووکە تێ پەڕی و دێوەزمەی ڕەشی شەڕخوازی لەو خەوە خۆشە ڕای پەڕاندین.

هێزی هاوپەیـمانان پشتی لێ کردەوەو ڕێژیـمی عێراقیش پاش سەرکوت کردنی بزووتنەوەی باشووری عێراق، هێزە بەزیوەکەی سازمان دایەوەو لە بەغدا و تکریت و مووسڵەوە پەلاماری بۆ سەر کوردستان دەست پێ کرد. تەوژمی پەلامارەکە بەڕادەیەك خێرابوو کە هەموو هەوڵی کوردەکان بۆ بەرگری کردن بێ ئاکام مایەوەو بە هیچ باران باشاریان نەکرا. هێزی ڕاپەرین هەر بەو خێرایی‌یەی کە چووبووە پێشێ، ناچار بە پاشەکە بۆوە شارەکان یەك لە دوای یەك کەوتنەوە دەست هێزەکانی ڕێژیم، با ئەوەشـمان لە بیـر نەچێ کە هاوکات لەگەڵ هێرش کردنەکەدا سەر کۆماری عێراق پێشنیاری وتووێژی بە بەرەی کوردستانی کرد. بەڵام ئەو پێشنیارە وە نەبێ تۆزقاڵێك لە تەوژمی پەلاماری هێزە نیزامی‌یەکانی کەم کردبێتەوە.

هێرشەکە تێکەڵ بوو لەگەڵ ڕەقی تۆڵە ئەستاندنەوە، تاڵان و شڕەخۆری و دزی و گزی سنووری بەزاندو چی وەبەر دەستیان کەوتبا بە سەریەوە نەدەچوون. خەڵکەکەش بە ڕادەیەك لە زەبر و زۆری ڕێژیم زراویان چوو بوو کە پێش ئەوە پێشمەرگە لە شارەکان پاشەکشە بکا، بە سەڵت و قوڵتی لەو وەرزە سارد و سەرمایەدا، لە ژێر تەوژمی برسیەتی و بێ ئێمکاناتی‌دا، ژن و منداڵ و پیـر و لاو گوند و باژێریان بەجێ هێشتـن و بەرەو سنوورەکانی وڵاتانی دراوسێ ڕوەیان کرد.

ڕێژنەی گۆپاڵ باران، تەوژمی ترسێنەری کرێوەو بەفرە پشۆ، خرمەی تاوە تەرزە، هووژەی پیـرە زریان لە ملە و یاڵ و بەندەن و لاپاڵ و خڕ و دۆڵی کوێستانی کوردستان بەبێ سەر بەرگ و کەل و پەلی گەرم کەرەوە هەڕەشەی مەرگی لێ کردن. بە سەدان ژنی دووگیان و منداڵی بەر مەمکانە و پیـری بە ساڵاندا‌چوو، لە برسان و لە سەرمان ڕەق هەڵاتن و لەو چیا و چۆڵە هەزار بە هەزارانەی دوور لە ئاوەدانیدا بوو بە خۆراك و توێشووی داعبا و دڕندەی کێوان. گیـڕانەوەی ئەو تراژیدیەیە و، کێشانەوەی تابلۆی ئەو دێمەنە سامناك و خەماویەیە، ئەگەر ڕۆمان نووسێکی بە توانا خۆی لەگەڵ ماندوو بکا، بەرەی داهاتووی کۆمەڵ لە خوێندنەوەی سام دەیگرێ و، ویژدانی مرۆڤایەتی دەڕووشێنی، هەر بۆیە لە وزەو توانای زمان و پێنووسی منی دەستە وستان بە دوورە. ئەوەی لەم پارچە شیعرەدا دەی خوێننەوە کە لە زمان کوردێکی ئاوارە وەرم گرتووە، تەنیا مشتێك لە خەروار ودلۆپێك لە دەریایە.

## گیانەڵڵای سەرکەوتن

شار خامۆش و کش و ماتە، دوا هەناسەی سەرکەوتنە

کۆرپەی هیواو ئاواتەکان، چاوەڕوانی خنکاندنە

جاڕچی لە چوار قوژبنی شار، ئاهەنگی مردن دەبێژن

سوپای شوومی کوندەبەبوو، تەرمی سەرکەوتن دەنێژی

قۆڕ پێوانە، لە خۆ دانە، دێوەزمەی شەڕ ڕاپەڕیوە

چیمەن ڕەنگی بڕسکاوە، لووتکە سەری دانەویوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قەندیل سەری لە هەش ناوە، پیـرە مەگروون پرسەدارە

سەفین شین و شەپۆرپەتی، حەمرین زارو بێ قەرارە

وڵات خەمـخانەی بێ دەنگە، دایك لە رۆڵەی تەریوە

شێر لە چەقەڵ، باز لە قالاو، پڵینگ لە رێوی بەزیوە

قرمەی شەستیـر و بۆمبایە، گرمە و ناڵە و تۆقاندنە

گوللە و بارووت و ساچمەیە، گڕ و گڕفە و سووتاندنە

خەم خەڵاتە، مەرگە ساتە، ناڵەی دڵی بریندارە

کێو نەویوە، شار تەپیوە، دووگیان لە گیانی بێزارە

رێگا لە رێبوار گیـراوە، شوێنەواری چمکی دێوە

رەوکراوە، شارجێماوە، دێ وێرانە، ماڵ بێ خێوە

ئاسـمان لە زەوی خورپیوە، وەیشوومە و لێزمەو بارانە

رێگا سەخت و پێچاوپێچە، کرێوە هووژەی زریانە

تەم لە ترۆپکان ئالاوە، رەهێڵەیە رێبەندانە

خورەی لافاوی بەفراوە، زەوی زەریای شەپۆلانە

ژن و منداڵ لە گلی کەوتوون، بەرەوپەنا رێ بردنە

کێوان سەخت و ناهەموارن، کێشەی ژیان و مردنە

باوان وێران و بێ بژی، بەرەو چیا ملیان ناوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بناری شاخ دەبڕنەوە، کۆرپەی ساوا بەجێماوە

دەست و پەنجە و پێ دڵۆپە، لەش تەزیوە، پشت نەویوە

هێز بڕاوە، پێ ئاوساوە، خوێن لە دەماردا ڕچیوە

هەوری نەگبەت داچۆراوە، ڕۆژ گیراوە، بێ هەناوە

دەرگای هومێدی گاڵ دراوە، پەپوولەی هیوا کوژراوە

نووسەر پەنجەی جەمام بووە، زانا بیری پەشۆکاوە

پێنووس نێچیری حەزیایە، سەری شێواو حەپەساوە

دەنگی ئازادی خنکاوە، زمان لاڵ و بێ وتارە

فرمێسکی چاو قەتیس ماوە، سنوور مات و تەم وتارە

ژیان دەریای شەپۆلانە، مردن پردی دەرباز بوونە

پەنا پەسیو گۆرستانە، نووستن مەرگ و لە نێو چوونە

پەنا برای کوردی ئێران، فریا کەون، لێ قەوماوێن

دەخیل بەرەی مافی مرۆڤ، لە نیشتمان دەرکراوین

ئەی وڵاتان، ئێمەش گەلیی، سەدان ساڵە بێ نیشانین

ئاوڕ وەدەن، بەش خوراوین، ڕاونراوین، بێ تاوانین

خاوەن خاك و بێ بەیداخین، سەدان ساڵە هەر بێوارین

ژێر چەپۆك و خوێن ڕژاوین، ئەستۆ کەچ و پرسەدارین



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێك براوین، بەش كراوین، بەرمان هەورازو نشێوە

شارو دێمان سووتێنرراوە، شوێن و جێمان شاخ و كێوە

هەڵگەڕاوین بە هەورازا، ڕێمان پێچاڵ و كەنداوە

دەست و پێمان هەڵاوساوە، شان و پیلمان داهێنراوە

بێ پشتیوان و پەناین، داهاتوومان تارو توونە

هەر چوار لامان گەمارۆیە، چارەنووسمان لە نێو چوونە

بەشمان كەلەپچەو پێوەندە، سێدارەو ئێعدام كردنە

پەنا گەلانی خێرۆمەن، وا گیانەڵڵای سەركەوتنە

**سولەیمانی 28ی گەلاوێژی 1370ی هەتاوی**

ئەمن لە سەروبەندی كۆچڕەوەكەدا لە دەفتەری سیاسی لە "بۆڵێ" بووم. لەو قۆڵەشەوە بەرەو سنووری حاجی ئۆمەران خەڵك لە جم و جۆڵ دا بوون. زۆر باش لە بیـرم ماوە كە كاك دوكتور سەعید فەرمووی:

ـــ ماڵی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش، ئەوەی هەمانە بەشی دوو مانگی خۆمانی لێ گل وەدەن و ئەوی دیكەی بەرن بۆ ئەو برا كوردانە، چونكە تەنگانە لەوە تەنگەبەرتر نابێ.

هەر بۆیە هاوڕێیان بە تاڵووكە بە هاواریانەوە چوون و خواردەمەنی و جل و بەرگ و پێڵاو و سەربەرگ و پێخەویان بۆ بردن و هەرچەندیش جێگا هەبوو بەسەر ماڵانیان-



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دا بەشین و بۆ چەند ڕۆژ دالْدەدان. سەرەنجام پاش چەندین ڕۆژ و شەوان، شەکەت و ماندوو، شپرزەو کەسیرە، بێوازو لە پێ کەوتوو، بە کۆڵەمەرگی سنووریان بەزاندو خۆیان هاویشتە ئامێزی گەرم و ئاوەڵای خوشك و برایانی هاو خوێنیانەوە.

ئەمن تەنیا لە سنووری ئێرانەوە هێندێك ئاگادارم و ئەوەش کە دەیزانم هەر لە زمان ئاوارەکانم وەرگرتووە. ئەوان بۆیان گێڕاومەوە کە ئەو کەسانەی وەبەردەستی کۆماری ئیسلامی کەوتوون چۆن چاوبەستییان لێ کردوون، چۆن ئەو خواردەمەنی و کەل و پەلانەی لە گوندو بازێڕی کوردستانەوەو لەلایەن وڵاتە خێر خوازەکانەوە بۆیان بەڕێ کرابوو لێیان شرت و گوم کردبوون و لە هەشتێ مشتێکیان نەدابوونێ. لە ئۆردووگای ساردوسڕدا و لە ژێر خەیمە و خێوەتە شڕاندا دەستیان بەسەردا گرتبوون و بە چاوی سووك سەیریان کردبوون. لەو لاشەوە برا کوردەکانیان هەتا سەر سنوور بە پیریانەوە چووبوون و بەو پەڕی حورمەتەوە میوانداریيان لێ کردبوون. بۆ وێنە یەکێك لە ئاوارەکان گێڕایەوە:

(یەك! ) حاجی لە بانە ڕۆژانە 13 نانەوای بەکرێ گرتبوون و نانەکەی بە سەر مزگەوتەکانی گەڕەکی خوارووی بەشیبۆوە کە هەموویان پڕ لە ئاوارە بوون.

بەڵێ ڕاپەرین بە پەلە سەرکەوت و بە تالووکەش تێك شکا. بەڵام دەنگدانەوەی تێك شکانەکە لە سەرکەوتنەکە بەهێزتر بوو، دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی بەدواوە بوو کە لە ماوەیەکی کورتدا هەموو دنیای تەنییەوەو ویژدانی هەموو مرۆڤێکی خاوەن ویژدانی بۆ لای مەزلوومییەت و بەشخوراویی گەلی کورد هەژاندو دنیای مرۆڤایەتیی لە خەو ڕاپەڕاند. سەرەنجام بۆ جارێکی دیکەش حکوومەت دەستی بەسە ر بەشێکی کوردستاندا گرتەوە. بەڵام کام کوردستان؟! کەلاوەیەکی تێك ڕووخاو و وێرانەیەکی

سامناك و تۆقێنەر، بیابانێکی چۆڵ و دوور لە ئاوەدانی، بە کورتی چۆڵگەیەکی دەست بەسەر داگرتەوە کە جیا لە دەنگی شوومی کوندە بوو، هەستێکی دیکەی تێدا وەبەر گوێ نەدەهات.

ئێستا لە بەراوەرد کردن و هەڵسەنگاندنی نێوان ڕاپەڕین و کۆچڕەوەکەدا، هەرچەند وەك پێشتـر باسم کرد نرخ و بایەخی ڕاپەڕینەکە لە مێـژووی کورداندا ئەگەریش بێ وێنە نەبووبێ کەم وێنە بوو، بەڵام لە تای تەرازووودا لایەنی کۆچڕەوەکە گەلێك قورستـر بوو. مەزنی و شکۆداریی ئەو ڕووداوە مێژوویی‌یە لە چەند خاڵی سەرەکی‌دا خۆ دە نوێنێ کە بە کورتی ئەنگوستیان بۆ ڕادەکێشم.

1) تێکەڵ بوونی کوردی سێ پارچەی کوردستان، واتە عێراق و تورکیە و ئێران، بە ڕوونی سەلـماندی کە کوردم بە گشتی یەك بنەماڵەی گەورەیە و لە تاڵی و خۆشیی یەکدی‌دا هاوبەشە. ئەو کۆچڕەوە بوو بە یەکێك لە شێوەکانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد کە لەلایەك کوردو ئازارە دەروونی‌یەکانی یەکتری تێ گەیاند.

2) لەو لاشەوە سەرنـجی دنیای مرۆڤایەتی بۆ لای ئەو خەباتە ڕەوایە ڕاکێشا.

3) دەنگدانەوەی ئەو کۆچە بە کۆمەڵە لە دنیادا ئەگەر لەباری مرۆڤایەتیشەوە بووبێ، ئەوەندە گەورە بوو کە بە هیچ پەردەیەکدا نەدەپۆشراو هیچ هێـزێك نەیتوانی دیزە بەدەر خۆنەی کا.

4) ڕەق بوونەوەی پیـری پەك کەوتە و منداڵی بەرمەمکانە لەبرسان و بێ سەر پەنا و دەست ڕانەگەیشتـنیان بە دەواو دەرمان سەرنـجی هەموو کۆڕو

کۆمەڵە بەشەر دۆست و خێرخوازەکانی دنیای بۆ لای مەزلۆومییەتی گەلی کورد ڕاکێشا و دەنگی هەقخوازانەی گەلێکی سەرکوت کراوی بە دنیا ڕاگەیاند.

5) ئەو ستەمانەی دەرهەق بە گەلی کورد کرابوون و تا ئەو کاتە خرابوونە پشت گوێ، پەردەیان لەسەر هەڵدرایەوەو بەڕوونی خرانە بەرچاوی بیـروڕای گشتی و بۆ یەکەم جار داوا ڕەواکانی گەلی کورد لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەیی یەکان دا خرانە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

6) ئەو ڕووداوە لە مێـژوودا بوو بە ڕووداوێکی نێونەتەوەیی و، کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤـ دۆستەکانی، ناچار کردن کە ڕاو بۆچوونی خۆیان لە مەڕ مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد بە گشتی دەربڕن و بیـر لە چارەسەرکردنی بکەنەوە.

7) کێشەی کورد گەیشتە نێو کۆبوونەوەکانی شووڕای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و ئەو ڕێکخراوەی ناچار کرد کە لە بەشێکی کوردستانی عێراق چەترێکی ئەمنیەتی بۆ کوردی عێراق هەڵ بدرێ و کوردەکان لە هەر چەشنە هێرش و پەلامارێك بپارێـزێ.

8) هەر لە سۆنگەی ئەو کۆچە بە کۆمەڵەدا بوو کە دەیان ڕێکخراوی خێرخواز و مرۆڤدۆست بۆ پێڕاگەیشتـن بە ژیان و گوزەرانی کوردە لێ قەوماوەکان خۆیان گەیاندە کوردستانی عێراق کە تا ئێستاش ئەو یارمەتی‌دان و پێڕاگەیشتنە تەنانەت لەباری ئاوەدان کردنەوەی دێهاتەکانی کوردستانیشەوە هەر بەردەوامە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

9) دەرچوونی بڕیارنامەی 688ی شووڕای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە مەسەلەی کورد کە لە مێژوودا بێ وێنە بوو. نێوەڕۆکی بڕیارنامەکە پاراستنی کوردەکانە لە بەرانبەر حکوومەتی ناوەندیدا وەك نەتەوەیەك.

10) هەروەها سەرەڕای پێك هێنانی چەتری پارێزگاری لە هێڵی 36ی جوغرافیاییدا، بڕیاری 986ی نەوت بەرانبەر بە خۆراك کوردستانیشی گرتەوە. ئەم بەندە لە بڕیارنامەی شووڕای ئەمنییەت لەژێر چاوەدێری ئەو بەشە لە "UN"دا بەڕێوە دەچێ کە چاوەدێریی شێوەی بەڕێوەچوونی بڕیارنامەکە دەکا.

بە کورتی ئەو ڕووداوە تاڵە بوو بە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازانەی کورد بە گشتی و کوردی عێراقدا بە تایبەتی کە بە ڕادەی زیاتر لە دەیان ساڵ خەباتی چەکدارانە، دەنگی دایەوە. با ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە وەك پێشتر باسم کرد، لە گەرمەی شەڕدا حکوومەت پێشنیاری وتووێژی بە بەرەی کوردستانی کرد و ڕای گەیاند کە ئامادەیە مەسەلەی کوردستان لە ڕێگای ئاشتییەوە چارەسەر بکا. هەر بۆیە بە دوای ئەو قۆناغەدا، شەڕ لە نێوان بەرەی کوردستانی و حکوومەتدا ڕاگیرا و، وتووێژ بە مەبەستی چارەسەری مەسەلەی کورد دەستی پێ کرد. وەفدی بەرەی کوردستانی چوو بۆ بەغدایە و بەیاننامەی 11ی ئازاری ساڵی 1970ی زایینی کرا بە دەستمایەی ڕێك کەوتنەکە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماوەیەك بەو شێوەیە تێپەڕی و دانیشتنەكان ئاكامی سەركەوتنیان بە دەستەوە نەدا. بەرەبەرە ناوچەی سلێمانیش كەوتەوە  ژێر دەسەڵاتی كوردەكان و سنووری نێوان حكوومەتی ناوەندی و بەرەی كوردستانی بە كردەوە لێك جویێ كرایەوە.

حكوومەت داوای لە كارمەندو مووچەخۆران كرد كە شوێنی كارەكەیان بۆ ناوچەی ژێر دەسەڵاتی میـری وەگوێـزن. بەڵام ئەوان نەچوونە ژێر بارو هەر لە شوێنی خۆیان درێـژەیان بە ڕاپەڕاندنی ئەركەكانیان دا.

لە خۆبووردوویی و خۆڕاگریی كارمەندو دوكتورو مامۆستا و، بە گشتی مووچەخۆرو بەڕێوەبەرانی ئۆرگانە گشتی‌یەكان لەو قۆناغە دژوارو پڕ لە ئاستەنگەدا كە تەوژمی دوو لایەنەی گەمارۆی ئابووری لە سەر كوردستان بوو، هەڵ دەگریێ بە خەتی زێڕین لاپەڕەكانی مێژووی كوردی پیێ بڕازێنرێتەوە. زۆر باش لە بیـرمە كە لەو قۆناغەدا نەخۆشیی گرانەتا و . . . سە ری هەڵدابوو و تاقە كەپسوولێكی " كلۆڕامفێنیكۆڵ "یش لە نەخۆشخانەو دەرمانـخانەكان‌دا نەبوو.  بەڵام دوكتورەكان بە ئیـرادەی داهێنەرانەی خۆیان عیلاجیان دروست كردو خەڵكیان لە مەترسیی ئەو نەخۆشی‌یە ڕزگا ر كرد. دیارە پاش ماوەیەك بەرەی كوردستانی بە هاوكاریی ڕێكخراوە خێرخوازەكان كەم تا كورتێك لە باری ئابووری‌یەوە پیێان ڕاگەیشت و یارمەتیی دەدان.

لەو ماوەیەدا لە نێوان ڕێكخراوە سیاسی‌یەكان‌دا لەسەر درێژەدان بە وتوویـژ لەگەڵ حكوومەتی ناوەندی، تا ڕادەیەكی بەرچاو جیاوازیی بۆچوون سەری هەڵ‌دا بوو. هەر بۆیە بەرەی كوردستانی هاتە سەر ئەو ڕایە كە دەسەڵاتی بڕیاردان بدرێتە دەست خەڵك و ئەوان لەسەر هەرچی ساغ بوونەوە ڕێكخراوە سیاسی‌یەكان و بەرەی

کوردستانیش پشتیوانی لێ بکەن. دیارە ئەوەش پێویستیی بە دیاری کردنی نوێنەری سەرجەم خەڵکی کوردستان هەبوو کە دەبا لە هەڵبژاردنێکی گشتی‌دا دیاری کرابان. هەر بەو بۆنەوە لە لایەن بەرەی کوردستانی‌یەوە بڕیاری هەڵبژاردنی پارڵمانی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەندرا.

سەرەنجام ڕۆژی 29ی بانەمەڕی 1371ی هەتاوی سندووقەکانی دەنگدان لە ناوەندی گوندو شارو شارۆچکەکان بڵاو کرانەوە. هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی پارڵمان، دەنگ دان بۆ سەرۆکیش کە مام جەلال و کاک مەسعوود و دوکتور مەحموود عوسمان و لە بزووتنەوەی ئیسلامیش مەلا عوسمان کاندیدا بوون، هاتە گۆڕێ. هەڵبژاردن دەستی پێ کردو خەڵك بەو پەڕی دڵگەرمی و ئیحساسێکی بێ وێنەوە بەرەو ناوەندەکانی دەنگدان ڕیزەڵەیان بەست و بەرەو سندووقەکان خرۆشان. بە شێوەیەکی نەدیتراو پێشوازی‌یان لە هەڵبژاردنەکە کردو بە کردەوە سەلماندیان کە کوردیش وێڕای گەلانی ئازادی خوازی سەر گۆی زەوی لە وزەی‌دا هەیە کەڵك لە دێمۆکراسی وەرگرێ و بە دڵ تامەزرۆی ئاشتی و ئازادی‌یە.

ئەمن ئاگاداری شێوەی هەڵبژاردن لە وڵاتانی پێشکەوتوو نیم و بەچاوی خۆم نەمدیوە، بەڵام بە هەڵسەنگاندنی شارەزایان لە هەڵبژاردن دا، سەرکەوتووترین هەڵبژاردن بوو کە هەڵ دەگرێ کورد بە گشتی شانازی پێوە بکا و خۆی پێوە ڕانێ.

هەرچەند لە دەنگدانەکەدا هێندێك کەم و کوڕی وەك دوو جار دەنگدان و ئەو جۆرە شتانە وەبەرچاو کەوتن، بەڵام دیسانیش نەبوونە هۆی ئەوە کە لە نرخ و بایەخی هەڵبژاردنەکە داشکێنن و بە وتەی سەرجەم هەواڵدەرە بێگانەکان، بە یەکێك لە مەزنترین هەڵبژاردنەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو لە قەڵەم درا.

هەڵبژا ردن گەیشتە ئەنجام و زۆربەی دەنگەکان وەلای پارتی و یەکیەتی داشکانەوە. بەڵام کام یەك لەو دوو لایەنە زۆربەی دەنگەکانی وە دەست هێنا بوو، هێشتا ئاشکرا نەکرابوو. قۆناغێکی تا بلێی پر مەترسی بوو. خەڵکی لەوە بە گومان بوون کە هەر کام لەو دوو لایەنە سەرکەویٚ ئەوی دی لە بەری دانەبا و لەوە دەترسان کێشە و دووبەرەکایەتی سەرلەنویٚ سەر هەڵ داتەوەو ریسەکەیان لیٚ ببێتەوە بە خوری. خەمی ئەوەیان لە بە ر بوو کە بەرهەمی ڕەنجی خەبات و خوێنی خەڵکی تامی تاڵی چێشتوو بە فیـڕۆ بڕوا و ڕەنـجەڕۆ ببـن.

خۆر لە کەلەپۆ ئاوا بوو، تاریکی باڵی بە سەر زەوی‌دا کێشا، خەڵکی بە پەرۆشەوە لە شاشەی تەلەفزیونیان دەڕوانی و کەس لە بیـری نان خواردنی شەویٚ‌دا نەبوو، چارەنووسی ئەو خەڵکە هەژارە بە چرکەیەکەوە بەستـرابۆوە! سەرکەوتن یان تێداچوون؟! کەس نەی دەزانی تا سەبیل کێشێکی دیکە چ گۆنـجەڕێك دەقەومیٚ. بە تەقینەوەی تەنیا گوللەیەك لەوانە بوو خوێن سەران بەریٚ، وەك ئەوە دەچوو کە بەردو(1) و پووشوو(2) لە نێو قامکان دابیٚ و ئەستێش (3) بۆ لێدانی ئامادە بیٚ. بیٚ دەنگی‌یەکی بە سام وڵاتی‌دا پۆشیبوو، ئا لەو کاتە بەرتەسکەدا بوو، کاك نەوشیـروان مستەفا لە سەر شاشەی تەلەفزیون دەرکەوت. ترس و دڵە خۆرپیٚ لە سنوور تیٚ پەریبوو، بەڵام بە خۆشی‌یەوە ئەو ئەزموونە تاڵە دووپات نەبۆوە. بە دەنگێکی پڕ لە هیوا ڕای گەیاند:

مژدە بۆ خەڵکی بەڵادیتووی کوردستان، هەڵبژاردن بە سەرکەوتنێکی بیٚ وێنەوە گەیشتە ئەنـجام، دەنگەکان لە نێوان پارتی و یەکیەتی‌دا بەرامبەر هاتوونەتەوەو سەرکەوتن بە هەر دووك لابڕاوە.

دیا ر بوو له دانیشتنێكی چه‌ند سه‌عاته‌ی ده‌فته‌ری سیاسیی هه‌ر تك لادا، بۆ به‌رگری كردن له‌ ته‌قینه‌وه‌و كێشه‌و ئاژاوه‌، له‌ سه‌ر ڕێژه‌ی په‌نجا به‌ په‌نجا ڕێك كه‌وتبوون و ده‌سه‌ڵاته‌كه‌یان له‌ نێو خۆیان دابه‌ش كردبوو. دیاره‌ خه‌ڵك بۆ ئه‌وه‌ی كه‌ به‌رهه‌می گه‌نجی ڕه‌نجیان به‌ تالآن نه‌ڕوا، به‌وه‌ش ڕازی بوون. چونكه‌ ئه‌زموونی تاڵیان له‌ دووبه‌ره‌كایه‌تی و شه‌ڕی برا كوژی هه‌بوو. هه‌ر بۆیه‌ به‌ ڕاگه‌یاندنی هه‌واڵه‌كه‌، هه‌ر به‌و شه‌وه‌ ئالآی سه‌وزو زه‌رد لێك دران و پیرو گه‌نج و ژن و منداڵ ڕژانه‌ شه‌قام و ئاهه‌نگیان گێڕا و شایی و هه‌ڵپه‌ڕكێیان وه‌ڕێ خست. كاك مه‌سعوود و مام جه‌لال ده‌ستیان له‌ ئه‌ستوی یه‌كدی كردو به‌ڵێنیان دووپات كرده‌وه‌ كه‌ له‌ پێناوی به‌رژه‌وه‌ندیی گشتیی گه‌له‌كه‌یاندا برا بن و برایانه‌ بژین.

به‌ دوای ئه‌و سه‌ركه‌وتنه‌ مه‌زنه‌دا ئه‌نجوومه‌نی وه‌زیران هه‌ڵبژێردراو مه‌سه‌له‌ی هه‌ڵبژاردنی ڕێبه‌ریش كه‌ هیچ كه‌س نه‌ی زانی كێ سه‌ركه‌وتبوو، وه‌پاش گوێ خرا. ده‌سه‌ڵاته‌كه‌ كه‌ به‌ ته‌رازووی ته‌ڵا فرۆشان دابه‌ش كرابوو، هه‌ر ئۆرگانیك چوو بای په‌نجا به‌ په‌نجا ( فیفتی فیفتی ) بوو. ئێتر له‌وه‌ به‌دوا هیوایه‌ك بۆ وتووێژ له‌ گه‌ڵ ده‌وڵه‌تی ناوه‌ندی نه‌ما. حكوومه‌تی هه‌رێمی كوردستان له‌ یه‌كه‌م كۆبوونه‌وه‌ی خۆیدا بڕیاریدا كه‌ درووشمی فیدڕاڵی بۆ كوردستان هه‌ڵگرن و داوای حكوومه‌تێكی دیمۆكڕاتیش بۆ عێراق بكه‌ن.

حكوومه‌تی هه‌رێمی كوردستان به‌ ڕه‌سمی ده‌ست به‌ كار بوو، ڕێكخراوه‌ مرۆڤ دۆسته‌كانیش یارمه‌تیی ته‌واویان ده‌كردن و له‌ باری ئاوه‌دان كردنه‌وه‌ی دێهاته‌كان و پێڕاگه‌یشتن به‌ ژیان و گوزه‌رانی خه‌ڵك له‌ باری ئابووریه‌وه‌، هاوكاریه‌كی، باشیان ده‌كردن. یه‌كێك له‌و ڕیكخراوه‌ خێرخوازانه‌ كه‌ به‌ دڵه‌وه‌ یارمه‌تییان ده‌دان، ریكخراوی " فرانس لی بیرتێ" ی فه‌ڕانسه‌یی به‌ سه‌رۆكایه‌تیی خانمی " دانیال میتران "

خێـزانی سەرکۆماری فەڕانسە بوو کە بە دایکی کوردان ناوبانگی دەرکردبوو. خانـمی میتـران و ئاغای بێرنارد کۆشنێر وەزیری کاروباری مرۆڤایەتی لە وڵاتی فەڕانسە کە هەر دووکیان لە دۆستە وەفادارەکانی ڕێبەری مەزن دوکتور قاسـملوو بوون، هەر بە یارمەتیی ئێنسانیی‌یەوە نەوەستانەوەو لە باری سیاسی‌شەوە لێیان غافل نەبوون و ڕێ نوێنی‌یان دەکردن. خاتوو میتـران ڕۆژی 13ی پووشپەری 1371ی هەتاوی بە سەردانێکی ڕەسـمی هاتە کوردستان و لە شەقلاوا پێشوازی‌یەکی گەرمی لێ کرا. هەر لەو سەفەرەدا لە شارۆچکەی ڕانیە لە گەڵ ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان چاوپێکەوتنی هەبوو. پاشان لە چەند شوێنی کوردستان دیدەنیی کردو لە گەڵ خەڵکی زۆر لێ کراو و بەڵادیتوو چاوپێکەوتنی هەبوو. بەڵام لە بیـرمان نەچێ کە دەستی خەیانەت لەوێش دا لە جینایەت غافل نەبوو. کاتێك بۆ سەردان بەرەو هەڵەبـجە وەڕێ کەوت، لە دەروازەی شاری سلێمانی ماشێنیکی بۆمب ڕێژکراویان بۆ دانابۆوەو لە کاتی چوونە دەرەوەی لە شار تەقاندیانەوە. خەڵکێکی زۆر کوژران و بریندار بوون کە یەکێك لە بریندارەکان نوێنەری تەلەفزیونی فەرانسە بوو. بەڵام بە خۆشی‌یەوە لەو ڕووداوە شەرماوی‌یەدا خاتوو میتـران بە سلامەت دەرچوو. جێی سەرنـجە لەگەڵ ئەو ڕووداوە ئابڕوو بەرانەیەش‌دا ناوبراو پەکی سەفەرەکەی نەخستەوەو ئەو خەیانەتەی بە هی کوردان نەگرت!

## پەڕاوێزەکان:

1) جۆرە بەردێکی ئاماڵ سوورە کە ئەستێی وێ دەکەوێ پڕیشکە ئاگری لێ دەبنەوە.

2) ماددەیەکە لەنێو دار بەڕووی کلۆر یان بە قەدی دارەوە پەیدا دەبێ و بە تاقە پڕیشکێك ئاگر دەگرێ.

3) پۆلایەکی باریکەڵەیە ئاسنگەر بە کەوانەی سێ سووچی (مثلث) دروستی دەکەن. دوو قامکی ڕاستی تێ دەکەن و لە بەردو پووشووەکەی دەدرێ کە لە نێوان قامکەکانی دەستی چەپ دایە و پڕیشکی لێ دەبنەوە پووشووەکە ئاگر دەگرێ. قەدیـم بۆ ئاگر کردنەوە کەڵـکی لێ وەرگیـراوە

## کوردستانی عێراق دوای ڕاپەرین و شوێنەوارەکانی لەسەر وەزعی ئێمە

ئەو ئاڵ و گۆڕە کتوپڕ و چاوەڕوان نەکراوەی کوردستانی عێراق شوێنەوارێکی قووڵی لەسەر ژیان و خەباتی ئێمەش دانا. بە پێچەوانەی بۆچوونی هێندێکان کە لایان وابوو لەو ئاڵ و گۆڕانەدا فاتیحەمان خوێندراوە، هەر لە کاتی ڕاپەرینەکەدا ڕێکخراوە سیاسییەکان بە گشتی و بە گەرمی هات و چۆیان کردین و تەنانەت بۆ یارمەتی دانیشمان خۆیان لە دەسك نابوو. خەباتی ئێمە و خۆیان و هەموو پارچەکانی کوردستانیان بە لێك گرێ دراو لە قەلەم دەداو بە بێ جیاوازی تێیان دەڕوانی. هەربۆیە خەڵکی ئاسایی‌ش لەوە بەدواوە چەندین بەرامبەری هەوەڵی حورمەتیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەگرتین. تەنانەت بەڕادەیەك ببووینە جێی متمانەیان کە ئەگەر لە نێو ڕێکخراوە سیاسی یەکانی خۆیان دا کەم و کورتی‌یەکیان هەست پێ کردبایە، چاوەڕوانی‌یان لێمان هەبوو کە بۆ چارەسەرکردنیان یارمەتی‌یان بکەین. ئێمە کە کۆمەڵێك کادرو پێشمەرگە لە بنکەی سلێمانی بووین، سەرجەم ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان، کەسایەتی‌یە سیاسی و ئەدەبی و ڕووناکبیـرە ناسراوەکان ڕۆژ نەبوو سەردانـمان نەکەن و بیـروڕایان لەگەڵ دەگۆڕینەوە. بۆ کۆڕو کۆبوونەوە گشتی‌یەکان بانگ هێشتـنیان دەکردین و یەکەم وتار ئێمە دەمان خویندەوە. دیارە لەو بەشداری کردنانەشدا کاك حەمە نەزیف کە بەرپرسی بنکەی سلێمانی بوو، هەموو جارێك خویندنەوەی وتارەکانی بە من دەسپارد. کۆبوونەوەکان بریتی بوون لە بیـرەوەریی 10ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدکرانی پێشەوا قازی مـحەممەد، ساڵڕۆژی کۆچی دوایی مامۆستا هەژاری موکریانی، بە خاك سپاردنی تەرمی شەهیدانی هێـزی پشتیوان کە لە ئێرانەوە بۆ هەڵەبـجەیان هێنابوونەوەو زۆر کۆبوونەوەی دیکەش. لەگەڵ دوکتورەکانیش ئەوەندەی دیکە لێك نزیك ببووینەوە، ئەوانیش لە زۆر بارانەوە یارمەتی‌یان دەکردم. چی ئازمایش و عەکس بەرداری و . . . . بوون کە دەبا لە دەرەوە جێ بەجێ‌یان کەم و خەرجێکی زۆریان بۆ حیزب هەڵ دەگرت، بۆیان دەنووسیم بۆ نەخۆشخانەکان و بە خۆڕایی دەیان کردن. نەشتەرگەری‌یەکان لەگەڵ ئەوەدا کە لە نەخۆشخانە گشتی‌یەکان بەبێ پووڵ بۆیان دەکردم، لە دانانی نۆبەکانیشدا یارمەتی‌یان دەکردم و سەرەی دووریان بۆ دانەدەنام. دوکتور ئەمیـر ئەحـمەد کە دۆستێکی هەرە نێزیك و خۆشەویستم بوو، بۆی گێڕامەوە کە دوکتور فەرەیدوون مـحەممەد عەزیز قەفتان تەنانەت پێشنیاری پێ کردبوو کە لەگەڵ سەرجەم دوکتورەکان کۆبوونەوە بکەن و بڕیار بدەن پووڵی ویزیتی نەخۆشەکانـمان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لیٚ وەرنەگرن. دیارە مەبەستی دوكتور ئەمیـریش لەو پرس كردنە ئەوە بوو كە داخوا حیزب قەبووڵ دەكا یان نا؟ منیش سوپاسم لیٚ كرد و لە وەكیلی حیزبەوە تیٚم گەیاند كە ئیٚمە وەك حیزب یارمەتیی مەعنەویمان بۆ گرینگتـرە لە یارمەتیی ماددی و هەر ئەو متمانە و مەحەببەتە بۆ ئیٚمە لە هەموو شتیٚك گرینگتـرو بایەخدارترە. دۆستیٚكی دیكەم بوو بە ناوی كاك جەلال كە دەرمانـخانەی هەبوو. هەرچی دەرمان بۆ نەخۆشخانەكەمان پیٚویست بوو هەمووی ئەو بۆی ئامادە دەكردم و هەر بەو نرخەش كە لە سەری نووسرابوو دەی دامیٚ. ئەوە لە كاتیٚكدا بوو كە هەر دەرمان فرۆشیٚك بەبیٚ نوسخەی دوكتوری حەبیٚكی فرۆشتبایە، سزای توندی بە دواوە بوو. بەڵام ئەو گویٚی پیٚ نەدەداو دەیگوت:

ــ ئەگەر ئیٚعدامیش كریٚم چیتان پیٚویست بیٚ و چیم لە دەست بیٚ، لە یارمەتی كردنتان خۆ نابویٚرم. لە كاتی ڕاپەڕینەكەدا ڕۆژیٚكیان بانگی كردم و گوتـی:

ــ برالە! ڕەنگ بیٚ بە هۆی ئابلۆقەی ئابووریەوە ئیٚوەش كەوتبنە تەنگانەوە. هەر بۆیە داوات لیٚ دەكەم و بیٚ منەتیش بە، لە دەرمان و لە خواردەمەنی و تەنانەت پووڵیش، چیتان پیٚویست بوو ئامادەم یارمەتیتان بدەم و لە دەستیشم دیٚ.

ئەوە لەكاتیٚكدا بوو كە خەڵكی سلیٚمانی لە باری ئابووریەوە بە تەواوی لە تەنگانەدا بوون و هی وا هەبوو كە بۆ نانی شەویٚ هەڵوەدا بوو.

ڕۆژان لە دوو یەك هاتن و چوون و ئیٚمەش لە بنكەی سلیٚمانی بە تەبایی و نیاز پاكی خەریكی بەریٚوە بردنی ئەركەكانـمان بووین. وەزعی بنكە و كاركردنـمان تا ڕادەیەكی زۆر بەرەو باشی دەڕۆیشت. هیٚندیٚك لە كادرەكانی پیٚشوو نەقڵ كرابوون و ئاڵ و گۆڕیٚكی بەرچاو پیٚك هاتبوو. نۆبە گەیشتە سەر مەلا برایـمی مەجیدپوور و

ئەویش نەقڵ کراو بە جێگای ئەوی برادەرێکی دیکەیان بە ناوی کاك برایمی برایمی(1) بۆ ناردین. بەڵام نایشارمەوە نەقڵ کرانی مەلا برایمی مەجید پوورم لە شانان خۆش بوو. چونکە لەگەڵ ئەوەدا بە ڕواڵەت وەسەر خۆمان نەدێنا، لە نێوەرۆکدا چارەی یەکترمان نەدەویست. زۆر جاران لە چوارچێوەی جەفەنگ و شۆخیدا یەکترمان دەدایە بەر پلارو توانج و خەشی خۆمان پێك دەڕشت. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ ئەو لە من زۆر دەم هەراشتر بوو و لە حەودەی نەدەهاتم. سەرەنجام کردمانە شەڕە فرِو نووسینی نامە و قسەی هەلەق و مەلەق و لە ئاکامدا بەو لێك دوورکەوتنەوەیە بە تەواوی ئاشت بووینەوە. لێرەدا بێ جێ نازانم بۆ زاخاوی مێشك هێندێك لە نامەکان تۆمار کەم.

زستانێکی ساردو تەزێنەر بوو، نەوت بەدەگمەن وەگیر دەکەوت، بنکەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی و دەوروبەر زۆپایان بە دروست کردن دا بوون و داری لێڕەواریان دەسووتاندن. ئێمەش لە سلێمانی کە لەو ئیمکاناتە خودا دادیە بێ بەش بووین و دەبا نەوتی بسووتێنین، بە دەستندە دەیان داینێ و ژوورەکانمان بۆ گەرم دا نەدەهاتن. بەرقیش زوو زوو دەکوژایەوەو کەڵکی ئەوەی نەبوو هیتەر و شتی وای لێ دەی. ژوورەکەی منیش چەندی بلێی و ڕاق و دەتکوت وشترخانە و بە هیچ زۆپایەك گەرمدا نەدەهات. مەلا برایم ئەوەی بیستبۆوەو هەلی بە هەڵکەوت زانیبوو، دەستی دابوە قەڵەم و قاقەزان و ئەم نامە شیرینەی نووسیبوو و بۆی بەڕێ کرد بووم:

زۆر بەڕێز و خۆشەویست کاك ئەحمەدی قادری!

وێڕای سڵاوێکی گەرمی شۆڕشگێرانە

کاکە گیان بیستوومە لە سەرمان هەر چنگێکت لێ هاتۆتەوە، هیوادارم تاساڵی تازە ئەو چنگەشت نەمێنێ. ئەگەر لە حاڵی برای خۆشت دەپرسی بە کوێرایی چاوت لە بن کوورەی داری دانیشتووم و داری بەڕوو مازوو دەسووتێنم. لە گەرمان سەرم ڕووت کردوە، ڕەنگە ئەو وەزعە خۆشەی من ببێتە هۆی ناڕەحەتی هەرچی زیاتری جەنابت.

کاکە گیان سەرەڕای هەمووی ئەو قسە زەلامانە من خزمەتکارم. حازرم لە بن دارە مەیتدا هەتا سەر قەبران برۆم و بۆ خۆم یاسین و تەڵقینت بخوێنم.

بەسوپاسەوە:

برات مەجید پوور

منیش کە لە بیانوویەکی وا دەگەڕام و خودا خودام بوو هەلێکی وام بۆ بڕەخسێ، شانم لێ داخست و خۆماڵیانە ملم پێوە ناو ئەم وەڵامەی خوارەوەم بۆ نووسییەوە:

## دڵی شاعیر

لە ئاربابا و سەفینەوە

لە قەندیلی بەفرینەوە

لەگەڵ بالۆرەی کیژۆڵان

شیرین خەندەی نەرم و نۆڵان

تێکەڵی تریفەی مانگە شەو

قاسپەی شەوپەڕی خاسە کەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قاقای بێری و دەنگی هاوێر

بە نەغمەی شـمشاڵ و بلوێر

هۆهۆی شوانان لەسەر دەراو

لە گەڵ گزینگی خۆرەتاو

نرکەی لاوی مەنتك و سۆران

لەنـجەی کیژی جاف و گۆران

هاژەی تاڤگەو شەتاو و چۆم

ئارامیی دەریاو بەندو گۆم

هەودای خەیاڵی نووسەران

کریشمەو نازی دڵبەران

خونچەی گوڵی نەپشکووتوو

ناسکە ڕێواسی دەم ڕنوو

کۆلکە زێڕینەی پاش باران

خرینگەی بازنەی نازداران

وەنەوشەی دەم جۆگەو ئاوان

بریقەی ماسیی تەنکاوان

بەستەو ئاوازو گۆرانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کزەی شیوبای بەر بەیانی

هەستی بەهاری ئازادیی

گۆوەندو داوەت و شادی

سڵاوێکی پاك و خاوێن

تێکەڵ گوڵی دەشت و داوێن

وەك ئاگری نەورۆز ڕووناك

وەك ئاوی کانیاو ڕوون و پاك

پێشکەش بە دۆستی دێرینم

خەمخۆری ڕۆژانی ژینم

بۆ ئەو هاوڕێ سەر بێ تووکە

گوێم بۆ ڕادێرە هەنووکە

ئەی دۆستەکەی گیانی گیانی!

چما ئێستاکەش نازانی؟

دڵی شاعیر ئاوێنەیە

بۆ ناسکی بێ وێنەیە

بە زەبرێك لەت دەبێ یەکسەر

بەڵام دەشبڕێ وەك خەنجەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نامەی ڕازاوەو شیرینت

ڕستەی ڕەوان و ڕەنگینت

هانی دام هەستی هەژاندم

وەك خۆت زمانی پژاندم

لێت هەڵنەستێ بۆڵەو پرتە

جوابی سندان قوزەڵقورتە

یاخوا پێنووست شەق بەرێ

دەستت جەمام بێ تا سەرێ

زمانت زیپکەی لێ دەرێ

برژانگ و برۆت هەڵوەرێ

بۆ لێم دەدەی تیرو تانە؟

چیت لێم دەوێ بەم زستانە؟

سەری خۆتت هێشاندوە

مێشکی خۆت شلەقاندووە

بێ هوودە خۆت ئەزیەت دەدەی

تەقەی لە تاریکی دەکەی

هەتا مابێ جیسم و ناوت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەقلّم چەقیومە دوو چاوت

ئاواتەکەت بێ ئاکامە

ژوورم گەرمە، وەك حەمامە

تا بتوانم نەوتێ دێنم

بە کەیفی خۆم دەیسووتێنم

سەراورەی بەرقیم داناوە

کورسیم لە بانی رۆ ناوە

هەواڵدەرت نەی پێکاوە

سەری خۆی لە بەردی داوە

ئەویش هەر ئێژێ و نای بێژی

داخی خەڵکیم پێ دەڕێژێ

بەر پێی خۆی نابینێ چاوی

هەواڵی بە درۆی پێداوی

من گەرم و نەرمە جێی خەوم

وەك ڕۆژی ڕووناکە شەوم

تۆش با دووکەڵی دار مازوو

لە چاوت چەقێ وەك چزوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەفرە پشۆ بت خنکێنێ

ئاواتەکەم وەدی بێنێ

منیش ڕۆ دەیمە پێنووسم

ژیاننامەت بۆ دەنووسم

وەك برا دەت لاوێنمەوە

دڵی بەردیش دەتوێنمەوە

وەك خاسەکەو دەقاسپێنم

هەموو دنیا دەخرۆشێنم

چەمەر چۆپی دەگێڕم بۆت

دەیکەم مەتحی شان و شکۆت

سەر دوولکانەت بۆ هەڵ دەدەم

گۆر هەڵکەنەت بۆ بانگ دەکەم

لە ناخی زەویت ڕادەکەم

گڵی نوێت بەسەردا دەکەم

تۆش کە سەرت درا لە میچ

بڵێ هاوڕێ! هیچمان لە هیچ

بۆخۆم وا بێ خێرم کردی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەم شڕ نەبووی فێرم کردی

**وێرای سوپاس، برات:**

**ئەحمەد** 1371/10/16

پاك نووسم کردو لە پاکەتیم ناو بێ ڕاوەستان بۆم بەڕێ کرد. نوسخەیەکیشم لەگەڵ ئەم نامەی خوارەوە بۆ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە نارد کە هەم وەیخوێنێ و هەم چاوێکیشم بۆ لێ بکا و هەڵە و کەم و کووڕییەکانم بۆ ڕاست بکاتەوە.

مامۆستا گیان سڵاو!

بڕوام پێ بکە دەمشڕ نیم و حەزیش لە شەڕە جنێو ناکەم، بەڵام بە ناچاری تێ-یانەوە گلاندووم. ئەوە نامەکەی مەلابرایمیش دەنێرمە خزمەتتان بۆ ئەوەی بزانی ئەمن چەندە لەوی نەجیبترم.

ئەوەی ڕاستی بێ زۆر بە ترس و لەرزەوە بۆ مامۆستام ناردن، خەمی ئەوەم لەبەر بوو لێم تووڕە ببێ و بڵێ ئەم قسە قۆڕانە چییە نووسیوتن؟ بەڵام کاتێك وەڵامەکەیم خوێندەوە کە لە گەڵ شێعرەکەدا بۆی نووسیبوومەوە، قەدەرێك دەست و پلی خۆم شکاندەوە کە بۆچی چەورترم نەنووسیبوو و باشتر کوڵی دڵی خۆم نەڕژاندبوو. ئەگەریش بڕواناکەن، فەرموون ئەوە نامەکەی مامۆستا بۆ خۆتان وەی خوێنن:

برا ئازیزەکەم کاك ئەحمەدی لە مەڕ خۆمان!

سڵاو بە لێشاو:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نامەکەت و شێعرەکەت و نامەی کاك مەلابرایم گەیشتن. کارت ڕاست بێ لەو زستانە ساردوسڕەدا ڕۆژێك تا ئێوارێ کۆڕی دەستەی نووسەرانت گەرم کردو بزەت خستە سەر لێوی هاورێیان.

ئەگەر زانیبام بە قسەی تاڵ ئاوا لووزەوی شێعرت لە سەرەو ژێری قەڵەمەوە هەڵ دەڕژێتە سەر دەشتی کاکی بە کاکی کاغەز و گەوهەری ئاوا لە دەریای قەریحەت هەڵ دێنجی، هەم بۆ خۆم حەفتەی نامەیەکی پڕ لە قسەی ڕەق و زەقم بۆ دەناردی و هەم خەڵکیشم هان دەدا هەر نامەت بۆ بنووسن و قەڵست بکەن. دەستت خۆش و قەڵەمت بە بڕشت. بەو حاڵەش بۆ خۆت دەزانی هەرچی بێتە بەردەستی من نووکە قەڵەمی هەر وێ دەکەوێ. بۆیە بە ناچار شێعرەکەم پاش دەسکاری بۆ ناردیەوە.

ئەگەر دەسکارییەکانی منت قەبووڵ بوو پێم خۆشە نوسخەیەکی ئیمزا کراوی خۆتم بۆ بنێریەوە. نامەکەی کاك مەلابرایمیشم ناردەوە خزمەتت نەوەکا بتەوێ ڕای بگری.

**بەهیوای خۆشیت:**

**عەبدوڵڵا** 1371/10/22

چەند ڕۆژێك بەسەردا تێپەڕی. ڕۆژێکیان نامەیەکیان دایە دەستم. کاتێك کردمەوە وەڵامەکەی مەلابرایم بوو کە ئەویش هەر بە شێعر نووسیبوویەوە. فەرموون بێ زەحمەت ئەویش وەخوێنن:

براى خۆشەویستم کاك ئەحمەدی قادری!

برای بەڕێزم کاك ئەحمەد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەچنگ زمانت یامەدەد

قەندیل ڕاستە سەر بەفرینە

بەڵام داوێنی رەنگینە

من ئاربەبام قەت نەدیوە

نازانم چلۆن خەملیوە

بۆ تاریفی ئەو چیایە

کاك ئەحمەد خەڵکی ئەو لایە

کیژ جوانە، بالۆرەش خۆشە

چریکەش ئی کوڵ و جۆشە

قاقاو هاوێری بێری‌یان

بەشێکن لە خۆشی ژیان

مانگە شەویش بە تریفەیە

خاسەکەویش قاسپەی هەیە

شمشاڵ و بلوێری شوانە

لە چیا، لە نێو سروشت جوانە

بۆ سەر چێشتاو هۆهۆی شوان

زۆر پێویستە بۆ قووتی گیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆرەتاو کە دەدا لە ئاو

خۆشیی زۆر جوان دێتە بەرچاو

سروەی شەمال لەنجەی کچان

گۆرانی جاف بێ یا گۆران

پیاو دەخەنە خەیاڵەوە

دەی تاسینن لە پاڵەوە

خونچەم دیوە نەپشکووتو

خواردم ڕێواسی دەم رنوو

کۆلکە زێرینەشم دیوە

بازنەی نازدارم پچڕیوە

وەنەوشەم دەسك کردووە

لەجۆگەش ماسیم گرتووە

خۆم گۆرانی و بەستە زانم

لە بەربەیاندا میوانم

ئاواتم ئازادی و بەهار

ڕەشبەڵەك بێ لە گوندو شار

تا ئێرە بێگومان وایە

با بزانین چیتری لە دوایە

پاش ئەو هەموو وشە جوانە

ئەو جۆرە ڕستەو بەیانە

پیاو دڵی ڕوون دەبێتەوە

بۆ تاوێك دەحەسێتەوە

سڵاوت لە سەر چاوانم

وەك خۆت خاوێنە دەزانم

هەروەك ئاوی سێڵاو وایە

سەد خشت و خاڵی تێدایە

دۆستی کۆنین جێی متمانە

بۆت خراپ نیم وا مەزانە

سەرم تووکی هەڵوەریوە

چۆن هەڵ نەوەرێ تۆم دیوە

بە گیان من خزمەتت دەکەم

زۆر باش لە دڵی شاعیر دەگەم

دەزانم ئاوێنە ئاسا

ناحەز خۆی لەبەر جوان دەکا

ناسکەو زۆر زوو دەچرژێ

کوا ئەوە شتە مردووت مرێ

شتێك بۆ خۆی بە فوو دڕابێ

بڕینیشی ئێشی نابێ

دەزانم ڕقت هەستاوە

هەستی شاعێریت شکاوە

نامەی شیرین و ڕازاوە

ڕستەی جوانم لە نێو ناوە

ئەی بۆ جوابەکەی وا تاڵە

ئەوەیانت زوڵمە، خاڵە

ڕستەم ڕەنگین و ڕەوانە

ئەی بۆ قوزەڵقورت جوابیانە؟

پێنووس لە خۆی دا شەق بووە

لە دڵی وەك ئی تۆڕا چووە

دەستم جەمام بێ تا سەرێ

هەشت دانە قامکم هەڵ وەرێ

دوو دانەیان هەر دەمێنی

هەتا خامەی هەڵ سوورپێنی

ئەو کات باشتر کارێ دەکا

خەت لە سەر خەتی لێی دەدا

زمانم لایەکی نەبێ

دڵی تۆی پێ دێشێندرێ

مژۆڵ و برۆم کە نەما

سەدان کەس چاوم لێ دەکا

دەڵێن ئای وەرن لەو پیاوە

مووە جوانەکەی نەماوە

بەڵام هەر یەك دوو ڕۆژ وایە

نیوەی خەڵکی وەك من وایە

خەڵکی دەڵێن چ قەوماوە

هێچ نیە مۆدە گۆڕاوە

دەبینم تۆش لە گەڵ وانی

دەگەڵ منا شان بە شانی

تیروتانەم لێ نەداوی

بۆ لە خۆڕا واڕەنجاوی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەو زستانە چم لێت ناوێ

بەردی نێو لۆکەم بۆ ماوێ

تۆ ئاواتت بۆ من چیە

منیش بۆ تۆ هەر ئەوەیە

بۆچی هێندە قین ئەستووری

ئەگەر خەتایە دەبووری

سەر ئێشە من قەت نامەوێ

گەربم هەوێ بۆ تۆم دەوێ

کێ خەنجەری لە کا داوە

کا هەر ئاوری تێ بەر داوە

چا نیە دەزانی چەقڵی

وام زانی پێت وایە گوڵی

تۆ هەر دڕووبە بەشی مە

بۆ چاوی منیش خوا کەریمە

بە خوا لیتریك نەوتت نیە

ئاواتی منیش بەدیە

بۆ گەرمی دیوە خانەکەت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شایەدی دا میوانەکەت

کارەبای شار زۆر شەوانە

دائیم لە حاڵی پچڕانە

چۆن کورسی تۆ گەرم دەکا

ڕۆژی سەد جار خۆی ون دەکا

ڕاستە نەوت بە لێشاوە

بەڵام ئەتۆ لێت قەوماوە

بەرق و نەوت بە حیساوە

ڕاست دەکەی خەیاڵ پڵاوە

کاك هەواڵ دەری بەستەزمان

دەردی تۆیەتی بە قورعان

چۆن ئێشی دەردی نازانێ

بێ شك دەمرێ بە زستانێ

بۆ خەو جێگای گەرم و نەرم

تۆ قەت نەت بووە با خەبەرم

ڕووناکی شەوە تارەکەت

دەڵێی عەینەکە خوارەکەت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

من به دووکەڵی تەپاڵە

مەزاجەکەم سەری حاڵە

جا ئێستا دووکەڵی داری

نادەم بە سەد نەوتی شاری

بە هیوای بەفری قەندیلی

من نابینی بە زەلیلی

ئیمتحانی بەفرم داوە

لەودا بیستم بۆ نووسراوە

ئەو ئاواتەت بێتە دڵی

ئاخر دەی بەیتە بن گڵی

منیش دەبمە شین گێڕی تۆ

دەست دەکەم بە شین و ڕۆڕۆ

بۆ جوانەمەرگی شاعیرم

بۆ دۆستی لە برا چاترم

بۆ برای بێ ژن و ماڵم

بۆ ڕفیقی جێ بە تاڵم

خۆم ژیاننامەی خۆم نووسیوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کفنی حەجیشم کڕیوە

خاسە قەڵێ دەقرێنی

ماڵی من و خۆت دەڕمێنی

چەمەر چۆپی بۆ من مەکە

دەرمانی سەری خۆت بکە

ژیاننامەم وا دەڕەنگێنی

بە زیندوویی دەم مرێنی

نا زۆر مەمنوونم لێی گەڕێ

وەرە دەگەڵم بە شەڕێ

تۆ زەممی من، من مەتحی تۆ

کاکە گیان هەر دووکیان درۆ

من دەم شڕم تۆ بێ دەنگی

من ڕاست دەڕۆم تۆ دەلەنگی

نەکەی لە دڵت گری قسان

شۆخی دەکەم بە سەد قورعان

پەشێمان نیم لە کردەی خۆم

تا مردن لە سەری دەڕۆم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەفادارم بە بەڵێنی

لە سەر قەبرت تەڵقین خوێنی

کاک ئەحمەد گیان سڵاو!

با بە دڵەوە ئەحواڵت بپرسم، هیوادارم باش بێ. کاکە وەڵامی نامەکەت گەیشت. دەستت خۆش بێ، زۆر جوان بوو، منیش وەڵامم بۆ ناردی، بەڵام تکام وایە بە حیسابی شێعری شاعیرانی نەگری چونکە شاعیـر نیم.

**براتـ:**

**برایم 1371/10/19ی هەتاوی**

خوێنەری خۆشەویست! پێم خۆش نەبوو بەم قسە هەلەق و مەلەقانە کاتی پڕ بایەخت بگرم، بەڵام چ بکەم، بە زینم زۆر پێ ناخۆش بوو، بە تایبەت لە شەڕە فڕێ-دا، بۆیە نەمتوانی بێ دەنگ دانیشم و جوابی نەدەمەوە. بە ناچاری تێڕاچوومەوە ئەم چەند شێعرە هەڵەت و پڵێتانەی خوارەوەم پێکەوە نان و بۆم بەڕێ کردنەوە.

**هەق تاڵە**

برای هاوسەنگەرم هاوڕێ مەجید پوور!

لە وەزع و حاڵی خانە و لانەکەم دوور

لە پێشا وەرگرە دووعا و سەلامم

بە هەستی پاکەوە ببیە کەلامم

تەتەر هێنای پەیامی گەرم و نامەت

وەرم گرتن قەسیدەو شێعر و چامەت

هەزار ئەحسەن، بە ڕاستی دەم هەراشی

وشەی لووس و لەبارو ڕێك دەتاشی

دەڵێی بڕ بەند و کوچك و بەردە زوورەن

چزووی دووپشك و مار و ژەنگە سوورەن

ئەمن چیم گوتووە ناڕاست و درۆ بێ؟

بە من چی گەر خیلافی مەیلی تۆ بێ

بە چی وا تووڕە بووی هەڵچووی وەکوو شێر؟!

چ ڕستێکە وەها کردووتی دڵگیر؟

لە سەر چی هێرشت کردۆتە سەرمان؟

بە کام بەڵگە و دەلیل مردووم لە سەرمان؟

دەبێـژە هۆی چییە وا لێم بە قینی؟

وتەی ڕوون و گەشاوەم ڕەش دەبینی!

بەڵام کورد واتەنی هەق تاڵ و توونە

ئەگەر چی ڕاستە وەك ئاوێنە ڕوونە

برا هەستی هەجووت بۆچی هەژاندم؟

بە بێ تاوان زمانت بۆ پڕژاندم؟

بە چاوی تۆ سەرم سووڕ ماوە کاسم

کەواتە کەللەی وەکوڵ هێناوی باسم

دەخۆ بەفراو فرەس لەو نێوە نێوە

هەمووی ئەو دۆڵە هەوراز و نشێوە(2)

ئەگەر چووبێتە سەر، نەبز و فشارت

بە ئاڵدۆمێت و حەب هاسانە چارت(3)

ئەمن بڕوام هەیە یاسین شیفایە

بەڵام بە زمانی تۆ دەردو بەڵایە

ئەگەر تۆ بی دەلیل و ڕێ نوێنم

دەبێ بە کوێری دوو سەد ساڵ وەمێنم

لە مەیدانی حەشر مێشکم وەکوڵ بێ

دەبێ حەشر و حیسابم نیوە چڵ بێ

هومێدم گەر بە تەڵقینت سپێرم

دەبێ وەیلی جەهەننەم هەڵبژێرم

کەوابوو لێم گەڕێ، ڕێی خۆم وەبینم

بە ئاواتـم چڕ و چاوت نەبینم

بەرۆکم بەردە، کوچکت لێ بوارێ

لە جێی تەڵقین بە حاڵی خۆت بچارێ

بەڕاستی دەرکەوت ئاڵۆزە هەستت

کە نەت پێکاوە ئامانجی مەبەستت

ئەمن نەم بیستووە ئاوێنە بدڕێ

هەموو عالەم دەزانی شووشە دەبڕێ

لە بارەی چەقڵ و چاو بێ خەم بە ! وایە

ئەوەی نووسیومە پێم ڕاست و ڕەوایە

هەزار هێندەش پەڕیوەی دەشت و کۆ بم

غەریب و تاك و تەنیا و دڵ بە سۆ بم

لە سەرمان ڕەق هەڵێم و رەنجەڕۆ بم

لە لام دەسکەوتە چەقڵی چاوی تۆ بم

لە باری دووکەڵ و بۆنی تەپاڵە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حەزم کرد پێت گەیاندم ئەو هەواڵە

ئەگەرت وەك خۆت گوتت وا گۆش دڕابی

بە بۆنی پەیین و دووکەڵ خۆش کرابی

لە بۆنی دار بەڕوو بێزارو کاسی

بە تینی سکڵی دار مازو دەماسی

دەباخچی بۆنی عەتری بێ بەلادا

بە بێ شك گێژ دەبێت و دێ بە لادا

براکەم وا مەزانە گێژو کاسم

لە مێژە دۆست و هاوڕێی خۆم دەناسم

سەرت هەروەك چەوەندەر بوو کە دێمی

ئەمن سووچم چی‌یە بۆ خۆت قەدیمی

دەترسم لێم زویربی و نەم دوێنی

بەرەو ئازاری دووریت بم هەژێنی

دەنا دەمگوت وەباڵی تۆم بە ئەستۆ

مەقامو بەستە نازانم وەکوو تۆ ...

لە هەڵپەڕکێ و زەماوەندو سەمادا

لە تەپڵ و دووزەلە و بەزم و هەرادا

له گەنجی تا پیری بەش بڕاوم

هەڵۆی بێ باڵی، بێ نێچیر و ڕاوم

هەژارو چاو لە دەست و گۆشە گیرم

بە ساخی لەش بە بار، بە جوانی پیرم

دەسا با بێمەوە سەر باسەکەی زوو

بە وردی بیخەمە نێو تای تەرازوو

ئەگەر پێت وایە نەوتم لێ براوە

لە بەر سەرما وەتاغم چۆڵ کراوە

بەوەی دڵخۆشی بێ ئاگر تەزیوم

سەهۆڵ بەندان بڕستی لێ بڕیوم

خەیاڵ و خەونە ئاواتێکی دوورە

پەتاتەو گێزەرو پێواز و توورە

دەڵێی ئامادە بۆ شەڕ بە! چ باسە؟

لە کێ بیستووتە شەر ئامانجی خاسە؟

ئەمن بێ خەنجەرو قەڵغان و شیرم

بە شەڕ نایەم لە گەڵ تۆ، چونکە ژیرم

شەڕاشۆ نیم و حەز ناکەم بجەنگم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دژی بارووت و شەستیرو تفەنگم

لە داخی شەڕ سەرو ڕیشم سپی بوو

بە هۆی شەڕ چاخ و تافی لاوەتیم چوو

ئەگەر ئاژاوەچی نی، با برا بین

لە دەوری یەك پەپوولە و شەو چرا بین

وەرە با دەست لە ئەستووی یەك وەرێنین

لە بۆ یەك ئەشکی شادی هەڵ وەرێنێن

هومێدم وایە لێم عاجز نەبووبی

لە خۆڕا گرتناوەك دار بە رووبی

بە چاوی تۆ لە یادم ناچی تاوێ

دڵم پێت ڕوونە وەك تیشکی هەتاوێ

هەموو شۆخین وتەو شێعرو مەبەستم

وەکوو ئاوی زوڵاڵ خاوێنە هەستم

لە سەر پەیمانی پێشوو موخلیسی تۆم

لە پاش مەرگت ژیاننامەت لە سەر خۆم

خودا حافیز هەتا نامێکی دیکە

ئەگەر هانم نەدەی لێم نایە جیکە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵام پێت وا نەبێ خامەم شکاوە

وتەو هەڵبەست و شێعرم لێ براوە

دەمت شیرین نەبێ پێت وا بێ گێژم

وەجووڵیی داخی خۆمت پێ دەرێژم

بەڵام باوەڕ کە حەز ناکەم بە شەڕ بێم

دەنا وەک ساچمەزەن دایم لە سەر پێم

کوڕی تەنگانەم و جانتا بە کۆڵم

بە نینۆک هەر دوو چاوت هەڵ دەکۆڵم

لە سەر کاغەز دەرێژم شێعرو چامەم

لە جەرگت ڕادەکەم پێنووس و خامەم

فزەت لێ بێ و بلێی پێتی دەبێژم

خەشی دەورانی زووشت پێ دەرێژم

## وێڕای سپاس ـ برات ئەحمەدی قادری ــ 1371/9/25ی هەتاوی

ئەویشم بۆ نارد و ماوەیەك چاوەڕوانی وەڵامەکەی بووم. بەڵام خوا وەت حەسێنی وەك کەوێك کە لە ڕوو دەچێ کورکەی لە بەر دەرنەهات. بە دوای ئەوەشدا کەمی خایاند کە بۆ بەڕێ کردنی ژن و منداڵەکانی بۆ دەرەوەی وڵات چوو بۆ بەغدایە. قەرار وا بوو ئەوان بەڕێ کا و بۆ خۆی بێتەوە، بەڵام ئەو ڕۆیشتنە کە ڕۆیشت تا ئێستاش سەری پێدا نەکردۆتەوە، دوای چوار پێنج ساڵان نامەیەکی دوور و درێژی پڕ لە

سۆزی بۆ نووسیبووم و گەلێك مەحەبەتی نواندبوو. منیش وەڵامێکی ماقووڵانەم بۆ نووسییەوەو دوای ئەوەش سەر و نامەمان گۆڕینەوە .

## پەڕاوێزەکان:

1) کاك برایم خەڵکی زێوەی سەردەشت بوو. بەرپرسایەتی جۆراوجۆری وە ئەستۆ گرتن و ئێستا لە سکرتاریای حیزبە .

2) لە کوردەواری دا باوە دەڵێن ئەوە ئاوی سارد و ئەوەش هەوراز پێ هەڵگەڕێ .

3) ئەوکات فشارخوێنی لەگەڵ بوو هەمیشە حەبی ئاڵدومێتی دەخوارد .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دۆستی دێرین و یاری غار

زۆر لە مێژ بوو پێوەبووم ئەم بیرەوەری یە تۆمار کەم و بە هۆی باری ئەمنییەتی یەوە دەستم لێ ڕاگرتبوو . چونکە ئەگەر پێش کۆچی دوایی تۆمارم کردبایە و، میرۆاتگرانی ڕێژیـمی پاشایەتی ( کۆماری ئیسلامی ) بەو کەین و بەینەیان زانیبا، گومانی تێدا نەبوو کە ژیان و مانی مامۆستا شەیدایی یان لە مەترسی داویشت . ( بڕوانە وێنەی ژمارە 23 ) .

ئاشنابوونـم دەگەڵ ئەو گەورە پیاوە ناودارە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی حەمە ڕەزا شا و سیاسەت و حیزبایەتی . بە پێی ئەو سەرچاوەی لەبەر دەست دایە، مامۆستا مەلا حەسەنی شەیدایی ساڵی 1289ی هەتاوی، لە بنەماڵەیەکی وەرزێری گوندی بەردەڕەشی ناوچەی بانە چاوی بۆ ژیان کردۆتەوە . هەر لەو گوندە و لە خزمەت مامۆستا مەلا قادری عەزیزی دا خوێندنی دەست پێ کردوە . دواتر لە حوجرەی فەقێیان دا بە ددوای فێربوونی زانستی ئایینی دا گوند و بازێڕ و ناوچەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوەردستان گەڕاوە و، لە خزمەت زانایانی وەك : مامۆستا مەلا ئەحمەدی نەمەشیری، مامۆستا مەلا مستەفای شوێیی، مامۆستا مەلا ڕەحمانی سییێری و . . . . . دا دەرسی خوێندوە لە خزمەت مامۆستا سید عێززەدینی حوسێنی کە ماوەیەك دەرسی لە لا خوێندوە، ودمی مامۆستای ئایینی پێدراوە .

ئەو گەڕان و ئاشنا بوونەی دەگەل ژیانی پڕ لە ئازاری نەتەوە ستەم لێ کراوەکەی، هەستی بێ خەوشی گەل دۆستی و نیشتمان پەرەستیی وە جۆش و کوڵ هێنا و بەرەو گۆڕەپانی سیاسەت پاڵی پێوەنا . هەر لە حوجرەی فەقێیان دا کە لەو سەردەمە دا شیاوترین و ئەمینترین شوێنی تێکۆشانی تێکۆشەرانی دێمۆڕات بوو، دەگەڵ بەرنامە و ڕێبازی حیزبی دێمۆکڕات کوردستان ئاشنابوو . ڕێگای دەرباز بوونی گەلەکەی لە زوڵم و ستەم لەو ڕێبازە دا بەدی کرد و، پێوەندیی تەشکیلاتیی دەگەڵ دامەزراند . باوەڕی قووڵی بەڕێبازەکەی و ئیمانی پتەوی حیزبییانەی، شەیدایی یان گەیاندە پلەی بەرپرسایەتی و، وەك کادرێکی داهێنەر و شارەزای بواری سیاسی، لە ڕوونکردنەوە خەڵك و گەشەپێدانی تەشکیلاتی حیزبەکەی دا نەخشی مۆستای وە ئەستۆ گرت . هەر بۆیە سیخوڕەکانی ساواکی حەمە ڕەزا شا شوێن پێیان هەڵگرت و، ساڵی 1347 ی هەتاوی دەگەڵ کۆمەڵێك لە ڕۆڵە وەفا دارەکانی گەلەکەمان، بە تاوانی ئەندامەتی لە حیزبی دێمۆکڕات دا ڕاپێچی قەسابخانەی جەڵدیان دران . ( بڕوانە وێنەی ژمارە 24 ) .

هەستیارترین و نەترسی دارترین قۆناغ لە ژیانی سیاسیی مامۆستا شەیدایی دا دەستی پێکرد . بە دڕندانەترین شێوە ئەشکەنجە درا. مەودای مەرگ و ژیان لە چەند هەنگاوێك پتر نەبوو . بەڵام هەموو دژواری یەکانی وەخۆ گرتن و زەبوونی و لاوازیی لە خۆی نیشان نەدا و بە چۆك دا نەهات . هەر بۆیە لە بێدادگای نیزامی دا بەمەرگ

مەحکووم کرا . دواتر لە دادگای پێداچوونەوە حوکمەکەی بۆ پازدە ساڵ بەندی داشکاند و، سەرەنجام هەشت ساڵی ڕەبەق لە چاڵە ڕەشەکان دا ڕاگیرا .

لێك نزیك بوونەوەی زیاترمان دەگەڵ مامۆستا شەیدایی کە بووینە گیانێك لە دوو جەستە دا، لە بەهاری ساڵی 1358ی هەتاوی یەوە هەوێنی گرت . بە دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینیی گەلانی ئێران و دەست پێ کردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان دا، کۆمەڵێك لە ئەندامان بۆ وە ئەستۆ گرتنی ئەرکی نوێ مان، لە کۆمیتەی شارستانی بانە یەکمان گرتەوە . ئەگەر باش لە بیرم مابێ : کاك هاشمی کەریمی و کاك ئەحمەدی عەزیزی و کاك عەلی بەرهوون و چەند کەسێکی دیکە لە دەفتەر بوون . کاك هاشم کە بەرپرسی کۆمیتەی شارستان بوو، دوای خۆ ناساندنەوە بەم شێوەیە ئەرکی بۆ دیاری کردین : کاك میرزا حسێنی بەدیعی بەرپرسایەتیی ناوچەی " شوێ "، مامۆستا شەیدایی بەرپرسایەتیی ناوچەی " بەردە ڕەش " و منیش بەرپرسایەتیی کۆمیتەی ناوچەی " بنار چۆمی نەمەشیر " م پێ سپێردرا . هەروەها هەرسێکمان بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی بانە هەڵبژێردراین . ناوچەکەی من دەگەڵ هەردووك ناوچەکەی دیکە هاو سنوور بوو . بەڵام دەگەڵ مامۆستا شەیدایی هەر بەناو دوو ناوچە بووین و زۆربەی کارەکانمان پێکەوە دەکردن . یان ڕوونتر بڵێم مامۆستا و قوتابی بووین . هەر بۆیە لە ئەرکی ڕۆژانەمان دا بە تەواوی سەرکەوتوو بووین . سەرەنجام بەهاری ساڵی 1360ی هەتاوی لەسەر بڕیاری کۆمیتەی شارستان و ڕەزامەندیی خۆمان هەردووك ناوچەکەمان تێکەڵ کردن و بە ناوی کۆمیتەی ناوچەی بەردە جەمات نێوکمان بڕی . زۆری نەخایاند کە ناوچەکانی " شوێ و گەورە قەڵا " شمان پێوە لکاند بە کۆمیتەی ناوچەی " مەیدانان " ناسراین . مامۆستا شەیدایی مان وەك بەرپرسی کۆمیتە هەڵبژارد و منیش بووم بە جێگری .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵام قەت بەبێ ڕاوێژ کردن لەگەڵ یەکتری دەستمان بۆ ڕەش و سپی نەدەبرد . ئەمن بەشی تەشکیلاتم وە ئەستۆ گرت و لە کاری کۆمەڵایەتی و قەزاییش دا یارمەتیی مامۆستام دەکرد . ( بڕوانە وێنەی ژمارە 25 ) .

مامۆستا شەیدایی دەگەڵ ئەوە دا زانایەکی بە توانا و کادرێکی بە توانا و لێهاتوو بوو، مرۆڤێکی دڵ ساف، گەل دۆست، نیشتمان خۆشەویست، دەست و داوێن پاك، خۆش مەشرەف، نوکتە زان، بێ فیز و دەمار، قسە لەڕوو، خاوەن نەزەر، پێداگر لەسەر بەڕێوەبردنی ئەرك و بڕیارەکانی حیزب و دێمۆکڕاتێکی بە تەواو مانابوو . لە هەر قۆناغێك دا دژی بێ نەزمی و سەرەڕۆیی و خۆ بە زل زانی بوو . دەگەڵ کادر و پێشمەرگەکان ئەوەندە خۆمانە بوو هەموان بە مامۆستای خۆیان دەزانی و لە نێو دڵی خۆیان دا جێگایان بۆ کردبۆوە . لە بەرانبەر کەند و کۆسپ و تەنگ و چەلەمەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی دا خۆ ڕاگر و لە بواری نیزامیش دا چەندی بلێی بە ورە و لە خۆ ڕادیو بوو .

بەهاری ساڵی 1361ی هەتاوی، بە چەند هۆی تایبەت کە یەك لەوان تەنگ و چەڵەمەی بنەماڵە بوو، چەکی دانا و گەڕایەوە نێو ماڵ و منداڵی . بەڵام لە ترسی بڕ و بیانووی ڕێژیم نەیتوانی لە ناوچەی بانە ژیان تێپەڕکا و پەڕیوەی ناوچەی گەورکانی مەهاباد بوو . دواتر لە مزگەوتی پێشەوا شافیعی لە گەڕەکی باغی شایگانی مەهاباد ئەرکی بەر نوێژی و ئامۆژگاریی خەڵکی وە ئەستۆ گرت . بەڵام بیر و هۆشی هەر لە لای پێشمەرگە و شۆڕش و کوردایەتی بوو . بۆ تاوێك نەتەوە و نیشتمانەکەی لە بیر نەکرد و، لە هەر هەلێکی لەبار کەڵکی وەردەگرت و لە گەشە پێدان و بەرەو پێش بردنی سیاسەتی حیزبی دێمۆکڕات و پتەو تر کردنی تەشکیلاتەکەی و ڕوونکردنەوەی لاوەکان خافڵ نەبوو . هەتا ساڵی 1365ی هەتاوی نێو بە نێو یەکترمان دەبینی و بیر و ڕامان

ئاڵووگۆڕ دەکرد . بەڵام لەوە بەولاوە پێوەندیی ڕاستە و خۆمان دەگەڵ یەك پسا و تەنیا جار بە جارێك بە هۆی دڵسۆزانی حیزبەوە ئاگادری یەك بووین .

ماوەیەکی زۆر بەسەر دا تێپەڕی . ڕۆژێك تەلەفوونەکەم زەنگی خوارد . ناوی منی پرسی و دایە دەست نەفەرێکی دیکە . ئەویش دوای ئەوە کە دڵنیا بوو خۆمم گوتی :

ـــ نامناسیەوە ؟

ـــ دەنگت زۆر ئاشنایە . بەڵام ڕەنگە لە مێژ بێ یەکترمان نەدیبێ بۆیە بیرم نایەتەوە !

ـــ ئەگەر لە بیرت بێ لە ناوچەی مەیدانان حەسەنێکت هەبوو .

ئای لەو خۆشی یە ! پاش زیاتر لە دوو دەیە گوێم بە دەنگی مێرانەی مامۆستا شەیدایی زرنگایەوە . زۆرمان ڕاز و نیاز کرد . بە ڕابردوو دا چووینەوە و بە دڵ بۆ یەك گریاین . بەڵام هەر بەوە دڵم ئاوی نەخواردەوە و، ڕۆ بوومە پێنووس و تێنووسان و ئەم نامەیەم بۆ نووسی کە بۆ بیرەوەری لێرە دا تۆماری دەکەم :

**زۆر بەڕێزم، جیگای ڕێزم مامۆستا جوتیاری هامیشە لە یادم . " ئەگەر لە بیرم مابێ نازناوە قەدیمی یەکەتە " . سڵاو بە لێشاو .**

**کەتۆتە بەینمان حەوت کەژ و حەوت کۆ**

**مەگەر بای ڕەحمەت من بێنێ بۆ تۆ**

**ناشکوری نەبێ لە مێژە لە بای ڕەحمەتیش خەبەرێ نییە !**

**هەناران و مەناران، وەکو تاوی دەباران، بەقەت چرۆی دەداران . سڵاوێکی بێ هاوتا پڕ باخەڵی کەژ و چیا، هێندەی شە پۆلی دەریا، بێ گەرد و بەرزە باڵا، هاوتای**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مانگ و ئەستێران، بەقەت ورەی بوێران، وەك ئاژینی ئاودێران، تێکەڵ هۆ هۆی جووتێران، بەقەت خیزی لە چۆمان، بارتەقای بەند و گۆمان، تێکەڵ سرووشتی کوێستان، هێندەی ویستی بن دەستان، پاك و خاوێن و جوان بێ، وەك بەڕەزای شاخان بێ، تێکەڵ ئاوی کانیاوێ، بۆنی شلکە گیا خاوێ، هاوتای تیشکی هەتاوێ، هۆهۆی شوانی شەوێنێ، لەنـجەی بێریی پاڵێنێ .

بۆ مامۆستای دڵسۆزم، ئیلهامی هەست و سۆزم، کۆنە هاوڕێی دێرینم، شادیی دڵی خەمینم، مەڵجەمی سەربڕینم، دۆستی کۆن و یاری غار، گوڵی نەورۆز و بەهار .

بە ئاواتـم بێ خەم بی، لەگەڵ شادی هاودەم بی، بێ دەرد و بێ بەڵابی، وەکوو گوێزی ئازا بی، شادی بە ماڵت فێر بێ، گوڵی هیوات زەنوێر بێ، ژینت بە خێر و بێربێ، ئۆخەی لە بەختی خۆ کەی، دوژمنت ڕەنـجەڕۆ کەی، چوار وەرزت وەك بەهار بێ، ڕێگای ژینت هەموار بێ، دڵ خۆش و سەرفیراز بی، مەکۆی ڕاز و نیاز بی، خەم لە ماڵت زویر بێ، قادریت هەر لە بیر بێ .

کاکی خۆم ! سەرەتـا حەز دەکەم بە کورتە پەخشانێك بت دوێنم، بە ئاوی کەللە تەزێن و هەوای بلاوێنی کوێستانە بە دیـمەن و سیحراوی یەکانی کوردستانە نازلێ شێواوەکەمان وەتلاوێنم، بەنازی نەشمیلان و دەسـمان تەنزیلان وە گڕوگاڵت بێنم . سەرێك تێ هەڵکەم لە چڕو بەندەنان، چیا ولووتکە شاخان، ڕەوەز و گا بەردی هەردی کوێستانی بەهەشت ئاسای ژینگە و زێدی باوان و، چەپکە گوڵی سوێنە و بەییوونە و بەڕەزای بە ئاوریشمی ئەوین و خۆشەوستی پێچراوی دەروە شاخانت بە دیاری بۆ بێنم . بە قومە ئاوێکی سارد و سووکی سەرچاوەی کانی بەردێ تینوایەتیت بشکێنم، بە نـمەنـمەی خوناوەی بارانی بەهاران و، بۆن و بەرامەی جاترە خاسەی لا پالان و، سـمڵ و میخەکەی پیسێری کیژە دێهاتی یە سادە و ساکار و خاوەن قەول و

بەڵێن و بێ فڕوفێڵەکانی وڵاتە یەخسیر کراوەکەی لەمەڕ خۆمان هەستی ناسکت ببزوێنم، بە فیتەی باڕەکەوی لووتکە شاخان و، بالۆرەی کیژە کوردی کۆچکە بەسەر و کۆڵوانە لە کۆڵ ماندوویت وەحەسێنم .

کاکی خۆم ! لە کوێت گەمێ؟ لە بڵێندە بڵیندان، لە قەندیل و مامە کۆیان، لەسەر پەڕێ، سڵاوێکت پێشکەش کەم دەگەڵ سەمفۆنیای قاسپەی کەوی دەشەوپەڕێ، تێکەڵ بە قاڕەی بەرخ و ساوایان لە حەلە حەلی دەبانەمەڕێ، هاوکات لەگەڵ قاقای کیژی دەماڵە مەڕداران، لە گەوە و بناری ڕەشماڵان، لەمبەراوبەری کوێستانی پیرە مەرگەوەڕێ . هاودەنگ لەگەڵ قرمەی دەسواران، تەقەی ئاوزەنگیان، حیلەی ئەسپان، کۆر ژنی مەحەندەکان، ناوەڵڵا قۆنگرۆکێی تەماڵی شینکێ کەللە زراو لە ملە ملە و یاڵی پیرە کەوپەڕێ .

ئەمن چبکەمێ لەوێ گەرمێن و گەرمەسێران بەتەنێ، نە سەوزەڵانی دەستکاری وەستاکاری سروشت هەیە دڵم دابێنێ، نە لووتکە شاخ و ڕەوەز و دار و دەوەنێك بەدی دەکەم کەمێك هەستی ماندووم وەحەسێنێ، نەوەبەر گوێم دێ تریقەی پێکەنین و، خرمەی هەیاسە و بازنە و بەرمووران بۆ تاوێك خونچەی دڵم بپشکوێنێ . دەوەرن بۆم بانگ کەنە قاسیدان، تەتەران، نامەبەران، ناوەڵڵا شنە شنەی دە پیرە شەماڵی، بەڵکوو هەواڵی دوورە برایانم بۆ بێنێ لەوێ کاو لەوەتەنێ . تا بەڵکوو حەژمەتی دووری و لێك دابڕانی چەندین ساڵەم لەسەر دڵ بڕەوێنێ .

دەی مامۆستای خۆشەویست ! نازانم هەستی گڕگرتووم لە بەرانبەر تۆی لە دڵان شیرین و هەمیشە لە یادم چۆن دەربڕم ؟ لە ڕاستی دا ئەوەی لە دڵم دایە بۆم نایەتە سەر زمان و، ئەوەی بە زمانم دا دێ بۆم ناخرێتە سەر نووکی خامە و بۆم بە لاپەڕە قاقەزان وەرناکرێ . بیر لە هەر جێگایەکی مەڵبەندی سەر هەڵدانم دەکەمەوە، بۆنی

تۆی لێ دێ . وتە بە نرخ و پڕ لە ئامۆژگاری یەکانت هەتا ئێستاش هەر لە گوێم دا دەزرنگێنەوە و بۆ هەمیشە لە مێشکم دا تۆمار کراون . بیرەوەری یەکانی ڕۆژانی پێکەوە بوونـمان : مزگەوتەکەی زێویە، قسە خۆشەکانی خوالێ خۆشبوو حاجی حەمە عەزەی دڵ پاك و پێشمەرگە خۆشەویست، وتە هەلەق و مەلەقەکانی عەبە عەلی، دۆڵێك قورعانی شەریفە کوێر، دابەش کردنی زەوییەکانی نەمەشیر، بێستانەکەی حسێنی جەواهێرێ . دیـمەنی خەم بەزێنی کاوەسی، ئاوی کەللە تەزێنی سەرچاوەی کانی بەردێ، تاڤگەی کەف چڕێن و هەزار ئاهەنگی سەردەروان کە هەزار ڕازی نەهێنیی لە هەناوی خۆی دا حەشارداون . چاوگەی بن گوێزان کە گۆران گوتەنی : " بەسەر مرواریی زیخ و چەو دا " دەبریسکێتەوە و دڵان دەڕفێنێ و هەستان دەبزوێنێ . چاوگەی گەڵوڕ و کەوانەی دارە سەمەری یەکانی کەوەبیر هێنەرەوەی باخی بەهەشتی بەرینە . هەستی خاوێن و بێ خەوشی ئاوایی نشینە زەحمەت کێشەکانی ناوچەی مەیدانان، ئامێزی گەرمی دا پیرە کە جێگای ئۆقرە و حەسانەوەی ڕۆڵە گیان لەسەر دەستەکان بوو . وتە بەنرخەکانی مامەی گۆچان بەدەستی بن گوێسوانەی مزگەوتەکان و ناسوپاسیی ئێمە و . . . . بۆ هەمیشە وەك پەردەی سینەما بەبەر دیدەی خەیاڵم دا تێ دەپەڕن و، قەڵافەتی مێرانە و دڵسۆزانەت بۆ دەمێك لەبەر چاوانـم بزر نابێ .

ئای چەندە تامەزرۆی دیتنی دیدارتـم، چەندەم پێ خۆش بوو ئێستا لێرە بای، دوو بە دوو، ڕوو بە ڕوو، هەمبەر بەیەك دانیشتباین و، بە چاوی مشتەری دەبەژن و باڵای یەکترمان ڕوانیبایە . یەکترمان لە ئامێز گرتبایە و لە چاو لێك نانێك دا خەمی دووری و لێك دابڕأنی بیست و چوار ساڵی ڕابردوومان وەك گەڵا ڕێزانی سارده پاییزی داوەراندبایە و، ڕۆندکی شادیی و خۆشـحاڵیمان بۆ یەکدی هەڵوەراندبایە . بە گوێی دڵ تێر و پڕ گوێم بۆ وتە بەنرخەکانت ڕاگرتبایە و زانیاریم لێ وەرگتبان . ئەوجار



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چاوێکی مامۆستایانەت بە کتێبخانە گچکەلانەکەم دا گێڕا بایە و، ئۆخژنت بە دڵی لە کوڵ و مشتاخی خەمانم دا هێنابایە . ئای لەو خۆشی یە !

دەیجا کاکی خۆم ! هەموو ئەو پێشەکی و درێژ دادڕیەم لە بۆیە بوو کە لە نزیکەوە هەواڵت بپرسم و، ئیرادەتی لە مێژ ساڵەم کە دڵنیابە هەر ئەحمەددەکەی جارانم، بە کردەوە نوێ بکەمەوە . دەی توخدا ئێستا چۆنی ؟ باری سلامەتیی جیسمانیت لە چ ئاستێك دایە ؟ دەگەڵ ئیسلامە تاقانەکەی چەرخی بیست و یەکەم چۆن هاتوویەوە ؟ هەڵسوکەوتی ڕۆژانەت دەگەڵ کام چین و توێژی کۆمەڵە ؟ داخوا ئێستاش وەك عەیامی زوو هەروا ڕوو خۆش و لێو بە بزەی ؟ یا خۆ سووڕانی چەرخی چە پگەڕ و ناسازگار شادیی لە دڵ تەراندووی ! وەزعی ژیانی ڕۆژانەت لە چ ئاستێك دایە ؟ ئەی خوشکە مریەمی ئازیز و شەریکی ژیانت کە ئێستا دوو جار خۆشەویستە چۆنە ؟ ئەمن بەش بە حاڵی خۆم پڕ بە دڵ سوپاسی دەکەم کە چرای وەجاخی تۆی مامۆستای داگیرساندەوە . خودای گەورە لێکتان نەکا و، تەمەن درێژ و سەر بەرز و سەرکەوتوو بن . ئەدی جگەر گۆشەکانتان کە بە داخەوە ناویان نازانم و ناشزانم چەندەن، حاڵ و ئەحواڵیان چۆنە ؟ لە خوداوەندی میری مەزن دەپاڕێمەوە کە تەمەنی درێژ و دوارۆژێکی بە دڵی خۆتان چاوەڕوانتان بێ . سەد شکور کە وەجاختان ڕوونە و، هیوادارم بۆتان بە داری بەری بن و لە بن سێبەریان دا وەحەسێن . ئەتۆش بە دارەکەی هەزار ڕیشە بی و، هەموو شتێکت زۆر بێ دەرد و بەلا نەبێ و، هەتا دێر زەمان لەسەر لانی خێر و چاکە ڕاگیر و ڕاوەستاو بی . هیوادارم هەروەك جاران ڕووخۆش و لێو بە بزە و بە کەیف بی . بەلام تەنیا ڕووخۆشی بەس نیە و دڵ خۆشیش پێویستە بۆیە ئەویشت بۆ بە ئاوات دەخوازم . زۆر باش لە بیرم ماوە کە لە خودای دەپاڕأیەوە بڕۆت

سپی نەبن ! داخوا هەروا ڕەش و قەترانی ماون ؟ یاخۆ مەولەوی گوتەنی : " کوێستانان خاڵ خاڵ " بوون .

مامۆستا گیان ! دیسان دەی لێمەوە، ئاواتــم ئەوەیە کە بۆ جارێك و بۆ ماوەیەکی کەمیش بووبێ لە خزمەتت دا دانیشم و، بە وتە بەنرخ و پڕ لە ئامۆژگاری یەکانت خەنی ببم . بەڵام تۆ لە کوێ و من لە کوێ ؟ هەی هوو . . . . هەی هوو . . . . . گەرمێن دوورە بۆ فەقیری . هەرچەندە ناهومێد نیم و هیوام بە سەرکەوتن بەهێزە بەڵام بە هەورازی تەمەن هەڵزناوم و، زۆر دەترسم ئەو ڕۆژە بە چاوی خۆم نەبینم و، ئەو ئاواتەشم وەك زۆربەی خۆزیاکانــم لەگەڵ خۆم دا وە بن گڵ کەوێ .

ئەو ڕۆژەی زەنگت لێدا گەز گەز باڵام پێ کرد و لە خۆشیان هەر شاگەشکە بووم . هەرچەند لە خۆشیان بیرم پەشۆکا و نەمزانی چیت لەگەڵ باس کەم، باوەڕ بفەرموو هەر لەو ماوە کورتە دا زۆربەی بیرەوەری یە تاڵ و شیرینەکانی ڕۆژانی پێکەوبوونــمان لە هەستم دا زیندوو بوونەوە و، خەیاڵ بەرەو ناوچەی مەیدانان پەلکێشی کردم . هەتا زیاتر لە دوو حەوتوان بیرم لێ دەکردەوە و، دەست و پلی خۆم دەشکاندنەوە کە تەلەفوونەکە بڕا و لەگەڵت تێر قسە نەبووم . بەڵام دیسانیش ئەو پێوەندی گرتنە و، دووپات بوونەوەی ئەو هەموو لوتف و مەحەببەتەی تۆی مامۆستای دڵسۆزم، بۆ چەند مانگان دەمەزەردی کردمەوە . شانازیم بەخۆمەوە کرد کە دۆستانی لە مێژینە و، یارانی غار و، هاوبیرانی زوو، لە بیریان نەبردوومەوە . ئیمانی پتەوتر کردم و دووچەندانە ڕۆحیەی بردمە سەرێ و لە خەبات و تێکۆشان دڵ گەرم تری کردم . خەمی لەسەر دڵ ڕامالّیم و هەتوانی بەسەر ناسۆری حەژمەتی دووری و لێك دابڕانمان دا کێشا . بۆیە دەستە و دووعام خوا لە منت نەستێنێ و سایەت لەسەرم کەم نەبێتەوە .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەزانــم ئێستا چاوەڕوانی کە لە چۆنیەتیی ژیان و گوزەرانی خۆمان ئاگادارت کەم . بەڵام نازانــم لە کوێوە دەست پێ بکەم ؟! ئەگەر بە وردی بۆت شی بکەمەوە و بە ناخی مێژووی ڕابردوومان دا ڕۆچم، چەندین دەفتەران بە پڕی دەبڕێنێتەوە و لە حەوسەلە و تاقەتی نامە بەدەرە . بۆیە تەنیا بە کورتی عەرزت دەکەم :

ساڵی 1366 پاش ئەوەی گورچیکەیەکم بوو بە سەدەقە سەری ئێوە، لەسەر بڕیاری دەفتەری سیاسی لە بنکەی سلێمانی ئەرکم بۆ دیاری کراو بە کاری دەرمانیی نەخۆش و بریندارەکان ڕادەگەیشتم . بەهاری ساڵی 1373 لەسەر داوای کۆمیسیۆنی ڕادیۆ و ڕەزامەندیی خۆم، بۆ ڕادیۆی دەنگی کوردستان نەقڵ کرام و هەتا ئێستاش ئەوەی لە دەستم هاتبێ تەنەوخیم نەکردوە و ئیشەڵڵا لێرە بە دواوەش نایکەم .

هەر ئەو ساڵە واتە ساڵی 73 لەگەڵ نازەنینی کچی شێخ حەسەنی سلێمانی بنەچەکە ئێرانی و خەڵکی شیوەتووی ناوچەی سەقز ژیانی هاوبەشیم پێبێك هێنا . ئێستا دوو جگەر گۆشەمان بە ناوەکانی : ئاکام کە پۆلی چواری سەرەتایی و ئالانیش ئەمساڵ چۆتە قوتابــخانە هەن . ژیانێکی ساکار و خۆمانەمان پێکەوە ناوە و، لە سایەی خودا و سەری دۆستانەوە بە تەبایی و سەر لەحاندایەکی ڕەوڕەوەی ژیان پاڵ پێوە دەنێین .

سەبارەت بە نووسین و بڵاو کراوە پرسیار بفەرمووی دەبێ عەرزت کەم : ئەو کۆمەڵە شیعرەی هەتا ساڵی 1362 پێکمەوە نابوون و کوتێك لە جەرگم بوون، ئەوکات کە لە ناوچە بووین کاك ئەکرەمی فیرووزی بە ناوی دڵسۆزی یەوە لێی وەرگرتــم کە پیاوەتیم لەگەڵ بکا و نوسخەیەکم بۆ لەبەر دا وەگرێ . بەڵام بەسەر و بەرەوە تێدا چوون و ئێستاش کە ئێستایە نەمزانی چۆن بە نان هاتن و بە ئاو خوران و، بە پێی چ پیلانێك ڕەنــجە ڕۆ و پیشە فەرهادی کردم و لە هەستیی ساقت بووم . بەڵام دیسانیش

ورەم بەرنەدا و سەر لە نوێ تێ هەڵچوومەوە . هەتا ساڵی 1368 کۆمەڵێکی دیکەم پێکەوە نان و، بە هاوکاریی دوکتور سەعید و کاک حەمەدەمینی مەجیدیان، لە ژێر ناوی " ناڵەی بێ بەشی " دا، چاپەمەنی خۆمان لە توێی سەد و حەفتا لاپەڕە دا چاپ و بڵاوی کردەوە و بێ ئەوەی خێرێکم پێ ببڕێ لە مەترسی فەوتان و لە نێوچوون ڕزگار بوون .

بە دوای ئەوانیش دا کۆمەڵێکی دیکەم پێکەوە نان و ماوەیەکی زۆر لە کەل و کونانم گێڕان و لەبەر بێ دەرەتانی نەمتوانی بڵاوی بکەمەوە . هەتا ماڵی ئاوەدان بێ لەگەڵ تۆ، مامۆستا مەلا ئەبوبەکری فەلسەفیی دۆستی دێرینی هەردووکمان، دەستی بەرخۆ دا و بەخەرجی خۆی بۆی تایپ کردم . پاشان لەگەڵ چاپخانەیەکی سلێمانی ڕێك کەوتین کە خێر و شەڕی بۆخۆی بێ و لە ژێر ناوی " گوڵاڵەکانی کانی کیژان " دا چاپی کرد و ئەوەیە کە دەینێرمە خزمەتتان .

نوسراوی دیکەش : " بەدەم ڕێگای ژیانەوە " کە یادداشت و بیرەوەری یەکانی خۆمە و، هەم ڕۆمانێکی ڕاستەقینە و زیندوە و، هەم گۆشەیەك لە مێژووی خەباتی رزگاری خوازانەمان، هەتا ئێستا چوار بەرگی ئامادەی چاپە . هەروەها، "کۆلکە زێڕینە " کە کۆمەڵە بابەتێکی ئەدەبی و هونەری و . . . . یەو بەشێك لەو بابەتانەن کە لە بەرنامەی کۆلکە زێرینە دا لە ڕادیۆ بڵاو کراونەتەوە و، بەشی دوو جلْدی ئامادەی چاپە . بەڵام بە داخەوە لەبەر بێ دەرەتانی ئەوانیش هەروا لە چاوەڕوانی دان و چاویان بە ڕووناکایی چاپ هەڵنەهێناوە . ئەوە بەڕاستی بۆ ئێمەی کۆمەڵی دوا کەوتوو جێی داخە کە لە وڵاتانی پێشکەوتە و خودا پێداو دا، هەرکەس بتوانێ کتێبێك بە چاپ بگەیەنێ بە ئیمتیازەکەی دەژی . کەچی ئێمە نەك بە تور و گێزەر، بەڵکوو بە خۆڕایش لێمان وەرناگرن !! پەنام بە زۆر شوێنان بردوە و هەروا ناهومێد و

بە دەستی بەتاڵ گەڕاومەوە . ئەمن کورد گوتەنی : " پێشکەوتەی ددوا کەوتەبووم " زۆر کەسان زۆر لە دوای من دەستیان داوەتێ و هەتا ئێستا چەند بەرهەمیان بە چاپ گەیاندوە . بەڵام ئەمن بە وتەی کابرای خەڵکی سلێمانی : " ڕۆژی هەزار دینار زیانی بێ پارەییم لێ دەکەوێ " !

ئێستا ماوەتەوە سەبارەت بە قۆناغی ناسکی بزوتنەوە ڕەواکەمان بۆت بدوێم . بەڵام باسکردن لەسەر ئەو وردەکاریە هەروا سەرپێ یی و لە نامەیەکی ئاوا دا گونجاندنی کارێکی هاسان نیە . تەنیا ئەوەندە دەتوانم بڵێم کە خۆ ڕاگریمان بەردەوامە و، چاو لە ئاسۆی ڕزگاری بەهیوای دوارۆژی ڕوونین . بە پێی شەواهید و قەراین، کوردەکە نانی هاتۆتەوە . ڕووداوەکان کە وەك بروسکە دێن و تێ دەپەڕن، بە سوودی کوردان دەشکێنەوە . دوژمنانی گەلی کورد گلۆلەیان کەوتۆتە لێژی . دژایەتی لەگەڵ تیرۆریزم و مەسەلەی مافی مرۆڤ بۆتە بنێشتە خۆشکەی سەر زار و زمانی وڵاتە زل هێزەکان . ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەڵگری ڕووداوێکی قووڵ و ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی یە . دیکتاتۆری و پاوانخوازی و سەرە ڕۆیی هێدی هێدی خەریکە لە باو دەکەوێ . گەلانی وە زاڵەهاتووی دەستی ستەم و چەوسانەوە تا ڕادەیەکی بەرچاو سامیان شکاوە و بێ ترس و دڵە خورپێ سنگیان تێ هەڵپەڕاندوە . خەنەی دروشمە بریقە دارەکانی چاوبەستانی مێژوو کاڵ بۆتەوە . فریودەران تەقەڵیان دەرکەوتووە و پەتەیان کەوتۆتە سەر ئاو . گرنگ ئەوەیە کە ئێمە بتوانین هەلە ڕەخساوەکان بە سوودی خەبات و بزووتنەوە ڕەواکەمان وەقۆزین . زیرەکانە بە پیر ڕووداوەکانەوە بچین و، وە دوای چارەنووسمان کەوین . بۆ ئەو مەبەستەش داهاتوو بڕیار دەرە . لەو پێوەندی یە دا زۆرم پێیە . . . . . بەڵام دەزانم دەزانی دەڵێم چی !



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەی کاکی خۆم ! با لە سیاسەتێ گەڕێین و بێینەوە سەر باسی باسە گۆرینی . لە زۆر بلێیم چاو بنووقێنە . هەلە و هەلکەوتووە کە بە کەیفی خۆم ڕاز و نیازت دەگەڵ دا بکەم . تەمەنێکە لێك دابڕاوین و نازانـم چۆن خەرمانی خەمانت بۆ شەن و کەو کەم . زۆرم لە دڵ دایە بۆت بنووسم . قەڵەم هەڵی گرتووم و لە تەیر و توون تێکەڵم کردوە . وەك شایەرە خۆ ڕسکەکانی ناوچەکەی لەمەڕ خۆمان دەڵێن : "

| | |
|---|---|
| " بەندم دێن هەرچی و پەرچی | کـەس نازانێ دەڵێم چـی |
| وردەواڵــەی هـــەڵ دەگــرم | لە دوای دەبـم بە چەرچی |
| ئەگەر کــەوشــەکـەت دڕا | بۆخۆم دەبـمـە پینەچی " |

ئەوەندەت بۆ تامەزرۆم کە بە هیچ زمانێك ناتوانـم دەری بڕم و نازانـم هەستی گڕ گرتووم بە چ لەونێك دامرکێنمەوە ؟! گۆران گوتەنی :

" هەرچەن دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم

بۆم ناخرێتە نێو چوارچێوەی هەڵبەستم "

نازانـم لە چ بارێکەوە بدوێم ؟ هەروەك ئێستا لە بیرم ماوە ئەو ڕۆژەی لەبەر دەرگای مزگەوتەکەی گەنـمانێ فەرمووت : " ئەمن بە چەندین هۆ ناتوانـم درێژە بە خەبات بدەم و ناچارم دانیشم، بەڵام توخوڵا ئەتۆ وەك من مەکە " لەگەڵ ئەوە دا کە بەو وتەی جەنابت سەری هەموو کێوانـم لێ وێك هات، بە قسەم کردی و تا ئێستاش لەسەر ئەو بڕیارە هەر سوورم و هیوادارم هەروا سوور و پێ داگریش بـم . بەڵام لێك جوێ بوونەوەمان کە بۆ پاڵپشتی من کێوێکی ئەستەم و خۆ ڕاگربووی، ڕووداوێکی ئەوتۆ و سادە نەبوو کە بە هاسانی بتوانـم لە بیری بەرمەوە و تا ئێستاش هەر پێیەوە دەتلێمەوە . بەڵام :

" چ بکەم چارەنووس لێکی دابڕین
بەرگێك بوو مێژوو بە باڵای بڕین "
هەر ئەوەندە ماوە کە بڵێم :
" ئەگەر دییام لە خەو دا ڕەنــج و ئازاری جودایی تۆ
بە دڵ قەت نەم دەکرد بۆ تاوێ بیری ئاشنایی تۆ "

ئێستا وا دیارە هەتا لە دووی دەم کێشی دێ، زۆر گوتن قورعان خۆشە، با لەوە زیاتر کاتت نەگرم و لە کورتی وەی بڕم . ئەوە کتێبی " گوڵاڵەکانی کانی کیژان " دەنێرۆمە خزمەتت، بۆ یادگاری وەی خوێنە و تێی ڕامێنە و، لە هەڵە و کەم و کوڕی یەکان ئاگادارم بکەوە . هەروەها بۆ ئەوەی بزانی چەندە بە هەورازی تەمەن هەڵ زناوم، سیدی یەکی شیعرەکانی خۆم دەنێرمە خزکەتتان . تکام ئەوەیە جار و بار زەنگێکم بۆ لێدە، هەم خێرت دەگا و هەم سەر فیرازم دەکەی . لە لای ئێمەوە خەرجی قسەکردن ئەوەندە گرانە ناتوانــم خۆی لە قەرە بدەم .
" ئــیتر مــاڵاوا بە خوام سپاردی
خۆم نەمتوانی بێم نامەم بۆ ناردی "
دەنا بڕوام پێ بکە ئەوەندەم پێ خۆش بوو :
" ئەگەر باڵم هەبا دەفڕیم بە پڕتاو
دەگەیــمە لات بەوەندەی لێك بنێی چاو "
بەڵام :
" ڕێگا دژوارە و سنوور کش و مات          باڵم نەبوو بێم دڵم ناردە لات "

**ئەگەر کتێبەکە بە دۆستانی ڕاستەقینە نیشان بدەی پێم خۆشە . سلاو و ڕێزی دووبارەم بۆ خوشکی خۆشەویست و ڕاستەقینەم مامۆستا ژنە مریەم هەیە . نازەنین هەرلێرەوە هەتا بەردەرگایە سڵاوتان بۆ دەنێرێ و هەواڵتان دەپرسێ . سڵاوم بە دۆستانی دێرینیش بگەیەنە . ئاکام و ئالانیش دەستتان ماچ دەکەن .**

## قوتابیی ئەمەگناست ئەحمەددەکەی جاران

### 1385/5/1 ی هەتاوی

ماوەیەك لە چاوەڕوانی دا بووم و، وەڵامەکەیم هەر بۆ نەهاتەوە . لە هەوڵی ئەوە دا بووم کە بە شێوەیەك بتوانم پێوەندیی دەگەڵ بگرمەوە . بەڵام نەمدەزانی لە چ ڕێگایەکەوە بۆی بچم، چونکە ژمارەی تەلەفونەکەیم نەدەزانی . لەو چاوەڕوانی یە دا بووم کە بەیانییەك کاك عوسمانی ڕەحیمی بەڕەحمەت بێ هاتە دیوی کار و گوتی :

ـ هەواڵێکی زۆر ناخۆشم پێیە .

ـ یاخوا خێربێ .

ــــ کاغەزێکی دایە دەستم و گوتی :

ــــ ئەم خەبەرەی تەنزیم بکە و لە ڕادیۆ بڵاوی بکەنەوە .

کاتێك چاوم لێ کرد، تەزوویەك لە بەری پێیانم هەستا و لە سەرم بڵاو بۆوە . نووسرابوو : " بەپێی هەواڵی گەیشتوو لە مەهابادەوە : کاتژمێر هەشتی سەرلەبەیانیی ڕۆژی یازدەی مانگی خەرمانانی ساڵی 1385ی هەتاوی، بە داخەوە مامۆستا مەلا حەسەنی شەیدایی لە مەیدانی مەلا جامیی شاری مەهاباد وەبەر ماشێن کەوت و دوای نیو سەعات گیانی لە دەست دا " .

به بیستنی ئەو خەبەرە، ئەو ڕووداوە تەزێنەرە، ئەو کۆستە ڕاچڵەکێنەرە، ئەو هەواڵە خەم هێنەرە، تاسام، حەپەسام، پەشۆکام، بۆ ساتە وەختێکی خەجڵام، بیرەوەریی ڕابردوومان، ژینی کاتی دەست چوومان، تاڵ و شیرین بێ زیاد و کەم، ئەوەی ڕابردوو بوو سەرجەم، چیرۆکی عومری بەردبام، تێپەڕی هاتەوە یادم .

بـەڵام چیبکەم چارە چیە ؟ دەردی مەرگە و دەوای نـیـە
نــاچـارم بـڵێـم سـەروەرم ڕێ نـوێن و ڕێ نیشان دەرم
هۆ مامۆستای بەرزە ناوم ! هـێزی باسك و سۆمای چاوم
ئێتر بۆ تـۆ چـیم پێ مـاوە لــە بنی کـــولــەکـەم داوە
بنوو ئێمە بەخـەبەرین بۆ ئازادی سەوداسەرین
لە ئەستەمان دابمێنین ئاواتەکەت وەدی دێنین

---

## چەند نوکتەیەکی بەتام و خوێ

## بۆ زاخاوی مێشک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاک ئەبووبەکری دۆڵەگەرمی بۆی گێڕامەوە گوتی:

لە گوندی قەلە ڕەشێی ناوچەی سەردەشت، کوڕێك بە کچێکی ماست فرۆش دەڵێ:

ـــ ماستەکەت بە کیتەڵە و میتەڵەوە بە چەندە؟

ئەویش نایکاتە نامەردی و دەڵێ:

ـــ کیتەڵە بەوەندەو میتەڵەش بە دەمت!

* * *

مەلا سمایل بۆ گێڕامەوەو گوتی:

ـــ پێشمەرگەیەك لە عەلیاوا ماستی لە ماڵێك دەکڕێ. کاتێك قابلەمەکە دەباتەوە، دەیداتە دەست کچی ماڵەکە و دەڵێ:

ـــ کچی جوان! ئیفتیخارێکمان پێ بدە!

کچەی فەقیریش لە ئیفتیخار حاڵی نابێ و دەڵێ:

ـــ ئەمجارە زۆری بکورێنم؟ واتە شیرەکە زۆر بکوڵێنم.

* * *

کاک ئەسعەدی دەریازی بۆی گێڕامەوە گوتی:

موسوڵمانێك و مەسیحی‌یەك باسی قیامەتیان دەکرد. مەسیحی‌یەکە لە موسوڵمانەکەی پرسی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ـــ ئێوه كه مردن له بەهەشتێ چیتان دەدەنێ؟

ـــ حەفتا حۆری.

پاشان موسوڵمانه كه گوتی:

ـــ ئەی پاداشتی ئێوه چی‌یه؟

ـــ چل بۆشكه شەراب.

ـــ به قورِێت دا كەم، بۆ بەهەشت مەیـخانەیه چل بۆشكه شەراب بدەن به نەفەرێك؟!

ـــ بۆ سەگباب ئەی بەهەشت قەحبه خانەیه نەفەرێك حەفتا ژنی بدەنێ؟!

* * *

كابرایەك له دارێ كەوتبوه خوارێ و لاقی شكابوو. بردیان بۆ لای دوكتور دەرمانی كرمی بۆ نووسی!

گوتیان:

ـــ دوكتور ئەوه لاقی شكاوه، دەرمانی كرم چی لێ بكا.

دوكتور گوتی:

ـــ ئەگەر كرمی نەبایه نەدەچوه سەر ئەو دارەو بكەوێته خوارێ و لاقی بشكێ.

* * *

كاك سیامەكی قەوی پەنـجه گێڕایەوەو گوتی:

ژنێك منداڵەكەی دەبا بۆ لای دوكتور و دەڵێ :

ـــ دوكتور گیان! ئەم منداڵە زۆر هار و هاجە، ئەو ماڵەی وەشەقەتۆڵە هێناوە و، دار و بەردی بە یەك دا داوە، لە هیچ جێگایەك ناحەجمێ، بە قسەی كەس ناكا، بەڵكوو عیلاجێكی بكەی بە قوربانت بم.

دوكتوریش دەڵێ:

ـــ خۆ ڕووت وەكە!

ژنە دەڵێ:

ـــ دوكتور! منداڵەكەم نەخۆشە ئەمن بۆ خۆم ڕووت كەمەوە؟! دوكتوریش دەڵێ :

ـــ ئاخر منداڵی ئاوا دەرمانی ئەوەیە كە دەبێ دایكی وا لی بكەی.

* * *

قەلە ڕەشەیەك ڕۆژێك جیقنەی لەسەر زەنگی كلیسا كرد. ڕۆژێكی دیكە گۆشتی لەبەردەمی قەشە ڕفاند. قەشە حوكمی كرد كە بە زیندوویی بۆی بگرن. قەلە ڕەشە گیراو برا بۆ قەشە. قەشە لاقی گرت و بە چیلكەیەك لە سەری دا و گوتی:

ـــ ئاخر ئەگەر مەسیحی بای لەسەر ناقووس نەدەڕیای، ئەگەر موسڵمان بای گۆشتی بەرازت نەدەخوارد، تۆی ڕوو ڕەش لێم بووی بە كرمانـجی و گوێ بە هیچ دینێك نادەی. كەوابوو گۆڕت كوشتنە .

* * * * * * * * *



وینەی ژمارە (١)- ورچەك . لە ڕاستەوە : ١ـ مچە قەنناسە. ٢ـ حەسەنەسوور. ٣ـ ئەحمەدی قادری. ٤ـ ئەحمەد هەتیو.
٥ـ ڕەئوفە چكۆل. ٦ـ دانیشتوەكە كەریم ئالۆتی یە .




وێنەی ژمارە (٢)- پشتی گوندی سەدبار . لە ڕاستەوە : ١ـ ئەحمەدی قادری. ٢ـ سەید برایمی هاشمی. ٣ـ کاک بابا عەلی میهرپەروەر .



وێنەی ژمارە (٣) لە ڕاستەوە : سەید برایمی هاشمی، ٢ـ ئەحمەدی قادری، ٣ـ کاك بابا عەلی میهرپەروەر،
٤ـ کەریمی شابانی، ٥ـ محمدی سپەند، ٦ـ غەنی غەنی پوور، ٧ـ ______ . ٨ـ برایمی فزورش .



وێنەی ژمارە (٤) - لە ڕاستەوە : ١ـ مینە دەوێنەیی، ٢ـ عوسمانی فەتاحی، ٣ـ محەممەدی شکوهی، ٤ـ عەبدوڵلا شەریفی، ٥ـ کەریمی ئەحمەد یولار، ٦ـ ئەحمەدی قادری، ٧ـ ئەحمەد محەممەد نەژاد، ٨ ـ ______ . ٩ـ حەمەدەمینی ئەمین زادە . دانیشتوەکان لە ڕاستەوە : ١ـ ناسر، ٢ـ محەممەدی عەزیز پەنا، ٣ـ سمایلی تاهیری، ٢ـ قاسمی ئەمینی .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وێنەی ژمارە (٥) لە ڕاستەوە : ١ـ عوسـمانی فەتاحی، ٢ـ ______ . ٣ـ ئەحمەدی قادری، ٤ـ کەریم سەقزی، ٥ـ مستەفا مستەفەوی،
٦ـ عەبدوڵڵا ساڵحی . ئەحمەدی محمد نەژاد .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وێنەی ژمارە (٦) – ئەم وێنەیە بۆخۆی گرتبووی



**وێنەی ژمارە (٧)**




وێنەی ژمارە (٨)- شایی وەهابی بارامی و خوشکە هێرۆ . لە ڕاستەوە : ١ـ بووکەکە کە هێرۆیە.
٢ـ ئەحمەدی قادری. ٣ـ وەهابی بارامی. ٤ـ وەرزێر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وێنەی ژمارە (٩) . ئەحمەدی قادری




وێنەی ژمارە (١٠) . لە ڕاستەوە : ١ـ کەریمی گوڵابی، ٢ـ ______ . ٣ـ هێرش. ٤ـ ئەحمەدی قادری .
دانیشتوەکان : ١ـ وەهابی بارامی، ٢ـ کەریم هەوشاری .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




وێنەی ژمارە (١١) – ئەوانەی پێشەوە لە ڕاستەوە : ١ـ ئەحمەدی قادری .
٢ـ کاک نەبی قادری، ٣ـ کاک حسێنی مەدەنی .



وێنەی ژمارە (١٢) لە ڕاستەوە : ١ـ کەریـمی گوڵابی. ٢ـ کاک عوسـمانی
ڕەحیمی. ٣ـ ئەحمەدی قادری .




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وێنەی ژمارە (١٣) . ئەوەی لامە قادری ئەحمەد زادەیە




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وێنەی ژمارە (١٤) لە ڕاستەوە : ١ـ قادری ئەحمەد زادە. ٢ـ ئەحمەدی قادری. ٣ـکاک غەفووی هەمزەیی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وێنەی ژمازە (١٥) . لە ڕاستەوە : ١ـ ئەحمەدی قادری. ٢ـ قادری ئەحمەد زادە .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




وێنەی ژمارە (١٦) . لە ڕاستەوە :


١ـ ئەحمەدی قادری. ٢ـ کاک باب عەلی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وێنەی ژمارە (١٧) . لە ڕاستەوە : ١ـ کاک جەعفەری حامیدی. ٢ـ ئەحمەدی قادری .



وێنەی ژمارە (١٨) . لە ڕاستەوە : ١ـ کەماڵ دشەیی. ٢ـ ئەحمەدی قادری. ٣ـ دوکتور خەلیقی .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وێنەی ژمارە (١٩) . لە ڕاستەوە : ١ـ مەلا برایـمی مەجید پوور. ٢ـ ئەحمەدی قادری .



وێنەی ژمارە (٢٠) . لە ڕاستەوە : ١ـ کاك حەمەنەزیفی قادری. ٢ـ ئەحمەدی قادری. ٣ـ مەلا برایـمی مەجیدپوور .




وێنەی ژمارە (٢١) . لە ڕاستەوە : ١ـ کاک بابا عەلی میهر پەروەر. ٢ـ حەسەنی شەرەفی. ٣ـ ئەحمەدی شێربەگی. ٤ـ سەید سەلامی عەزیزی.
٥ـ ئەحمەدی قادری .



وێنەی ژمارە (٢٢) . لە ڕاستەوە : ١ـ ئەحمەدی قادری. ٢ـ شەهید عیزەتی پەیڕەوان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وێنەی ژمارە (٢٣) ــ مامۆستا مەلا حەسەنی شەیدایی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وێنەی ژمارە (٢٤) مامۆستا مەلا حەسەنی شەیدایی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وێنەی ژمارە (٢٥) لە ڕاستەوە : ١ـ ئەحمەدی قادری .
٢ـ مامۆستا مەلا حەسەنی شەیدایی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو پەڕی سوپاس و ئەمەگناسیم بۆ دلسۆزیی مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە کە وەك هەمیشە لە ڕێ نوێنی کردنم تەنەخی نەکرد، پێشەکیشیی بۆ کتێبەکەم نووسی .

*** *** *** *** ***

هەروەها سوپاس و پێزانین بۆ ئەو خوێنەرە دڵسۆزانە کە لە هەڵە و کەم و کوڕی یەکانی بەرگی یەکەمی ( بەدەم ڕێگای ژیانەوە ) ئاگاداری یان کردمەوە .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەرهەمە چاپ کراوەکانــم :

1 ـ کۆمەڵە شیعریناڵەی بێ بەشی .

2 ـ کۆمەڵە شیعری گوڵاڵەکانی کانی کیژان .

3 ـ دوو ڕوانگە و دوو ڕەوتی نێو حیزبی دێمۆکڕات .

4 ـ بەدەم ڕێگای ژیانەوە ( بەرگی 1 ) .

5 ـ بەدەم ڕێگای ژیانەوە ( بەرگی 2 ) .

## ئەو بەرهەمانەی ئامادەی چاپن :

1 ـ بەدەم ڕێگای ژیانەوە ( بەرگی 3،4،5 ) .

2 ـ کۆلکە زێڕینە ( بەرگی 1،2 ) .

3 ـ کۆمەڵە شیعری شنەی شیبای مەیدانان .

## بەم زووانە چاوەڕوانی بەرگی سێیەمی { بەدەم ڕێگای ژیانەوە } بن .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێڕست

1 ـ لەسەر ئەم بیرەوەری یانە . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . 4
2 ـ لە جیاتی پێشەکی . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . 7
3 ـ بە دوای پشوو دانێك دا چەند عەمەلیاتی سەرکەوتوانە
و داستانی فائیقە و محەممەد . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . 9
4 ـ قۆناغێکی توش و تۆسن . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . 33
5 ـ ڕیزەڵە نەخۆشی یەك و خۆ لادان لەبەر هێرشی دوژمن . . . . 57
6 ـ نەقڵ کرانم بۆ سلێمانی بە هۆی دەرێنانی گورچیلەم،
هاتنی باوکم و تۆپ باران کردنی دەفتەری سیاسی لە
لایەن کۆماری ئیسلامی یەوە . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . 89
7 ـ کۆنگرەی هەشتەم و ئاکامەکەی . . . . . . . . . . . . . . . . 114
8 ـ چۆنیەتیی کارکردنم لە سلێمانی دوای ڕۆیشتنی کاك
سەعیدی بەگزادە . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . 128
9 ـ لە چاپ دانی ناڵەی بێ بەشی . . . . . . . . . . . . . . . . . 144
10 ـ هێندێك نامە و قسەی خۆش و بیرەوەری یەك . . . . . . . . 151
11 ـ نەخۆشی یەك و چەند کێشەی نێوخۆیی . . . . . . . . . 175



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

12 ـ شەهید بوونی دوکتور قاسملوو و شوێنەوارەکەی
لەسەر ڕایەڵ و پۆم . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . 197
13 ـ هەڵ بژاردنی کاك دوکتور سەعید بە سکرتێری گشتیی
حیزب و هێندێك ئاڵ و گۆڕ . . . . . . . . . . . . . . . . . 218
14 ـ کۆتایی هاتنی شەری عێراق و ئێران و ڕاپەرینی
کوردستانی عێراق . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . 224
15 ـ کوردستانی عێراق دوای ڕاپەرین و شوێنەوارەکانی
لەسەر وەزعی ئێمە . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . 256
16 ـ دۆستی دێرین و یاری غار . . . . . . . . . . . . . . . . . 286
17 ـ چەند نوکتەیەکی بەتام و خوێ بۆ زاخاوی مێشك . . 302
18 ـ وێنەکان . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . 306



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org